**وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر و ورزش و لاوان - هەولێر**
**بەرێوەبەرایەتی هونەرەکانی موزیک**


بڵاوکراوەی بنکەی مەقام زنجیرەی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٢

نەخشەسازی. وشیار محەمەدئەمین

زمانەوانی. تاریق ساڵح

پیتچنین. خاوەر- رووبار

تیراژ. ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (     )ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە



maqam_kurd@yahoo.com
xawkarmaqam@yahoo.com
Tel: 066 254 56 94
0750 454 81 71

٤ چەمک و تیۆرەکانی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی

١٣ سەرنجێک بۆ مێژووی موزیکی کوردی

٢١ قۆناغە سەرەتاییەکانی موزیک

٣٢ سیاچەمانە

٣٧ توخمەکانی سترانی کوردی

٣٨ زمان لەنێو بۆتەی دەق و تێکستی ڕەسەندا

٥٧ دیداری فۆلکلۆرناس پیرداود مەخموری

٦٠ فۆرمی حەیران

٦٩ ئاوڕدانەوەیەک لە ژیان و هونەری ڕەسوڵ بێزار گەردی

# مەوداکانی پەیژە

کلتورو هونەری گەورەو نەمر، تەنیا شتێک شەفاعەتی بۆ بکاو بەنەمری بیهێڵێتەوەو پشتی بگرێ، تایبەتمەندی و هێزی کلتورەکەو ئەفسوونی هونەرەکە خۆیەتی، کە هەر بەو هۆیەوە دەتوانێ لەناو کلتورو هونەرەکاندا خۆی بپارێزێ و کاریگەری خۆی لە ناویاندا دابنێ و درێ بە تاریکی دەروون و عەقل بدات و خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ، هێزوتینی گەورەو لەبن نەهاتووی ئەدەب و هونەری خاوەن ناسنامەو تایبەتمەندییە، کە لەهەموو ئاسمانەکاندا وک ئەستێرە دەجریوێنێ و دەدرەوشێتەوە. لاپەرە ( ٤٩ ) کتێبی کولتورو ناسنامە – ئازاد عبدالواحید .

پشت ئەستوور بە خوێندنەوەکەی کاک ئازادو دیدو تێڕوانینی جیاجیای دیکە، بۆ ئەو ئاراستەیە لەتێگەیشتن بیرکردنەوە، لە هونەرو کلتورێک کە بووتە ناسنامەی میللەتێک، بەئەرکی خۆمانی دەزانین، لەمەودا بەردەوامەکانی (پەیژە) دا درێژە بە بلاوکردنەوە کۆمەڵێک نووسین و بابەتی هونەری بدەین. کە پێمان وایە خزمەت بە ناسنامەی کلتوری هونەری موزیک و بوارەکانی دەنگبێژی کوردی دەکەن. بەتایبەتی لەچوارچێوەی هونەرەکانی:- ( لاوک و حەیران و مەقامەکان و هۆرە وسیاچەمانە و .. هتد )کە لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری وردو هەمەلایەنەی بابەتی لەچوارچێوەی (سروشت ، پێکهاتە و زمان ، مێژوو ، خاک ، نەتەوە ، گرنگی بە تایبەتمەندی هونەریی ئەو بوارانە بدەین کە سەردەمانێکە بوونەتە بەشێک لە ناسنامەی فەرهەنگی هونەریمان و ئەو ڕاستیەیان سەلماندووە.

وەک ( بنکەی مەقام ) و سەرپەرشتیاری ئەو بلاوکراوەیە سوپاس بۆ وزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کە بۆ ساڵی دووەم پشتگیری چاپ و بلاوکردنەوەی بلاوکراوەی (پەیژە)دەکەن ، هیوادارین چاپ و بلاوکردنەوەی ورزی درێژەی پێبدرێت و لە داهاتوو بتوانین پشتگیری و هاوکاری زیاتر بۆ هونەرمەندان و توێژەران و نووسەرانی ئەو شێوازەی بلاوکردنەوە فەراهەم بکەین، کە بەدڵنیایەوە لەوبوارەدا بۆشایی زۆرمان هەیەو، لەپاڵ ئەوەشدا خۆشبەختانە خەریکە لەبواری نووسین و توێژینەوەی موزیکی و هونەری بەگشتی هاوشانی بابەتەکانی دیکە، کۆمەڵێک خەڵکی شارەزاو خاوەن قەڵەم هاتوونەتە گۆڕەپانەکە و، پێویست بەوە دەکات لەلایەن دامەزراوەکانی هونەریی و حکومی دەرگەیان بەروودا واڵابکرێت.

**نایف شێخانی**
**سەرپەرشیاری گشتی**

# خوێندنەوەیەکی کورت و زانستیانە بۆ چەمک و تیۆرەکانی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی

د. نەهرۆ زاگرۆس

خوینەری بەڕێز، ئەم باسە بەشێکی کورتکراوەیە لە پەرتوکێک لەسەر زانستی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی کە هێشتا کاری لەسەر دەکرێ و ئامادە نەکراوە بۆ چاپ. لەم نوسینەدا هەوڵدەدەین زۆر بەکورتی لەسەر زانستی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی بدوێین و بەو هیوایەی موزیکڤان و رۆشنبیر و هونەردۆست و خوینەری کورد بەم زانستە ئاشنا بکەین. لەمەش گرنگتر، بە هیواین لەڕیگای ئەم چەند زانیاریانەی لەم نووسینەدا باسکراون بتوانین بەڕاست و دروستی لە زانست ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی بگەین. لەزۆربەی بیروباوەڕەکانی نێو ئەم نووسینە پشت بەستراوە بەو سەرچاوە رۆژئاوایانەی کە جێگای باوەڕن و دیارن لە تیۆری ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی. دیسانەوە، ئەم نووسینە و زانیاریەکانی نێو بابەتەکەش بەشێکن لەو وانانەی کە من لە کاتی خوێندنی زانکۆ خوێندوومە. ئێستاش وکو مامۆستایەک لە زانستی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی لە زانکۆی (یۆڕک) لە بەریتانیا و چەند شوێنێکی تر، درێژکراوەی ئەم وانانە بە قوتابیەکانی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی دەڵێمەوە.

لە سەرەتادا لەو کاتەوەی، کە ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی وکو زانستێکی موزیکی سەربەخۆ هاتە نێو بوارە جیا جیاکانی تری زانستی میوزیکۆلۆجی و فەلسەفەی تێڕوانینی ئەکادیمیانە بۆ هونەری موزیک، ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی گرنگی داوە بە چەند لایەنێکی موزیک کە هەندێک لەو لایەنانە تایبەتمەندن و بەستراونەتەوە بە خودی زانستی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی و هەندێکیشیان بیردۆز و تیۆری خوازراون لە زانستەکانی تری موزیک و ئەنثڕۆپۆلۆجی[١] و ئەتنۆگرافی[٢] و زمانەوانی و سۆسیۆلۆجی.[٣] بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو تێڕوانینە هاوبەشانە و بابەتە تیۆریانەی کە لە زانستی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی باس دەکرێن و ئەتنۆمیوزیکۆلۆجیش دەبەستنەوە بە زانستە موزیکی و فەرهەنگی و فەلسەفیەکان، ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە و ناسنامەیەکی زانستی رەهای لە ئامێزی خۆیدا گرتووە. لێرەدا زۆر درێژە بەم خاڵانە نادەین کە ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی دەبەستنەوە یان جیا دەکەنەوە لە فەلسەفە و بیردۆز و زانستەکانی تر بەڵام لە بەشەکانی داهاتوودا تیشک دەخەینە سەر هەندێک لایەنی پراکتکی و تیوری کە جەمسەرەکانی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی ئاشکرا دەکەن و تیشک دەخەنە سەر بابەتە تیۆریەکانی زانستەکانی تر، مەبەست لێرە ئەو بابەتە تیۆریانەیە کە ئێمەی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجیست سوودیان لێوەردەگرین.

وانەی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی وکو بابەتێکی ئەکادیمی لەم بەشەی وڵات تاوەکو ئێستا نەخوێندراوە، بەڵام هەندێک لە موزیکڤان و رۆشنبیرەکانمان ئاشنایەتیان کەم و زۆر لەگەڵ ئەم زانستە هەیە. لەم چەند ساڵەی رابردوودا لە باشوری کوردستان، بە تایبەتی لە ساڵانی دوو هەزار بەدواوە، زانستی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی لە چەند شوێنێکی پەروەردەی و هەرەها گۆڤار و رۆژنامەکانیش پێناسەی

١- مرۆڤناسی.

٢- گەڕانی مەیدانی لە ناو خەڵک، کۆمەڵگە و نەتەوە ... هتد.

٣- کۆمەڵناسی.

٤- تەنها لە ئەڵمانیا و نەمسا و نوسەرە موزیکیەکانی ئەوێ هەندێ جار ئاماژە بە ووشەی موزیکی بەراوردکار دەکرێت، کە ئەمەش، پەپێ بۆچونی کارۆل پێگ کە لە فەرهەنگی گرۆڤ نوسیویەتی، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەو زانستە موزیکیەی کە بەر لە درووست ئەپنۆمیوزیکۆلۆجی هەبوو کە کارڵ ستەمف و ڤۆن هۆڕنبۆستڵ پەیڕەویان دەکرد وە دواتر هەر ئەم زانستە موزیکیەش لە ساڵی ١٩٥٠ بوو بە هەوێنی هاتنیەکایەوەی ئەپنۆمیوزیکۆلۆجی (Carole Pegg، Grove، ٢٠٠٧)

جۆراوجۆری بۆ کراوە. بەداخەوە تاوەکو ئێستا زۆربەی پێناسەکان بە هەڵە کراون، و زۆربەی ئەو بابەتانەی لەم تەوەرانەدا باسکراون بۆچونی هەڵەیان لەخۆگرتووە. بەم شێوەیە، زۆربەی جار لە تەک زاراوەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی لەناو دوو کەوانەدا نوسراوە: (زانستی موزیکی بەراوردکار)؛[4] لە هەندێ شوێنی تریش نوسراوە: ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بریتیە لەو زانستەی گرنگی دەدات بە موزیکی گەلان. بە گشتی، ناوەڕۆکی زۆربەی پێناسەکان تەنها لەم دوو تەوەرەدا دەخولێنەوە و هەردوو تەوەرەکەش راستیەکی ئەوتۆیان لەخۆ نەگرتووە کە یەکسان و هاوسەر بێت لەگەڵ ناوەڕۆکی زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی. بەرلەوەی پەنجە بۆ نوسەری ئەم پێناسانە درێژ بکەین و رەخنە لە نادروستی ئەم بێناسانە بگرین ، پێویستە لە سەرچاوەی ئەم پێناسانە بکۆڵینەوە. لێرەدا راستیەکی نەشاراوە هەیە کە دەبێت باسبکرێت: زۆربەی نوسەرە کوردەکان کە پێناسەیان بۆ زاراوەی یان خوێندنی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی کردووە کەسانی دلسۆزی هونەری موزیکی کوردین. سەرچاوەی پێناسەکانیشیان یا وەرگێڕدراوی زمانی عەرەبیە یان چەمکی بابەتەکە لە زمانی عەربیەوە خوازراوە. لە زۆر شوێن، بۆ نمونە، نوسینەکەی نوسەری عەرەب (ئەسعەد مەحەمەد عەلی یان تارق حەسون فەرید) وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی کە زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بە موزیکی بەراوردکار پێناسە دەکات . نوسەرە کوردەکانش زۆر بە ئەمانەتەوە و بە دڵێکی پاکەوە ئەم پێناسەیان[5] وەرگێڕاندوە بۆ سەر زمانی کوردی. هەروەها سەبارەت بەو کەسانەی کە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیان بەوە پێناسە کردووە کە بریتیە لە گرنگی دان بە موزیکی گەلان، ئەوانیش تەنها سەرچاوەی وشەکەیان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی نەک چەمکی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی وک زانستێکی رەهای موزیک. ئەمانە گشتیان لە لایەک و لەلایەکی تریش دەبێت ئەوە بزانین کە تاوە[6]کو ئێستا تەنها لە زانکۆی بەغدا وانەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی خوێندراوە. بەڵام ئەویش بە داخەوە زۆر بە شێ[7]وەیەکی سەرپێی و ناپوختی بووە. زۆربەی ئەو قوتابیانەی لەم بەشە خۆێندویانە لە ریگای زانیاری مامۆستایەکەیان، تارق حەسون فەرید، بە شێوەیەک لە زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی تێگەیشتوون کە بریتیبێت لە بە نۆتەکردنی چەند ئاوازێک و دواتریش کۆکرنەوەی میانەکانی ئاوازەکە. بەداخەوە، ئەم بۆچونە زۆر بایەخدار نیە لە مێژووی مۆدێرنی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی. تەنانەت لە ماوەی سەد ساڵەی رابردووش ئەم جۆرە پێوانەیە نەبۆتە هەوێنی هیچ زانیاریەکی بەسوود لەسەر هونەری موزیک. رەنگە توێژەری موزیک ئەم رێگایە بگرێتە بەر بۆ شیتەڵ و پێوانەکردنی مێلۆدی بەڵام رەهایی ئەم بابەتە بەتەنها و بەبێ خوێندەوەی ئەثنۆگرافی و ئەنثرۆپۆلۆجی ناکەوێتەر نێو ماڵی یاخود خانەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی. لە پەرتوکەکەی خۆیدا، بەڕێز گارق حسون فرید کە لە ساڵی ١٩٩٩ لە بەغدا چاپکراوە، باس لە زۆر بابەت دەکات بەبێ دەستنیشان کردنی سەرچاوەی نوێ لە بواری ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی، ئەگەرچی لە تایتڵی پەرتوکەکەی نوسراوە (التحليل المعاصر لعلم الموسيقى المقارن) و وشەی (المعاصر) ی بەکارهێناوە. لەسەرەتای پەرتوکەکەی باس لە نوسینێکی ئالان مێریەم دەکات و وتەکانیشی دەکات بە سەرەتای بابەتی گفتوگۆیەکانی لە بەشی یەکەمی پەرتوکەکەدا، بەڵام نوسینەکەی ئاڵان مێریەم لە ساڵی ١٩٥٦ نوسراوە و زۆر جیاوازە لەو بیرو باوەڕەی کە ساڵی ١٩٦٤ لە پەرتوکی ئەنثرۆپۆلۆجیای موزیک (The Anthropology of Music) نوسیویەتی. هەروەها بەپێچەوانەی ئەو گرنگیەی کە بەڕێز تارق حەسون دەیدات بە شیکردنەوەی میانەی دەنگی لە پەرتوکەکەیدا، ئاڵان مێریەم ئەمە دەڵێت: «ئێمە (مەبەستی لە ئێمەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستە) گرنگی نادەین بە جیاوازی لە میانەکانی موزیک، بۆ نمونە وکو جیاوازی لە نێوان میانەی

5 بروانە: التحليل المعاصر لعلم الموسيقى المقارن (الاثنوموزيكولوجى)، تألیف أ. د. طارق حسون فريد. بغداد ١٩٩٩ .

6 مەبەست لێرە ئەوەیە کە خودی وشەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی واتای موزیکی گەڵان بەدەستەوە دەدات. سەرچاوەی ئەم زاراوەیەش لە سێ وشەی لێکدراوی یۆنانی پێکهاتووە کە بریتین لە: نەتەوە (ethnic) و موزیک (music)و زانست یان (المعرفە)(logic) )

7 لەم چەند ساڵەی دوایشدا قوتابیانی ماجستێر لە زانکۆی سەلاحەددین هەر لەسەر هەمان شێوازی بەغدا وانەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیان خوێندووە.

سێی بچوک یان میانەی سێی گەورە، بەڵام کاری سەرەکی ئێمە تێگەیشتنە لە سروشتی موزیک و چۆن موزیک دەبێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و هەروەها تێگەیشتن لە موزیک لەناو کۆمەڵگە و تێڕوانینە بنچینەیەکانی خەڵک بۆ موزیک»[8].
هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم تێڕوانینەی بەڕێزیان هەیەتی بۆ بەنۆتەکردنی ئاوازی موزیکی زۆر بەدەگمەن بەکارهاتووە لەلایەن ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستە جیهانیەکان. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە ئەم جۆرە پێوانەی بەنۆتەکردنە هیچ شتێکی بنەڕەتی لەسەر موزیک بەدەستەوە نادات و هیچ ئەنجامێکی بەسودیشی نیە بۆ هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە ئاوازە موزیکیەکان. بە بۆچونی من، ئەم پەرتوکەی دکتۆر گارق هیچ زانیاریەکی نوێ و بەسودی تێدا نەنوسراوە وهەرگیزئەم بابەتانەی کە لە پەرتوکەکەدا باسکراون سوود بەخشنین و دوورن لە رایەڵەی زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی. بەداخەوە بابەتەکانی ناو کتێبەکە هەرگیز پەیوەندی پتەویان نە بە خوێندنەوەی میوزیکۆلۆجی ونە بەبنەما تیۆریەکانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیەوە هەیە.
بە بێچەوانەوە، ئەم پەرتوکە خوێنەر و فێرخواز بە هەڵە دەبات بۆ تێگەیشتن لە زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی چونکە ناوەڕۆکی باسەکان هیچ دیبەیتێکی زانستیانە لەسەر ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی لە ئێستا و رابردودا بەدەستەوە نادەن. دەبوایە ئەم بەڕێزە باسی لە تیۆرەکانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بکردبایە کە ئێستا لە ئەمەریکا ئەوروپا دەخوێندرێن و سەرچاوەکانی وکو پە ر تو کی ( تو ێژ ینە و ە ی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی: سی و یەک چەمک و بابەت)[9] کە لەلایەن برونۆ نێتڵ نوسراوە و تاوەکو ئێستاش سێ جار ئێدیت کراوە، باس بکردبایە.
ئەم پەرتوکە نوێترین بابەتەکانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی تێدا باسکراوە و ئاماژەش بە هەموو ئەو سەرچاوە گرنگانە کراوە لەسەر لێداون و توێژینەوەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی.
ئەم پەرتوکەی برونۆ نێتڵ لە هەموو خوێندنگە موزیکی و ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیەکانی دونیا دەخوێندرێن. هەروەها دەبوایە بەڕێز گارق حسون باسی لە پەرتوکی «تیۆرەکانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی» (The Theory for Ethnomusicology) بکردبایە کە لەلایەن رووپ ستۆن نوسراوە.
یان بۆ ئەوەی فێرخواز ئاشنا بکات بە هەنگاوە پراکتیکیەکانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی و کاری گەڕانی مەیدای و ئەثنۆگرافی، دەبوایە ئاماژە بە پەرتوکی «سێبەر لە مەیداندا» (Shadows in the Field) بکردبایە چونکە ئەم پەرتوکە یەکێکە لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی. هەرەها لام سەیرە کە یەکێک باس لە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بکات بەبێ ئاماژەکردن بە بیردۆز و بیروباوەڕەکانی گەورە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکانی وکو مانتڵ هوود و جۆن بلاکین و چارڵس سیگەر و یاپ کونست، کە ئەمانە بناغە دانەری ئەم زانستە موزیکیەن.
هەروەها جێگای سەرسوڕمانە کە باس لە ئەو گۆڕانکاریانە نەکراوە کە بەسەر ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیدا هاتوون لەم سی ساڵەی رابردوودا.
بۆیە، من پێموایە تایتڵی پەرتووکەکە گەورەترین هەڵەی پەرتوکەکەیە: چونکە ئەم کتێبە نوێگەری بەهیچ شێوەیەک تێدانیە بەڵام بەڕێزیان وشەی (المعاصر)یان بەکارهێناوە، هەروەها پێناسەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بە (العلم الموسيقى المقارن) واتە (زانستی موزیکی بەراوردکار) کردوە کە ئەمەش نادوروستی و هەڵەیەکی ئێجگار گەورەیە لە رووی چەمکی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیەوە.
من نامەوێ لەم نوسینە کورتەدا لەسەر پەرتوکەکەی بەڕێز گارق حسون بدوێم چونکە بە بۆچونی من ناوەڕۆکی ئەم پەرتوکە هیچ پەیوەندیەکی بە زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی سەردەمیانەوە نیە. هیوادارم لە داهاتوودا بتوانین بابەتێکی رەخنە ئامێز بە زۆر ئەدەب و حورمەتەوە بۆ پەرتوکەکەی بەڕێزیان بنوسین تاوەکو فێرخوازانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی لە کوردستان بە هەڵە لە زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی نەگەن.
بەر لەوەی زیاتریش بدوێین لەسەر ئەم بۆچونە و پێناسە هەڵەیانەی کە بۆ زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی کراوە، و بە پێچەوانەی ئەو پێناسانەی لە پەرتوک و گۆڤار و ڕۆژنامە

8 بڕوانە (Merriam, 1964: 63)
9 Bruno Nettle: (The Study of Ethnomusicology: Thirty-one Issues and Concepts)

عەرەبی و کوردیەکان دەبینرێن و دەخوێندرێنەو، هەرەها بە بەراورد لەگەڵ بۆچونە رۆژئاوایەکان، بە گرنگی دەزانین ئەم چەند پێناساسەیەی خوارەوە بهێنینەوە بۆ زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی:

بۆ نمونە، بۆ پێناسەکردنی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی، کۆمەلگەی بەریتانی بۆ ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی دەڵێ: ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بریتیە لەو زانستەی کە گرنگی دەدات بە پرۆسەی موزیک لەلایەن ئەو خەڵکانەی بە کاری دروستکردنی ئەو موزیکەوە خەریکن. ئەم زانستە هەموو شێوازەکانی موزیک لەخۆ دەگرێت، هەر لە موزیکی کلاسیکی ئەوروپیەوە بگرە تا دەگاتە موزیکی پۆپ. بەڵام ئەوەی ئەم زانستە جیا دەکاتەوە لە زانستەکانی تری موزیک بریتیە لەو گرنگی دانەی کە ئەپنۆمئوزیکۆلجی دەیدات بە بەدەستەوەهێنانی زانیاری دەستاو دەست لە خودی ئەو کەسانەی کە خەریکی کاری موزیکین. بۆ ئەم مەبەستەش، کاری ئەثنۆگرافی بە بەشیکی هەرە گرنگی زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی دەژمێردرێت. ئەمەش بەواتای گەڕانی مەیدانی بۆ چەند کاتێکی دیارکراو لە لایەن کەسی راهێنراو لەسەر بنەماکانی ئەم زانستە. گرنگی ئەثنۆگرافی لەوەدا دەبینرێتەوە کە پرۆسەیەکە زانیاری لەسەر تەواوی جەمسەرەکانی بە موزیک بوون کۆدەکاتەوە، لەو شوێنانەی کە موزیک دەژەنرێ و ئەندێشەی داهێنان بنیاد دەنرێ و قسە و باسی لەسەر دەکرێ. بۆ ئەم مەبەستانەش، ئەثنۆگرافی لەوانەیە تێکەڵبکرێت لەگەڵ زانست و میتۆدەکانی وکو موزیک و سایکۆلۆجی، پەروەردەی موزیکی، مێژوی موزیک، نمایشی موزیکی، رەخنە و تیۆری، دانس، فۆلکلۆر، زمانەوانی و چەندان بابەتی تریش[10]

بەشی موزیکی زانکۆی ئۆکسفۆرد، کە کۆنترین زانکۆی ئینگلیزیە و یەکێکە لە بەناوبانگترین زانکۆکانی جیهان، بەم شیوەیە پێناسەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی دەکات:

ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بریتیە: لەو زانستە ئەکادیمیەی کە بایەخ بە لایەنی سۆسیۆلۆجی و کلتوری موزیک دەدات کە ئەمەشانەش دوو لایەنی سەرەکی و بنچینەین لە ئەثنۆگرافی. سەبارەت بە ئەثنۆگرافیش مەبەستمانە بڵێین گرنگی دەدەین بە خوێندنەوەی بابەتیانە و کرداریانە و گەڕانی مەیدانی و پەیڕەو کردنی میتۆدی بەژداری — تێبینی (participant-observation).

ئەگەر چی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی زانستێکە بۆ هەموو جۆر و شێوازێکی هونەری موزیک، زۆربەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکان، بەڵام هەموویان نا، لە رابردوو و ئێستاشدا کار دەکەن لەسەر موزیکی غەیرە ئەوروپایی.

بەمەش، ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکان زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی ئاوێزان و گرێ دەدەنەوە بە زانستەکانی وکو میوزیکۆلۆجی، ئەنثرۆپۆلۆجیای موزیک، سایکۆلۆجیای موزیک و هەروەها زانستی تێگەیشتنی موزیکی بەربڵاو.

لەسەردەمی ئێستاشدا، ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی زۆر بەربڵاو بووە و تەنانەت بوارەکانی خوێندن لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی موزیکی جاز و رۆک و گرنگی موزیکی جیهانی و تیراژ و رەهەندە سیاسیەکانی موزیک لەنێو کۆمەلگەکانی پەناهێندە لە بەریتانیا و پەیوەندی ئەثنۆگرافی و بە ئەرشیفکردنی موزیکی ئەفریقی و شیکردنەوەی موزیکی بۆلیوود لە فلیمی هیندی و زۆر بواری تریش دەگریتەوە[11]. کۆمەڵگەی ئەمەریکیش بۆ ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بەم شێوەیە پێناسەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی دەکات: ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بریتیە لە گرنگی دان بە خوێندەوەی پرۆسەی بەموزیککردن لە سەرانسەری جیهاندا، هەر لە رابردووەوە تاوەکو ئێستا. ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکان گرنگی دەدەن بە خەیاڵ و ئەندێشەی موزیکی و چالاکی موزیکی و ئامێرەکانی موزیک و هەروەها ئەو دەنگە سازانەی کە خەڵک موزیکیان لێوە دروست دەکات»[12]... هتد.

جگە لەم پێناسانە، کە لەلایەن دوو کۆمەڵگەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی و زانکۆی ئۆکسفۆرد کراون، لە

---

10 لینکی سایتی ئەم کۆمەڵگەیە ئەوەیە: www.bfe.org.uk – بۆ لینکی ڕاستەوخۆی ئەم پێناسەیە، بڕوانە ئەم لینکە: http://www.bfe.org.uk/aboutethnomusicology.html

11 لینکی ڕاستەوخۆ http://www.music.ox.ac.uk/research/ethnomusicology.html :

12 لینکی سایتی ئەم کۆمەڵگەیە ئەوەیە: http://webdb.iu.edu/sem/scripts/home.cfm
بۆ لینکی ڕاستەوخۆی ئەم پێناسەیە، بڕوانە ئەم لینکە:
http://webdb.iu.edu/sem/scripts/aboutus/aboutethnomusicology/ethnomusicology.cfm

فەرهەنگی گرۆڤ (Grove Dictionary)[13] بەم شێوەیە پێناسەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی کراوە:

ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بریتیە لە گرنگیدان بە لایەنی کەلتوری کۆمەڵناسی موزیک و دانس لە بۆنە ناوخۆ و جیهانیەکاندا.

پسپۆڕانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی ئامادەباش دەکرێن لە بواری ئەنثرۆپۆلۆجی موزیک، بەڵام بەهۆی بەربڵاوری ئەم زانستە موزیکیە، هەر بابەتێک لەم بوارەدا خوێندنەوەی جیا جیای بۆ دەکرێت.[14]

لێرە و لەم چەند نمونەی سەرەوەدا سوکە زانیارییێکی سەرەتایمان دەستدەکەوێت لەسەر زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی کە بە پێچەوانەی ئەو پێناسانەن تاوەکو ئێستا بۆ موزیکڤان و موزیکدۆست و خوێنەری کورد باسکراوە. دەبێ لێرەدا ئەو دوو پرسیارە گرنگە بکەین کە: ئایا کۆمەڵگەی ئەوروپی و ئەمەریکی و زانکۆی ئۆکسفۆرد بە هەڵە لە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی گەیشتون و پێناسەکانیان نادروستە و ئێمەی تازە هاتوو بۆ نێو دونیای زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی زیاتر لە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی تێگەیشتوین وک لەوان؟ ئایا زانکۆی بەغدا زیاتر لە زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی دەزانێت (کە تەنها رێگای بە نۆتەکردن هەڵدەبژێرێت بۆ وانەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی) وک لە زانکۆی ئۆکسفۆرد؟ سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی زانستێکی موزیکیە و لەلایەن رۆژئاوایەکانەوە هاتۆتە کایەوە. سەرەتا لە ساڵانی ١٩٥٠لە ئەمەریکا و دواتریش لە ئەوروپا وکو زانستێکی رەهای میوزیکۆلۆجی تەشەنەی کردووە. لە دەساڵی یەکەمی تەمەنی خۆی، وانەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی لە ئەمەریکا و ئەوروپا (بەتایبەتی بەریتانیا لە کێشوەری ئەوروپا) لە بەشی ئەنثرۆپۆلۆجی کۆلیژ و زانکۆکان دەخوێندرا. تاوەکو ئێستاش لە زانکۆی مەلەکی لەشاری بێڵفاستی باکوری ئیرلەندا، ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی لە بەشی ئەنثرۆپۆلۆجی دەخوێندرێت. بەڵام لە ساڵانی ١٩٦٠ بەدواوە بەگشتی ئەم وانەیە زیاتر خۆی خزاندۆتە ناو بەشی یان کۆلیژی موزیکی زانکۆکان (McAllester، ١٩٦٣: ١٨٢ – ١٨٦). ئەگەرچی ئەوروپایەکان دەسپێشخەربوون لە گەڕانی مەیدانی و گرنگی دان بە فەلسەفە و تیۆری کۆمەڵایەتی هونەری موزیک، ئەمەریکیەکان ئەم هەوڵە ئەوروپیانەیان لە قاڵب گرتوو تیۆری تایبەتیان بۆ نووسیەوە و کردیان بە وانەی ئەکادیمی کە هەر لە ساڵانی ١٩٥٠ و تاوەکو ئێستا لە پەرەپێدان و دۆزینەوەی تیۆری تازە پەکنەکەوتوەن. بۆیە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لە زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی تێبگەین، پێویستە خوێندنەوەمان هەبێت بۆ سەرچاوە رۆژئاوایەکان تا لە تێگەیشتن و بەدەستەوەدانی ئەو زانیاریانەی کە بە دروستی ناسینی ئەم زانستە قوڵببینەوە. هەروەها دەبێت گرنگی بدەین بە مێژووی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی و هەوڵە سەرەتاییەکانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکانی وکو ئاڵان مێریەم و مانتەڵ هوود و جۆن بلاکینگ بە باشی بخوێنینەوە و بەراوردی بکەین بە وانەکانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی کە لە سەردەمی ئێستا دەخوێندرێن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی جیهان. من پێموایە تا ئەو کاتەی لە بنەچەو مێژوو و تیۆری ئەپنۆمیزیکۆلۆجی تێنەگەین و سوود لە خوێندنەوەی میوزیکۆلۆجی و ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی جیهانی ورنەگرین، ئێمەی کورد ناتوانین ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی تایبەتی خۆمان بنیاد بنێین کە چەمک و رەهەندە موزیکیەکان و دیارەدە کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و ئاینیەکانی نێو کۆمەڵگەکانی کوردستان لەخۆ بگرێت.

لەم چەند پێناسەی سەرەوەدا، خوێنەری ئەم بابەتە تێدەگات کە ئەگەرچی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی پێناسەیەکی رەهای نیە، بەڵام ئاشکرایە کە بە گشتی شوناس و نارەڕۆکی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی لەوەدا دەردەکەوێت کە زانستێکی موزیکیە و گرنگی دەدات بە رەهەندەکانی موزیک لە نێو کۆمەڵگە و هەروەها میتۆدەکانی ئەثنۆگرافی و سۆسیولۆجی و سایکۆلۆجی و ئەنثرۆپۆلۆجی بەکار دەهێنی بۆ بەدەستەوەدانی ئەو زانیاریانەی کە

13 ئەم فەرهەنگە بەناوبانگترین فەرهەنگی موزیکیە کە لە هەموو زانکۆ و پەیمانگە موزیکیەکانی جیهان بەکار دەهێنرێت. لە زۆربەی نوسینە ئەکادیمیەکانی نوسەرە موزیکیەکان ئاماژە بەم سەرچاوە گرنگە دەکرێت.

14 (Carole Pegg, Grove, 2007).

لەلایەن ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکانەوە بایەخدارە. تێگەیشتنی سەرەکی ئە ثنۆ میو ز یکۆ لۆ جیستە کا نیش بەوەوە بەستراوەتەوە کە پرۆسەی بە موزیککردن بەهێزترین خاڵی تێگەیشتن و شیکردنەوەی موزیکیە، وکو بروونۆ نێتڵ دەڵێت: «ئە ثنۆ میو ز یکۆ لۆ جیستە کا ن تێگەیشتوون کە موزیک بەشێکە لە کەلتوور وکو کارێکی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا، هەروەها لەکاتێکدا کە زۆر لەبوارەکانی تری ئەکادیمی گرنگی بەم جەمسەرە نادەن، ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکان باوەڕیان بەمجۆرە خوێندنەوەیە هەیە بۆ موزیک و ئەمەشیان کردووە بە هەوێن و ڕێگای گشت کارەکانیان.

ئێمە بایەخ دەدەین بەو تێگەیشتنەی کە کۆمەڵگە هەیەتی سەبارەت بەو هونەرە موزیکیەی خۆی هەروەها سەبارەت بەو شێوەیەی کە موزیکی خۆی لەسەر بەش بەش یان دابەش (categorise – categorisation) کردووە، گرنگی دەدەین بەو تێبینیانەی کە کۆمەڵگە گەلاڵەی کردووە لەسەر بۆچونە کاریگەرەکانی موزیک و چۆنیتی تێڕوانین لە موزیک و هەروەها ئەو ئاڕاستانەی کە موزیک دەگۆڕن لەناو کومەڵگە. ئێمە گرنگی دەدەین بە چەمکی گۆڕان لە موزیک، نەک گۆڕان لەسەر خودی کارە موزیکیەکە، بەڵکو گرنگی دەدەین پرۆسەی گۆڕان».[15]

کاتێک ئەم بۆچوونەی (برۆنۆ نێتڵ) دەخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە پرۆسەی شیکردنەوە لە زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بریتی نیە تەنها لە بە نۆتەکردنی ئاوازە موزیکیەکان، بەڵکو بریتیە لە تێڕوانینێکی فیکری لە رایەڵە و ڕەهەندە کۆمەڵناسی و کلتوریەکان. بۆیە ناشێ

زاراوەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی لە ساڵی ١٩٥٠ لەلایەن یاپ کونست بۆ یەکەم جار بەکار هێنرا (Merriam، ١٩٧٧: ١٨٩– ٢٠٤). (یام کونست) کە ئەکادیمیستێکی هۆڵاندیە ئەم زاراوەیەی لە کتێبەکەی خۆی بەناوی:

Musicologica: a Study of the Nature of Ethno-musicology, its Problems, Methods, and Representative Personalities

(میوزیکۆلۆگیکا: خوێندنەوە بۆ سروشتی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی و کێشەکان و تیۆرەکان و ناوخنی ئەم زانستە). ئەم پەرتوکە لە ساڵی ١٩٥٠ لە ئەمستردام چاپ کرا. لە زمانە ئەوروپایەکان وشەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بەم شێوەیە بەکار دەهێنرێت: بە ئینگلیزی پێیدەڵێن Ethomusicology و بە فەرەنسی Ethnomusicologie و بە ئیتاڵی Ethnomusicologia و بە ئەڵمانی Ethnomusicologie و بە پۆڵەندی Musikethnologie Ethografia Muzyczna.[16] ناکۆکی لەسەر وشەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی هەر لەسەرتای بەکارهێنانیەوە تا وکو ئێستاش لە نێوان ئەو مرۆڤانەی لەم بوارە ئەکادیمیە کاردەکەن شتێکی ئاشکرایە (Stock، ١٩٩٣: ٢١٥ – ٢٤٠). تەنانەت زۆر لەو زاتانەی کە دەستیان هەبووە لە داڕشتنی تیۆری ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی خۆیان بەدوور گرتووە لە بەکارهێنانی ئەم وشەیە. لەسەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ زیاتر وک لە ئێستا ئەم ناکۆکیە لەسەر ئەم وشەیە دەبیسترا. بەشێکی زۆر لە توێژەرە میوزیکۆلۆجیستەکان ویستان ئەم زاراوەیە بگۆڕن و پێشنیاری چەند زاراوەیەکی تازەیشیان کرد کە مانای تەواوی زانستەکە بەدەستەوە بدات. مەبەست لێرەدا ئەوە بوو کە زاراوەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی پڕ بە پێستی ئەو کارە نەبوو کە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکان پێیەوە خەریکبوون. چونکە زاراوەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی لەوانەیە مانای ئەوە بەدەستەوە بدات کە تاکە پەیامی ئەم زانستە گرنگی دانە بە موزیکی گەلان، ئەمە لە کاتێکدا کە ناوەڕۆکی زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی زۆرزیاتر لەوە لەخۆ دەگرێت کە تەنها تایبەتبێت بە موزیکی گەلان (Sorrell، ١٩٧٢: ١٠٨٣). لەسەردەمی ئێستاماندا ناکۆکی لەسەر زاراوەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی زۆر بەدەگمەن دەبیسترێت چونکە هەموومان تێگەیشتوین کە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بابەت و زانستێکی شمولی هونەری موزیکە و خوێندنەوەی تایبەتی هەیە بۆ موزیکی گەلان و موزیکی کلاسیکی ئەوروپی و هەموو جۆرەکانی تری موزیک. بەربلاوی و گەشەسەندنی ئەم بوارە زانستیە تا رادەیەک تەشەنەی کردووە کە

15 ئەمە لە پەرتوکی (The Study of Ethnomusicology: thirty-one issues and concepts) وەرگیراوە. ئەم پەرتوکە بە گرنگترین سەرچاوەی خوێندن لە زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی دادەنرێت کە لە هەموو زانکۆ وپەیمانگە موزیکیەکانی دونیا بەکار دەهێنرێت. هەروەها ئەم پەرتوکە بە گرنگترین سەرچاوە دادەنرێت کە تاوەکو ئێستا نوسرابێت لەسەر ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی.

16 بڕوانە نوسینەکەی کارۆل پێگ لە فەرهەنگی گرۆڤ بۆ ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی.(Carole Pegg, Grove - Ethnomusicology)

تەنانەت ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکان ئێستا بایەخ دەدەن نەک هەر بە مۆزیکی گەلان بەڵکو بەدیاردە مۆزیکیە مۆدێرنەکانیش. هەروەها زۆرێک لەبەچوونە ئەکادیمیە تازەکان لە زانکۆ و سەنتەرە بەناوبانگەکانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی لە جیهاندا گرنگی دەدەن بە مۆزیکی ئەلیکترۆنی و ئەو مۆزیکانەی کە لەناو مۆبایل تەلەفۆنەکان و ئەتاری و بەرنامەی کۆمپیوتەرەکان دانراوە. یاخود ئەو مۆزیکەی کە لە بڵندگۆی مۆڵەکان و کارگەکان و مەلەوانگە داخراوەکان و یاریگە و شوێنە تایبەتیەکانەوە دەبیسترێن. بێگومان ئەم فراوانیەی زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی وفرە بیروباوەڕیەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکان سەبارەت بەتێڕوانین و خوێندنەوەی زانستیانە بۆ هونەری مۆزیک هەر ئاوا بەئاسانی دروست نەبووە.

بەپێچەوانەوە، ئەگەرچی ئەم زانستە تەمەنی زۆر درێژ نیە، ساڵانێکە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکان بەدەیان و سەدان تیۆری مۆزیکی و ئەنثرۆپۆلۆجی و ئەثنۆگرافی و کۆمەڵناسی و زمانەوانیان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەم ئاڕاستە جیاوازانەی کە ئەمڕۆ بونەتە تیۆری ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی. بۆیە دەبینین هەر یەکێک ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستە بەناوبانگەکان پێشڕەوی ئاڕاستەیەکی تایبەت بەخۆیانن و بونەتە خاوەی تیۆریەکی تایبەت. بۆ نمونە، ستیڤن فیلد (ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستێکی ئەمەریکیەو یەکێکە لەهەرە بەناوبانگترین ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستەکانی ئەم سەردەمە) بە پێشڕەوی تیۆری زمانەوانی و مۆزیک دەناسرێت، کە هەر لەسەرەتای سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە گرنگی داوە بە زمانەوانی و کاریگەریەکانی زمانەوانی لەسەر مۆزیک. ئاڵان مێریەم (Alan Merriam) یەکێکە لە پێشڕەوانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی و بەردی بناغەی بەشێکی ئەم زانستەی داڕێشتووە، خاوەنی پەرتوکی ئەنثرۆپۆلۆجیای مۆزیکیە و گرنگی داوە بە ئەنپرۆپۆلۆجیای مۆزیک.

بەبۆچونی ئەم کەڵە ئەکادیمیستە، ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی دەبێت بەوە بناسرێتەوە کە گرنگی دانە بە مۆزیک وکو بەشێک لە کەلتور و بنەما کۆمەڵایەتیەکان.

(مارتن ستەوکس) (Martin Stokes) ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستێکی ئینگلیزە و مامۆستای ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، یەکێکە لەپێشڕەوانی تیۆری مۆزیک و ناسنامەی نەتەوەی و کۆمەڵایەتی.[17]

(فیلیپ بۆلمەن) (Philip Bohlman) ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستێکی ئەمەریکیە و سەرۆکی بەشی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیە لە زانکۆی شیکاگۆ، گرنگی داوە بە مێژوو و ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی و هەروەها خوێندنەوەی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی بۆ مۆزیک لە رابردوو. بۆ ئەم کارەش، چەند نوسینێکی بە پێزی هەیە لەسەر رابردووی مۆزیکی جولەکەکانی نەمسا.

لەم چەند ساڵەی دوایدا لە ئەوروپا و ئەمەریکا زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی سەربەستیەکی تەواوی وەرگرتووە و بەرو ئاڕاستەی خوێندنەوەی بابەتیانە دەڕوات وک لەوەی زیاتر گرنگی بدات بە میلۆدی یاخود چۆنیەتی ئاواز و رستەی مۆزیکیەکان. ئاڕاستەی ئەنپرۆپۆلۆجی دیارترین ناسنامەی ئەمڕۆی زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیە. لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی (ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی: خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە)، جەنێفەر پۆست، نۆ بابەتی بە تێر و تەسەلی باسکردووە کە ئەمڕۆ ئەم بابەتانە دیارترین بابەتی زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجین کە راستەوخۆ کاریگەریان لەسەر مۆزیک و پرۆسەی بەمۆزیککردن هەیە. ئەم نۆ بابەتە بریتین لە:[18]

١- کرین و فرۆشتن و بەکارهێنان: کە باس لە کاریگەری بازار دەکات و تا چەندیش باری ئابوری کاریگەری خۆی هەیە لەسەر هونەری مۆزیک.

٢- تۆریزمی کەلتوری و کۆچ کردن: باس لە کاریگەری تۆریزم دەکات و هەروەها گرنگی ئەمەش لەسەر پرۆسەی گۆران لە مۆزیک.

٣- جێندەر و جیاوازی رەگەزی: باس لەو تایبەتمەندیانە دەکات کە تاکەکانی کۆمەڵگە وابەستەی بوون و گرنگی دەدات بەو شێوازە مۆزیکیانەی کە تایبەتە بە رەگەزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە. بۆ نمونە،

17 ئەم ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیستە بەناوبانگترین کەسە لەسەر مۆزیکی تورکی، بە تایبەتی مۆزیکی ئەرەبێسک. تا ئێستا دوو کتێب و چەند نوسینێکی بەربڵاوی هەیە لەسەر ئەرەبێسک و ناسنامەی گەلانی تورکیا .

18 Ethnomusicology, A Contemporary Reader (Post, 2006: 4)

لەونەیە جیاوازیەک هەبێت لە نێوان رەگەزی نێر و رەگەز مێ لە هەڵبژاردن و گوێگرتنی موزیک. بۆیە ئەتنۆمیوزیکۆلۆجیستەکان لەم ڤیاوازیانە دەکۆڵنەوە و هۆیەکانیشی روون دەکەنەوە.


٤- بەجیهانی بوون و بە لۆکاڵی بوون: گرنگی دەدات بە ئاڕاستەی گۆڕان و بەو گۆڕانەی کە بە هۆی پێکەوە ژیانی نەتەوە و کەلتورە جیاوازەکان و پەیوەندی و هەڵکشانی تەکنەلۆجیەوە دورست بووە. لەهەمان کاتیش گرنگی لۆکالی بوون لەسەر موزیک و پرۆسەی موزیک گرنگی تایبەتی خۆی هەیە ئەگەرچی ئێمە بەرەو بەجیهانی بوون هەنگاو دەنێین.

٥- راگەیاندن و تەکنۆلۆجیا و تەکنۆکەلتور: ئەمەش گرنی دەدات بە کاریگەری راگەیاندن و تەکنۆلۆجیاو کاریگەری ئەلیکترۆنی لەسەر موزیک.

٦ ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی رەها: ئەمەش گرنگی دەدات بە کاریگەری ناسیۆنالیزم لەسەر پرۆسەی موزیک. هەروەها گرنگی دان بە پرۆسەی ناسیونالیزمی رەها و چۆنیەتی ئەداپتکردنی موزیک بۆ خزمەتکردنی ئەم ئاڕاستەیە.

٧ شوێن و تایبەتمەندیەکانانی: گرنگی دەدات بە بەستنەوەی موزیک بە تاک و ئەو شوێنەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە تێیدا دەژین و کاریگەری ئەم وار و مەلبەندەش لەسەر موزیک.

٨ ناسنامەی نەتەوەیی و رەگەزی: گرنگی دەدات بە کاریگەری موزیک لە بەدەستەوەدانی ناسنامەی نەتەوایەتی و رەگەزی.


Alan P. Merriam 1980 – 1923

٩ ئاڕاستەی کۆمەڵگە و باری رامیاری: گرنگی دەدات بە لێکۆیلنەوەی بابەتیانە لەسەر کاریگەری باری سیاسی لە ناو کۆمەڵگە و ئەو گۆڕنکاریەکی کە ئەم پرۆسەیە هەیەتی لەسەر موزیک.

هەریەکە لەم بابەتانە چەندایەتی و چۆنیایەتیەکی گەورە لەخۆ دەگرن. هەروەها هەر یەکێک لەم خاڵانە و بابەتانەش چەندین لق و پۆپییان لێجیادەبێتەوە. جگە لەم بابەتانەش چەندین بابەتی ترهەن کە لەم دەساڵەی دوایدا باسکراون بەڵام جەنێفەر پۆست تەنها بە نمونە ئەم نۆ بابەتەی باسکردووە کە لە هەموو بابەتەکان زیاتر گرنگیان پێدراوە لە بڵاوکراوە موزیکی و ئەتنۆمیوزیکۆلۆجیەکان.

بەبەراوردکردن لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەی کە لە باشوری کوردستان و عێراق هەیە بۆ زانستی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی، خوێنەری ئەم نوسینە چەند هەڵەیەکی گەورە بەدیدەکات. بۆ نمونە، لە ماوەی زیاتر لە ٦٠ ساڵی زانستی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی تەنانەت لە هیچ ژمارەیەکی گۆڤاری ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی (بڵاوترین گۆڤاری ئەتنۆمیوزیکۆلۆجیە کە لە لایەن کۆمەڵگەی ئەمەریکی بۆ ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی دەردەچێت) یان گۆڤاری دەستەی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی (ئەمەش کۆمەڵگەی بەریتانی بۆ ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی دەریدەکات) ئەو شێوە پۆلێن کردنە نەکراوە وکو ئەوەی کە لە زانکۆی بەغدا هەیە. تەنانەت هەرگیز گرنگی بەوە نەدراوە کە تەواوی زانستی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی ببەستنەوە بە بەنۆتەکردنی گۆرانی و موزیک و دواتر دەست بکەن بە ژماردنی میانەکان بە رێژەی سەدی. یەکێک لەو وانە گرنگانەی ئەتنۆمیوزیکۆلۆجی ئەوەیە کە بە نۆتەکردن کارێکی ئێجگار قورسە و زات و زانینی زۆری دەوەێت، بە رادەیەک کە راست و دروستی بەنۆتەکردن لە کەسێکەوە دەگۆڕدرێت بۆ کەسێکی تر. تەنانەت بێلا بارتۆک ئەم راستیەی دەرخستوە. هەروەها لەسەر بە نۆتەکردن و ژماردنی میانە موزیکیەکانیش، بارتۆک ئەمەی بە کارێکی ناتەواو پێناسە کردووە بۆ تێگەیشتن لە بنەما سەرەکیەکانی موزیک و تێگەیشتن لە پەیوەندی موزیکی بە خەڵک و کۆمەڵگەوە. لەسەردەمی ئیستاماندا، وک نێتڵ دەبێژێ، «بەدەگمەن ئەتنۆمیوزیکۆلۆجیەستەکان کار لەسەر بەنۆتەکردنی موزیک دەدەن (Nettl، ٢٠٠٥: ٧٩) بێگومان ئەوە بەو مانایە نایەت کە بە نۆتەکردن و ژماردنی میانەکان کارێکی



John Blacking 1928 – 1990

ناڕەوایە، چونکە دەکرێت توێژەر تێبینی خۆی هەبێت لەسەر ئەو موزیکەی کە کاری لەسەر دەکات و هەروەها دەشتوانێت بە ئارەزوی خۆی مامەلە لەگەڵ ئەو موزیکەدا بکات. بەڵام لەوانەیە هەلەیەکی گەورە بکەین کە ئەگەر تەنها بە نۆتەکردن و ژماردنی میانەکان بە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی ناوببەین و بڵێین ئەمەیە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی. بۆ هەنگاونانێکی دروست و دەسپێکی تێگەیشتنمان بۆ زانستی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی، من پێموایە کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو بابەتە تیۆریانەی کە زیاتر لە ٦٠ ساڵێکە کاری بۆ دەکرێت و هەروەها دەبێت سوود وربگرین لە گەلانی تری وکو چینیەکان و یەهودیەکانی ئیسرائیل و گەلانی باشوری ئەمەریکا بۆ بنیاتنانی ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیەکی تایبەتی لە کوردستان کە مەرامە مێژووی و هەنوکەیەکانی کۆمەڵگەی ئێمەی تێدا مەلاس درابێت. بە کورتی، چونکە ئەثنۆمیوزیکۆلۆجی هەڵقولاوی چەند بیردۆز و یاسا و زانستێکی موزیکی و کۆمەڵناسی و ئەثنۆگرافییە، بە تایبەتی زانستی میوزیکۆلۆجی و ئەنثرۆپۆلۆجی، گرنگی دەدات بە ناساندنی کۆمەڵگە لە ڕێگای موزیکەکەیانەوە. یان دروست تر بلێین، کاری ئەثنۆمیوزیکۆلۆجیست ئەوەیە کە داب و نەریت و هەڵسوکەوت و باری رامیاری و ئابوری ئەو خەڵکانە بزانێت کە لە ناویاندا کاری مەیدانی ئەنجام دەدات، و هەموو ئەو پەیەندی و رایەڵە رامیاری و ئابوری و سۆسیۆلۆجیانەش بدۆزێتەوە کە کاریگەریان لەسەر پرۆسەی بە موزیککردن هەیە.



Mantle Hood 1918 – 2005

Alan P. Merriam ١٩٢٣ – ١٩٨٠

Mantle Hood ١٩١٨ – ٢٠٠٥

John Blacking ١٩٢٨ – ١٩٩٠

سەرچاوەکان


فرید، گارق حسون: التحلیل المعا×ر لعلم الموسیقی المقارن (الاپنوموزیکولوجی)، بغداد ١٩٩٩

McAllester، David Ethnomusicology، the Field and the Society. Ethnomusicology، Vol. ٧، No. ٣، Tenth Anniversary Issue. (Sep.، ١٩٦٣)، pp. ١٨٢ – ١٨٦

Barz، George F. and Cooley، Timothy J.: Shadows in the Field، New Perspectives for Fieldwork in Ethnomusicology. Oxford University Press، ١٩٩٧

Blacking، John: How Musical is Man? University of Washington Press، ١٩٧٣

Merriam، Alan P.: The Anthropology of Music. Northwestern University Press، ١٩٦٤

Merriam، Alan P.: Ethnomusicology، Vol. ٢١، No. ٢. (May، ١٩٧٧)، pp. ١٨٩ – ٢٠٤

Post، Jennifer C.: Ethnomusicology: A Contemporary Reader. By Taylor & Francis Group (٢٠٠٦)، LLC P. ٤

Nettle، Bruno: The Study of Ethnomusicology: Thirty-one Issues and Concepts. University of Illinois Press، Urbana and Chicago (٢٠٠٥)

Sorrell، Neil F. I. : The Musical Times. Vol. ١١٣، No. ١٥٥٧ (Nov.، ١٩٧٢)، p. ١٠٨٣

Stock، Jonathan: The Application of Schenkerian Analysis to Ethnomusicology: Problems and Possibilities. Music Analysis، Vol. ١٢، No. ٢ (Jul.، ١٩٩٣)، pp. ٢١٥ – ٢٤٠

Stokes، Martin: Ethnicity، Identity and Music: The Musical Construction of Place. Berg Publishers، ١٩٩٧

# سەرنجێک بۆ مێژووی موزیکی کوردی

د. جەلیل ئازید، ئەتنۆموزیکۆلۆگ.

بەرلەوەی بیرۆکەیەکی دیرۆکی بهێنینەوە بیر، چاک دەزانین کە موزیک بۆ گەلانی جیهان بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە، بایەخی موزیک بۆ گەلی کورد، گەلەک تایبەتمەندترە، وکو پێویستیەکە لە پێویستیەکانی ڕۆژانە. میللەتی کورد چاک دەزانێ دەوری موزیک لەخەباتی ڕزگاریخوازیدا چی و چۆن بووە. لەسەرتاپای هەمووواندا موزیک بۆ گەلی کورد ڕوونترین بەڵگەی ناسنامەیی (Identity) نەتەوایەتیە.

پاش شارستانیەتی مادەکان تا ڕۆژی ئەمڕۆ، زۆر کێشەو گرفت هەیە بەساکاری دان بە ناسنامەی میللەتی کورد بدرێت لەبەرئەوەی پاش سەردەمی مادەکان، مێژووی مللەتانی ئێرانی کۆن بەناو میللەتی فارس چەسپاوە، (مەبەست لە ئێرانی کۆن سنووری ئێرانی ئیمڕۆ نییە، میللەتانی ئێرانی کۆن: بەلوجی، فارس، کورد، پاشتو، ئۆسێتی ...تاد.). ڕوون و ئاشکرایە پاش کۆتایی هاتن بە شارستانیەتی ساسانیەکان تا هاتنی مەغۆلەکان مێژووی میللەتی کورد لەژێر ناوی مێژووی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و عەرەب ون بووە، ئیدی پاشان بەناوی تورکی عوسمانلی و سەفەوی، هەتا ئەمڕۆژ ناسنامەو مێژووی میللەتی کورد لەژێر چنگی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریایە و بە ماسکی (قیناعی) ئەو میللەتانە داپۆشرایە.

بەڵگە هەیە کە موزیک بۆ گەلانی ئێرانی کۆن وکو پێویستیەکی ئاینی بایەخدارو پیرۆز بووە.

لەئاینە ئێرانیە کۆنەکان، زەردەشتیەت و مازدایزم بوون، هەروەها لەنووسینەکانی فەیلەسوف و مێژوونووسەرانی یۆنانی کۆن وکو هێرۆدتۆس و کسێنۆفۆنت دەستنیشانکراون کەوا ئەو ئاینانە بەشێوە چرین و دەربرینی موزیکی بوونە، لەیەک لە نووسینەکان سەرنج بەمە دراوە کە ١٦ گاتا یاخود (گاپا) بۆ برەوپێدان و تەبشیر بەکارهاتووە. زۆر بیرو بۆچوون هەیە کە دەڵێن ئەو گاتایانە بەشێوە سروود یاخود مەقام بووەنە، بەڵام لەڕاستیدا هیچ زانیاریەک نییە لەسەر شێوە و پراکتیک و کارکردنی موزیکی (تاد) ئەودەم و هەروەها ڕێپێرتوای واتا کارە موزیکیەکان نادیارن، ئیدی کێشەی زانینی مێژووی موزیکی کۆن گیروگرفتی هەموو میللەتانە نەک تەنیا کورد.

لەهەندێک سەرچاوە بۆمان بەدیار دەکەوێ کە لە چەرخی ساسانیەکان یان سازانیەکان (٢٢٤ـ٦٤٢) چەند موزیکژەنێک ناو و دەنگی دەرکردبوو لەوانە باربەد، بامشاد، ئازاد، نەکیزا، سەرکەش، ڕامتین. لە هەمووان بەتواناتر باربەد بووە کە موزیکژەنی خۆشەویستی خەسرەوی پەروێز (II) بووە، لەسەرچاوەکان وادیارە کە چەند یاسایێکی موزیکی دانا بوو، هەفت سیستەمی (شێوازی) سەرەکی دروستکردبوو بەناوی خەسرەویانی یان خۆسرەڤانی، ٣٠ سیستەمی دووا پلەیی بەناوی ئاواز پوخت کردبوو (هەندەک سەرچاوە دەڵێن: بەنێوی لەحن نووسراون، بەڵام زۆر نایێتە بڕوا کردن لەبەرئەوەی ئەو پەیڤە عەرەبیە و لەوسەردەمەدا هێشتا عەرەب ئەو ناوچەی داگیر نەکردبوو، بەڵام لەوانەشە ئەو وشەیە لە بنەڕەتیدا هەر عەرەبی نەبێ)، ٣٦٠ مێلۆدی «بە کوردیەکەی ئاواز» بەناوی دەستان پەخش و ڕیکوپێک کردبوو، وکو دیارە لەڕاستیدا ئەو موزیکژەنانە موزیکژەنی ئێرانی کۆن بوون، بەڵام بەداخەوە لە ئێنسیکلۆپێدیای موزیکدا بە ملکی فارس ناسێنراون، بەڵام شتێک خۆی بۆ خۆی بەڵگەیە، بەڵگەکەش ئەوەیە کە فارس لەکۆندا کەمایەتێکی بچووکی میللەتانی ئێرانی کۆن بوون، لێرە پرسیارەکە خۆی فەرز دەکات و دەڵێت، ئایا بەڕاستی هەموو ئەدیب و فەیلەسوف و هونەرمەند و تاد.، تەنیا لەنەوادەی ئەو کەمایەتیە بچووکە بوون؟ یاخود بەڕاستی میللەتانی ئێرانی کۆن وکو بەلوج و کورد هتد تەنیا تەماشاکەرو چەپڵە لێدەر بوونە؟ یان، کوا ناوی شارستانیەتە کۆنەکان وکو ئاسوری و

بابلی و ئێلامی تاد...؟ لەمبارەیەوە، وڵامێکی مەنتەق و لۆژیکی زۆر ڕوون و ئاشکرا خۆی بۆ خۆی ودیار دەخات و دەڵێت کەوا کولتوری کۆنی ئەو گەلانە هی هەموویانە نەک یەکیان.

چەرخی پاش ساسانیەکان داگیرکردنی عەرەبە بۆ ناوچەکە و هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، لەزۆربەی زۆری سەرچاوەکان بەتایبەتی ئەوەی هێنری جۆرج فارمەر کە لەبارەی مێژووی موزیکی عەربەکانە، دەڵێن: کە عەرەبەکان بەخۆیان ئارەزوویان لە گۆرانی گوتن و موزیکژەنی نەدەکرد، شایانی سەرنجە کە ورگێڕەکانی پەرتووکی مێژووی موزیکی عەرەب، نووسینی فارمەر وکو ئەوەی حسین ن×ار و جرجیس فتح الله المحامی زۆر هەوڵیان داوە ورگێڕەکەیان لەسوودی عەرەب و چەندی پییان بکرێ شتەکان تەعریب بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆر جێگادا تووشی پێچەوانەیی بووینە بۆ نموونە ئەوەی جرجیس فتح الله لە لاپەڕە ٩٧ (نووسینی فارمەر) لە سەر سەرچاوەی ابن خلدون دەڵێت:

«(ان العرب شغلهم الرياسه و مادفعوا اليه من القيام بالملك عن القيام بالعلم و الفن و النڤر فيهما واستنكفوا عنهما و دفعوهما الى من قام بهما من المولدين الڗين كان الشگر الآكبر منهم عجما» (المعرب).

بەبێ شک کۆنترین و بەناو بانگترین موزیکژەن و سترانبێژکانی سەردەمی جاهیلیەت و ئیسلامی کە لە دیرۆکی عەرەبەکان دیاری کراون، بە نەژاد عەرەب نین بەڵکو لە وڵاتی ئێرانی کۆندا هاتوون وکو: سائب خاسر (ک٦٨٣)، نەشیت (؟)تووەییس (٦٣٢-٧١٠) (گچکە تاوس یاخود تاوسۆکە)، یونس الکاتب (ک٧٦٥)، شیرین (±ک٦٣٠)، کە زۆربەی زۆری گۆرانیبێژە بە ناوبانگەکانی وڵاتی حیجاز قوتابی ئەو بوون بۆ نموونە عزە المیلاء (ک٧٠٥).

بەوجۆرە هەتا سەردەمی عەبباسیەکان، لەو سەردەمەش، روون و دیارە کە بە بەهرەترین موزیکژەنەکانی ئەو دەم عەرەب نەبوون ئینجا لەبەر ئەوەیش هەر میللەتێک دەیکا بە مولکی خۆی وکو ئیبراهیم (٧٤٢-٨٠٤) و ئیسهاقی (٧٦٧-٨٥٠) مەوسلی، زریاب لە دایک بوونی دیارنیە بەڵام لە سەرچاوەیێک نووسراوە کە زریاب لە ساڵی ٨٢١ گەیشتۆتە ئیسپانیا و قوتابی ئیسهاق بووە و هەروەها تەیۆریکاری مەزنی پێش کۆتایی سەردەمی عەبباسیەکان ئورمەوی (١٢١٦-١٢٩٤) بە ئازەریو بەغدادی لە پینووس ئەدرێ بەڵام ئورمیە شێوێنەواری کۆردەکان بوو (بۆ مێژوو روون و جوان دیارە هێشتا کۆچ کردنی تورکە ئازەریەکان بۆ ئەو ناوچەیە دەستی پێ نەکردبوو، لە بارەی بەغدادی لە بەر ئەوەی کۆتایی ژیانی لە بەغدا بردە سەر).

هەروەها زۆر موزیکزان (تەیۆریکار) و دەنگخۆشەکانی سەردەمی حوکمرەوای عوسمانلیەکان بۆمان دەردەکەوێ کە کوردن بە نەژاد ئەمەش لە ئەنجامی لێکۆڵین و ورد بوونەوە لە بابەتەکە. لەو خاڵانەی کە بەڵگەن، ناوەکانیان یان جێگای لەدایک بوونیان یان روون و ئاشکرا نووسراون کە کوردن هەندێک لەو ناوانە: حسن نەسیر توسی (١٢٠٠-١٢٧٢)، جەمال الدین الداسنی «دەشتی» (ک١٣٤٧)، شمس الدین الآکفانی السنجاری (ک١٣٤٨)، بەدرالدین الآربلی (١٢٨٧- ١٣٥٤)، فخرالدین الشهربانی، حسن النای، ابو بکر النورۆزی، عبدالله ماردینی، ابراهیم بنبانی (ک١٤١٨)، موزەقفەر حسن کیفی (ح×ن کیفا)، محمد امین سەدرەالدین شێروانی (ک١٦٢٦)، محمد مستەفا زادە ترەوەیی (ک١٦٣٣)، محمد احمد جانبەگ کۆردستانی (ک١٧٣٧)، حەسن عەلی یەزیدی، مەجیدەدین دەشتی.

هەندێک هەنە لە نووسینەکانیان زۆر وشەی کوردیان بەکارهێناوە وکو: حەسن جەرجانی (١٣٣٩-١٤١٣)، عەبدولقادری مەراغی (١٣٥٤-١٤٣٤)، فتح الله عبدالعزیز شێروانی (؟-١٤٧٥) زۆر ناوی تر.

ڕاستیەکی دیرۆکی هەیە ئەویش زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە کەلەپووری کلتوری و مێژوویی بەتایبەتی موزیکی، کە بەناوی عەرەبی ئیسلامی چەسپ کراون، موڵکی هەر هەموو ئەو نەتەوانەیە ئەوانەی کە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیان دروست کرد، بەبێ شک، وکو لەو خاڵانەی پێشتریش بۆمان ودیار دەکەوێ، کە میللەتی کوردیش ڕۆڵی خۆی لەمبارەیەوە گێڕاوە. ئەو سەرشێوان و کردن بە موڵکی ئەو و ئەویتر لەبەر چەند هۆیەکەن، هەندێ لەم هۆیانە:

١.زۆربەی زۆری نووسراوەکانی کۆن لەسەرموزیکدا بە زمانی فرانک (واتە زمانی ئادابی ئەو سەردەم) نووسراون و زمانی فرانکەی ئەودەم ئێمە ئەزانین کە عەرەبی بووە.

٢.نووسراوەکان بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسراون: (ئەلفوبێیەکە بەناوی ئەلفوبێی عەرەبی دەرکەوتووە).

٣.ناوی پەیڤە تەکنیکەکانی بەزمانی ئێرانیە کۆنەکان نووسراون هەیانە بە عەرەبی نووسراوە.

٤.لەناو میللەتانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی هەستە دینیەکە گەلێک مەزنتربووە لە هەستە قەومیەکە.
٥.خاڵێکی گرنگ، کلتوری ئەودەم بە پسپۆڕانی ئیسلامی میللەتی ترو نا ئیسلامی وکو دیان و یەزیدی و ئی تر دەوڵەمەند کرا بوو، کە زۆربەی زۆری بەڵکو هەموان لە کۆشکی هەرە دەوڵەمەندی ئەودەم کۆدەبوونەوە، کە کۆشکی هەرە دەوڵەمەندی ئەودەم کۆشکی خەلیفەتول الموسلیمون بوو کە لە بەغدا و سامەڕا بووە.
حبیب حسن توما موزیکۆلۆگی عەرەب کە خاوەنی چەند نووسراوێک و پەرتوکێکە لەسەر موزیکی عەرەبی، هەرچەندە لە نووسنەکانی زۆر قەومیانە بیر دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆر نووسراودا دەڵێت: میللەتی عەرەب گەلێک قەرزاری گەلی کوردە لەباری موزیکدا، بە تایبەتی لەبابەتی مەقامدا، لە نامەکەی کە لە ساڵی ١٩٦٧ لە سەر مەقامی بەیات پێشکەشی کردووە لە بەرلین دەبێژێ...ناوی مەقامی بەیات، بەناوی هۆزێکی کورد کراوە کە لەناوچەی حەمرین نیشتەجێنە ئەو عەشیرەتەش عەشیرەتی بەیاتیە، و هەروەها لەسەر مەقامی عێراقی بە عەرەبی مقامات، لە کوردی باشترە هەر مەقام بمێنێ، دەڵێت ئەو کەسەی کە مەقامی کۆنی عێراقی گەیاندە چەرخی ئێستامان کابرایەکی کورد بوو بەنێوی رەحمەالله شلتاخ؟ لە هەندێک نووسراو ودیار کراوە کە شلتاخ١٧٩٣ی زایینیی لە کفری لەدایکبووە تا ١٨٧١ ژیاوە، هەروەها شیلتاخ قوتابی مەلا رەحمانی ولی، ماشەڵڵای مەندەلاوی، حەمە پیرە بووە، بەڵام سەرچاوەکان هەتا ئێستا نەستەق نەکراون لەبەرئەوەی زۆربەیان سەرچاوەی نەنووسراون، لەسەرچاوەی توما ساڵی لەدایکبوونەکە نووسراوە ١٧٩٩ـ١٨٧١، بەڵام بەڵگەیێکی دیرۆکی و ڕاستە کە شلتاخ و مولڵا حسن بابوجیدی و یاعقوبی ئەرمەنی (ئەوەی ئەخیریان)، بۆ تیفلیس کۆچی کردووە زۆر هەڤاڵی شلتاخ بوو، بەم بۆنەیەوە شلتاخ مەقامی تیفلیسی لەسەر ئەو دانا)، ئەو سێ کەسە مامۆستای مامۆستاکانی مەقامی عێراقینە. بەتایبەتی شلتاخ قوتابخانەیەکی بێ جۆر بووە. ئەو کەسانەی ڕێگای شلتاخیان گرت یاخود وکو ئەو مەقامی عێراقیان گووتوە احمد زەیدان، مولڵا عوسمان الموسلی، هەوەها نەسلی پاشوان وکو ڕەشید قوندەرچی، عباس شەیکال تا دەگاتە دەمی قوبەنچی و یوسوف عمر.
ئەو چەند وردە خاڵانەی کە باسمان کرد، بەڵکو هەزارەها خاڵ و بەڵگەمان هەیە کە کلتورو ڕەوشەنی کوردی لەژێر ڕشماڵ و عەبای ئەوانی تر شاردراینەوە، ئەرکی موزیکۆلۆگی کورد ئەمڕۆ ئەوەیە کە ئەو عەباو پەردانەی لەسەر لاباو بیسەلمێنێ کە کوردیش خاوەنی کەسایەتی خۆیەتی. وابزانم، زروف و باردۆخی ئەمڕۆی کوردستانمان باشترین سەردەمە بۆ ئەو کارە، کە هەوڵبدەین بەهەمووەمان پارێزگاری ئەو باردۆخە بکەین.
ئەگەر بمانەوێ ئێمەی کورد ڕۆژێک لەڕۆژان دیرۆکی موزیکی کوردی بنووسینەوە من لەو بڕوایەدام بە هەزار و دەهەزار لاپەڕە تێری ناکەین، بۆ نموونە هەر ناوێک لەو ناوانە کە پێشتر ئاماژەمان پێداون پەرتوکێکە بەڵکو مێژوویێکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی زیاتر هەیە. جگە لەمانە چەندەها ناوی تر هەنە، یان چەندەها هەنە من نایاناسم و نازانم یان کەس نازانێ، لەوانەشە بزاندرێ بەڵام لە ڕەفەکان شاردرابنەوە. ئەوە ناو ئەی ڕووداوەکان، ناوڕۆکەکان، مێلۆدیەکان، قەتارەکانی کە نە ناسراون، ئەی لاوکەکان، حەیرانەکان، هۆرەکان، بەیتەکان، سیاچەمانەکان، دیلۆکەکان، د ە لا لە کا ن ، حە یر ا نۆ کە کا ن ، پایزۆکەکان، سەفەرەکان، قۆریاتەکان، قەوالەکان، حەیرانەلاوکەکان، چەمەریەکان، شینەکان، مەتەلو مەتەلۆکەکان کۆتایی نایێت چەندی بیانژمێرین، جارێ باسی مەقام نەکرایە کە خۆی بۆ خۆی جیهانێکی تایبەتە هێشتا باسی لایەنی تری ڕیتمی و ستران و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و گۆڤەند و تاد. نەکراوە.
بۆ ڕوونڤەکردنەوەو قوڵبوونەوە لەم بابەتە یاخود نووسینی مێژووی موزیکی کوردی کاری یەک کەس نییە بەڵکو بە کیتابۆکەیەک دیاری ناکرێ، لەبەرئەوەی تۆژینەوە لەم بابەتە بەرپرس و بەرسڤێکی دیرۆکیە کە پێویستی بە دامەزراوەیەکی نیشتیمانیە (لە وڵاتانی تر پێی دەڵێن موزیک ئەکادێمی یاخود ئینیستوتوتی موزک، هیوادارم تەرجەمەی حەرفی نەکرێ لە معهد بۆ پەیمانگا چونکی ئەو شێوە لاساییکردنەوە نالەبارە)، ئەمجۆرە بنکەیە پێوویستی بە موزیکزان و پسپۆڕی ئەکادیمی بابەتەکە و مێژوو ناس و فۆلکلۆرناس و ئەنسیکلۆپێدی ناس و (تاد.) هەیە.

# موزیک لە سەرەتای سەدەی بیستەوە هەتا ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا

## دروستبوونی ستایلی نوێ لەناو موزیکی کوردیدا

د. بەرزان یاسین

ئەگەر هاتوو ئێمە بێین تیشک بخەینە سەر ئەو فاکتەر و گۆڕانکاریانەی که زەمینەیان خۆشکرد بۆ دروستکردنی ستایلی نوێ لە ناو فەرهەنگی موزیکی کوردیدا ئەوا دەبێت چاو بخشێنینەوە بە ڕابووردو و سەیری ئەو قۆناغانە بکەین کە موزیکی کوردی پیاتێپەریوە لە ساڵانی رابووردوودا. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت زۆر لە لایەنەکان تاوتوێ بکەین بۆ ئەوەی وڵامێکی ڕاست و دروستمان بۆ بەدەست بێت .

سەردەمی دووا کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی لە سەر خاکی کوردستان هاوکاتە لەگەڵ لاواز بوونی دەسەڵاتیاندا . شەڕ و دانانی باجێکی زۆر و برسێتی باڵی کێشا بوو بەسەر ناوچەکەدا . بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری بە گشتی ، و بە تایبەتی نەبوونی نەخوشخانە و قوتابخانە هەژاری و نەخوێندەواریەکی زۆری بلاوکردبووە .

سەرهەڵدانی شەڕەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی ئەم ناوچانەی ئەوەندەیتر لاواز کردبوو ، بۆیە ئاسان نەبووە هاتنە ناو سەدەی بیستەوە بۆ کۆمەڵگا. کاریگەری سیاسەتی عوسمانیەکان لەسەر زۆربەی خەڵک و لێکترازان و دروستبوونی دوو تەوژمی (تەیار ) بیری ناسیۆنالیست: یەکێکیان چینێکی کەمینەی ڕۆشنبیران و ئەویتریان چینێکی زۆرینەی ئیسلامی و دەرەبەگی هەڵهینجراو لە ژێر کاریگەری و مۆدێلی عوسمانیەکاندا . ئەمەی دووەمیانە کە کاریگەری گەورە ی دەبێت لە سەر کۆمەڵگای کوردی .

لە پاش ئەم شەڕانە کوردستان لە دوو پارچەوە دەبێتە چوار پارچە و خاکەکەی دابەش دەکرێ بەسەر چوار دەوڵەتی نوێدا کە تورکیا، ئێران ، عێراق ، سوریایە. بۆیە هەر بەشێکی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو تەوژمە فیکری و سیاسی و کولتووریانەی پایتەختی ئەم وڵاتانەوە . ئەم قوناغە لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا سەرەتای گەشەی فیکری ناسیۆنالیستی یە. ئەم دەوڵەتانە بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆیان کەوتنە داڕشتن و پلانی دروستکردنی فیکری ناسیۆنالیستی لەسەر مۆدێلی ناسیۆنالیزمی ئەورووپا ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم سنووره نوێیانە نەخشەکێشرابوون لە دووای شەڕی یەکەمی جیهانی یەوە لە لایەن هاوپەیمانی وڵاتە زلهێزەکانی جیهاندا و بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیان دروستکرد لە کەمینە ڕەگەزی یە نەتەوایەتیەکانی ناوخۆی ئەم وڵاتانە ، ئەوانیش بۆ مانەوەی خۆیان بە بەردەوامی لەسەر دەسەڵات، وردە وردە ڕێچکەی سیستێمی دیکتاتۆری پەیڕەو دەکەن ، بێگومان بە پشتگیری و هاوکاری وڵاتە زلهێزەکان ئەم سیستێمەیان سەپاند بە سەر نەتەوە و مەزهەبە ئاینیەکانی تردا لە هەر یەک لەم وڵاتانەدا. بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە چەواشەکردنی مێژوو و کولتوور و بۆ بە ئەنجامدانی سیاسەتیان دەستیان کرد بە پاڵپشتیکردنی ئەو نوسەر و مێژوونووس و هونەرمەندە ساختەکارانەی کە نوسراوەکانیان هەمووی لە چوارچێوەی پیاهەڵدان و گەڕانەوەی سەروەریەکانی مێژوو بوو بۆ ئەو نەتەوانەی کە دەسەڵاتیان گرتبووە دەست . ئەو وڵاتانەی هەڵگری ئەم درووشمانە بوون بە تایبەتی وڵاتانی تورکیا، ئێران، عێراق، سوريا بوون ، کە خاکی کوردستانیان بە سەردا دابەشکراوە ، بۆیە ئیتر هەموو مێژوویەک ، یان کولتوورێک لە چوارچێوەی سنووری ئەم وڵاتەدا ڕوویدابێت بە هینی خۆیان دەزانن .

### کۆمەڵگای کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستدا

ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی گشتی سەیری ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری بکەین لە کۆنەوە هەتا دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی بیست ، بۆمان دەرئەکەوێت بۆچی جۆری موزیک و ستایلی موزیکەکەیان بەو جۆرەیە کە بە گوێمان

ئاشنایه. چونكه ستایلی موزیكی هەر كۆمەڵگایەك بەستراوەتەوە بە جۆری ژیان و بیركردنەوەیانەوە، ئەندامانی كۆمەڵگاش لە ژێر كاریگەری ئەو جۆرە ژیانەدا بەرهەمەكانیان دادەڕێژن و دەبێتە نەریتێك لایان . بۆیە ستایلی موزیكی كوردی سەرەتای سەدەی بیست و كۆتایی ئەم سەدەیە جیاوازن لە یەكتری، چونكە جۆری تێڕوانین و خوێندنەوەی خەڵك بۆ ژیان گۆڕاوە ، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەیە لە سەر موزیك . هونەر بە گشتی و موزیك بە تایبەتی ئاوێنەی ئەو ژیانەیە كە زۆرینەی كۆمەڵگا لەگەڵی گوزەر دەكات .

لە كوردستان بە شێوەیەكی گشتی بەكارهێنانی تەكنیكی كشتوكاڵ هەتا سەرەتای حەفتاكانیش هیچ پێشكەوتنێكی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیبوو هەر لە سەر ڕێچكە كۆنەكەی خۆی بەردەوام بووە ، ئاژەڵداری هێشتا هەر لە سەر شێوازی سەدە كۆنەكانە. هەروەها هەندێك لە هۆز و خێڵەكان بەردەوام بوون لە ژیانی كۆچەرایەتیان . عقڵیەتی عەشیرەتگەری و خۆبەستنەوە بەداب و نەریتی كۆن و گرنگی خۆگێڕانەوە بە عەشیرەت و مانەوەی هەندێك لە كولتوور و نەریتی ئایینە كۆنەكانی پێش ئیسلام لە ناو بیروباوەڕی هەندێك مەزهەب و دیینی تری كوردا ڕێگا خۆشكەر بوون بۆ نەتەوەی كورد كە بەشێكی زۆر لە كولتووری هەزارەها ساڵەی خۆیان بپارێزن هەتا ئەمڕۆ . هەتا ئەم ساڵانە ڕێژەی نەخوێندەوار لە ناو كۆمەڵگای كوردیدا زۆر زیاتر بووە لە خوێندەوارەكان، و بەتایبەتی لە ناو گۆرانیبێژ و موزیكژەنە میللی یەكاندا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە جۆرێكی سەیر و سەمەرە هۆكارێكی گونجاو بووە بۆ ئەو كاتانەی كۆمەڵگای كوردی كە سامانە نەتەوایەتیە كولتووریەكەی دەماودەم بپارێزێت و شارستانیەتی مۆدێرن زەفەریان پێ نەبات .

## دەركەوتنی هەندێك ئامێری موزیكی خۆرئاوایی لە ناو موزیكی كوردیدا

بەرفراوانبوون و گەشەسەندنی كولتوورێكی نوێ لەناو موزیكی كوردیدا دەستپێدەكات لەگەڵ ئەو جموجوڵە هونەریانەی كە لە پایتەختی ئەو وڵاتانەوە دەهات كە خاكی كوردستانیان بەسەردا دابەشكراوە . لەم ڕێگایەوە كۆمەڵێك ئامێری نوێی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی دێتە ناو موزیكی كوردییەوە . چڕكردنەوەی دەسەڵاتە ئیداری و ئابووری و كولتووری و ستراتیژیەكان لە پایتەختەكاندا هۆكاری سەرەكی بوون كە ئەم شارە گەورانە زۆر بەخێرایی گەشە بكەن ، لەبەر ئەوە خەڵكێكی زۆر بۆ كاركردن ڕوو دەكەنە ئەم شارانە . پێكەوە ژیانی ئایین و نەتەوەی جیاواز لێرە هۆكاری گرنگ بوون بۆ لە دایكبوونی ستایلی نوێی موزیك و بڵاوبونەوەی گەلێك ئامێری نوێی موزیك .

بەپێی ئەو بەڵگانەی كە ئاشكرابوون بۆمان دەركەوتووە لە بەرەو كۆتایی سەدەی نۆزدەدا كۆمەڵێك ئامێری موزیكی خۆرئاوایی هاتوونەتە ناوچە كوردییەكانەوە لە ڕێگای سوپاوە . هەبوونی ژمارەیەكی بەرچاوی كورد لە ناو ڕاژەی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی و سوپای ئێراندا و لە ئەنجامی ئەوەی كە ئەم هێزانە لەسەر هاوشێوەی سوپا ئەورووپیەكان دەستدەكەن بە بەكارهێنانی ئەم ئامێرانە لە ناو ئۆركێسترای بوقی سەربازیدا و بوونی ئەم هێزانە لەناو شارە گەورە كوردییەكاندا وای كردووە كاریگەری باشیان هەبێت لەسەر داڕشتنی موزیكی نوێ . لە ئیران لە سەردەمی «نەسەردین شا» دا دوو خوێندنگا دادەمەزرێنن ، خوێندنگای پۆلیتێكنیك و خوێندنگای سەربازی. لە پاش ماوەیەكی كەم بۆ هەردوو خوێندنگاكە لقێكی موزیكی تیادا دەكەنەوە و تیایدا وانەی تیۆری موزیك و فێربوونی ئامێری موزیكی سەربازی تیایدا دەخوێنرا . هەر لە سەر شێواز و مودێلی موزیكی سەربازی ئەوروپی كارەكانیان ئەنجام ئەدا . بۆیە هیچ بەرهەڵستیەكی دینییان ڕووبەڕوو نابێتەوە .

گەلێك مامۆستای فەرەنسی موزیكی سەربازی وانەیان وتۆتەوە لەم خوێندنگایەدا بەڵام ناودارترینیان « م. لومێر « M.Lemaire بوو كە «مارشاڵ نیێل» Niel لە ساڵی ١٨٦٨ لەسەر داوای شای ئێران دەینێرێتە ئەو وڵاتە .

شەوێكیان نەسرەدین شا ئارەزووی ئەوەی دەكرد كە سرودێكی نیشتمانی بۆ ئێران بنوسرێت ، ئەم مامۆستایە هەر ئەو شەوە فەرمانی شا جێبەجێ دەكا و سروودەكە دادەنێت ، و بۆ ڕۆژی دوایی لەلایەن ئۆركێسترای سەربازی یەوە لێدەدرێت .

لە سەدەی بیستدا ، هەروەكو پێشتریش ئاماژەمان پێدا ، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خۆی دەبینێتەوە لە قۆناغی هەستی ناسیۆنالیستیدا ، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێك مێلۆدی شۆڕشگێڕی و سروود و گۆرانی نیشتمان پەروەری دژ بە دوژمن و دەسەڵاتە چەوسێنەرەكان . بۆ بەرزكردنەوەی هەستی نیشتمانی لەناو خەڵك و شۆڕشگێڕاندا هەندێك لە گۆرانییە میللیەكانیش دەچنە ناو ئۆركێسترا و ڕۆشتنە سەربازیەكانەوە

هەروەکو چۆن باوی بووە لە وڵاتانی خۆرئاوادا .

مۆزیکزانەکان ، گۆرانیبێژەکان ، شاعیرەکان و هەتا ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکانیش دەستیان کرد بە دانانی شیعر و گۆرانی و سروودی شوڕشگێڕی . هەندێک جار تێکستە شیعریەکانیان بە میلۆدی میللیەوە ، یان بە مێلۆدی میللی پارچەیەکی تری کوردستانەوە دەووترانەوە ، یان وریاندەگرت لە میلۆدیە ناسراوەکانی تورکی یەوە، بەڵام شیعری گۆرانیەکەیان دەگۆڕی بۆ تێکستە شیعری شاعیرێکی کورد .

پێکهاتەی ئەم مێلۆدیانە لە سەر فۆرم و ئەو مەقامانە بوون کە باویان بووە لە ناوچەکەدا ، بەڵام بۆ گونجاندنیان لە سەر ئامێرە خۆرئاواییەکان ، دەخرێنە سەر سیستێمی تۆنال (پەیژەی مۆزیکی مێجەر و ماینەر) بۆ ئەوەی بتوانرێت بەم ئامێرانە لێبدرێت ، نموونەی ئەو سروودانە زۆرن لە کوردستانی عێراقدا ، لێرەدا ئاماژە بە چەند دانەیەکیان ئەکەین ئەوانەش وکو : ئێمە نەتەوەی مەردین ، خۆشم ئەوێت وڵاتەکەم ، خوایە وتەن ئاواکەی ، وتەنی من ، ئەی کووردینە ، دەمی ڕاپەڕین ، پیرەمەگرون . ... هتد

باروودۆخی سیاسی کوردستان بەجۆرێک بوو کە وای لە کورد کرد ساڵ لە دوای ساڵ بەرگریان پتەوتر و ڕێکخراوەتر بێت . لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٩٢٠ لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا سەرهەڵدان دەستپێدەکات . لە تورکیا و عێراق سەرکردەی وکو شێخ سەعیدی پیران و شیخ محمود بەرزنجی کەسایەتیە ئایینیەکانی سەدەی بیست بوون کە لە پاش شکستی میرنشینە کوردەکان مەشغەڵی ناسۆنالیستانەیان هەڵگرت . لە بەینی ساڵەکانی ١٩٢٠ — ١٩٢٥ سمایل خانی سمکۆ ( شکاک) لە کوردستانی ئێران دژی ڕەزاشای ئێران ڕاپەڕینی بەرپاکرد . لە پاش شکست هێنانی یەک لە دووای یەکی ئەم شۆڕشانە بناغە ساز دەبێت بۆ هەڵگیرسانی بزووتنەوەی نوێ و بە مۆدێرنیزەکردنی سیاسەت کە زیاتر ڕێکخراوتر بوو لە ژێر چوارچێوەی پارتێکی سیاسی مۆدیرندا .

بە هۆی ئەم شۆڕشانەوە شارەکانی وک : مەهاباد ، دیاربەکر ، دەرسیم ، سلێمانی ، جموجوڵێکی فکری و ئەدەبی و هونەری گەورەی تیا گەشە دەکات . لە پاش دەمەزراندنی پارتێکی سیاسی کوردی لە ساڵی ١٩٤٥ دا بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان ، بەیانی یەکەم کۆماری کوردی لە شاری مەهاباد لە ( ١٩٤٦/١/١٣) دەکرێت . هەرچەندە ژیانی ئەم کۆمارە زۆر کورت دەبێت ، لە بەر ئەوەی لە مانگی دووانزەی هەمان ساڵدا دەڕوخێت ، بەڵام لەو ساڵدا بۆ جاری یەکەم سروودی نیشتمانی کۆماری کوردستان لە دایک ئەبێت لە ژێر ناوی « ئەی ڕەقیب « دا. ئەم سرودە هەبژێردرا بوو لەناو کۆمەڵێک سروودی تردا و هەر بە زوویی لە ناو شۆڕشەکانی کوردستانی عێراقیشدا بڵاودەبێتەوە . تێکستی شیعرەکەی لە لایەن شاعیری لاو «دڵدار» ە و نووسراوە و دارشتنی مێلۆدیەکەی دانراوە لەلایەن پارێزەرێکی خەڵکی کەرکوکەوە بە ناوی حسێن عبدالکریم حسێن .

گەشەی کۆمەڵایەتی و زیندوبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی هەنگاوی گەورەی دەنا بۆ بوژاندنەوە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا . لە ١مانگی سێ ی ١٩٢٥ یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی لە شاری سلێمانی دەکرێتەوە، ئەم ماوەیە ڕێکەوتە لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵێک شاعیری گەنج لە شارەکەدا کەبەبەردەوامی شیعریان دەنووسی دەربارەی خۆشەویستی خاک و وڵات و شیعری بەرگری و شۆڕشگێڕانە بۆ ورە بەرزکردن و هەڵچوونی هەستی ناسیۆلیستە کوردەکان .

سەرقافڵەی ئەم جولە شیعریانە ڕابەری دەکرا لە لایەن شاعیرانی وک ، پیرەمێرد ، گۆران ، بێکەس ، زێوەر ، کاکەی فەلاح ، هاوار ، هەردی ، دڵدار ، هەژار ، هتد ، کە پاشان زۆربەی تێکستەکانیان دەبنە گۆرانی و سروودی نیشتیمانی .

لەم ساڵانەدا ئەفسەرێکی کورد بە ناوی «عبدالواحید ئاغا مستەفا کۆیی» کە لە ئۆرکێستڕای بوقی سەربازی مەلیکی عێراق لە سلێمانی مامۆستا بوو ، کۆمەڵێک ئامێری موزیک دەکرێت بۆ ئەم قوتابخانەیە و لە بەینی ساڵانی ١٩٢٦ — ١٩٢٨ بە شێوەیەکی خۆبەخش وانەی موزیکی وتۆتەوە لەم قوتابخانەیەدا و منداڵانی فێری لێدانی ئامێرێکی موزیک و سروودەکان کردووە .

ئەو گەنجانەی فێری ژەنینی ئامێرێکی نوێ دەبوون وک ڤیۆلین ، کلارنێت ...هتد ، نەیاندەتوانی کۆببنەوە و پێکەوە گروپێکی موزیک پێکبهێنن ، لەبەر ئەوەی ئیدارەی شارە کوردیەکان نە ڕێگەیان ئەدان و نە پسوڵەی کاریشیان ئەدانێ ، بۆ ئەوەی بزووتنەوە کولتووریەکان گەشەنەکەن و وشیاریە کۆمەڵایەتیەکان پەرەنەستێنن لە شارە کوردیەکاندا . لە ساڵی ١٩٣٩ بە بۆنەی کردنەوەی پرۆگرامی کوردی ڕادیۆی بەغداد، موزیکژنە عەربەکانی پرۆگرامی عەرەبی دەهاتن هاوکاری گۆرانیبێژە کوردەکانیان دەکرد لە

کاتی پەخشی گۆرانیەکانیاندا .
بە مەرجێک لە شارە کوردیەکاندا کۆمەڵێک گەنجی باش پێگەیشتبوون و موزیکژەنی باشیان تیادا هەڵکەوتبوو ، بەڵام لە ترسی ڕژێم نەیاندەتوانی بە ئاشکرا وک گروپێک کار بکەن و لە بۆنەکاندا بەشداربن ، بۆیە ناچار بوون بە نهێنی لە ماڵاندا موزیکبژەنن .
لەشاری کەرکوک مەسیحیەکان خاوەنی دوو گروپی موزیک بوون : ئامێرە هەوایەکان و ئامێرە ژێدارەکان ، ئەم گروپانە دەهاتن لە بۆنە و جەژنە کوردیەکاندا یان لە نەورۆزدا موزیکیان لێ ئەدا و بە چەند زمانێک گۆرانیان چڕیوە .

لە دووای شەڕەکانی جیهانیەوە جموجوڵی هونەری بە شێوەیەکی بەربڵاوو لە سەرتاپای جیهاندا دەکەوێتە جوڵە و خۆ نوێکردنەوە کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستیەکانی کۆمەڵگای نوێدا . یەکێک لەو وڵاتەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرقافڵەی ئەم پێشکەوتنە کولتووریەی دەکرد وڵاتی میسر بوو .
لە پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆییان ، ئەم وڵاتە پیلانی گرنگ دادەڕێژن بۆ گەشەسەندنی کولتوور لە وڵاتەکەیاندا .
میسریەکان لە ژێر کاریگەری قوتابخانە هونەریەکانی وڵاتی ئیتالیا گەشەیەکی بەرفراوان ئەدەن بە کولتوور بە گشتی و بە تایبەتی بە بواری سینەما و موزیک .

هەتا دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی بیست شەریکەی سینەمایی ئیتاڵی Cinacitta (چینە چیتا) گەورەترین و گرنگترین قوتابخانەی سینەمای جیهانی بووە ، کە کاریگەری هەبووە لە سەر ڕەوتی سینەمای جیهانی . ئیتالیەکان بۆ موزیکی فیلمەکانیان هاتن ستایلێکی نوێی موزیکیان داڕشت کە بگونجێت لەگەڵ چێژ و ئەو تراژێدیا و کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە لە فیلمەکاندا نمایش دەکران . بۆ ئەم مەبەستەش هەستان بە دروستکردنی گروپێکی ئۆرکێسترایی کە پێکهاتبوو لە دوو جۆر گروپی ئامێری ، یەکێکیان ئامێرەکانی ئۆرکێسترایەکی سەمفۆنی ، بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ کۆمەڵێک ئامێری میللی ئیتالی و کۆمەڵێک ئامێری کارەبایی ، نموونەی ئەم ئەم ئامێرانەش : ماندۆلین ، ئۆکۆردیۆن ، فلوت ، گیتاری کارەبایی ، درامس ... هتد .

میسریەکان بۆ دروستکردنی ستایلێکی موزیکی گونجاو بۆ قوتابخانە سینەماییەکەیان نەهاتن کۆپی ئەم پێکهاتە ئۆرکێسترایيە ئیتاڵی یە بکەنەوە ، بەڵکو زیرەکانە ئامێرەکانی ئۆرکێسترای سەمفۆنی و ئامێری ئۆکۆردیۆنیان تێکەڵکرد و گونجاند لەگەڵ ئامێرە موزیکی یە خۆرهەڵاتیەکانی وکو عود ، قانون ،نای ، دەربوکە .....هتد پێکهاتەی ئۆرکێسترایەکی نوێیان لێ دروستکرد لەسەر چێژی موزیکی خۆیان . ئەم پێکهاتە ئۆرکێسترا نوێیە کاریگەری بنەڕتی دەبێت لە سەر جیهانی کولتووری میللەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕستدا و جێگای خۆی دەگرێت و بڵاودەبیتەوە لە ناو شارە گەورەکانی وکو ئەنقەرە ، ئەستەنبوڵ ، تاران ، دیمەشق ، بغداد ، موسڵ ، کەرکوک ... ، و لە ڕێگای ئەم گەورە شارانەوە کاریگەری دەبێت لەسەر شارەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا .
بەم پێکهاتە و فۆرم و داڕشتنی شێوەی موزیکە ستایلی موزیکی «ئەرەبێسک» سەرهەڵئەدا ، کەواتە لە بنچینەدا ستایلێکە مێژووەکەی بەستراوەتەوە بە سینەمای میسری ساڵەکانی سی یەوە کە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا و سینەمایەکی موزیکی یە ، واتا موزیک بەشێکی سەرەکیە لە فیلمەکاندا . ستایلی موزیکی ئەرەبێسک هەڵهێنجراوە لە موزیکی نوێ ی میسریەوە و کاریگەری ئەم موزیکە بە تەنیا کایگەری نابێت لە سەر موزیکی وڵاتەکانی عەرەبی ، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە مۆدێرنیزەکردنی کولتوور و موزیکی تورک هەر لەسەرەتای ساڵەکانی پەنجاوە .
لە کوردستانی عێراق نموونەی ئەم جۆرە ستایلە بەدی دەکرێت لە تیپی مۆسیقای مەولەویدا کە لە ساڵی ١٩٥٥ لە سلێمانی دامەزرا بە شێوەیەکی یاسایی . پاشان مامۆستا باکوری لە کۆیە کۆمەڵێک گەنج فێری ئامێری موزیک دەکات و لەساڵی ١٩٥٧ گروپی باواجی کۆیەیان لێ پێکدەهێنێت .
لەم ساڵانەدا هەتا پێگەیاندنی کۆمەڵێک گەنج لە بواری کواتووردا و پێکهێنانی گروپ لێیان بۆ بوژاندنەوەی هونەر و چالاکی پێنواندنیان لە بۆنە نەتەوەیی و ئایینی یەکاندا هەڵوێستی سیاسی بووە و ڕژێم بە توندی بەرهەڵەستی ئەو کەسانەی کردووە . بۆیە لەگەڵ دروستکردنی کۆماری عێراق لە ١٩٥٨/٧/١٤ کوردەکان بۆ دەربڕینی ئازادیەکانیان ، لە پاڵ چالاکیە سیاسیەکانیاندا گەلێک چالاکی کلتووری پێشکەش دەکەن .
لەم ساڵانەشدا لە کەرکوکیش کۆمەلێک هونەرمەند و ڕۆشنبیر گروپێکی موزیک دروستدەکەن بە ناوی «خەبات» .
دووا بە دووای ئەم گروپانە لە شاری هەولێریش تیپی مۆسیقای چالاکی قوتابخانەکان دروست دەبێت کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک خوێندنکار و مامۆستا .
لەو ساڵانەدا شاری سلێمانی هەڵگری

مەشخەڵی سیاسی و کولتووری و جموجۆڵی هونەری بووە ، بۆیە دەبێتە مودێلێک بۆ شارەکانی تری کوردستان . سلێمانی هەر لەکاتی میرنشینی بابانەوە لە سەدەی هەژدەوە نازناوی پایتەختی کولتووری پێ بەخشراوە و هەتا ئەمڕۆش هەڵگری ئەم نازناوەیە .

تیپی مۆسیقای مەولەوی کە کۆنترین تیپی مۆسیقا بووە لە کوردستانی عێراقدا ، کاریگەری گرنگی هەبووە لە سەر دروستکردنی تیپی مۆسیقایتر لە شارەکانی تری کوردستاندا . لە ساڵی ١٩٦٢ ئەم تیپە هەڵدەوەشێتەوە ، چونکە بارودۆخی سیاسی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچوو ، ئیتر پاش چەند ساڵێک لە بێدەنگی هونەری ، لە ساڵی ١٩٦٧ کۆمەڵێک گەنجی هونەرمەند و ڕۆشنبیر هەڵدەستن بە پێکهێنانی تیپی مۆسیقا و شانۆی سلێمانی . لە ساڵی ١٩٧٠ بەشی موزیک و شانۆ لە یەکتری جیادەبنەوە و لە ١٩٧٢ هەر تیپەیان بە جیاو بە شێوەیەکی فەرمی پسوڵەی کارکردن وردەگرن ، بەم جۆرە تیپی مۆسیقای سلێمانی لە دایک دەبێت . لەم ساڵەوە هەتا سەرەتای هەشتاکانیش ئەم تیپە دەبێتە زمانحاڵی ستایلی نوێی موزیک لە ناوچە کوردییەکاندا و گەشە و نوێکاریەکی باش دێنێتە ناو موزیکی کوردیەوە .

کاریگەری ستایلی موزیکی دەرەکی لە سەر موزیکی کوردی .بە درێژایی مێژوو ئاڵوگۆڕی کولتووریی بوونی هەبووە لە بەینی شارستانیە جیاجیاکاندا ، لە بەینی میللەتان و خێڵ و هۆز و هەتا بیروباوەڕە ئایینیە جیاواز و هاوشێوەدا . ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕانە لە کۆمەڵێک فاکتەرەوە دروست دەبن ، گرنگترینیان ژیانی پێکەوەییە لە بەینی دوو میللەتی هاوسنووردا ، سەرەڕای بوونی دوو زمان و ڕەچەڵەکی جیاواز داب و نەریتیان تێکەڵ دەبێت و لە بۆنەکانی یەکتردا بەشداری دەکەن ، ئەنجامی ئەم تێکەڵبوونە بە تایبەتی و بە جۆرێکی بەربڵاو ڕەنگ ئەداتەوە لە هونەری موزیک و گۆرانی دا . لەگەڵ میللەتی کوردا هاوشێوەی ئەم نموونەیە زۆرە وکو لەیەکچوونی بەینی موزیکی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی ( ئەرمەنی ، ئاشووری ، کلدانی ، فارس ، ئازەر ، عەرەب) .

هۆکارێکیتر بۆ بەکارهێنانی هەمان ستایل و فۆرمی موزیکی لە بەینی میللەتاندا دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕهێنانی چەند میللەتێک بە ئایینێکەوە .

بەڵام ئەم هۆکارانە نین کە سیمای کولتووری موزیکی نەتەوەیک دەشێوێنن لەم جۆرە ئاڵوگۆڕەدا . هونەری گونجاندن زاڵە بەسەر موزیک و گۆرانییە هاوردەکەدا لەبەر ئەوە کاریگەریەکەی زۆر لاوازە بۆ شێواندانی مۆرکی موزیکێک .

لەدوای ڕاپەڕینەوە لەکوردستانی عێراق و بەتایبەتی هەر لە دروستبوونی هەردوو ئیدارە و حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستانەوە کولتووری هاوردەکردن هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە ، یەکێکیش لەو لایەنانە هونەرە بەگشتی موزیک بەتایبەتی . ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگەدا بۆتە دیاردەیەکی ترسناک چونکە زۆربەی زۆری گەنجانی ئەم هەرێمە بە موزیک ژەن و گۆرانی بێژەکانیشەوە دوای ئەم کولتووری هاوردەکردنە کەوتوون . هونەری هاوردەکردنیش دوو جۆری هەیە : جۆرێکیان سوود وەرگرتنە لەو هونەرە هاوردەیەو چێژێکی خۆماڵی ئەکرێت بەبەریدا
شایستەیەو زیان بەخش نییە ، چونکە بواری داهێنانی زۆری تیادایە .

جۆری دووەمیان هونەری لاسایی کردنەوەیە وک خۆی ئەمەیان ترسناک و خەتەرە لەسەر هونەرو موزیکی ئەو کۆمەڵگەیە چونکە بڵاوبوونەوەی فەرهەنگێکی بێ بناغەیە لەناو کولتووری ئەو وڵاتەی کە هێناویەتی لەبەرئەوەی هیچ پەیوەندییەکی رۆحی یان کولتووری یان مێژووی نییە و نایبەستێتەوە لەگەڵ ئەو میللەتەی کە بەکاری دەهێنێت ، لەبەرئەوەی ئەو هونەرە ڕنگدانەوەی واقع و ژیانی کۆمەڵگاکەمان نییە ، ئەم جۆرە کارکردنە لەئەنجامدا دەبێتە کوشتنی داهێنان لە بوارەکەدا .سەرئەنجام سەپاندنی کولتووری میللەتێکی ترە بەسەر میللەتەکەی خۆتدا .ئینجا ئەگەر ئەم دیاردەیە بەئاستێکی کەم پەیرەوبکرێت ئەوا قورسایی نابێت لەسەر هونەری موزیکی کۆمەڵگاکەمان ، بەڵام ئەگەر هاتوو و بەشێوەیەکی بەربڵاو و سەرتاپای گەنجان و گوێگران و ڕاگەیاندنەکان و پشتگیری حکومەت و دەزگا هونەریەکانی گرتەوە ئەوە دەبێتە مایەی کارەساتێکی کولتووری بەسەر هونەری موزیکدا و بەڕاستیش ئەمە ڕوویداوە ، چونکە ئێستا نەوەیەکی زۆری گەنجانمان بەم شێوە ستایلە گۆشەگیربوون و خۆیان تیادا دۆزیوەتەوە . بۆیە هەرچی زووترە دەبێت ڕێگری بکرێت لەم شێواندنی موزیکی کوردیەی کە ئەمڕۆ زۆر بەزەقی دیارە و سیماکەی بە جارێک شێواندووە .

# دەرکەوتن
# (یان قۆناغە سەرەتاییەکانی مۆزیک)

ن:محەمەد تەقی مەسعودیە
و: حەمە عەباس

لەبارەی پەیدابوون یان قۆناغە سەرەتاییەکانی مۆزیک چەند گریمانەیەک کە سەرجەمیان ئەوەندە زۆر نین خراونەتەڕوو، گرنگترینیشیان بریتین لە:

١- لە ژێر کاریگەرێتی باوەڕەکانی داروین (١٨٠٩-١٨٩٩) گریمانەیەک هەیە کە پەیدابوونی ئاواز بە حەزە سێکسیەکان و تێرکردنی ئەم حەزانە پێناسە دەکات ، بۆنموونە باڵندەکان بەمەبەستی تێرکردنی حەزی سێکسی سوود لە خوێندن وردەگرن، خوێندن لەم ڕوانگەیەوە قۆناغی سەرەتایی کامڵبونی مۆزیک پێکدەهێنێ ، تێبینییەک کە لەسەر ئەم گریمانەیە هەیە ئەوەیە خوێندنی باڵندەکان تایبەت نییە بە سەروبەندی تێرکردنی حەزی سێکسی خۆیان ،بەڵکو پەیوەندی بە کاتەکانی دیکەشەوە هەیە.

٢- گریمانەی دووەم کە لەڕاستیدا بە دەرئەنجامی گریمانەی یەکەم دادەنرێ، باوەڕی وایە ئاواز لای مرۆڤ شتێک نییە جگە لە لاساییکردنەوەی ئاوازی باڵندەکان، لە بەرپەرچەدانەوەی ئەم گریمانەیەشدا پێویستە ئەوە بهێنینەوە یاد کە ئاواز لای هیچ کام لە خێڵە سەرەتاییەکانی دنیا، کتومت وک خوێندنی باڵندەکان نییە، ئەگەرچی لەهەندێ ئاوازدا لەوانەش ئاوازی ئەو خێڵانەی کە بەهۆی ڕاوشکارەوە دەژین، لاساییکردنەوەی خوێندنی گیانلەبەران شتێکی بەرچاوە، وێڕای ئەمەش ئەم خێڵانە لەکاتی سحربازی و جادووگەریدا، بەتایبەت بە مەبەستی دەرپەڕاندنی گیانلەبەرێک بەشێوەی ماسککردن (دەمامک پۆشی) لاسایی دەنگی ئەم گیانلەبەرە دەکەنەوە، ئەم لاساییکردنەوەیە بەشێوەیەکی زۆر وریاییانە دەبێت، هەرچەندە ئەم دەنگە لە بنچینەدا لای ئاژەڵ و مرۆڤ لەیەکتر جیاوازە، بەو مانایەی کە ئاوازی گیانلەبەران بە باڵندەکانیشەوە، دیاردەیەکی تایبەت بەوانەو بەتەواوی پەیوەستە بە هەلومەرجی بایۆلۆژی خۆیانەوە، لە کاتێکا دەنگی مرۆڤ چەسپاو نییە، مرۆڤ دەتوانێ ئاواز یان هەرجۆرە دەنگێک کە بیەوێت بە ئارەزووی خۆی بیگۆڕێت، لێرەدا دەنگ کردارێکی نەگۆڕی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ نییە دەنگ وکو سازێکە بە ئارەزوی کەسێک دەتوانرێ بەکاربهێنرێ.

٣- کارل بوشەر لەو باوەڕەدایە کە مۆزیک لە ئەنجامی جوڵانەوەی هەماهەنگ بەتایبەتی لەکاتی کارکردن هاتۆتە کایەوە، ئەم گریمانەیە بەناوی تیۆری ڕیتمی ناسراوە، بێگومان ڕیتم یەکێکە لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی مۆزیک، بەڵام ناکرێ بە تاکە هۆکاری دروستبوونی مۆزیک دابنرێ، هەمیشە مۆزیک ئاسانکاری بۆ کاری دەستەجەمعی دەکات، بەڵام هۆزە سەرەتاکان بە شێوەی دەستە جەمعی کاریان نەکردووە، تاکو ئەمڕۆش هەندێ لەو میلۆدییانەی کە تایبەتن بە کارکردن لای ئەم هۆزانە دیاریکراو (محدود)ن کەمێکیشیان لەو ئاوازانەن کە پەیوەندیان بە جادووگەری و ئاین و ئاینزاکان یا سەماکردنەوە هەیە.

٤- مۆزیک ڕەنگدانەوەی کارو کاردانەوە ڕۆحی و جەستەییەکانی تاکە، کارو کاردانەوە دەروونییەکانی تاک دەبنە هۆی دەرخستن و نمایشکردنی دەنگ، بەڵام هەمیشە ئەم نمایشانە بەشێوەی هاوار دەردەکەون، بەجۆرێک کە

تایبەتمەندیە موزیکییەکانیان لە دەستداوە ،ئەگەر گوتنی گۆرانیەکیش ببێتە هۆی تێرکردنی کارو کاردانەوە دەروونیەکانی تاک، دیارە موزیک گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتن و کرچ و کاڵا نییە.

٥-ئاوازی منداڵان کە بەشێوەی غەریزەیی و نائاگایانە دەردەکەوێ، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی میلۆدییە، پێویستە ئەوەمان لەیادبێ کە ئاوازی منداڵان کاریگەری دەنگی گەوران و موزیکی بەسەرەوەیە، کاتێکی زۆری دەوێ تا منداڵ بتوانێ یەک بەدوایەکداهاتنی دەنگەکانی میلۆدی دووبارە بکاتەوە و دواجار دەنگ شێوەی میلۆدی بە خۆ بگرێت، بە پێچەوانەوەش ڕەنگە بگوترێ گەورەکان لاسایی ئاوازی غەریزیی منداڵان دەکەنەوە، بەڵام لێرەشدا ئەم لاساییکردنەوەیە لەژێر کۆنترۆڵی وشیارانەی دەنگی تاکدا بەرجەستە دەبێ، لە بنچینەدا گەورەکان پەیڕەوی دەنگی غەریزەیی منداڵ ناکەن، بەڵکو ئەوان بەدوای دەنگی خۆیانەوەن و بەرجەستەی دەکەن.

٦-زمان ژێرخانی هەموو جۆرە موزیکەکانە، زمان هەندێجار کۆمەڵێ دەنگی تێدایە، کە دەشێ (زیروبەم) یان دەستنیشان بکرێ، خودی زمان دەتوانرێ وک جۆرێک لە میلۆدی بخرێتەڕوو، لەمانەش زمانی بەشێکی زۆر لە هۆزەکانی ئەفریقاو ئاسیا و چین، هەرچەندە ڕێساکانی پێکهێنانی میلۆدی و زمان بەتەواوی لە یەکتری جیاوازن، میلۆدی لەو زمانانەی کە تایبەتمەندیی میلۆدیان هەیە، هەمیشە تایبەتمەندییەکانی زمان لەبەر چاو دەگرێ، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم گریمانانەش دەبێ تیشک بخرێتە سەر کۆنترین قۆناغەکانی گەشەسەندنی کلتوری مرۆڤایەتی .

٧-گریمانەیەک کە دەتوانرێ زیاتر لەهەموویان لەڕاستی نزیک بکەوێتەوە لەسەر ئەو باوەڕە بنیاتنراوە کە پەیدابوونی موزیک بەرهەمی ئاگادارکردنەوەیەو تاکەکان لەمەودایەکی دووردا بۆ یەکتر بەکاریان هێناوە، ئەمڕۆش ئاگادارکردنەوە بەتایبەتی لای ئەو هۆزانەی کە لەڕێگەی ڕاوشکارەوە ژیان دەگوزەرێنن وک جاران برەوی هەیە. ئەم ئاگادارکردنەوانە زۆربەیان بەشێوەی جۆرە ئاوازێک دەبێ، لێردا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا ئاگادارکردنەوە بە مەبەستی گەیاندنی هەواڵ جەوهەری موزیک دەگرێتە خۆی ؟ وڵامی ئەم پرسیارە ڕێک (نەخێر)ە ،ئاگادارکردنەوە وک قۆناغە سەرەتاییەکانی موزیک لەکاتێکا لە ڕاستیەوە نزیکە کەسی ئاگادارکەرەوە لەژێر کاریگەرێتی لەرانەوەی وریاییانەی دەنگ بەرجەستەی بکات ئەمجۆرە ئاگادارکردنەوەیە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئاوازدا هەیە و دەتوانێ خاوەنی جەوهەری موزیک بێت و بێگومان موزیکیش بەو هۆیەوە کامڵ دەبێت.

٨-دەنگ بەلەخۆگرتنی زیرو بەمێکی دیاریکراو و نەگۆڕی قۆناغە سەرەتاییەکانی تێگەیاندنی تاکەکان نەهاتۆتە ئاراوە ، دەنگەکان بەرهەمی چەند دەرکەوتەیەکی وک هاوارو شیوەن یان پرخە پرخن. بەمجۆرە دەنگیش خاوەنی جەوهەری موزیک و زمان بووە، لێرەوەیە کە زمان و موزیک دەبنە تەواوکەری یەکتر، ئەم گریمانەیە لە چۆنیەتی پەیدابوونی موزیک باس لە سێ قۆناغ دەکات: قۆناغی یەکەم پەی بردن بە دانەبڕاوی نێوانی موزیک و زمان ، قۆناغی دووەم پەی بردن بە دابڕاوی نێوانی زمان و موزیک - قۆناغی سێیەم کامڵبوونی شێوازە جیاوازەکانی موزیک.

## چۆنیەتی دروستبوونی ئاواز

لەبارەی چۆنیەتی دروستبوونی ئاواز لە فەرهەنگی ڕەوەندیدا بەشێوەیەکی گشتی دەستنیشانی سێ سەرچاوەی سەرەکی دەکرێت:

١-ئیلهام ورگرتن لەهێزی ئەو دیوی سروشت.

٢-دروستبوونی ئاواز بەشێوەی خەڵوەتگیری.

٣-وەرگرتن لە موزیکی کەلتورەکانی دیکە.

ئەم سێ سەرچاوەیە لەهەموو کۆمەڵگە ڕەوەندەکان وک یەک بەرهەم نایەن، لەوانە نەتەوەی (بازونجی) لە جەزائیر لەو باوەڕەدان کە خودا سەرچاوەی هەموو ئاوازەکانە، لە کاتێکا کە هۆزەکانی (پیرکاڵا) لە ئوسترالیا باوەڕیان وایە ئاواز یان ڕاستتر بڵێین: موزیک خۆی لەخۆیدا بوونی هەیە و هیچ کەسێک دروستی ناکات یان دای ناهێنێت.

دروستکردنی ئاواز بە ئیلهام ورگرتن لە هێزی ئەودیوی سروشت لەژێر هەلومەرجێ جۆراو جۆردا بەرجەستە دەبێ، لەوانە لەخەودا، یان لەوکاتەی کەسێک لە کێو و دەشت و دەر تەنها دەبێت، لەمجۆرە هەلومەرجانەدا ڕۆح یان روئیای سەر و سروشت هەمیشە بە شێوەی گیاندارێکی وک کەڵەکێوی (گەوزەن) و ورچ و باڵندە یان درەخت و گیا یان تەنانەت

مێشولەیەک لەبەرامبەر کەسێکدا دەردەکەوێت و ئاوازی فێر دەکات، هەندێجار ئیلهام وەرگرتن لە هێزی ئەودیوی سروشت بە مەبەستی دروستبوونی میلۆدی پەیوەستە بە مەشقی پاک بوونەوە (ریاچت) بەو مانایەی کە تاک بەهۆی ڕۆژوگرتن و ئازار چەشتن وک گەستنی پەنجە یان گۆشتی جەستەی خۆی ڕوئیاو ئیلهامی سەرووی سروشت دەستەبەر دەکات هەر بۆیە ئەم ئاوازانەی کە بەم چەشنە دروست دەبن هێزێکی ئەفسووناوییان تێدایە، بە جۆرێک کە داهێنەری ئەم ئاوازانە هیچ جۆرە توانایەکی کۆنتڕۆل کردنیان بەسەر ئەم ئاوازانەدا نییە، لەڕواڵەتدا هێزی مەعنەوی ئەم ئاوازانەیە کە توانای چارەسەرکردنی نەخۆش بە جادووگەرەکان دەدات، ئەو ئاوازانەی لەسەر بنچینەی ئیلهام وەرگرتن لە هێزی ئەودیوی سروشت دروست بوون یان بەکەسێک دراون،تەنها تایبەتن بەو کەسەوەو بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی هەڵەو نادروست دەتوانێ سزایەکی توند تەنانەت سزای مردنیش ڕووبەڕووی ئەو کەسە بکاتەوە ، هەر سەبارەت بە سەرچاوەی ئەم ئیلهامە خراپ نییە ئەم دوو ئەفسانەیە لە دانیشتووانی ئەمریکاوە بگوازینەوە: ڕۆژێک گەنجێک لە کاتی ڕاوکردندا لە ناکاو گوێبیستی ئاوازێک دەبێ، بەبیستنی ئاوازەکە بیری بۆ ئەوە چوو کە کەسانێک لە شوێنی ڕاوکردنەکەیدا نیشتە جێن، بەڵام لە پڕێکا کەڵەکێوییەکی گەورە لە بەرامبەری دەردەکەوێت و پێی دەڵێت: (ئەم ئاوازە بۆ تۆ بێ، هەرکاتێک کە بەڕاستی کارت پێ هەبوو بیخوێنە) لەوساکە بەدواوە ئەو گەنجە ڕاوچییە هیچ کەڵەکێویەک ڕاوناکات. جادوگەرێکی لێهاتووی دانیشتووی ئەمریکاش هۆکاری هەڵبژاردنی کارەکەی خۆی بەم شێوەیە باس دەکات:

ئەو کاتەی کە تەمەنم هەشت نۆ ساڵ زیاتر نەبوو، دایکم و باوکم، من و خوشکەکەمیان لە دەشت بەرەڵاکرد، خوشکەکەم لە پڕێکا ورچێکی بۆری بینی کە بەرەو ڕوی ئێمە دەهات، ئەو منی ئاگادارکردەوە منیش بە بینینی یەکسەر بوورامەوە، لە بێهۆشیدا خۆم لە ترۆپێکی کێوێک دۆزیەوە،لەنێو کۆمەڵی کەسدا کە سەمایان دەکرد و ئاوازیان دەخوێندو سەرگەرمی بەزم و شادی بوون لەو کاتەدا و ئاگاهاتمەوە، بەڵام دیسان بوورامەوە، ئەمجارەش خۆم لە کێوێکی دیکەدا دۆزیەوە، هەمان کۆمەڵە کەس سەمایان دەکرد و ئاوازیان دەخوێندو سەرگەرمی شادی بوون، ئەم ڕووداوە چوار جار لە چوار کێوی جیاجیا دووبارە بوویەوە.

مەرج نییە ئاواز تەنها لە خەڵوەتاو بە وشیارانە دابهێنرێ ،بەڵکو دەکرێ بەشێوەی دەستەجەمعیش بخولقێنرێ، ئەم ئاوازانە بە پێچەوانەی جۆری یەکەم هێزی مەعنەویان تیا نییە و زیاتر لایەنی هونەرکارییان هەیە، لە بارەی ئاوازی دەستەجەمعییەوە پێویستە باس لە ئاوازی دەم و دەست بکرێ:

هەر کاتێ دوو ئەسکیمۆیی خەڵکی گرینلاند لەگەڵ یەکتر بکەونە شەڕەوە ناوبژیوانێکی ڕیش سپی بەمەبەستی نەهێشتنی شەڕەکە بۆ ڕێوڕەسمی سەماو سازی تەپڵ دیاری دەکرێ،لە ڕێو ڕەسمی سەماکردندا کە هەموو خەڵکی خێڵ بەشداری دەکەن، هەریەک لە دوو شەڕەکەکە بەخوێندنی ئاوازو جوولەی جەستەیان هەوڵ دەدەن گاڵتە بە ئاوازی ئەوی تر بکات، ئەو شەڕکەرەی کە ئاوازەکەی لەلایەن خەڵکی خێلەوە بە باشتر دیاری دەکرێت بە سەرکەوتوو دادەنرێت، هاو شێوەی ئەم ڕێوڕەسمە لای خێڵەکانی ئێوە (EWA) لە گانا باوە،لەوێدا دوو دراوسێی دوژمنداری گوند بە گوتنی گۆرانی و ئاواز دەکەونە بەرامبەر یەکترەوە، هەرلایەنێک هەوڵ دەدات تێکستی ئاوازەکانی بە جۆرێک بخاتە ڕوو کە ناوەڕۆکەکەی پڕبێت لە سوکایەتی پێکردن، سەرکەوتوو ئەوەیە کە ناوەڕۆکی تێکستی ئاوازەکانی کاریگەرتربێت.

## ئیستاتیکای موزیک

پرسیارێک دەشێ بکرێت ئەوەیە کە ئایا چەمکی ئیستاتیکای موزیک و پێناسەکەی لە موزیکی ڕۆژئاواییدا دەتوانن بەڕاست و دروستی دەربارەی موزیکی کەلتورە ڕەوەندەکان بدوێن، وڵامی ئەم پرسیارە بە لەبەر چاوگرتنی گرنگی ئەرکی بنچینەیی موزیک لەم کەلتورانەدا، بەپێی ئەو پوختەیەی کە گوترا ڕێک (نەخێر)ە،لە کەلتوری ڕۆژئاوادا موزیک بەتەواوی لە هەموو بوارە کەلتوریەکانی دیکە جیاکراوەتەوە لەم ڕووەوە قەڵەم بازێکی داوە بۆ سەربەخۆ بوون، لە کاتێکا پێچەوانەی ئەمە لە کۆمەڵگا ڕەوەندەکاندا موزیک ئەرکی سروشتیانەی هەموو تاکەکانی خێڵە، بۆیە موزیک بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی

هەرکەسێک و جیاوازیی ئاوازەکان بەهۆی پەیوەست بوونی تەواویان بەڕێوڕەسمی تایبەت و ئەرک و ئامانجیان بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگا بەئاشکرا دیارە، لەم کەلتورانەدا موزیکێک لە ئارادانیە کە پەیوەست نەبێ بە هیچ هەلو مەرجێک یان هیچ جۆرە ڕێو ڕەسمێکی ئاینی و ئاینزایی، ڕەنگە ئەو پەیوەندییە توندو تۆڵەی نێوان تاک و موزیک لە کۆمەڵگای ڕەوەندی ئەفریقیا، یان موزیک وک دیاردەیەکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەدا بووبێتە هۆی ئەوەی کە لە هەندێ کۆمەڵگادا، لەڕاستیدا چەمکی موزیک لەسەر زمانیاندا بوونی نەبێ، کەلتوری ڕۆژئاوا چەندین بەڵگەو پێناسەیان دەربارەی چەمکی موزیک خستۆتە ڕوو،موزیک لە ڕۆژئاوادا هەمیشە بە هۆی سێ هۆکارەوە دروست دەبێ، (میلۆدی ،ئاوێتە کردنی چەند دەنگێک ، ڕیتم) بوونی هەریەکێک لەم سێ هۆکارە بەتەنها بەسە بۆ ئەوەی پێی بگوترێ موزیک،پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە چەندین فۆرمی موزیک هەن، تیایاندا بەڵای کەمەوە یەکێک لەم سێ هۆکارە زیاتر لە هۆکارەکانی دیکە زاڵن،(ڕەستیا سیۆن) ئەگەرچی کۆمەڵی دەنگی دیاریکراوی تێدایە بەڵام مەتر یان ڕیتمەکەی سوود لە کێشی (ئیراسیۆنیک) ی زمان وردەگرێت، بە پێچەوانەوە لە هەندێ فۆرمی دیکەدا تەنها ڕیتم هۆکاری دروستبوونە، بێگومان ئەم فۆرمانەش دەنگیان تێدایە بەڵام دەنگەکان بە هۆکاری سەرەکی دانانرێن، وک لێدانی تەپڵ.
ئەوکاتە دەتوانرێ پڕ بە مانای خۆی باسی موزیک بکرێ کە دوو هۆکاری دەنگ و ڕیتم بەیەکەوە بوونیان هەبێ، دەنگ و ڕیتم هاوتای دوو ڕەگەزی (فەزا و زەمان)ن فەزا وک ڕەگەزی ئیستاتیک و زەمان وک ڕەگەزی دینامیک، بنچینەکانی بوونی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن و لە بنەڕەتدا سەرجەم ستراکتۆرە دینامیکییەکانیان بەسەرەوە وستاوە . فەزاو زەمان دووجەمسەرن، موزیک لە چوارچێوەی ئەواندا کامڵ دەبێ، دەنگەکان فەزا تێر دەکەن و ریتم ـ مەتر زەمان ڕێک دەخات، ئەم دووالیزمە بەتایبەتی لای خێڵە هەرە ڕەوەندەکان زیاتر بەشێوەی بەدوای یەکهاتنی دوو دەنگ، یەکێک ڕووناک و ئەوی تریان تاریک، یان گۆڕینی دوو نۆتە بە هۆی مەتری جیاوز دەردەکەوێت، بەدوای یەکدا هاتنی دوو دەنگی ڕووناک و تاریک دواتر وک دوو جەمسەری جیاواز لە بەدوای یەکدا هاتنەکانی دەنگە کۆکراوەکان (پەیژە) دا بەتەواوی بەرچاو دەکەوێ، بەم واتایە پەیژەکان لە کۆی دوو ناوبرەی جیاواز بەدوای یەکدادێن.
لێکۆڵینەوەی پێناسەکانی موزیک لە خۆرئاوا دەریدەخات چۆن کەلتورەکانی دیکە دەرئەنجامی جیاوازیان هەیە، نەتەوەی (بازون جی) موزیک وا پێناسە دەکەن:
١-دیاردەیەکە هەمیشە بەرهەمی مرۆڤە، بەم پێیە دەنگەکانی دیکەی وک دەنگی باڵندان، دەنگی باو شتی دیکە ناتوانن وک موزیک خۆیان بخەنەڕوو.
٢-کۆمەڵە دەنگێکە بە وشیارانە داڕێژراون، لەمڕووەوە لێدانی سیلۆفۆن یان لێدان بەشێوەی ڕەمەکی بە موزیک دانانرێ.
٣- دەنگەکان پێویستە هەر هیچ نەبێ درێژبوونەوەیەکی زمانییان هەبێ، ئەم دیدگا جیاوازە نەک تەنها دەربارەی پێناسەی موزیک بەڵکو دەربارەی زۆرێک لە چەمکەکان سەبارەت بە بەراورد کردن لەگەڵ موزیکی ڕۆژئاواش بەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە: نەتەوەی (بازون جی) سێ جۆرە ڕیتم پەیوەست دەکەن بەیەکترەوە، هەریەک لەم سێ ڕیتمە ناونیشانی تایبەتی خۆی هەیە.
ا/ ڕیتمێک کە بەلێدانی داردەسک لە دەفەی تەپڵ یان سلیفۆن دەبینرێ، ئەو دەنگەی لەم ڕیتمەوە بەرهەم هاتووە زیاتر دەنگێکی دیاری نەکراوە.
ب/ ڕیتمێک کە بەلێدانی دەست بەسەر دەفەی تەپڵەوە بەرهەم دێت
ج/ دەنگێک کە بەسود ورگرتن لە زمان و مەلاشوو بەرهەم دێت، ئەم ڕیتمە پوختەیەکە لە هەردوو جۆری پێشوو.
هەروەها چۆنیەتی دەنگی دەنگ بێژ لەسەر بنچینەی کۆمەڵی پێوانەی جیاواز هەڵدەسەنگێنرێ، لای دانیشتووانی دەشتەکانی باکوری ئەمریکا دەنگی بەرز بە دەنگی خۆش دادەنرێ، لەکاتێکا نەتەوەی (پوبلۆ)لە ئارێزۆنا دەنگی لەسەرخۆ یان (بەم) یان بەلاوە خۆشترە کە لەدەنگی پرخە دەچێ، لای دانیشتوانی (ئاراپاهۆ)ش دەنگ بێژی باش ئەوەیە کە ئاوازی زیاتر بزانێت بۆیە لێکۆڵینەوەی موزیکی فەرهەنگەکانی نا ڕۆژئاوایی دەبێ بە پێی توانا سود لە تێڕوانینە باوەکانی ئەوان وربگرێت.

**سەرچاوە: مبانی اتنوموزیکولوژی- محمد تقی مسعودیە.**
**چاپی دووەم :١٣٨٣**

# هۆشەنگ کامگار لە ئێوارە کۆڕێکدا

ئا: نایف شێخانی

هاوینی (٢٠٠٦) هونەرمەندی ناوداری کورد «هۆشەنگ کامگار» هاوڕێ لەگەڵ گروپی کامگاران لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی سازدانی چەند کۆنسێرتێک بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ «عەدنان کەریم» سەردانی کوردستانیان کرد. لەمیانەی چالاکییە هونەریەکانیاندا بەڕێوبەرایەتی هونەری موزیک ئێوارە کۆڕێکی بۆ هونەرمەند هۆشەنگ کامگار لە هۆڵی (یەڵمازگۆنای) سەر سەر بە بەڕێوبەرایەتی سینەما سازکرد، کە کۆمەڵێک لەموزیکژەنان و هونەرمەندانی هەولێری پایتەخت ئامادەی ئەو ئێوارە کۆڕە بوون. هونەرمەند جگە لەنمایشکردنی چەند کاروچالاکییەکی خۆی کە ((ساڵانێکی پێشتر هاوڕێ لەگەڵ تیپی سەمفۆنیای تاران پێشکەشی کردبوو))لەکۆتایی باسەکەشدا هونەرمەندانی ئامادەبوو چەند پرسیارو سەرنجێکیان وروژاند.

ئەمەی خوارەوە پوختەی ناوەڕۆکی ئێوارە کۆڕەکەیە: ((من حەزم دەکرد سەبارەت بەهەنگاو و گۆڕانکاری و وچەرخانەکانی مێژووی موزیکی کلاسیک بدوێم، بەڵام پێم باشە لەموزیکی یۆنانی کۆنەوە دەست پێبکەم، کە زۆر بەموزیکی ڕۆژهەڵاتی دەچێت. زۆر لەیەک نزیک بووینە، وک: موزیکی ئێران و کوردی و ئەوانی تری ڕرژهەڵاتی، چونکە موزیکی یۆنانی کۆن موزیکێکی (مۆتۆفۆنیک)بوو، یەک سەدای بووە، دابەشکردنی هارمۆنی تێدا نەبووە، زیاتر سازەکانیان بەشێوەی (هیتر فۆنیک )بەکارهێناوە، کە چەند پێکەوە یەک ئاوازو یەک میلۆدیان ژەنیوە. دەنگی ئامێرەکان لەبارەی گڕی و تیژی و هتد جیاوازن، بەڵام یەک شت بەیەکەوە دەژەنن ئەو شێوازە پێی دەڵێن: (هیتەر فۆنێک) موزیکی کۆنی یۆنانی بەم شێوەیە بووە، ڕێزیکی زۆری هەبووە لەناو خەڵک و لەلایەن ئەو کەسانەش کە بیرووبۆچونی جیاوازیان لەوبارەیەوە هەبووە. موزیکی یۆنانی کۆن تاکو کۆتایی سەدەی شازدەیەم بەو شێوەیەبووە لەو کاتەی کە شێوازی موزیکی ڕۆژئاوا لەسەربنچینەی شێوەی (مۆد) بووە، مۆد بەواتای دەستپێکردنی لەتۆنێک و کۆتاییهاتنی بەهەمان تۆن —واتا (می بۆ می، ڕێ بۆ ڕێ، دۆ — بۆ دۆ) موزیکەکان ئەوکات لەسەربنچینە بووە، موزیکی تریش کەپێی دەڵێن: نزیکترین شێواز لەموزیکی ئێمە، بۆ نموونە تەواوی حەیرانەکانی خۆمان کە دەگوترێن لەسەر ئەو شێوازەیە، تەواوی دەزگا یان مەقامی شور کە دەژمێردرێت و دەخوێنرێت ئەو شێوازەی (مۆد ) بووە، بۆ نموونە: بابەتی دوای ئەوە موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوایە، کە سەرەتا بنچینەی دەسپێکی موزیکی کلیسایە. ئاوازگەلی کلیسایە هەرەوەک تینوورزانان ئاماژەی پێدەکەن و دەڵێن: موزیکی کلێسایی بنچینەی موزیکی کلاسیکی ڕۆژئاوایە، کە لەکۆتایی سەدەی شەشەم پاپا گریگۆر هات ئەو ئاوازانەی کلێسای ڕۆژئاواو ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی کۆکردۆتەوەو خستیە نێو (کتابی پیرۆزەوە ) و لەبەرئەوەی ئەوساش شێوازی نۆتە نووسینەوەی وک ئێستا نەبووە، بۆیە کۆمەڵێک هێماو ئاماژەیان لەسەر تەراتیل و تێکستەکان دادەنا تاکو وکو یەک بخوێنن و بڵێنەوە.

ئاوازو میلۆدیەکانی ئەوساش هەروەک وتمان تاک سەدایی بووە و هیچ ئامێرو سازێکی موزیکی هەمرایی لەگەڵدا نەکردووە، واتە بەبێ ئامێر وتراوە ئافرەتیش لەکۆڕسەکاندا بەژداری نەکردووە، ئەو ئاوازنەش بە سێ شێوە وتراون، یەکەمیان: پێکهاتووە لەدوو کۆمەڵ لە کوڕان هەرجارە یە کێک دەیڵێن واتا شێوەی گێڕانەوە کە بە زاراوەی موزیکی تیپێ دەڵێت (ڕێنسفال سوریال) دووەمیان کۆمەڵێک کوڕ لەملاوە وڵامیان دە دەنەوە جۆرێکی دیکە یەک یەک بە تەنیا دەخوێنێت یان بە کۆمەڵ دەخوێنن نموونە شتێکی دیکە ماوە لە میلۆدی موزیکی گوێگۆری ئاماژە پێبدەم ئەوە یە کە سێ دانە نۆتە گرنگن هەروەک

له گۆشەی موزیکی ئێرانیدا هەیە یاخود له مەقامی موزیکی کوردی یا تورکی و عەرەبی هتد... یەکیان نۆتەی دەستپێکردنی میلۆدیە کە ڕەنگە (تۆنیک) بێت یاهەر دەنگێکی دیکەی میلۆدیە کە دووەمیان ئەو نۆتەیە کە پێیدە گوت یان ئێمە ناومان نابوو نۆتەی (شاهید) یان لێرە نازانم ئێوە چی پێدەڵێن گرنگ ئەو نۆتە ناسنامەی ئەو گۆشە یان مقامە نیشان دەدات کە لەکاتی ئامادەکردنی موزیکدا سوودی لێوەردەگیرێت و تەرکیز دەکرێتە سەری. سێیەمین نۆتە نۆتەی کۆتایی ئاوازەکەیە ئەو نۆتەیەی کە کۆتایی به ئاوازەکە دێنێت. سیفەتێکی دیکەی میلۆدی ئاوازی غیر مەزهەبی نائایینی لە سەدە کانی ناوەڕاست کە ئاماژەی پێبدەین موزیکژەنە گەڕۆکەکان ئەوانە کۆمەڵێک موزیکژەن و گۆرانیبێژبوون بە لادێکاندا دەگەڕان و بەشێوەی مەراسیم نمایشەکانی خۆیان ئەنجام دەدا. ئەو موزیکژەنانە هەندێک ئامێریان بە کاردە هێنا کە ئێستاکەش ناسراون، وکو: کەمانچە، قانون شیتۆن کە وکو زوڕنای خۆمان وایە، لەگەڵ ئامێرە ئیقاعییەکان ئەو موزیکەش ئاوازێکی سادەو یەک سەدای بوو، نموونە لەسەرەتای سەدەی نۆیەم لە ئاوازومیلۆدیە کلاسیکییەکاندا کاریان بۆ ئەوە کرد کە لەهەر تۆنێک لە موزیکە کە دابنێن بە میانەی پێنجەم بۆ نموونە ئەگەر میلۆدیەکە لە (دۆ) دەستی پێکردبایە میلۆدیەکەی تر لە (سۆل)وە بەو جۆرە لە گەڵ یەکدا دەڕۆیشتن بەو جۆرە موزیکە دەڵێن (ئۆرگانۆم )لەمیانەی پێنجەم کە قەشەنگ و جوانە پاشان وتیان هەر لەومیانەدا تۆنێکی تر دەنگ لەسەرەوە بێت جوانتر دەبێت واتا ئۆکتافێک لەسەرەوەی یەکیش لەخوارەوە دواتر وتیان میانەی پێنجەم میانەیەکی کەوانە (بەتاڵ )ە، کاریان لەسەر میانەی چوارەم کرد کەجۆرێکی ترە هەڵبەتە کە من باس لەو بەکارهێنانەی میانەکان دەکەم، ئەوە بەدەساڵ و پازدە ساڵ نەگۆڕاوە، بەڵکو ئەوە چەندان ساڵە درێژەی کێشاوە تاکو ئەو گۆڕانکاریانە هاتونەتە کایەوە.

وەچەرخانێکی دیکەی دوای ئەوە ئەوەبوو بیرلەوە کرایەوە، کەچی بکرێ بۆئەوەی ئەو جووڵەی سەرکەوتن و دابەزینە چۆن لەگەڵ ئاوازو میلۆدی کانتۆس فروسوس یەک بخرێت بەتایبەتی بیر لەڕێکخستنی ئەو ئاوازو میلۆدیانە کرایەوە کە هاوشان و هاوکات لەسەرین و لەژێر میلۆدیەکە جێگیرە کەلەجووڵەدابوون وک جووڵەی بەرامبەرو هاودژ لەسەر چوون و دابەزیندا کەبەشێوەیەکی ئازاد جووڵەیان دەکرد بۆیە پێیان دەگوترێ ئۆرگانیۆمی ئازاد Free Organism

بەڵام ئەو جووڵەی نۆتەکان تۆن بەرامبەر تۆن بووە، بۆنموونە ئەگەر میلۆدی (کاتنۆس فرومۆس نۆتەیەک بجوڵاباوە دوای ئەوە هاتنە سەر ئەوەی بڕیار لەسەر ئەوە بدەن ئەو ئاوازانەی یاخود لە هێڵەکانی دیکەی ئاوازوو میلۆدیەکانی بەرامبەر (کانتۆس و فروموس ) چ جۆرە نۆتەیەک دابنێن. بۆنموونە ئەگەر هاتوو لەئاوازە جێگیرەکە زەمەنێکی نوار هەبێ، لەئاوازەکەی بەرامبەر (٥) دانە نۆتە دادانێین، دواتر نۆتەی (٤) دانەی تر بەمەشیان وک ئۆرگانۆمی دیاریکردنی زەمەنەکان بەوەش هێواش هێواش شێوازی پۆلیفۆنی هاتە کایەوە ئەم شێوازانەی کە لەکۆتایی سەدەکانی چواردەیەم وپازدەیەم هەبووە، خاوەن قاڵب و شێوەی کامڵ و دروستی خۆی بووە لەوەوەش هێواش هێواش چەمکەکانی (سۆپرانۆ —ئاڵتۆ —تینۆر-با )هاتنەکایەوە، یەکێک لەگرینگترین ئەو ورچەرخانەی کەلەمۆزیکی پۆلیفۆنی هاتەکایەوە ئەو فۆڕمە بوو کەپێیان دەگووت (فۆڕمی کاتیکار شکار) نموونە ...قۆناغەکانی ڕێنسانس سیستەمی (ئەکاپێڵایە) کە تەنیا میلۆدی و ئاواز دەخوێنرێت بەبێ هاوشانی هیچ ئامێرێکی موزیکی. هەر لەو سەردەمەشدا چەمکەکانی (سۆپرانۆ—ئاڵتۆ-تینۆر-با)بەفۆڕمی پۆلیفۆنیەوە دەبەسترێتەوەو جێگیر دەبێت هەریەک لەو چینە دەنگیانەش تێکستی شیعرو ڕەمزی تایبەت بەخۆی هەبووە، بۆنموونە ناوەڕۆکی تێکستی سۆپڕانۆ باسی لە (عیشق)دەکرد ئاڵتۆ باسی لەجەنگ دەکرد، با ئاوازێکی ئایینی بوو بەکورتی ناوەڕۆک و ئاوازو میلۆدی لەیەک جیاواز لەیەک کاری هاوبەشدا کۆدەکرایەوە. دیارە هەر لەو سەردەمەدا فۆڕمی پۆلۆفۆنی زۆرقالب و شێوازی دیکەی وک و (کانۆن) (فەک فال)ئیتر هاتە کایەوە یەکێک لەئامێرە زۆر گرینگەکانی ڕێسا ناس (ئامێری عود) بووە وک گرینگی (ئامێری پیانۆ )لەسەردەمی ڕۆمانتیکدا هەروا چەمکی ئاهەنگسازی لەوسەردەمەدا

بەشێوەیەکی دروست و سەربەخۆ وک کارێکی تایبەتمەند لەبواری موزیکدا دەستی پێکرد فۆڕمێکی دیکەی گرینگ هەر لەوسەردەمەدا هاتە کایەوە فۆڕمی (ئۆپێرا)بوو کە فۆڕمێکی ئاواز ئامێزە مامەڵە لەگەڵ داستانی جۆراوجۆری وک خۆشەویستی جەنگ و بابەتی تردا دەکات. دوای ئەوە ئەو فۆڕمە شێوازی دیکەی لێهاتە کایەوە یەکێک لەوانە وک: ئەو بەیتانەی لای خۆمان کە لە (مەهاباد)و لەنێو کورددا زۆرباوە، کە بەبۆچوونی من یەکێکە لەجۆرەکانی (ئۆپێرا)چونکە ئەو بەیتە وک: (لەیل و مەجنون) و (مەم و زین) هتد ..ئۆپێراش چەند ناوێکی هەیە لەلایەکی دیکەوە بەیت داستان و بابەتێکی هەیە ئۆپێراش بەهەمانشێوە، بەیت ڕێستاتیڤی هەیە ئۆپێراش هەیەتی کە بریتییە لە کۆکردنەوەو خوێندنەوەی دەقەکان، بەئاوازەوە وک ئەوەی بەیت ئیتر لەسەرەتاوە گۆرانی ناڵێت بەڵام سەربوردە دەگێڕێتەوە ئەوەش لەئۆپێرادا هەیە ئەگەر بەوردی گوێ لەبەیتە کوردیەکان بگیرێت ساغ دەبێتەوە کەبەیت لەڕووی پێکهاتەو ئەداکردن و ناوەڕۆکدا گەلێک خاڵی هاوەبەشی تیادایە لەئۆپێرا دەچێت ئەوە ئەوەمان بۆدەردەخات کەموزیکی کوردی مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەروەک مێژووی میلەتەکانی تر کە ڕەنگە سوود لەمێژووەکەی ئێمە وەرگیرابێ نموونە لەسەر فۆرمی پۆلیفۆنی بەشێکی دیکەی دوای پۆلیفۆنی سەردەمی (باڕۆک)ە، ئەو خاڵانەی خوارەوە گرینگترین دیاردەی موزیکین لەو سەردەمەدا

١- پەلپگرتن و ڕێککەوتن لەسەر فرە ئاوازی فۆڕمی پۆلیفۆنی ،کەپێیان وابوو ناکرێت لەیەک کاردا دوازدە ئاوازوو میلۆدی هەمەجۆر کۆکەیتەوە کە ناوەڕۆکی هەریەکێکیان باس لەبابەتێکی سەربەخۆ دەکات، دەرئەنجامیش کەس لێی تێناگات باسی چی دەکات .

دیارە لەسەر ئەو بابەتە زۆر نوسەر بابەتیان بلاوکردۆتەوە کە مۆنتیفۆردیش یەکێک بوو لەوانە گووتی: ئەوە وک ئەوە وایە ئێمە لەیەککاتدا پێنچ شەش پەرتوک بەیەکەوەبخوێنینەوەو لێشی تێنەگەین بۆیە باشتر وایە یەک دانە کتێب بخوێنینەوە بەو مانایەی خەڵک گوێ لەیەک میلۆدی ناسک و دیار بگرێت و لێی حاڵی بێت دیارە گەیشتن بەو ڕێکەوتنە بڕیاردان لەسەر ئەو شێوازە بە ڕۆژێکو دوان نەهاتۆتە ئاراوە دەیان هەوڵ و تەقەلای هونەرمەند هەیە لەو بارەیەوە تاکو جێگیر بووە .

٢- هاتنەکایەوە و سیستەمی مێجەرو ماینەر لەبارچونی سیستەمی (مۆد) مانەوەی تەنیا دوو مۆد کە ئەمانەن —دۆ تاکو دۆمێجەر لا —تاکو لاماینەر تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیست ئەو دوو مۆدە دەسەلات و ڕەهایان دەبێت و ئەو شێوازە بالا دەست دەبێت؟، کەچی دەگووترێ هارمۆنی تۆناڵ کە جاران ناوی نۆدال بوو.

٣- هاتنەکایەوەو ئەکتیڤبوونی خانەوادەی (فیلۆ ) واتا ئامێری کەمان ئاوازدانەران گرینگی تایبەتی پێدەدەن و موزیکی تایبەتی بۆدەنووسنەوە چونکە بەر لەوەی دانان و نووسینی موزیک بۆ ئامێرەکان ئەو تایبەتمەندیانە نەبوو هەر ئاهەنگسازێک کە موزیکی دەنووسیەوە هەموو ئامێرژەنەکان دەیانژەنی، بەڵام لەو سەردەمەدا ئامێرەکان بەگشتی تایبەتمەندی خۆیان وەرگرت.

٤- لەوسەردەمەدا هەموو پارچەموزیکێک بوو بەخاوەنی جوولەی تایبەت بەخۆی واتا ئەو پارچە لەسەر خۆیە و ئەوەیتر مامناوەندیەو ئەویتر خێرا بەومانایەی هەر جولەیەک تەنیا یەک جۆر کاریگەری هەیە لەبارەی کارتێکردنەوە بۆنموەنە ئەگەر هەڵچوون بوو تاکو کۆتایی هەڵچوونەکە ئەو غەمگین و لەسەرخۆییە تاکۆتایی هەر وایە بەو شێوەیە ناتوانێت لەناوەڕستدا خاو و خێرای بکەیت یاخود بووەستێت.

٥- هاوشانیبوونی ئامێری (کلاوسەندە لەگەڵ داندراوە موزیکییەکانی ئەو سەردەم (کلاوسەند)ئامێرێکە کە توانای ئەوەی تێدا نەبوو وک ئامێری پیانۆ فۆرتی جێبەجێ بکات بۆیەش دوای ئەوە ئامێری پیانۆ داهێنرا

٦- پەیدا بوونی چەند فۆڕمێک لەو سەردەمەدا وک: تریۆ —سۆناتا — فووگ- کۆنشرتۆ- کۆنسرتۆ- برۆس.

٧- هاتنەکایەوەی ئۆپێرا کە بەیەکێک لەگرینگترین فۆرمەکانی سەردەمی باڕۆک دەژمێردرێت وک ئۆپێرای (ئۆرفێئۆ)کەیەکەمین ئۆپێرایە لەمێژووی موزیکدا.

ئەمەو لەکۆتایی ئێوارە کۆڕەکە هونەرمەند نموونەی ئۆپێراکەی پێشکەشکرد.

# موزیکی بێ وشە

**زۆزک قەرەداغی**

لە زانستی موزیکی جیهانیدا هەر کاتێک باس لە موزیکی بێ وشە بکرێت، بەتایبەت لە موزیکی ئۆرکێسترالیدا بەو واتایە دێت کە مۆرکی ئەو موزیکە لە میلۆدیەکی گۆرانی دەچێت، ئەگەرچی بەرهەمەکە تەنها موزیکیشە، بەواتای ئەم شێوازە بۆتە جۆرێک لە فۆرمەکانی موزیک، کە لە کۆتایی سەدەی کلاسیک ١٨٠٠ بە دواوە پەیدا بوو، ئیدی مەرج نەبوو هەر میلۆدیەکی گۆرانی ئامێز بە دەنگی مرۆیی و هۆنراوە ئامادە بکرێت، ئەوسا پێی بوترێت ئاواز، چونکە تا هەنوکە گەر سەیری لێکۆڵینەوەکانی موزیک و گۆرانی بکەین لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت لە وڵاتانی عەرەبی تا هەرێمی کوردستانی عێراق، زۆرینەیان لێکۆڵینەوە و پەیڤین و مێزگردەکان دەربارەی ئاواز تەنها بە میلۆدی دەنگی مرۆڤ کە بە هۆنراوە دەیچڕێت ناسێنراوە بە ئاواز، لەهەمانکاتدا تەنها دەنگێک پێی دەوترێت ئاواز ئیتر گەر بە ئامێری موزیک وکو فۆرمی کۆنسێرتۆ (Concerto) ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و گروپ و تیپی موزیک هاوشانی دەکات یان دەکەونە پرسیار و وڵام ، یان کۆڕس دەبێتە زمانحاڵی جوابدانەوەی سۆلۆی گۆرانیبێژ.

موزیکی بێ وشە لەڕاستیدا زاراوەیەک بوو بۆ دروستبوونی ئەو شێوازە لە کۆتایی سەدەی کلاسیک و دواتر لای هونەرمەندی سەردەمی ڕۆمانتیک (فیلکس مەندڵسۆن)جێگیر بوو لەدوای دانانی کۆنسێرتۆی ڤایۆلین و ئۆرکێسترا کە پێکهاتووە لە سێ جولە و زیاتر لە جولەی دووهەمدا ئەو مۆرکە ناسرا کە زۆر لە گۆرانی دەچوو بێ گۆرانیبێژ، کە ئەمە داهێنانێکی گەورە و دیار بوو لەو سەردەمەدا کە هونەرمەندێک بە تەنها جولەی کۆنسێرتۆیەک کە شەش بۆ حەوت دەقیقە دەبێت بچێتە ڕێچکەی زانستی موزیکی کلاسیکی جیهانیەوە، ئیدی لەدوای هاتنی کۆمەڵێکی زۆر کۆمپۆزەر و دانراوی جۆراوجۆر لە سەدەی ڕۆمانتیک بەدواوە و مۆدێرن و بڵاوبوونەوەی شێوازە تازەکانی ئیمپریۆنیزم و میلیمالیزم و ئەکۆستیک ئەم زاراوەی موزیکی بێ وشەیە بەکار نەهاتەوە لە وڵاتانی پێشکەوتووی وک ئەورووپا و ئەمەریکا، چونکە لەئەنجامی ئەو بەرەوپێشچوونە خێرایە پێویستیان بە ناساندنی جۆرەکانی موزیک نەما بە تەنها داهێنان نەبێت لە خودی موزیک و گۆرانیدا .

لەئێستادا ئێمەی نەتەوەی کورد نەگەیشتووینەتەوە بە سەردەمی کلاسیک نەک بۆ موزیک تەنانەت بۆ بەکارهێنانی زاراوەکانی ناو هونەری موزیک و گۆرانی کە زۆر جێی داخە، هەمووان بارودۆخە یەک لەدوایەکە ناهەموارەکانی گەلی کورد دەزانین و سەرجەم مێژووە خیانەت ئامێزەکانی بێگانە و دراوسێکانمان بیرماوە کە تا هەنوکە بەردەوامە، گەورەترین زیانەکانی ئەم داگیرکاریە لە ئەدەب و هونەردا ڕەنگ ئەدەنەوە بە تایبەتیش بواری موزیک و گۆرانی، زۆر وردتریش لێی بڕوانین موزیکی بێ گۆرانیە کە لای خۆمان تەنها بە پارچە موزیک ناوی دەهێنین، زیاتریش ئەو داڕمانە کلتوریە لە سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵدا، ئەگەر لە ئێستادا سەرنج بدەین وک نەتەوەی کورد کە هەمیشە باسی زاڵبوونی موزیکی فارسی و تورکی دەکەین لە ناو موزیک و گۆرانی ئەم دە ساڵەی هەرێمی کوردستان گەر سەرنج بدەین سەرەتا لە گۆڕینی ڕەوت و مۆرکی موزیکی ناو گۆرانیەوە دەستی پێکرد کە سەرەتا تەنها موزیکی گۆرانی تورکی یان فارسی بوو، ئەمە بۆ ؟ لەوانەیە بەڵای هەندێکەوە ئەمە پرسیارێکی زۆر قورس و گران بێت، بەڵام زۆر سانایە ، زۆر ئاسانە ؟ ئێمەی کورد وک کوردستانی گەورە خاوەنی ئەرشیفی جێگیرکراو نین لە دەنگ و ڕەنگ و کتێب ؟ بەهەر کامێکمان بوترێت کامەیە موزیکی کوردی سەد دەرسەد نازانێت ، چونکە هەمویشە موزیک بە گەورە سەیر نەکراوەو نەبۆتە کلتورێک بۆ ئەرشیفکردن هەتا نەوەی نوێ بزانن ئەمە شێواز و مۆرکی موزیکی کوردیە، کە گۆرانیبێژ داوا بکەن

بەمجۆرە موزیکی گۆرانیەکانیان ئەزبەر بکرێت، بۆیە زۆر بەڕوونی موزیکی فارسی یان عەرەبی لەم نێوەندەدا دزە دەکاتە ناو گۆرانی کوردیەوە، دواتر قۆناغ بە قۆناغ ئەو موزیکە داوای ئەوە دەکات کە گۆرانیبێژ بە مۆرکی موزیکە تورکیەکە گۆرانی بێژێت، چونکە گەر موزیکێک تورکی بێت ئەبێت ئەدای گۆرانیبێژ تورکی بێت دەنا لە گوێچکەدا نەشیاودەبێت ئەوسا بازاڕی دەبێت و موزیکی دراوسێ و مۆرکی جیاواز تێکەڵ دەبن، لەم نێوەندەدا گرنگترین هوڵدان بۆ ساڕێژکردنی موزیکی کوردی ئەوەیە کە گرنگیەکی بێ وێنە بدرێت بە موزیکی تەنها یان بێ وشە و ئەرشیفێکی زانستی بۆ بکرێت کە لە هەموو سەردەمەکاندا بمێنێتەوە و بەردەوام کاری زانستی بۆ ئەنجام بدرێت ، کە لێرەدا ئەرکی سەرەکی حکومەت و هونەرمەند بەیەکەوە گرنگە و ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت ، ئەوەشمان لەیاد نەچێت مەرج نییە سەرجەم کارە کلتوری و ئەرشیفکردن و بە زانستیکردنی موزیک و گۆرانی کوردی هەمیشە پڕ بازار و داواکاری خەڵکانی ئاسایی ناو کۆمەڵگا بێت، لەمڕووەوە کاتێک هونەرمەندێک داهێنان دەکات بۆ مێژوو و بۆ ڕاستکردنەوەی مۆرک و شێوازە زانستیە گرنگ و تازەکان لەم ناوچانەدا گرنگە حکومەت و دەسەڵاتی ناوچەیی زۆر هاوکاری بن و بەتەنها مەرج نییە کەسایەتیە ناسراوەکانی ناو هونەری کوردی بتوانن بە هانای موزیک و گۆرانی کوردیەوە بێن، ئەکرێت کاری جوان و هەوڵی داهێنانی نەوەی نوێ و بیرمەندی تازەش لە بیر نەکرێن، کە وک چۆن لە سەرەتادا باسم کرد ئەگەری ئەوە هەیە بەتەنها جولەیەکی موزیکی ڕەوتی زانستی وڵاتێک بگۆڕێت یان بەتەنها چاوپێکەوتنێک و توێژینەوەیەک گەورەترین کاریگەری ئەرێنی لەسەر نەتەوەیەک دروست بکات، کە لەئێستادا لەوانەیە بێواتا بێت، بەڵام دەرگا واڵاکردن بۆسەرجەم تواناکان ئەم کارە لە داهاتوودا بەرەو سەرکەوتنێکی تەواو دەبات.

ئەوەی بەڵای بەندەوە گرنگە لە دەرەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە، وک هونەرمەندێک کە هەمووان بەرپرسین لە پێشخستنی کلتور و هونەری نەتەوەکەمان، ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوەیە بۆ برەودان بە مۆرکی گۆرانی و موزیکی کوردی و بە زانستیکردنی و ناساندنی بە مۆرکێکی تایبەت وک هەموو وڵاتانی دراوسێ و جیهان و بوونی موزیکی بێ وشە وک پێویستی، ئەم داخوازیانەم هەیە:

١. بەئەرشیف گەیاندنی سەرجەم ئەو موزیک و گۆرانیانەی کە لە سەدەی ڕابردوودا تۆمار کراون لە دوای ( ١٩٠٠ — ٢٠١١ ) بەمەرجێک دوور بن لە مۆرکی موزیک و گۆرانی دراوسێ.

٢. ناونووسکردنی سەرجەم نۆتەی ئەو گۆرانیانەی کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وتراون و لەسەر زاری کەسایەتیە بەتەمەنەکاندا ماونەتەوە.

٣. ناساندنی ئەو گۆرانی و موزیکانەی کە کوردی نین و لەناو هەرێمی کوردستاندا بڵاوبونەتەوە و بەناوبانگیشن بە بێ ترس و دڵە ڕاوکێ بە خاتری نەتەوەی کورد.

٤. دروستکردنی ئەلبومی سیدی جۆراو جۆر لە موزیک و گۆرانیە فۆلکلۆریەکان بە شێوەی تاکژەن و گروپی بە باشترین ژەنیارانی کوردی کوردستانی گەورە.

٥. دابینکردنی بودجەی جێگیر و تەواو بۆ جێبە جێکردنی ئەم زانستە.

٦. وگەڕخستنی کۆمپانیای کەرتی تایبەت و حکومەت بۆ تۆماری سیدی موزیکی بێ وشە و چاپکردنی نۆتی موزیک کە ئەمە مێژووەکەی لە وڵاتانی دنیا زۆر کۆنە.

٧. برەودان بە کۆنسێرتی تایبەت بە موزیکی کوردی بەسەرجەم ستایلەکان، بۆنموونە موزیکی جاز مۆرکی هیندیە سورەکانی هەیە و لەناوەڕستی ئەمەریکا سەری هەڵدا، بەڵام لە ئێستادا لە ئێراندا مۆرکی جازی ئێرانیان هەیە، تەنانەت گروپی بەناوبانگیان هەیە بۆ ئەم مەبەستە، واتا گەر گروپێکی کوردیمان هەبێت تەنها بەوە نابێتە کوردانە کە دەهۆڵ و باڵەبان بێت، ئەکرێت جاز، ڕۆک، کەلەپوری و ئۆرکێسترای کوردیمان هەبێت، بەڵام بە پاشاگەردانی تەنها کەسێک نا ، بەڵکو بۆ هەموو بوارەکان کەسی شیاوی خۆی بدۆزرێتەوە.

٨. گرنگیدان بە بواری پسپۆڕی بەشێوەیەکی فەرمی کە مەرج نییە بە بڕوانامەی باڵا بگەینە ئەم مەبەستە، بۆ نموونە لە شاری ئەڵمانیا پسپۆڕی تایبەت هەیە بە تایپکردنی نۆتی موزیک نەک بە تەنها موزیک دانەر یان ژەنیار پسپۆڕ بن.

٩. لە سەرجەم ئەم کایانەدا بۆ داهێنان ڕوخساری بەناوبانگ نەکرێنە پێشەنگی سەرجەم پێویستیەکانی موزیک و گۆرانی و ئەدەب و ڕۆشنبیری و هاوکاری نەوەی نوێ و بەتوانا بین و بیروڕای نەوەی پێشتریش گرنگی خۆی پێبدرێت ، بێ کەم و زیاد .

١٠. بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هونەرمەندان لەسەرجەم ناوچە جیاوازەکانی کوردستان پڕۆژەکان پڕ بایەختر و گرنگتر و سەقامگیرتر دەکات لەڕووی نەتەوەیی و زانستی و ڕاستگۆییەوە لە پێناو موزیک و گۆرانی کوردی.

## نایف شێخانی بەڕێوەبەری ( بنکەی مەقام ):-

# ئەگەر پشتگیری زیاتر بکرێین ئەو دامەزراوە دەبێتە دەروازەیەك بەڕووی دڵسۆزان و شارەزایانی هونەرو کلتوری گەلەکەمان

وەک لە سە رە تاوە ئاماژەمان پێکرد بەشی دووەمی بەرنامەکەمان تایبەت دەبێت بە ڕەنگدانەوەی کارەکانی (بنکە ی مە قام )لە شا ری هە ولێر، بۆ ئەم مەبەستە میوانداری بەڕێز(نایف شێخانی)بەڕێوەبەری (بنکە ی مە قام) مان لە شاری هە ولێرکردووە)

پرسیار: ئایە دامەزراندن و هاتنەئارای بەڕێوەبەرایەتێکی نوێ بەناوی بنکەی مەقام لە دەرئە نجامی چ پێویستێک بوو؟

شێخانی: کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ ئەوبیرۆکەیەم لەلا گەڵاڵەبوو دواتر بەهاوکاری و هەماهەنگی کۆمەڵێک لە هونەرمەندان لەڕیزی پێشەوەیان مامۆستای گەورەمان (باکوری) پرۆژەکەمان دەوڵەمەندو تێروتەسەل و هەمەلایەنە کرد و خستمانە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار و ئەمەی لێکەوتەوەو بووە دامەزراوەیەکی فەرمی، لەپال ئەوەشدا هەموو هەوڵ و کۆششێکی هونەرمەندان و دڵسۆزان بەرز دەنرخێنین ئەوانەی لەکۆندا بەر لە ئێمە هەوڵیانداوە بەو ئاراستەیە پێگەیێک بۆشێوازەکانی گووتنی دە نگبێژی کوردی بێننە کای ەوە.

پرسیار: بەو پێیەی کە بەڕێزتان خاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی ئە وبنکەیە بوون ئامانجی دیاریکراو ی تۆ لە خستنەڕووی پرۆژەیەکی لەمجۆرە بریتی بوو لەچی؟

ن شێخانی : لەوانەیە لەو دەرفەتەدا دەرفەتی ئەوە نەبێت کۆی گشتی پرۆژە و کارنامەی ئەو دامەزراوەیە کە خواستمانە کاریان لە سەر بکەین بخەینەڕوو ... لە یەکەم ساڵیادی دامەزراندنی بنکەی مە قام نامیلکەیەکمان بلاوکردەوە لە چەند خاڵێکدا کۆی گشتی کارنامەی ئەو دامەزراوەیەمان بلاوکردۆتەوە .دوای بڵاوبوونەوەش لەلایەن هونەرمەندی موزیکژەن سەرۆک بەشی moozik لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان (سلێمانی) مامۆستا (عادل کەریم)خوێندنەوەی زانستیانە بۆ هەمووخاڵەکانی ناو ئەوکارنامەیەکراوەولەیەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری شاکار بلاوکراوەتەوە .

کارنامەکە لە (دە دوانزە) خاڵێکدا کۆکراوەتەوەو گرینگترینیان کار لەسە رکردنی هەموو ئەو شێوازە گووتنانەیە کە تاڕادەیێکی زۆر ئازادن ئەو دەستەواژەیە لەڕووی زانستیەوە بۆئەو شێوازە وتنانە بەکاردەهێنرێت، کە لەلای خۆمان بە (مەقامەکان و لاوک و حەیران و شێوازە وتنی تایبەت بەکوردن یاخود فۆڕمی شێوازەکانی وتن لەدەنگبێژی کوردیدا بەکاردێن )و وک میللەتێکی زیندوو شانازی پێوە دەکەین.

دیارە قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانە وک مانشێت و وک بابەتە ئەدەبیەکەی کەمن و تۆو چەندان خەڵکی تر قسەی لەسەر دەکەین لەوەیە بابەتێکی ئاسان بێ بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و میدیا، بەڵام ئەوەی زۆر گرینگە پۆلینکردن و هەڵسانگاندنی بابەتە زانستیەکان و ساغکردنەوەیانە، بەڕاستی ئەو کارە کارێکی وا ئاسان نییەو پێویستی بەهەوڵی شارەزاو دڵسۆزان و پشتگیری بەردەوام هەیە، کە لەو بوارەدا قاڵ بونەتەوەو لە زۆر لایەنی هونەریی و زانستیەوە دەرک بەپرسەکانی دەکەن.....هەر لێرەوە بەباشی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو کارەی ئێمە گرتومانەتەبەر بەڕاستی کارێکی ئاسان نییە و هەر لەوەشدا ئێمە لەیەکەم ساڵیادی بنکەی مەقام وتمان ئەرکی ئەو قۆناغە سەرەتاییەمان پێویستی بەهەناسەی دوورو درێژو ئیشکردنی لەسەرخۆ هەیە، ئەگەر بمانەوێت ئەو هەنگاوانە بەئاراستەی ساغکردنەوەی بابەتیانەدا ببەین وک ئەرکێکی نەتەوەیی وئەرکێکی ئەخلاقی و زانستی ناتوانذرێ بەئاسانی خۆل بکەینە چاوی خەڵکانێک کە شارەزاییەکی زۆر کەمیان لەسەر ئەو بابەتانە هەیە، کارەکان پێویستیان بەهەماهەنگی و تێگەیشتنی زیاتر هەیە، زۆر هەنگاو هەیە لەڕووی کارگێرییەوە نەمانتوانیوە خەڵکێک لە دەوری ئەو دامەزراوەیە کۆبکەینەوە و گروپی مۆسیقی پێکەوەبنێین و بێینە سەرشانۆکان و بەشداری فیستڤاڵەکان بکەین، بەڵام دڵنیام ئەگەر پشتگیری بەردەوامی ئەو دامەزراوەیە بکرێت

لەداهاتوودا ئەو دامەزراوەیە دەبێتە دەروازەیەکی فراوان بەڕووی دڵسۆزان و شارەزایانی هونەرو کلتوری گەلەکەمان. وک بنکەی مەقام و ناوەندی عەلی مەردان تاچەند لەڕووی ناساندن و ئاشنابوون لەباری زانستیەوە هاوکاری یەکترن؟


ن شێخانی: دەتوانم بڵێم هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوون و دامەزراندنەوە هەردووڵامان هاموشۆمان هەبووەو یەکتر دەبینین، ئەو هەماهەنگیە دروستبووە چەند جار ئەوان دەستپێشخەربوون لەبەسەرکردنەوەی ئێمە سوپاسیان دەکەین. وک و ئاشکرایە کە دەڵێی مەقام دیارە ناکرێ ئەمە بەسەر کەرکوکدا پازدەین وکو جوگرافیا وکو ئەو شوێنەی مەقامزانی زۆر ناوداری لێهەڵکەوتووە ، بۆ درێژەپێدانی ئەو حاڵەتەش ئەو کۆمەڵە هونەرمەندەی کە لەناوەندی عەلی مەردان بۆ مەقام ئێستا درێژە بە هەوڵەکانیان دەدەن جێگای ڕێزو خۆشەویستی ئێمەن لەنزیکەوە ئاگاداری کێشەو گیروگرفتەکانی یەکترین و دەکرێ زیاتر سود لەیەک وربگرین لەبەرنامەش دایە کاری هاوبەشمان هەبێت و بەیەکەوەو گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بکەین، بەڵام برادەرانی ناوەندی عەلی مەردان زیاتر سەرقاڵی سازکردنی کۆنسێرت و ئاهەنگی مەقامن بەزمانەکانی کوردی وعەرەبی تورکمان ی.

پ/ تاچەند توانراوە سوود لە توانای ئەو هونەرمەندو شارەزایانە وربگرن کە لە دەرەوەی بنکەی مەقام لەو بوارەدا خزمەت دەکەن؟

ن شێخانی: جگە لەو مامۆستا بەڕێزانەی لەگەڵ ئێمەن لەدەستەی دامەزراندنی بنکەی مەقام و خەڵکێکی تری بەڕێز هەن بەدرێژای ساڵی شەست و حەفتاکان خزمەتیان کردووە قسەی خۆیان هەیە لەسەر مەقام جگە لەوە کەسایەتی تر هەیە وک ڕۆژنامەنووسان لەم بارەیەوە دەنووسن یان وک و مەقامبێژ لەو بوارەدا قسەیان هەیە، دەرفەتی ئەوەمان نەبووە سیمینارو کۆڕو کۆنفرانسی بەرفراوان سازبکەین، تاکو هەموو بابەتە زانستیەکان بوروژێنین، بەڵام خۆشبەختانە توانیومانە لەو دووساڵە ئێمە بابەتی وشەی مەقام و ئەو شێوازە کوردیانە ئەوەندە بورژێنین لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەنێوەندی هونەری کوردی و ڕۆژنامەگەری کوردیدا کە بەقەت پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا بەو ئەندازەیە نەوروژاوە . ئێمە ئەوە بەشانازیەک بۆهەموو خەڵک و کەسایەتیە هونەریانەی کەباسم کرد دەگێڕینەوە . بابەتە زانستیەکان پێویستیان بەهەڵوەستەی وردوجددی هەیە، من لێرەوە دەستخۆشی لە کۆمەڵێک هونەرمەندو مامۆستای بەڕێز دەکەم کە ئەو بابەتانە دەورژێنن و لەئاستی جیاجیاشدا هەوڵی جوان و بلاوکراوەو توێژینەوەی بەنرخیان ئەن جامداوە.

– ئایا تاچەند توانیوتانە لەڕێگەی ئەو کارانەی تاکو ئێستا کردووتانە سوود بە گەنج وبەهرەمەندان بگەیەنن کە ئارەزووی ئەو هونەرانەیان هەیە؟

– ن شیخانی : باشم لە بیرە ئەو ڕۆژەی کە بەئامادەبوونی کۆمەڵێک هونەرمەند و موزیکژەن لەکۆی ئەو (٣٠) سی قوتابیەی کە تاقیمان کردنەوەو بەشداری خولی سەرەتایی فێربوونی بنەماکانی حەیرانیان کرد، سەرەتا هەندێکیان دەیان گووت ئێمە حەیران نازانین و ناتوانین یەک کۆپلەش



بڵێین، وتمان ئێوە بەهرەتان تێدایەو باکەمێک ماندوو بن... دواتر پاش پێنج شەش مانگ لە ڕاهێنان و گوێگرتن و زانیاری لەکاتی مەشقکردن بۆ ئاهەنگی دابەشکردنی بڕوانامەکان یەک دوانێکیان لەو بەهرەمەندانەمان دەستنیشانکرد کە لەوانی دیکە شارەزاو لێهاتووتر بوون و پێشینەی وتنیان هەبوو تاکو یەک دوو کۆپلە حەیران بڵێن کەچی زۆربەی ئەوانەی کە لەسەرەتاوە دەترسان و دەیانگگوت حەیران نازانین قبوڵیان کرد و کەوتنە ڕکابەرایەتی یەکتر وتیان هەمووومان حەیران دەڵێین وتمان هەموتان بەشداریبکەن وحەیران بڵێن بەڵام ئێوە قوتابی خولی حەیرانن ناک حەیرانبێژ.

تێبینی : پرسیارەکانی ئەو دیمانەیە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ لە یەکێک لە بەرنامە هونەریەکانی ڕادیۆی نەوا ئاراستەی بەڕێوەبەری بنکەی مەقام ( نایف شێخانی ) کراوە .بەباش زانرا چەند لایەنێکی ئەو دیمانەیە بۆ ئەو ژمارەی بلاوکراوەی پەیژە دابڕێژینەوە .

# سیاچەمانە

**ئا : سەرکەوت بورهان**

لێدوان و لێکۆڵینەوە لەبارەی جۆرەکانی گۆرانی و موزیکی کوردی کارێکی ئەستەمەو ناتوانرێت بە سانایی لە بوارێکی ئەم پسپۆڕیەدا بگەینە ئەنجام، ،واتە گەیشتن بە ئەنجام لە یەکێک لە بوارەکانی گۆرانی و موزیکی کوردی گەیشتنە بە گەنجینە نایاب و دەگمەنەکانی ژیان، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کەمترین سەرچاوە و کەمترین نووسراو و بەڵگە لەبەر دەستدان و بەدواداچوون لەو بوارەدا بۆ تۆژەرو هەوادارن ئەستەمە. .بە تایبەت لە ئێستادا ئەوەندەی پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەی پراکتیکی و لێدوانی ئەکادیمیانە هەیە ئەوەندە پێویستیمان بە گێرانەوەو بابەتی چیرۆک ئامێز نییە. هەربۆیە پێویستە لەمەودوا خۆمان لەگێرانەوەو چیرۆک دروستکردن بپارێزین و لە هەوڵی دروستکردنی گوتارێکی زانستی و ئەکادیمیانەی گۆرانی و موزیکی کوردیدا بین و بێدەنگ بوون لەم بوارە مەسئولیەتێکی ئەخلاقی و نەتەوایەتی و نیشتمانیە و نەوەی داهاتوو لێمان خۆش نابێت.

زۆر کەس لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە نەخشەو پۆلێنکاری بۆ گۆرانی و موزیکی کوردی بکەن و جۆرو شێوەو شێوازو بەشەکانی نەخشە بکێشن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هەوڵانە هیچیان نەبوونەتە گوتارو نوسراوێکی پتەوو ئەکادیمیانەو سەرتاسەریانەی نەتەوایەتی هەر وک چۆن لە زۆر لایەنی تری ژیانی کوردەواریدا بە سیاسیەتیشەوە گوتارێکی هاوبەش و هاوڕاو سەرتاسەریمان نییە لە گۆرانی و موزیکیشدا بەهەمانشێوە.

من لێرەدا نامەوێت نەخشەیەکی تر بۆ جۆرو بەشەکانی گۆرانی کوردی دابنێم، ئەوەندەی دەمەوێت خوێنەر ئاشنا بکەم بە گۆرانی گەلێک کە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو لەتەمەنە سەرەتایەکانی مرۆڤی کوردەوە ئەم هونەرە هەبوەو تارادەیەکی زۆریش خۆی پاراستووە، ئەمیش (سیاچامانە)یە هونەرێک کە بەو تەمەنە درێژەی کوردایەتیەوە جێی نەهێشتوین و لەگەڵمانا ماوەتەوە بۆیە هەقی خۆیەتی بەقەد تەمەنەکەی ڕێزی لێبگرین و وکو خۆی خوێندنەوەو شیکاری بۆ بکەین و بە نەوەی تازەی بناسێنین وبڵێین باووباپیرانمان ئەمەیان هەبووە چونکە لە ڕاستیدا نەوەی تازە کەمترین زانیاری و وردکاری لەسەر ڕابردووی هونەریمان هەیە بۆیە وکو ئەرکێکی هونەری پسپۆڕیەتی خۆم هەوڵ دەدەم لەو بابەتەدا (سیاچامانە )بناسێنم.

سیاچەمانە لەڕووی زمانەوانییەوە لە دوو وشە پێکهاتووە وشەی ( سیا ) کە بە هەورامی مانای (ڕەش ) و (چەمانە ) بە واتای (چاو) دێ واتە (چاوڕەش ).لە ڕاستیدا ئەوەندەی من ئاگادار بم زۆر گەل و میللەت جۆرە گۆرانی و ئاوازێکیان هەیە بەناوی (چاوی ڕەش) ئەوەتا تیرەو هۆزە کۆن و دێرینەکانی ئەمریکا (ئاواز گەلێکیان)بەناوی (چاوی ڕەش) هەیە، بۆیە (چاوی ڕەش) وکو وشەو زاراوە هاوبەشیەکی زۆری نەتەوەو تیرەو هۆزو گەلەکانە، بەڵام لە ئاوازو پێکهاتە هونەریەکەدا جیاوازیان هەیە.

سیاچامانە گۆرانی هەورامیەکانەو لەم ناوچەیەدا سەری هەڵداوەو چەکەرەی کردوەو وتنەوەشی بۆ کەسانێکی نا هەورامی کارێکی ئەستەمەو ئەو چێژە نابەخشێت کە هەورامیەک سیاچامانە بڵێت، ئەمجۆرە گۆرانیە بە هۆنراوەو شیعری میللی و فۆلکلۆری دەوترێت و بەشیعری دانراوو شاعیرانی ناسراویش وتراون لەوانە (بێسارانی و مەولەوی و چەندانی تر شیعرەکانیان کراوە بە سیاچامانە). ئەوەتا یەکێک لە شیعرەکانی مەولەوی کە بە سیاچەمانە وتراوە دەفەرموێ :-

**تا ئەلفی باڵام وێنەی نون نەکەم**

**تا مۆخ و بێشەم گشت بە هون نەکەم**

**تا شکست نەدەم بەشای جوانی**

**عالەم پڕ نەبوو گشت جەبەد نامی**

**تا بەردی ئەلحەد تەختە پۆش**

نەکەم
**شەرتە مەیلەکەم فەرامۆش نەکەم**

واتا :- (تا گەنجی و ڕاستی لەشم نە چەمێتەوە وکو گۆچان ..تامۆخ و ئێسقانم لە پێناوی تۆدا نەتوێتەوە ..تا خۆم بەخت نەکەم لە جوانی خۆمدا..هەموو عالەم لۆمەم بکات لە پێناوی تۆدا.. تا ئەو بەردە ئەلحەدە دەیخەنە سەر سنگم .شەرتە وازت لێ نەهێنم و فەرامۆشت نەکەم ).
لە ئێستاشدا سیاچامانە بە شیعری تازە و سەردەمیانە دەوترێت و خەڵکانێک هەن شیعر بۆ سیاچامانە دادەنێن یاخوود گۆرانیبێژەکە خۆی وشەکان ڕیز دەکات و هۆنراوەیەک بۆ سیاچەمانە دروست دەکات.
چیرۆکەکانی چۆنیەتی دروستبوون و سەرهەڵدانی ئەم شێوازی گۆرانیانەی هەورامی زۆرن و بەسەدان ئەفسانەو چیرۆکی جیا جیای لە پشتە کە باسکردنیان بۆ ئەم بابەتە ناشێت.
بەپێی ئەو بە دواداچون و لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی لەسەر ئەم هونەرە کراون پتر لە (١٦) شازدە جۆرو شێوازی سیاچامانە هەیەو هەر جۆرەیان لەڕووی ناوەڕۆک و بابەت و تەنانەت ئاوازو پێکهاتە هونەریەکەیەوە جیاوازیان هەیەو هەر جۆرەشیان بۆ بابەتێک ئەشێن.
سیاچەمانە وکو زۆرێک لە هونەرەکانی تری میللیمان لەسەر ڕیتم و میلۆدیەک جێگیر نیەو تەنانەت ئەگەر یەک کەس یەک سیاچامانە بڵێتەوە لەدوو کاتی جیاوازدا هەریەکەیان بە جیاوازتر دەڵێت ..تەنها لە فۆرمە گشتیەکەدا یەک دەگرنەوە.
سیاچەمانە لەڕووی میانەکانی دەنگیەوە لەزۆربەی جۆرەکاندا لەسێ میانەی دەنگی ئەوپەڕی تا چوارینەیەک (تیتراکۆردێک) تێپەڕناکات و هەندێجار لە پلەی چوارەمی سەرووی خۆی (ترێل) دەکات واتە لەرینەوە دەکات. ئەم دەنگانەش جێگیرنین جاری وا هەیە لەسەر دەنگی بنچینە(اساس ) کۆتایی دێت و هەندێجاریش لە پلەو دەنگێکی تر کۆتایی پێدێنێت.
لەزۆرکاتدا گۆرانیبێژەکان لە پلە چوارەم نزمتر دەستپێدەکەن و بە بازدانێک دەچێتەوە پلە سەرەکیەکە دیسان لەوێوە دەستپێدەکات، بەڵام هەندێجاریش هەیە لە پلەی سێیەمەوە دەستپێدەکات بەشێوەی (ترێل) لەرینەوە یان بە (گریساندۆ واتە خلیسکاندن) دەگەڕێتەوە سەر پلەی سەرەکی بەپێی توانای گۆرانیبێژەکە یان جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ هۆنراوەکەدا کە تەکنیەکانی دەربڕین دەگۆڕێت لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، بۆیە هەندێکجار لە ڕەگەزی یەکەمی مەقامی (نەهاوەند)دەستپێدەکرێت و لەسەر هەمان پلەش کۆتایی پێدێت و هەندێجاریش وک ڕەگەزی مەقامی (کوردو عەجەم) دەبیسترێن و لە کۆتایی ئاوازەکەدا لەسەر پلەی دووەم کۆتایی پێدێت.
هەندێکی تریشیان هەن بە تایبەتی ئەو سیاچەمانەی بۆ دڵداری یان بۆ شیوەن بەکاردێن لەسێ نیوە دەنگی نزیک بەیەکتر دەبیسترێن و تاڕاددەیەک خۆی (لە مەقامی حیجاز کار)نزیک دەکاتەوە.
هەندێجار گۆرانیبێژ لە (خورشیدی) نزیک دەبێتەوە، بەڵام لە (٣یان ٤) پەردە تێپەڕ ناکات ئەمەش وک ئەوە وایە بیەوێ شێوازێکی تر بدات بەسیاچەمانەکە ..لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە بڵێین: (سیاچامانە) لە تیتراکۆردێک تێپەڕ ناکات و زۆرینەی کاتەکانیش بە گشتی وکو ڕەگەزی یەکەمی (نەهاوەند) دەبیسترێن و بەپێی تواناو سەلیقەی گۆرانیبێژەکەش گۆڕانکاری و تەکنیکی دەنگی و دەربڕینی تێدا ئەنجام دەدرێت .
لەبەرئەوەی سیاچامانە کەمترین ئامێری لەگەڵ بەکاردێت و زۆربەی کاتەکان قورگ و دەنگ سەرەتاو کۆتایی کەرەستەو پێکهاتەی گۆرانیەکەیە بۆیە (هەناسە) دانەوە لە سیاچامانەدا پێویستی بە وریایی زیرەکی هەیەو پشوی درێژ مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی ئەو هونەرەیە.
لەناو خەڵکی هەوراماندا کۆمەڵێک سیاچەمانە بێژیان تێدا هەڵکەوتووە کە زۆر بەناو بانگ بوون لە وتنی ئەم شێوە گۆرانیانەدا لەمانە:-
(حەیدەری حەمە شوان لە چلەکانی سەدەی رابردوو سیاچامانەی وتووە، ئەحمەدی نازداریَ کە بیارەییە لە ساڵەکانی ١٩٣٠ تا ١٩٥٠ سیاچەمانەی وتووە..لاَلۆ حەمە کەریم کە خەڵکی ناوچەی شاهۆ بووە..حەمە حسێن کێمنەیی و حەمە هەورامی کە تەوێڵەیی بووە و عوسمان کێمنەیی کە پسپۆڕە لە سیاچامانەی شێخانە ..چەندان دەنگخۆش و شارەزای تر دەستاو دەست و پشتا و پشت ئەم هونەرەیان پاراستووە و گەشەیان پێداوەو بڵاویان کردۆتەوە.


سەرچاوەکان.
١-گۆڤاری شاکار
٢-نامیلکەی ڕێباز ساڵی (١٩٨٦) مامۆستای حەمە ڕەشید هەورامی.
٣-چەند سەرچاوەو وتاری جۆراوجۆر لەسەر ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەو بلاوکراوەکان.
٤-دیوانی بێسارانی و مەولەوی .

# ئەڵلاوەیسی

چالاک سدیق

●گومان لەوەدا نییە کە گەلی کورد خاوەنی کەلەتورێکی دەوڵەمەندەلە بواری موزیک و گۆرانی و مەقام و هەڵپەرکێ و گەلێ فۆرمی جۆراو جۆردا هەر لەلاوک و حەیران وبەیت و قەتار وخاوکەر و خورشیدی وئەلاوەیسی وئای ئای (باجەڵان)و سیاچەمانە و هۆرە و سۆز و گەلی ئاوازی جوانو شیریرین و چەندەها چرین و دەزگاو مەقامی تر، کە لەهەر ناوچەو شارۆچکەیەکی ئەم کوردستانە سەرچاوەو پێناسەی هەر یەکێک لەم فۆرم و مەقامانەن . ئەم کوردستانە خاوەنی خەزێنەیەکی زۆر گەورەی ئاوازو گۆرانی کوردیە، لە ڕیتم و کێشی جۆراو جۆر و لەگەل هەزاران بەستەو گۆرانی جوان و شیرین کە لە هەموو دەزگا و پەیژە مەقامێگان خۆی دەبینێتەوە،وەکو ( بەیات و حیجاز وحیجازکار و نەهاوەند و عەجەم و چوارگا و سێگا و هەمایۆن.....هتد).

●یەکێک لەم فۆرمە رەسەن و دیارەی ناو هونەری موزیکی کوردی فۆرمی (ئەڵلاوەیسە).

●دیارە لە دێر زەمانەوە میللەتی کورد بە چرینی (ئەڵلاوەیسی) ئاشنا بووەو کە ئەمەش هەڵقولاوی ناخیهەستو سۆزو دەنگی هونەرمەندانی دێرین و رەسەنی میللەتەکەمانە کە پشتاو پشت سینە بە سینە بۆمانیان گواستۆتەوە، تا ئەو کاتەی ئامێری تۆمار کردن گەیشتۆتە ناوچەکە و کۆمەڵێک هونەرمەندی دەنگ خۆش بەرهەمەکانیان تۆمار کردووە و ئەم گەنجینانەیان لە فەوتان ڕزگار کردووە بوونە ئەر شیفێکی مەزن لە موزیک و گۆرانی کوردیدا .

●هەڵبەتە سەرچاوەی( ئەڵلاوەیسی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی جوانی کوردستان و ناو تەکیەو خانەقاو دیوەخانو سەر سەکۆو ساباتەکانی ئاواییو دێهاتەکانی دەڤەری گەرمیان کە لانکەی چرینی ئەڵلاوەیسین

●کە هەموو سنوری کۆنی پارێزگای کەرکوک دەگریتەوە . لەم سنونەرەشدا چەندین مەڵبەندی مەقام خوێندن هەبوە بە تایبەتی تەکێی تاڵەبانی لە شاری کەرکوک و دیوەخانەکەی شیخ حەسیب لە لەیلان و گوندو دێهاتەکانی ناوچەی جەباریو زەنگەنەو شێخان . لە ناو ناحیەی قادرکەرەمیشدا هەر کۆری چرینی قەتارو خاوکەرو ئەڵلاوەیسی

● گەرم بووەو زۆر جارانیش دەنگ خۆش و مەقام زانیان بانگێش کردووەو لەدوای کۆڕی زیکر قەتارو ئەڵلاوەیسیان چریوە . هەروەها هەمو ناوچەکانی خورماتوو شاری کفری و کەلارو خانەقینیش هەرلانکەی ئەم فۆرمە کوردیانەن بەتایبەتیش قەزای کفری مەقام زانان لەمێژەوە رویان لەو شارە کردوە.

●وەک ئاشکرایە لامان چرینی چرینی ئەلاوەیسی بە شێوە زاری ماچۆیەو هەندێک لە شاعیرانی گەلەکەیشمان بەم شێوە زارە شیعرەکانیان نوسیوەتەوە وک مەولەوی،فەقێ قادری هەمەوەندی ومەلای جەباری وچەندانی تر . چەندین هۆزو تیرەی ناوچەکەیش بەم زاراوەیە دەدوێن یەکێک لەوانە عەشیرەتی کاکەییە هەروەها ناوچەی زەنگەنەش تا سالانی ئەنفالە بەد ناوەکە بە زاراوەکەی قەتارو خاوکەرو ئەلاوەیسی کە ماچۆیە دەدوان ،ئەوەبوو ڕژێیمی بەعس لە سالی ١٩٨٨مەڵبەندەکەی ئەلاوەیسی خاپور کردو زۆربەی خەڵکەکەی زیندە بە چاڵ کرد بەڵام نەیتوانی ئەلاوەیسی بسرێتەوەو هەتا هەتایە نەوە لە دوای نەوە لە ناخماندا دەچەسپێ و پشتاو پشت بۆ یەکی دەگوازینەوە

●هەڵبەتە مێژوی چرینی ئەلاوەیسی زۆر کۆنەو نازانین کەی سەری هەڵداوەو بۆ کەی ئەگەڕێتەوە

●هەندێک پێان وایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەیڕەوکردنی ئاینی زەردەشتی ، بەڵام ئەمە پێویستی بە سەرچاوەو لێکۆڵینەوە هەیە تا بگەینە ئەو دەر ئەنجامە ، بەڵام بەڕای من ئەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە پێش ئێستا چونکە ئەدەبیاتی شێوە زاری ماچۆ یش نوێ نی یە لە ناوچە کە دا و چرینی ئەلاوەیسیش هەر بەو شێوە زارەیە بە ئێستاشەوە .

●دیارەلە لەسالی ١٩٢٠ بەدواوە چەند کۆمپانیایەکی تۆمارکردن رویان لە شاری بەغدا کرد چەندین هونەرمەند بەرهەمەکانیان لەسەر قەوان تۆمار کردو بون بە یەکەمین ئەرشیفی تۆمارکراوی مۆزیکی کوردی، . دیارە یەکێک لەو کەڵە هونەرمەندانە هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان مامۆستا (عەلی مەردانە) کە هەستا بە تۆمارکردنی ئەلاوەیسی و چەندەها گۆرانی و مەقامی تر . شایانی باسە لە بەر لە مامۆستا عەلی مەردان چەندین مەقام زان لەو ناوچە گەورەو فراوانە هەبون کە شارەزای وتنی ئەلاوەیسی و قەتارو خاوکەرو خورشیدی و ئای ئای بون یەکێک لەو شارەزایانە (خدربارام چاوشە ) کە باپیری هونەرمەندی دەنگ خۆش سلاح داودە بووەو مامۆستا عەلی مەردانیش سودی باشی لەم زاتەو هەروەها کامیل تەپەلویی بینیوە کە خەڵکی ئاوایی تەپەلوی لەیلانی شاری کەرکوک بووە

،دیارە چەندین دەنگ خۆشی دیکە شارەزا بوون لە چڕینی ئەڵاوەیسیدا وکو حاجی سەعیدی حەمە گوڵە لە بەرتەکێی شاری کەرکوک وکەریم جەباری کە ناسراو بووە بە کەلە وشکە کە بابی گۆرانی بێژ سەی محێدین جەباریە کە ناسراوبو بە کویستانی و تۆفە گوڵخەو ئەحمەد گوڵخەو حەمەی کۆترە مل و هەروەها مەحمود سەی سمایل و حەسن ئایش و دەروێش عەل عەزیز لە ناحیەی قادر کەرەم کەئە م دەنگ خۆشانە دەنگیان تۆمار نەکراوە بگرە چەندان شارەزاو دەنگ خۆشی تر هەبوە کە ئێمە ناویانمان نە بیستوە یان پرسیارو لێکۆڵینەوەی زیاتری‌پێویست بووە ٠

●دیارە لە پاش پێش کەوتنی رادیۆی تەلەفزیۆنەکان و پەیدا بوونی ئامێری تۆمارکردن ئاسان کردنی کاری تۆمارکردن کۆمەڵێ هونەرمەندو دەنگ خۆشی شارەزا ئەڵاوەیسیان بە دەنگ و ڕەنگەوە تۆمار کرد ئەوانیش هونەرمەندان ( عەلی مەردان ، حسێن عەلی و سەلاح داوددە شکور خەیات حەمە درێژ ،عومەری حەمە درێژ ، مام شەوکەت ، رەمەزانی چەمچەماڵ ، سەی فوئاد لە خانەقین و چەندانی تر کە ڕەنگە ناویانمان لە یاد نەبێ

●چەند مەقام وشێوە وتنی تر هەیە ئەگەر بێتو شی بکەینەوە زۆر لە ڕەگەزی پەردەی دوەمی ئەڵاوەیسیەوە نزیکە خاوەنی یەک پەیژەو ڕگەزی مەقامین یەکەمیان ئەڵوەنەکەی خوداد عەلی

●دوەمیان هەندێک لە قەتارەکانی هونەرمەند محەمەدی ماملێ کەدەڵێ لەو دەمەیدا دڵم لێی داوە بۆ چوان ، ئەمانەو چەندان گۆرانی ومیلۆدی جان کە سەر بە پەردەو ڕەگەزی دووەمی ئەڵاوەیسین وک نمونەی ئەم گۆرانیانەی

●١- بارانەکەی ماملێ

●٢_ یارجوانە کەریم کابان

●٣ –خاڵۆی ڕێبوار حەسەن زیرەک

– کوێستانیش لە ساڵانی پەنجاکان لە ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆماری کردووە

●٤- هۆ کاکی جوتیار حەسەن زیرەک

●٥- ئە ی گەردو گەردو گەردانە ئەحمەد شەماڵ

●شی کردنەوەی ئەڵاوەیسی

●ئەگەر بێت و ئەڵاوەیسی شی بکەینەوە ئەوا لە سێ برگە یان سێ بەش پێک دێت کە هەر بەشێکی بە پە ردەیەک ناو دەبرێت

●پەردەی یەکەم == ئەگەر لە پلەی نەواوە واتە دەنگی سۆل ئەڵاوەیسی وربگرین

●لە ڕەگەزی دووەمی نەهاوەند خۆی دەبینێتەوە بەڵام لە بەشێوەی هەڵگەڕاوە کە لە پلەی دۆگاوە دەست پێ دەکات واتە دۆگا ، بۆسەلیک ، حیجاز ، نەوا ،واتە رێ ، می ، فا دێز ، سۆل

●کە ئەم حالەتە لە تیتراکۆردی دووەمی ماینەر هارمۆنی دەچێ وک لە نمونەی ژمارە (١) دا هاتووە

●پەردەی دووەم — لە پەردەی دووەمدا لە پلەی سێ یەمی ڕگەزی نەهاوەندەوە دەست پێ دەکات بەڵام لێرەدا ئەم پلەیە چارەکە دەنگێک بەرز دەبێتەوە پاشان دەچێتە پلەی چوارەم و پێنجەم لە هەمان پەردە پاشان وردە وردە دادەبەزێت و ئەم جارەیان پلەی سێ یەم ئەو چارەکە دەنگەی وک و خۆی لێ دێتەوە واتە لەپلەی ئەوجەوە دەبێتە پلەی عەجەم واتە لە سی کار بیمۆڵەوە دەبێتە سی بیمۆڵ پاشان لە پلەی نەوا جێگیر دەبێت واتە لە نەهاوەندی سۆل جێگیر دەبێت لەم بەشەی ئەڵاوەیسی دا تام چێژێکی سەیرو تایبەت بەدی دەکرێت کە ئەوەیش کەسایەتی فۆرمی ئەڵاوەیسیە وک لە نمونەی ژمارە ( ٢) دا هاتووە

●پەردەی سێ یەم — لەم پەردەیەدا بە ڕونی ڕەگەزی یەکەمی پەیژەی مەقامی ڕاست دەردەکەوێت لەسەر پلەی نەوا واتە سۆل پاشان دەگەڕێتەوە بۆ پەردەی دووەمی ئەڵاوەیسێکە و کۆتایی پێ دێنێ و هەندێ جاریش خۆی لە پەردەی یەکەم دەبینێتەوە دوبارەی دەکاتەوە کۆتایی پێ دێنی وک لە نمونەی ژمارە (٣) دا هاتووە









# قوتابیانی خوێندنی ماستەر کێشەی کەمی مامۆستا و سەرچاوەی زانستیان هەیە

ئامادەکردنی :چیایی سەنائەدین

بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە کێشەو گیروگرفتەکانی ئەو قوتابیانەی کە لەبەشی موزیکی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین وک قوتابی ماستەر وەرگیراون و ماوەیەکە دریژە بە خوێندن دەدەن و مامۆستایەکی بەڕەگەز عەرەب سەرپەرشتیاری تیزی ماستەرەکانیان دەکات. وک بلاوکراوەی پەیژە بە باشمانزانی بەدوو پرسیار ئەو قوتابیە بەرێزانە بدوێنین.

لەم قوتابیە بەرێزانەمان پرسی:یەکەم : وکو قوتابیانی خوێندنی ماستەر لە بواری موزیک دیارترین کێشەو گرفت کە لەماوەی خوێندن هاتبێتە بەردەمتان چین ؟ دووەم : بە چ زمانێک ماستەر نامەکەتان دەنووسن ؟ ئایە زمانیش نەبۆتە کێشەیەک ؟

ئەوەی خوارەوە دەقی وڵامەکانە ئەگرچی کورتن و، هەنێکیشیان جێی هەڵوەستەو پرسیارن، لەگەڵا ئەوەشدا هیوادارین سوودێک بە هونەرمەندان و چاودێرانی پرۆسەی خوێندنی ئەکادیمی لەمبوارەدا بگەیەنێت.

قوتابی چیایی کمال سەعدی: گرفتی مامۆستامان هەیە کە ژمارەی مامۆستاکانمان کەمە و کەسی پێویستمان نییە.

کێشەی زمانمان هەیە چونکە ماستەر نامەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسرێن، زۆربەمان لە زمانی عەرەبی باش نین.

قوتابی: بەکر خالید: گەورەترین گرفتمان نەبوونی سەچاوە بوو بەڵام (مامۆستا تارق)زۆر لە سەرچاوەکانی بۆ پەیدا کردین. نەبوونی کتێبخانەیەکی باشیش لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان گرفتێکی ترە، چونکە بۆ خوێندنی باڵا پێویستمان بە کتێبخانەیەکی باش و سەرچاوەیەکی زۆر هەیە.

لە بارەی نووسینی ماستەرنامەوە تا ئێستا دیار نییە، بەڵام ئەوەی کە باسی دەکەن زانکۆی سەلاحەدین بڕیاری داوە کە بەزمانی عەرەبی بنووسرێ، بەڵام سەبارەت بە ئێمە زمان کێشەیەک نییە ئەگەر بە هەر چ زمانێک بنووسین دواتر دەتوانین وری گێڕین بۆ زمانێکی تر.

قوتابی ئاری قادر برسی: ئەوەی زیاتر بۆتە کێشەو گرفت کەمی سەرچاوەیە، ئەو سەرچاوانەش زیاتر بەزمانی عەرەبی نووسراون و نەکراونەتە کوردی لەهەمانکاتدا.(د.تارق) هەندێک سەرچاوەی لە (بەغدا)بۆ هێناوین، هەندێکیش لە قوتابیان کێشەی زمانیان هەیە ئەو سەرچاوانە دەبنە گرفت بۆی کە بتوانێ لێی تێبگا. ئەوەی شایانی باسە لە (بەغدا)کۆمەڵێک ماستەرنامە هەیە کە دەگاتە (٢٥) ماستەر نامە کە ئەمساڵ کراون پێویست بوو ئێمە بیان بینین ئەمەش دەبوو لایەنێک دابینی بکات بۆ نموونە کۆلێژی هوەنەرەجوانەکان بۆ ئەوەی سودی لێوەر گرین.

لەبارەی زمانەوە ئەوەی بۆ ئێمە دانراوە دەبێ بە زمانی عەرەبی بنووسین، کێشەی بۆدروستکردووین، بەڵام سەبارەت بە من نەخێر کە بەزمانی عەرەبی خوێندوومە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا.

قوتابی: هەنگاو ئەنوەر:- کێشەی سەرەکیمان کەمی سەرچاوەیە و هەروەها کتێبخانەی کوردیمان لەم بارەیەوە زۆر هەژارە. سەرچاوەمان بە کوردی کەمە ئەمەش بەردەوامە و ئەو سایتانەی ئەنتەرنێتیش کە هەن ناتوانین سودی لێوەر گرین لەبەرئەوەی پشت نابەستێتە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و زیاتر سەرچاوە کۆنەکان بە پێی زانستی نوێ نین کاتێکی زۆرمان لێدەگرن.

لەڕاستیدا دەبێ ماستەر نامەکە بە زمانی عەرەبی بنووسرێ و دەبێ بە پێی ڕێنمایەکانی خوێندنی باڵا پوختەیەکی بە زمانی ( کوردی و ئینگلیزی) هەبێ.

قوتابی عادل کەریم: حەزمان دەکرد هاوشێوەی کۆلێژە زانستیەکانی تر کە ئێمە ئاگادارین لە هەندێک کۆلێژ بۆ هەروانەیەک (٣ - ٤) مامۆستای تایبەت بە وانەیەک دانراوە تاکە کێشەی ئێمە نەبوونی کادری تەواوە، بەڵام بە کۆشش و ماندووبوونی ئەم مامۆستا بەڕێزانە توانیویانە ئەم بۆشاییە پڕ بکەنەوە کەمی شوێنیش نابێتە کێشەیەک ئەگەر باشتر بوایە چاکتر بوو.

لە بارەی نووسینی ماستەرەکە دەبێ بە زمانی عەرەبی بنووسرێ دیارە ئەگەر بەکوردی بوایە کە زمانی دایکە باشترە ئەوە کێشەیەکی وانییە کە نەتوانین بەسەریدا زاڵ بین.

قوتابی ئامانج غازی: ئەگەر میدیاکاران و دەزگا ڕاگەیاندنەکان وازمان لێبێنن دەتوانم بڵێم هیچ گرفتێکمان نییە.

دەربارەی زۆربەی سەرچاوەکان کە ئێستا لە بەردەست دان بە زمانی عەرەبیە ئەو زمانە بوو لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکان بە فەرمی دانراوە لەبەرئەوە بۆ ئێمەی کورد شانازیە بەو زمانە بنووسین کە دەسەڵاتمان بەسەر زمانێکی تردا هەیە.

## گۆرانی و سترانی کوردی لەدوو توخم پێکهاتووە:

# مەقام و بەستە

**عوسمان شارباژێری**

١-مەقام، بەو کۆ دەنگە مۆسیقاییانە دەگوترێت، کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەپێی ڕێژەی بیرکاری لەنێوان پلەو پەردەی نەغمە مۆسیقاییەکاندا دانراون، (گڕی وتیژی) (کورتی ودرێژی) (نزمی و بەرزی) (خێرایی وخاوی) ئەو دەنگانە دەبنە هۆی دروستبوون و پێکهاتنی مەقامی جۆراوجۆرو ناونانی. مەقام هەوایەکی کۆنی هونەریی گۆرانی گەلانی ڕۆژهەڵاتە. هەندێ مەقام بێ ڕەوت و ڕیتم دەوترێن هەندێکیشیان ڕەوت (ڕەزم)=ئیقاع-ی تایبەتی خۆی هەیە. مەقامەکانی ک: وردیی دەماودەم پشتاوپشت پارێزگاری کراون و بۆمان بەجێ ماون وتۆمار کراون، مەقامەکانی (ئای ئای، ئەڵڵاوەیسی، هۆرە، قەتار، خاوکەر، خورشیدی.

ئەم ئاوازە ناوازانە (زەنگەنە=تایەری) (سەحەر) (لاوک) (حەیران) (نیوەشەو) نموونەیەکی گرنگن کە لەکۆنی کوردەواریدا (ئاوازە خوانی) و (نەغمەزانی) (پەردەناسی) هەبووە. لە بەهرەی (مۆسیقادا) بێ بەش نەبووین.

سەبارەت بە خاوەن و ڕەچەڵەکی مەقام (عەلی مەردان) دەڵێت: «بەناو و نازناوی مەقام و هەروەها بە جۆری وتن، دەتوانم بڵێم کە بە زۆربەی مەقامە شەرقییەکان کوردین و خاوەنە بنچینەییەکەی یان ڕەسەنەکەی کوردە، بەڵام چی بکەین کە زۆر هونەرو ئاوازو مەقام و گۆرانیمان یاغمە کراوە».

بۆ پارێزگاری ڕەسەنایەتی ئاوازی کوردی دەبێت بایەخێکی زۆر بە گۆرانی (فۆلکلۆری) و (میللی) و (مەقامەکان) بدەین، چونکە ڕیشەو ڕەچەڵەکی نەغمەی ڕاست و ڕەسەن لەناو ئەو گۆرانیانە دان، مۆسیقازانانی دڵسۆزی هونەری ڕەسەنی گۆرانی کوردی گۆرانیبێژی لێهاتوو ئەم لایەنە فەرامۆش ناکەن.

٢-بەستە: ڕازاوەو ئاوازێکی خاوەن ڕەزم و سەمائامێزو دڵبزوێن و شادی هێنە، کە پاشکۆی مەقامێکە و زادەی خودی ئەو مەقامەیە، یاخود سەربەخۆ دەگوترێ، بەئارەزووی هونەرمەندەکەیەوە لە مەقامێک یا چەند مەقامێک ئاوازەکە دادەنێ و دادەهێنێ.

خودی گۆرانییەکانی مامۆستای هونەرمەندی گۆرانی کوردی ( عەلی مەردان ) لەو دوو توخمە مەقام و بەستە پێکهاتوون:

مەقامەکانی کە تۆماری کردوون ئەوانەی کوردین ئاوازێکی کۆن و کلاسیک و ناوازەن، فۆکلۆرن و نازانرێ لەلایەن کام هونەرمەندی کوردەوە دانراون، موڵکی میللەتی کوردن و کەلەپوورێکی هونەری بەرزن، هەروەها شایانی ئەوەن لەبەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کوردستان و عێراقیشدا بخوێنرێن، ئەمساڵ لەڕۆژانی ٢٢/٢١ مانگی ١٩٩٧/٥ لەشاری هەولێر لەگەڵ سیمفۆنیا و شاکارە هونەرییەکانی (چایکۆفسکی، هندل) و لەگەڵ کۆنسێرتێکی ( بیتهۆڤن، مۆزارت، باخ ) دا گلی دوور دەرمانە، ئاوازێکی مۆسیقای یەکێک لە مەقامە کوردییەکان یا ئاوازی بەیتێکی کوردی یا ئاوازی گۆرانییەکی ڕەسەنی کۆنی کوردی، هاوئاهەنگ و شانبەشانی ئەو شاکارانە پێشکەش بکردایە، نەچووم و نازانم ئەگەر بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەر جوانەکانی هەولێر ئاوازی یەکێک لەو مەقامە کوردیانەی پێکشەش کردبێ، ئەوا من منەت بەگیانم .

ئێمەی کورد لەهەرچی شتێکدا هەژار بین، ئەوا لەگۆرانی و ئاوازی فۆلکلۆریدا دەوڵەمەندین و بەدەیان بەیت و مەقام و بەهەزاران ئاوازی کۆنمان هەیە و فەرامۆش کراون.

عەیبەی تێدانییە، کە چاومان لەبەری بیرو بازوو و بلیمەتی و بەرهەمە پیشەسازییەکانی گەلە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوابێ، هەر لەپارچە تیپێکەوە تادەگاتە تایەو تەیارەیەک، بەڵام مخابنە ئەمڕۆ لەئاوازی ئەوان خۆش کەین و بەتەمای هونەری مۆسیقای ئەوان بژین وپشت لەهونەری ڕەسەنی خۆمان بکەین، ساڵی ١٩٧٣ بوو مۆسیقارێکی جیهانی کە ناوی ( یۆرکان پلێتنەر ) بوو، خەڵکی وڵاتی دانیمارک بوو، هاتە کوردستانی عێراق، ئەو ڕێگا دوورەو پارە خەرجکردنەوەی لەپێناو ناسینی، ناسنامەی گۆرانی کوردی دابوو، توانی دوو یا سێ ئاوازی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ خۆیدا بباتەوە، ئێمە بۆ واهەست بەکەمی نەتەوایەتی خۆمان بکەین، وک چۆن کتێبە ئاسمانییەکان و ئایینییەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتوونەتە ئەوروپا، هەرواش لەغەفڵەتێکی مێژوویدا، بەری ئەدەب و مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی گوێزراونەتەوە ڕۆژئاوا، بە ترش و خوێکردنێکی بەتامەوە، دەرخواردی ئێمەی دەدەنەوە، توتنە توندەکەی کوردەواری بگاتە لای ئەوان و بە ڕۆسمەن و گرێڤن و جگەرەی بۆندارەوە پێمان دەفرۆشنەوە.

هەموو ڕیس و گوریسەکەم بۆ ئەوەیە ئەو کەلوپوورە ئەو گەنجینە ئاوازەی مامۆستایان (عەلی مەردان، کاوێس ئاغا، محەمەد عارف جەزراوی، مریەم خان، نەسرین شێروانی، حەسەن جەزراوی، تایەر تۆفیق و هاووێنەکانیان)، بێناز نەکەون و لەڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی کوردستانەوە بڵاو بکرێنەوە، تا دەماغ و دڵی نەوەی نوێی کوردیان پێ ئاشنا بێ و هەر ئەوانن دەبنە بەردی بناغەی تەلاری بەرزی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی.

# زمان لەنێو بۆتەی دەق و تێکستی ڕەسەندا

•تاریق ساڵح

زمان وک دیاردەیەکی زیندوو لەنێو بۆتەی دەق و تێکستی ڕەسەن و هەردەقێکی تر خۆی دەنوێنێ، بەواتایەکی تر دەق و تێکستی ڕەسەن هەڵقوڵاوی نێو جەرگەی کۆمەڵە لە سادەترین و پاکترین ژینگەیدا، واتە کاتێ دەقی ڕەسەن لەنێو ژینگەی کۆمەڵایەتی و ژیانی لادێی و دێهاتی سەرهەڵدەدات ئەوە لە پاکترین و پەتیترین حالەتیدا لەدایک دەبێ، ئەمەش بە سروشتی خۆی دەبێتە لەدایکبوونی وشەی ڕەسەن و زمانێکی پاراو پوختەی ئەو کۆمەڵە، بەمەش فەرهەنگی وشەی ڕەسەن دەوڵەمەندو دەوڵەمەندتر دەبێت. بەکورتی دەمەوێت بڵێم: دەق و تێکستی ڕەسەن هەڵگری مۆرکی نەتەوایەتی و زمانپاراوی هەر نەتەوەیەکە.

مەبەستی باسەکەی ئێمە لێکۆڵینەوەیە لە دیاردەی زمان وک ڕەگەزێکی سەرەکی لەنێو بۆتەی دەق و تێکستی ڕەسەندا، بۆ ئەم مەبەستە دەبێ بگەڕێینەوە سەر بیروڕایەکەی سۆسێری زمانەوان کە پێیوابوو بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان دەبێ لەهەردوولایەنی مێژوویی ء ئێستایی واتە (دایکرۆنی، سایکرۆنی)زمان بێکۆڵدرێتەوە، واتە جیاکردنەوەو دەستنیشانکردنی لایەنی مێژوویی و ئێستایی زمان. بەراوردکارەکان تەنها بۆچونێکی مێژووییان بەسەر لێکۆڵینەوەی زماندا سەپاندبوو، بەڵام سۆسێر پێچەوانەی بەراوردکارەکان گرنگی بەوەدەدا کە دەبێت لە دوو لایەنی جیاوازەوە لە زمان بکۆڵدرێتەوە، کە ئەویش لایەنی مێژوویی زمان (دایکرۆنی)کە باس لە گەشەی زمان دەکات بەتێپەڕبوونی کات، کە زمان وک دیاردەیەک دەبینێت هەمیشە لەگۆڕاندایە، وک: زنجیرەیەک باری زمانی بەدوای یەکتردا سەیر دەکرێت. وک ئەوەی لەنێو بۆتەی دەق و تێکستی ڕەسەندا دەبینرێ کە زمانی بەکارهێنراو زمانێکی سادەیی لادێی و دەشتەکییانەیە، بەڵام لەزمانی نووسین جۆرێکی تر بە سوود ورگرتن لەم گەنجینەیە بەکاردەهێنرێ.

دایکرونی دیراسەی پەیوەندی ڕەگەزەکان بەدرێژایی مێژوو دەکات، هەر ڕەگەزێک شوێنی ڕەگەزێکی تر دەگرێت، هەموو بەشێکی زمان لە گۆڕاندایە، بەڵام جیاوازیان هەیە لەخێرایی و زۆری جیاوازیەکان و(مردن و لەدایکبوونی وشە) واتە لایەنی مێژوویی لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن زمان ئەو هەموو قۆناغەی بڕیوەو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر زماندا هاتووە، بابەتی سەرەکی ئەم ڕێبازەن، وک: نووسینەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و قوتابخانەی ئەسکەندەرییە و پانینی و هەتا ئەوانەی لەبواری فیلولۆژی زمان و فیلۆلۆژی بەراورد لەسەر بنەمای دایکرۆنی لە زمانیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام لایەنی ئێستایی زمان (synchronic) بایەخ بە شیکردنەوەی زمان دەدات و چۆنیەتی کارکردن لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێک لەکاتێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت (کارە بەکۆمەڵەکانی نێو ژیانی کوردەواری و ئەو زمانە ڕەسەنەی لەنێو بۆتەی دەق و تێکستەکانیان بەکاریان دەهێنا نموونەی زیندووی ئەم دیاردەیەن، کە زمان زمانی پاراوی نێو کۆمەڵی خەڵکی سادەی ئاسایی بووەو لەپاکترین حالەتیدا بووە)و لایەنی ئێستایی زمان وک تەنێکی زیندوو دەبینێت، کە لەبارێکدا دەژیت و لە خاڵێک و لەکاتێکدایە، بەم پێیە زمان بریتیە: لە کۆبوونەوەی هەموو ئەو چالاکییە زمانییانەی کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا لەناو کۆمەڵەکەدا هەیە و ئەرکی زمانەوانەکان ئەوەیە کە گشت ئەو زانیاریانە کۆبکەنەوە کە لەو ماوە دیاریکراوەدا ڕوویانداوە بۆ گەیشتن بەمەبەستی لێکۆڵینەوەکە، نموونەی ئەمجۆرە لەنێو دەق و تێکستە کۆنەکاندا زۆرە کە ئەمڕۆ بەشێوازی گۆرانی و لاوک و حەیران و بەند دەوترێن.

کاری زمانەوان ئەوەیە لەنێو بنەچەی هەر دەق و تێکستێکی ڕەسەن لەزمان بکۆڵێتەوەوەو نموونەیان لێوەربگرێت، وک ئەو داهێنانەی کە سۆسێر لەم بوارەدا ئەنجامی دا، ئەویش جیاکردنەوەی زاراوەکانی: زمان، قسە ،گوتنە، کە یەکەیەکە ڕونیان دەکاتەوەو تیشکیان دەخاتە سەر. بەم شێوەیە: زمان ئەو هێزو

توانایەیە کە لای هەموو مرۆڤێکی ئاسایی هەیە و ئەو ئامادەباشیەی ئەو کەسەیە بۆ فیربوون و هەروەها ئەم توانایەش لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، کاتێک هەڵومەرجی بۆ بڕەخسێت یان بارەکەی بۆ لەباربێت، کە ئەمە دەبێتە هۆی درێژەدان بەزمانی نەتەوەو پاراستنی بوونی نەتەوە لەڕێگەی زمانەکەیەوەو هەرئەم توانایەش وای لەمرۆڤ کردووە کە بتوانیت بەیارمەتی ئەندامەکانی ئاخاوتن قسەبکات بۆ درێژەدان بە پەیڕەوی ئەو زمانە.

کاتێک زمانەوان لەزمانی نەتەوەکەی خۆی یا هەر زمانێکی تر دەکۆڵێتەوە ئەوە دەبێت بۆ دەق و تێکستی ڕەسەنی ئەم میللەتە بگەڕێتەوە، کە خۆی لە: چیرۆک و هەقایەت وسەرگوزشتەو ئەفسانە و شیعری میللی و پەند و قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپ و هۆنراوەی فۆلکلۆری و لاوک و حەیران و هونەرەکانی تری گوتن دەبینێتەوە. وک: ئەوەی لەسەردەمی ڕێنسانسدا ڕویدا کە دوای ڕێنسانس لێکۆڵینەوەکان وچەرخانیان بەخۆیانەوە دیت و وازیان لە زمانی لاتینی هێنا، کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵە زمانی (ئینگلیزی و فەرەنسی و پۆرتوغالی و رۆمانی)و بەشە ئاخاوتنیان دابەشکردە سەر هەشت بەش و سەرەتا دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لە زمان، چونکە زمان ناسنامەی میللەتە. زمانی ستاندار سەرەتا زمانی لاتینی بوو، چونکە دەقی ئاینی و تێکستی کۆنی پێ نووسرابۆوە، بۆیە زمانەکە پیرۆزبوو لایان. مەبەستمان لەهێنانەوەی ئەم نموونانە بۆ ئەوەیە کە بزانین مەبەست لەدەقی کۆن چییە؟ بۆچی زمانی ستاندار سەرەتا زمانی لاتینی بووە؟ هەر لەبەرئەوەی دەقی ئاینی و تێکستی کۆنی پێ نووسراوەتەوە، یا هۆکاری ترە بووە؟ دیارە مەبەست لە دەقی کۆن هەموو ئەو دەق و تێکستە کۆنانە دەگرێتەوە کە دەکەونە نێو خانەی ئەدەبیات و کەلەپوری میللی و بەرهەمی فۆلکلۆری و ژانرەکانیان وک ڕەگەزەکانی ئەفسانە و هەقایەت و شەرگوزشتەو چیرۆکی بەرئاگردان و هۆنراوەی میللی بۆ کارکردن و کات بەسەر بردن گوتنی هونەرەکانی گوتن لەلایەن شایەرو دەنگبێژەکان، هەموو ئەمانەو بەرهەمەکانی پێش ئەمانە دەچنە نێو خانەی دەقی کۆن، ئەمە وێڕای دەقە ئایینیە پیرۆزەکان کە هەموو ئەمانە هۆکارێک بوونە بۆ گەشەکردنی زمان لەنێو بۆتەی دەق و تێکستی ڕەسەندا. دیارە زمانی هەر نەتەوەیەکیش کاریگەری زمانی نەتەوەکانی دراوسێی بەسەرەوە هەیە، ئەمیش بەهووی بوونی هاموشۆو ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پەیوەندی خزمایەتی خەڵکانی سەر سنوورەکان و دەیان هۆکاری تری بوونی پەیوەندی کە ڕاستەوخۆ بوونی ئەم پەیوەندیانە لەسەر زمان ڕەنگدەداتەوە، دیارە ڕەنگدانەوەی زمانیش لەنێو بۆتە واتە فۆرمی دەق و تێکستەکان دەبێت، چونکە زۆرجار ئەفسانەیەک لەنێو چەن میللەتێکی هاوسنوور سنووری خۆی ون دەکات و هەر نەتەوەیە بەشێوەیەک دەیگێڕیتەوەو جلوبەرگی نەتەوەکەی خۆی لەبەر دەکات بۆ نموونە دیاردەی لەیلا و مەجنوون یا شیرین و فەرهاد هەروەک دەبینین لای ئەوروپیەکانیش (ولیەم جۆنز) هەستی بە بوونی کاریگەری ئەم هامۆشۆیەو خزمایەتی و لێکنزیکی سنووری نێوان نەتەوە هاوسێیەکان کردووە، بۆیە یەکەم لێکۆڵینەوەی بەراوردی خۆی لەنێوان ئەو ئەفسانانەی کە خزمایەتی هەیە لەنێوانیاندا ئەنجامدا.

هاوسێبوونی نەتەوەکان ڕاستە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەسەر دەق و تێکست و زمان بەجێ دەهێڵێ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو کاریگەرییە بەشێوەیەک بێت دەقی زمانە بنچینەییەکە داگیر بکات، چونکە (زمان لە کەرەسەی جیاواز پێکهاتووە)بۆ نموونە ڕەگ و گیرەک دەخەینە سەریەک بۆ دروستبوونی ئەو پەیوەندییە، هەروەک دی سۆسێریش جەختی لەسەر دەکاتەوە. هەر لەسەردەمی ڕێنسانس زمان بەپێی بینای وشەسازی (لکاو/دابڕاو/تێکچڕژاو)دابەشکرا. وک ئەوەی سوقرات و ئەسکەندەریەکان و ڕۆمانیەکان باس لەوە دەکەن، کە شێوەی وشە پەیوەندی هەیە بە واتاکەی، کە ئەمە لەگەڵ بۆتەی هەر وشەیەک یەک دەگرێتەوە، بەڵام مەرج نییە پەیوەندی هەبێ لەنێوان وشەو ماددەکە بۆ نموونە وشەی گوڵ چ پەیوەندییەکی بە خودی گوڵەوە هەیە، دەکرێ خودی گوڵ ناوێکی تری لێ بنرابایە، کەواتە ناونانەکە تەنها بۆ ناسینەوەو لێکجیاکردنەوەی شتەکانە لەگەردوون، ئەمە لەنێو هەموو وشەیەک و لەنێو هەموو دەقێکدا بوونی هەیە، بۆ نموونە: کچەتیمە حەیران، چ پەیوەندیەک لەنێوان کچ و حەیران هەیە؟؟

کاتێک دەقێکی ڕەسەن لەنێو جەرگەی کومەڵ لەدایک دەبێ ئەم دەقە دەبێتە ڕەنگدەرەوەی واقعی کۆمەڵەکە لەهەموو ڕوویەکەوە، بەتایبەتی لەڕووی زمانەوە کە مەبەستی سەرەکی باسەکەی ئێمەیە، بۆ نموونە تایبەتمەندی زمانی کوردی لەڕووی

ڕستەسازییەوە ئەوەیە کە زنجیرەی پێکهاتەی ڕستە لە (بکەر+ بەرکار + کار) پێکدێت، ئەم تایبەتمەندییە لەنێو ڕستەی کوردی بوونی هەیە واتە لەنێو هەموو دەق و تێکستێکدا دابەشکردنەکە هەر بەو شێوەیە، ئەمە یاسایەو نەگۆڕە دەکرێ جاروبار لە نووسین پاش و پێش بکرێ، بەڵام تایبەتمەندی شتێکەو پاشوپێشکردن شتێکی ترە، بۆ نموونە ئەگەر لە دەقێکی فۆلکلۆری ورد بینەوە ئەو تایبەتمەندییە دەبینین، وک:

ئەو بێوەژنەکەی مار لە پیرزینی، جوابان دەنێری بابێ بمبینی. یان کیژ دەرێ کوڕەتیمە حەیران ئەگەر چوویە شاری ...... بەهەمان سیستەمی (بکەر+بەرکار+کار)پێکهاتووە کەواتە ڕەنگدانەوەی یاسای زمانەوانی لەنێو دەق و تێکستی فۆلکلۆری ڕەنگیداوەتەوە، بەبێ ئەوەی کەسی بێژەر خوێندەوار بووبێ یا شتێکی لەیاسا زمانەوانیەکان زانیبێ. هەر لەبەر ئەمەشە یاسا ڕێزمانیەکان لە گوتن یا ڕستەوە وردەگیرێن، وێڕای ئەوەی کە ڕیزبوونی کەرەسەکان چەند جورێکن وک: ڕیزبوونی بنجی کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، گرینبێرگ Greenberg ڕێزبوونی بنجی لە زمانی ئینگلیزی بەجۆری (VSO) و لەزمانی عەرەبی بە جۆری (ف. فا. مف) (فعل و فاعل و مفعول بە)و لەکوردیدا بەجۆری (ب-بە-ک) (بکەر و بەرکاروکار) داناوە، کە ئەمیش دوو جۆر ڕیزبوونی هەیە: ڕیزبوونی چەسپاو، ڕوودانی گۆڕان دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سینتاکسی (کچەتیمە حەیران منی بینی یا من کچەتیمە حەیرانم بینی) و ڕیزبوونی ئازاد: ڕیزبوونی وشەکان بە چەند شێوەیەکی جیاواز، وک:

کەپرەکت لۆ دەکەم لەسەرێ سەفینی واتە ئەم کەپرە من دروستم کردووە، ئەمجۆرە ڕیزبوونە بەشێوەیەکی ئاسایی لەنێو بۆتەی دەق و تێکستی ڕەسەندا بوونی هەیە، وک ئەوەی گۆرانیەکی فۆلکلۆری هەیە کە دەڵێت: خۆم بەخۆمم کرد تیربارانم کە، ئامۆزاگیان، لەنیوە شەودا دەر بە شارم کە، ئامۆزا گیان : یا لەنیوە شەودا شار بەدەرم کە، ئامۆزا گیان.

لەنێو بۆتەی دەق و تێکستی ڕەسەندا جۆرەها کاری زمانەوانی دەبینین کە کاری زمانەوانەکانە کاری لەسەر بکەن بۆ نموونە: کاتێک حەیرانبێژێک دەڵێت: حەیران ئەمن دەرێم ئەوسارەکە بەوێ بوارێ گەلە سەرمایە، کەپرەکی لۆ توو دەکەم لەسەرێ سەفینی، دەوجا دەرێم بناغەیێ کەپرێ دادەنێم لەسۆتکێ، دیواری دەکەم بەقەنەفرێ، کاریتەی داوێمێ لەداری سۆرگورێ، هەراشی دەکەم بەڕەشەڕەیحانێ، خۆرەبانی دەکەم بەکلێ، سواقی دەدەم بە خەنەی، مارنجی دەکەم بەخاسەڕەنگێ، دەیڕشێنم بەگوراوێ. دەوجا دەرێم شەوێ لەسێبارێ نیوەشەوێ دەستی ئەوی بەژن بڵند و ناسکۆکە دەگرم، دەیبەمە ناوی شەونشینێ نەوەک شەوبایێ شەوێ لێبدا، چاوەکەم بۆنی بروا بەسەر مارە جیرانان. ئائائایییییی.

گەر بێت و لەنێو ئەم دەقە وردبینەوە لەڕووی زمانەوە سەیری بکەین و شیبکەینەوە، ئەوە دەبینین بێژەر لەڕووی پێکبەستنەوە هیچ هێمایەکی خاڵبەندی و هیچ ئامرازێکی پێکبەستنەوەی بۆ لێکدانی گرێ و ڕستەکان بەکار نەهێناوە، تەنانەت لە گوتنیشدا هێماکان ڕەنگدانەوەیان نییە، لەلایەکی تر هەولێداوە پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی هاوبێژی کە

هاوبێژی بەمانای هەمان گۆکردن دێت، لای ئەوروپییەکان هاوبێژی ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کە هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نییە، تەنها لەڕووی گۆکردنەوە نەبێت. هاوبێژی بریتییە لەو وشانەی کە لەخوێندنەوەو نووسیندا وکو یەکن، بەڵام ماناکانیان جیاوازە (بیر- هۆش/بیر- چاڵ)

هاوبێژی: جۆن لاینز پێوایە هاوبێژی بریتییە: لە پەیوەندی نێوان دوو یەکەی فەرهەنگی جیاواز یا زیاتر. هەردوو وشەکە لە واتا جیاوازبن و لەدوو سەرچاوەی مێژوویی جیاوازەوە هاتبن. فرەواتایی : وشەیەک زیاتر لە واتایەکی هەبێت ئەو وشەیە یەک نەژادی هەیە، بەڵام واتای جیاواز دەبەخشێت: ڕان — ڕانەمەڕ- ڕانی مرۆڤ./ ئازادکردن — بەرەڵاکردن — بەردانەوەی شت. جگە لەمە هەر لەنێو خودی دەقەکە دیاردەی هایپۆنیم کە دیاردەیەکی پەیوەندی واتایی فەرهەنگییە، شانبەشانی هاوبێژی و هاوواتایی و دژ واتایی و فرەواتایی کاردەکات، دەبینین. ئەو پەیوەندییە کە لێگزیمێکی تایبەت وشەی ژێرخان-هایپۆنیم- بەلێگزیمی گشتییەوە بە وشەی سەرخان- دەبەستێتەوە، وشە ژێرخان لەناو خۆیاندا دەبنە کۆ هاپیۆنیمی یەکتر و سیما هاوبەشەکانی نێوان ژێرخان و سەرخان دەبنە جەمسەر لە گرێدانیاندا (قەنەفر-ڕەشەڕەیحان- داری سۆرگوڵ)کە لەنێو تێکستەکەدا هاتووە هایپۆنیمی ڕووەکن.

هەر لەنێو خودی دەق و تێکستدا دیاردەیەکی تری زمانەوانی دەبینرێ ئەویش دیاردەی تەمومژیە، کە دیاردەیەکی زمانییە، کریستاڵ دەڵێت: تەمومژی بریتییە لەوەی کە وشەیەک یاخود ڕستەیەک

گوزارشت له واتایەک زیاتر بکات. کیژ دەریٚ کورەتیمە حەیران یانە بمخوازە بە ماری دونیایێ یانە دەرم بینە بەزەبری خەنجەریٚ؟ لێرەدا تەمومژی هەیە و گەڵێ پرسیار دروست دەبێت. بۆ بەزۆری ماری دونیایێ بیخوازێ؟ بۆ بە زەبری خەنجەریٚ دەری بهێنێ؟ لەچی دەر بهێنێ؟ ئەو ژیانەی تێی کەوتووە بۆی ئاستەنگە؟.... دەیان پرسیاری تر کە هەموو ئەمانە خستنەڕوو و وسفکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و جیاوازیە چینایەتییەکانی ئەو سەردەم دەخاتەڕوو.

دیارە تەمومژی زۆری جۆری هەیە وک: تەمومژی ڕێزمانی: ڕستە یا فرێزێک زیاتر لەواتایەکی هەبێت: ڕەحمێ یارە تاکوکەی... من شێت و شەیدا دەکەی ...ئەم ئازارە تاکوکەی. هەندێجار تەمومژی بەهۆی هێزوئاوازەو سیاقەوە دروست دەبێت، چونکە ڕستە لێڵە ئەگەر زیاتر لەمانایەکی هەبوو. ئەویش چەند جۆرە: تەمومژی ڕۆنانی و گوێزانەوە و داڕشتن و تەمومژی ڕستەی کورتکراوە و گوێزانەوە: ئەمەوێ خوێندن پەرەبسێنێ...... هێلانەی نەزان گشت بڕۆخێنێ. دیارە باسکردنی هەموو ئەمانە دەمانباتە سەر باسێکی ڕێزمانی تایبەت، بەڵام ئێمە گەرەکمانە لەڕۆڵی زمان لەنێو بۆتەی دەق و تێکستی ڕەسەن بدوێین بۆیە ناچینە سەر وردەکاری ڕێزمانی.

یەکێکی تر لە دیاردە ڕێزمانیەکان بوونی ئامرازی وشەبەست — نووسەکە، کە لەو مۆرفیمە بەندانەی ئەرکێک جێبەجێدەکەن و مانایان بەستراوەتەوە بە وشەی کە لەگەڵیدا دێت و لێی جیا بکرێتەوە مانای نابێت: هەروەک داڤید کرسیتاڵ دەڵێت: نووسەک ناتوانێت لە جیاتی وشە بێت، چونکە ماناکەی پێیەوە بەندە. کاتامبا لە مۆرفۆلۆجیدا دەڵێت: ئەمە مۆرفیمێکی بەندەو جیاوازە لە مۆرفیمە وشەداڕێژەکان و ئەرکدارن پۆلی وشە ناگۆڕن و ژمارەیان کەمە. محمد خولی (معجم اللغة النظرية) دەڵێت: وشەیە بەڵام ماناکەی بەستراوەتەوە بە پاشوپێشی و لەخانەکانی ڕستە کاردەکات. د. ئێران کلباسی (ساخت اشتقاقی واژه در فارسی امروز) دەڵێت: یەکێکە لە جۆرەکانی وشە و بەکاردێت و داهاتووی نییە و دەلکێ بە بەشی پێشەوە یا پاشەوەی وشە و جۆرێکە لە مۆرفیمی بەند جیاوازە لەگەڵ مۆرفیمی ڕێزمانی وشەداڕێژ هەمیشە چالاکی خۆی لە قەبارەی ڕستەو فرێزدا ئەنجام دەدات و ژمارەیان سنووردارە و بەپێی یاسا لەگەڵ کەرتەکان لێک دەدرێن. نموونەی نووسەک و وشەبەستەکان لەنێو دەق و تێکستدا ڕەنگدانەوەیان هەیە و قسەکەرو بێژەریش لە کاتی وتن دەریان دەبڕێت، وک ئەوەی شایەر یا لاوکبێژ یا حەیرانبێژ لەکاتی گوتنەکەیدا دەریان دەبڕێ، بۆ نموونە: حەیران ئەمن دەرێم ئەمڕۆ گەوارەکی دادەهێنا چەند ڕەش و تاری، لەمن دەگرتەوە حەوش و حەرەمەی سوڵتان عەولای عارەبی، بەینێ معێجیلەو مشاری، قۆرەتە بروسکی هەوارغەری، کلکەیێ میجانی، دەرکی بازاڕگەی، ئەوجا لەسەر بیری کەندارو گاوەرەی دەباری. پێویستە ئەمە بزانین کە گرینگترین وشەبەستەکان (نووسەکەکان)ئەمانەن: جێناوە لکاوەکان: مۆرفیمەکانی نەفیکردن: نیشانەکانی ناسیاری: ئەلۆمۆرفەکان و مۆرفیمی کۆ و لە زمانی فارسی نیشانەکانی نەناسیاریش بە نووسەک دانراوە، بەڵام لە زمانی کوردی چونکە شوێنیان دیارە بۆیە بە نووسەک دانانرێ، وک: ڕەیحان: ڕەشەڕەیحان. نووسەک بە گرێ و ڕستە واتە کار دەلکێ: ئەو گوڵە هێشتا منداڵە لانکی بۆ ڕادەژێنم.

لەنێو بۆتەی دەق و تێکستدا نووسەک توانای کەرەسە هەڵبژاردنی نییە، بەپێی بەشەکانی ئاخاوتن و بەهەموو کەرەسەیەکەوە دەلکێت:لێ بووکێ لێ نارێ و نووسەک دەتوانێ بەدوای نووسەکی ترو گیرەکی وشە داڕێژو ڕێزمانی بێت بە پێچەوانەی گیرەک بەدوای نووسەک نایەت. چونکە ڕستەکە لۆک دەکات: حەیرانبێژدەڵێت: براینە برادەرینە... ناتوانێت بڵێت براینە برادەرینەکانم و نووسەکەکان هەموویان ڕێکەوتن نیشاندەدەن یا دەتوانن لەڕستەدا ببن بە بکەرو بەرکار، بەڵام پاشگر ناوێزە دروست دەکات نموونە شاخەوان دروستە، بەڵام شاخبەند دروست نییە و نووسەک خاوەنی دوو مۆرفە مۆرفێکی پڕ و مۆرفێکی کورتکراوە، پێچەوانەی گیرەک کە یەک فۆرمیان هەیە: حەیرانبێژ دەڵیت: دەرێم واتە ... من دەڵێم ونابێ ئەوەشمان لەیادبچێ لەنێو هەر دەقێکدا وشەی گیرەکی کاریگەری یاساکەی لەسەر دەمینێ، بەڵام نووسەکەکان وانین: ئەمڕۆ بەوێ ئێوارێ، نابێتە ئەمن ڕۆ بەوێ ئێوارێ، بەڵام کچەتیمە حەیران جوابان دەنێری دەبێتە جوابان دەنێری کچەتیمە حەیران.

# تەوەرەی ژمارە

# حەیران

# حەیران لەڕووی کێش و سەرواوە

ئەحمەد قەندیل

حەیران کێشی سەربەستە و بەهەوەسی حەیرانبێژ دەگۆڕێ.(گەیشتمە ئەو ئەنجامە،حەیران،نە پەخشانەو نەهیچ بەڵکو هۆنراوەیەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە:بەندو سەروا،ناوەڕۆک، کێش.) (٢)

هەر لە بارەی ئەوەی،کە حەیران وک شیعرێکی میللی سەربەست و ئازاد دادەندرێت کە هەموو ڕەگەزەکانی شیعری تێدایە بە تایبەتی کە لە کێش وقافیەدا. لە ڕووی رووخسارەوە بە شێوەیەک کە قافیە دەبێتە جووت کردن و بە ستنەوەی دێرەکان بە یەکەوە، و کێشی حەیرانیش دەکەوێتە سە حەیرانبێژ بە هۆی ئاوازەو دارشتنی رستەکان کێشەکە دیار دەخات. وک ((د. مارف خەزنەدار)) باسێک لە حەیران و بەرهەمەکەی ((عومەر شێخەڵلا)) لە کتێبەکەی دا.دەڵێت:(حەیران ناوی ئەو جۆرە شیعرە میللی یە بە دیالێکتی کرمانجی خواروو، بە تایبەتی بەشی سۆرانی دەهۆندرێتەوە لەناوچەکانی دەشتی هەولێر ڕۆژئاوای کۆیە و خۆشناوەتی و تا ڕەواندز دەکێشی تا دەگاتە مەباهاد، زۆر لە ناو خێڵەک ی و دەشتەکیەکان دا باوە. حەیران و لاوک هونەرێکی میللی ی رەسەنی نەتەوەی کوردن، لە ڕووی کێش و قافیەوە لەبەرهەمە شیعرییەکانی تر سەربەسترە،کێش و قافیەی دێرەکان بە پێی مانا دەگۆڕێن.قافیە لە حەیران و لاوک دا دەوری لە کێش گرنگترە،شیعرییەتی لاوک و حەیران لە قافیەدا روون و دیارترە.لە زۆربەی حەیران و لاوکەکاندا قافیەی.

١-ئەحمەد حەیران، دیوانی حەیرانبێژان،چاپخانەی ئەسعەد، بغداد،١٩٨٨ ، ل ١١٣ ـ ١١٤.

٢- عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیا،چ٢،چاپخانەی وزارەتی رۆشنبیری،هەولێر، ١٩٩٨،ل ١٩٠.

یەکەمین دێر لەگەڵا قافیەی دوا دێردا جووت دەبن، ئەم دیاردەیە لە هەندێ لە مووەشەحەکانی ئەندەلوسیدا بەدی دەکرێ، لای ئەوان (خەرجە)ی پێ دەوترێ. ڕەنگاو ڕەنگی گۆڕانی کێش لە حەیران و لاوک دا پەیوەندی یان بە ئاوازەوە هەیە، حەیرانبێژ تیپی دەنگداری وشەی ڕستەکان بە پێی کورتی و درێژی (ماوەی زەمەنی)کلیلی مۆسیقاکە کورت و درێژ دەکاتەوە).

(١) هەر لە بارەی کێش و قافیەی حەیرانەوە قافیەکە دیارە، بەڵام کێشی هەیە. کێشێکی نادیارە لەبەر ئاوازو ڕستەی داهێنان لە لایەن حەیرانبێژەوە،کە چۆن ئاوازەکە دادەرێژێت جاری وا هەیە لەبەر تۆنی کۆتایی وشەکان و زیاتر درێژکردنەوەی دێرەکان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستەکان و دەربرینی خۆشی پابەندی کێش دیاریکراو نا بەستێتەوە لە دێرەکان تێدەپەڕێنێ. (حەیران ـ لاوک: هونەرێکی شەعبی نەتەوەی کوردە، لەلایەن کێش و قافیەوە لە بەیت سەربەستترە، ئەویش لەبەر ئەوەی کێشی شیعرەکانی ئەگۆڕێن، هەروەها قافیەکانیش بە پێی پێویستی مانا، ئەم جۆرە هونەرە زیاتر لەگەڵ پێویستی کورد رێک ئەکرا. وا بزانم قافیە لە حەیران و لاوک دا ڕۆڵی لە کێش گرنگترە، هەستی شیعریەتی لە قافیەدا ئاشکرا ترە، زیاتر لە کێش، بە تایبەتی دوا دێری شیعر کە قافیەکەی وکو قافیەی دیرە شیعری یەکەمی حەیران و لاوک ئەبێ، یا وکو قافیەی بەندی دوایی ئەبێ. کێش لاوک و حەیران و گۆرانی کێشەکانی

پەیوەندی بە ئاوازەوە هەیە ئەوی پێی ئەوترا، لاوک بێژ حەیران بێژ تیپە دەنگدارەکانی وشەکان بە پێی کورتی و درێژی کلیلی مۆسیقاکە کورت و درێژ ی ئەکەن. وشەی (حەیران)بۆ ئەم بابەتە شیعرە بەکار ئەهێنرێ کە بە شێوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی) هەڵئەبەسترێ، وزیاتر لە ناوچەکانی هەولێرو کۆیە و ڕەواندزو مەهەبادو سنە بە تایبەتی لە ناو خێڵەکاندا باوە.) (٢)

هەر لەبارەی بە شیعربوونی حەیران،کە بە جۆرێک لە بەیت دەستنیشان دەکرێت و بە ئاوازێکی تایبەتەوە لەسەر شیعریکی هیجائی کێشی پەنجەیی خۆماڵی دا گوزارشتکردنە لە دڵداری و ئەڤینی. (بە شێوەیەکی گشتی بەیت ئەو پەخشانە کێشراوانەو شیعرانەیە کە بە هۆی وسفێک لایەنێکی مێژووی و تایبەتی گوترابی لەم بەیتانەدا ئەم بەشەی کە پێی دەڵێن ((حەیران)) جۆرە شیعرێکی (هیجائی)یەکە بە ئاوازێکی تایبەتی و جیاواز دەربارەی دڵداری ویا وسفکردنی شتێکە، یا جەنگی سەرۆک هۆزێکی ستەم کار هۆندراوەتەوە و ناو لێنانەکەشی هەر لەوێوە هاتووە کە مرۆڤ سەرگەردان و حەیران دەبێ).(٣)

هەندێ لە حەیرانبێژی ناودارلە بواری حەیراندا چەندها حەیرانی دارێشتووە و زۆر شارەزایە لە سیستەم و بێژەیدا دەڵێت حەیران شیعرە، نموونەی زۆری لە بەرهەمەکانی ئەڤینی ناوداری فۆلکلۆری هێناوەتەوە. (حەیران شیعرە... سەرەبەندو بنی بەندی هەیە لە سێ... چار... پێنجی تێناپەڕی بۆ نموونە دەڵێ: ناسرومارمار - عەیشە گولە، لاس و خەزالە،مەم وزینە، حەسن و مریەمە، قەرو گولەزەر گولەیە، هەموو بەند بووینە، هەمووی لە وختی خۆی (دڵدارێکی پاک بووینە). هەموو بە تەواوەتی لە سەریان گۆترایە... ئەو بەندانەی بە قسەیە بە قسە گوترایە (وترایە) ئەوەی بە گۆتنە بە گۆتن گوترایە، لە کێ رادەوەستی کێش و.

١- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی،داستان وگۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیا،چ٢،چ.پ وزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر،١٩٩٨، ل١٨٤- ١٨٥.

٢-مارف خەزنەدار،کێش و قافیە لە شیعری کوردی داچاپخانەی الوفاء،بەغداد، ١٩٦٢، ل ٣٨ - ٣٩.

٣- د.محەمەد موکری،گۆرانی یاترانەهای کوردی، وەرگێرانی د.شوکریە ڕەسوڵ،چ.پ وزارەتی رۆشنبیری،هەولێر، ١٩٩٩،ل ٢١.

قافیە سەرای کو دەڵێ: ئەو هانێ دوابەند سەرای کو تەسلیم دەکات ئەوها دوا بەندی تەسلیم دەکات). (١)

ئەوەی بەڵگە هەبێت، کە حەیران وک شیعرێک کێش و قافیەی هەیە و بەڕیتم و مۆسیقاوە بە ئاوازێکی تایبەتی دەوترێت. (هۆنراوەکانی - حەیران) - لە ((کێش))دا (فرەماوە) و (پشوو درێژی)یان تیا هەیە و لە بارەی (قافیە)وە لە زۆر جێ دا جەمسەری هۆنراوەکان بە شارەزایانە لێک دراون).(٢)

بەیتەکانی شیعری فۆلکلۆری کوردی، کە لە دروستبووندا مێژوویەکی کۆنی هەیە لەسەر دەق و تێکستەکان لەلایەن کێشەوە دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان دەر ناکەوێ بە تایبەت ئەوەی زۆر میللین تەنها لە لایەن بێژەرەکانییەوە نەبێت بە هۆی قورگەوە کێشەکەی لە کاتی چرینیدا دەپارێزرێت.(هەر بۆیە بە پشت بەستن بە توژێنەوەی ژیرانەی ئۆسکارمان، ئاکامگیریی لە کێش (وەزن)ی شیعری فۆلکلۆری کوریدا دەکات و دەڵێ: کێشی شیعری فۆلکلۆری کوردی (کە مەبەستی لە بەیتەکانی موکریان و لاوژەکانی کوردستانی باکوورە)، نزیکترین نموونەی کێشی تێکستەکانی یەستا ئاڤێستان، کە زۆر لە پێش برەو پەیداکردنی شیعری عەرووزدا، ڕەگ و ریشەیان لەم هەرێمانەدا هەبووە و ئەم تێکستانە، کە زۆربەیان حەماسی و میللین و بەسەرهاتی قارەمانێتی کوردان،یان بەڵای زۆرەوە قافیەی دوایی دێرەکان کێشێکی تایبەتیان نییە، بەڵکو هیچ پەروایەکیان لە پاراستنی کێش نییە و تەنیا بەیتبێژو ئاواز چڕان، لە کاتی خوێندنیایدا، بە هۆی قورگەوە لەنگەری کێشی شیعرەکە دەپارێزن،یان بەڵای زۆرەوە قافیەی دوای دێرەکان ئاهەنگێکی شیعریی، بۆ بەیتەکە دروست دەکەن). (٣)

ئەگەر پرسیارێک بکرێت و بگوترێت.. ئایا حەیران چ جۆرە شیعرێکە؟ ئایا پەخشانە شیعرە یان شیعرە. و ڕەگەزەکانی تێدا هەیە کێشی هەیە یان ئەوەتە لە کاتی بێژەی حەیرانبێژدا دروستی دەکات، چەند سەرنجێک لەو بارەوە هەیە وک.(لە بارەی کێشەوە، هێشتا لێکۆلینەوەیەکی ورد و زانستی و فراوان لەم بارەیەوە ئەنجام نەدراوە و بە تەواوی یەکلانەکراوەتەوە. ئەگەر لێرەو لەوێ لە لێکۆڵینەوەکاندا بە تەواوی ساغ نەکراوەتەوە.هەندێ دەیبەنەوە سەر پەخشانە شیعرو هەندێ بە کێشی بازنەیی لێکی دەدەنەوە، بەڵام پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ڕەسەن و قووڵ هەیە تا بە تەواوی هەقیقەتی دەربخەن).(٤)

زۆر لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دەقە حەیرانەکان لە ڕووی ڕەخنەگرانەی بنیات نانەوە زیاتر لایەنی ڕاستییەکانی شیعری حەیران بۆمان ڕوندەبێتەوەو لەسەر ئەو بیرو بۆ چوونانەی، کە لە بارەیەوە نووسراون بەڵگەی بۆ هێنراوەتەوە هەر لە پەیدابوونییدا، بۆیە لێرەدا لە ئەنجامی چەند بیرو بۆ چوونێکی جیاواز دەگەینە ئەوەی کە حەیران شیعرێکی ئازادە بە پێی پەیدابوونی جۆرەکانی پۆلینی شیعر. هەردوو بەرێزان دکتۆر مارف خەزنەدار و عومەر شێخەڵڵا لەو باروەڕەدان، کە حەیران بەرهەمی شیعری بن. (حەیران ناوی ئەو جۆرە شیعرە میللییەیە بەدیالێکتی کرمانجی خواروو بەتایبەتی بەشی سۆرانی دەهۆندرێتەوە لە ناوچەکانی دەشتی هەولێرو ڕۆژئاوای کۆیەو خۆشناوەتی و تا ڕاواندز دەکشێ تا دەگاتە مەهاباد). عومەر شێخ ڵڵا دەڵێت:حەیران نە پەخشانە و نە هیچ، بەڵکو هۆنراوەیەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە: بەندو سەروا، ناوەڕۆک،

١- تاریق جامباز، بە بۆنەی ساڵڕۆژی ماڵئاوایی یەکجاری مام رەسول گەردی گ رامان ، ژ(١٠)، ١٩٩٦، ل١٠٢.

٢- عوسمان شاربازێری، گۆرانی و هەڵپەرکێ و مۆسیقا لە ((پەندی پێشینان))ی کوریدا، گ بەیان ، ژ(٥٤) ، ١٩٧٩، ل ٤٩.

٣- محەمەد حەمە باقی، مێژووی مۆزیکی کوردی،چاپخانەی هێڤی،هەولێر،چ٣ ، ٢٠٠٩، ل ٢٤٨-٢٤٩.

٤- د.عزیز گەردی، شتێک لە یادو بیرەوەریدا،دارە شەکران (رسول بێزار گەردی)،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٢.

کێش، خالید وجوتیار و ئەسعەد عەدۆ و ئەحمەد حەیران، لەو باوەڕەدان و جەختیش دەکەنەوە کەوا (حەیران پەخشانە شیعرە).ئێمەش لەو بارەیەوە رایەکی خۆمان هەیە و دەپرسین، ئایا ئەو سەردەمەی، کە حەیران پەیدا بووە، هەر چەندە سەرسەدەی پەیدابوونیشی دیار نیە، تۆ بڵێی هونەری شیعری کوردی ئەوەندە پێشکەوتوو بێ تاکو شیعری سەربەست دابنێین؟) (١)

هەندێ دەڵێن حەیران پەخشانە شیعرەو بەزمانێکی پاراو لە ناو میللەتێکی گوندی سادەو ساکاردا هەڵقولاوە. دەڵێن شیعری ئازاد نییە، لەبەر ئەوەی پارچە کۆپلەکانیان لەگەڵ شەترەکانیان وک یەک نییە ناتوانین پێی بڵێن شیعری ئازاد لە هەمان کاتیشدا شیعری ئازاد لە زمانێکی ساکارو دێرەکانی وک یەک نین لە کورتی و درێژی و قافیەو کێشەکانیش لە ژمارەو وک یەکبوون جیاوازیشی هەیە. ئەمەش لە حەیراندا بە زۆری لە دەقەکاندا بەرچاو دەکەوێت: (حەیران. پارچە پەخشانێکی کورتە کە پڕیەتی لە وشەی ناسک و بە سۆزبە زمانێکی پاراو دەردەبڕدرێ. کە نزیکە لە ژیانی ڕۆژانەی کوردەواری خۆمان وشەی بێگانەیشی کەم تیادا بەدی دەکرێ. لەبەرئەوەی ئەم کەسانەی دەیڵێن سادەن و لە ژیانی شارستانیەت بە دوورن. هەندێک دەڵێن دەتوانین پەخشانە شیعریشی پێ بوترێ، هی تریش هەیە دەڵێن (ئەگەر بێتوو) هۆنراوەکانی لاوک و حەیران لە کوردیدا بە هۆنراوەی پەخشانی دانەنێین ئەوا ئەتوانین بڵێن هۆنراوەی ئازادە، بەڵام لەبەر ئەوەی پارچە لەگەڵ پارچە کۆپلە لەگەڵ کۆپلەدا شەگرەکانیان وک یەک نیە ناتوانین بە هۆنراوەی ئازادی دابنێین.) (٢) حەیران وک هونەرێکی گۆرانی پەیوەندێکی زۆری بە مۆسیقا و ئاوازەوە هەیە، لەسەرێکی تریش وک ئەدەبێکی ڕاستەقینە جۆرێک لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی گەلێک پەیوەندی هەیە بە چیرۆک لە ڕووی ڕووداوە بەسەرهات دەتوانین بڵێن وک شیعری شانۆیی زۆر کارەکتەرو جوڵەی پاڵەوانەکانی تێدایەو، کە گوزارشت لە پەیام و خۆزگە و مەرامێک دەکات. بە شێوەی دیالۆگ و گفتوگۆ لە نێوانیان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەرام و خۆزگەکان بە گوێچکەی گوێگر دەگەیەنێت. بە شێوەیەکی سادەو ساکاری ناوچەیەکی دیاریکراو دەخولێتەوە، زیاتر سیمای ئەو شوێنەی بەخۆیەوە گرتووە، لە ڕووی هونەریشەوە زۆر ساکارە، گرنگیەکی وها پێنەدراوە زۆر بێخزمەت بووە. بەڵام هەر لەسەر پێداگرتن لە لایەن هەندێ لە نووسەران و شارەزایان لە بواری حەیران، دەبن بە چەند کۆمەڵێک هەر یەکە بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە بە پێی ئەو تێگەیشتنەی، کە بۆی چووینە کۆمەڵێک دەڵێن حەیران و پەخشانە ویان پەخشانە شیعرە و کێشی تایبەتی و سەروای هەیە کۆمەڵێکی تر دەڵێن نەخێر بەڵکو حەیران شیعرێکی سەربەستی تەواوە، کە لە ڕووی ئەدەبی فلکلۆرییەوە سوودێکی زۆری گەیاندووە هەروەها لە ڕووی کێشەوە نەعەرووزی عەرەبیەو نەکێشی پەنجەی هەیە بەڵام لە ڕووی مۆسیقای دەرەوەدا سەروای زۆر بەسەری زاڵەو بە تەواوی دیارە، بەڵام لە ڕووی کێشەوە گومانی لێدەکرێت. ( ئایا حەیران پەخشانە ویان شیعرە و بەکێشی خۆماڵی پەنجەی هۆنراوەتەوە ویان بە عەروزی عەرەبی.

لێرەدا دەڵێن: لاوک و حەیران، بەیت ئەوەشیان باڵەوێ بوەستێت، کە لە ڕووی نێوەرۆکەوە بە هایەکی مەزنی مێژووییەوە، ئەتنۆگرافی و، ئەنترۆپۆلۆژی زۆریان هەیە و پێویست بە

١- پیرداود مەخموری، پیرە هەولێر،لێکۆلینەوە،چاپخانەی مناره، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٤٤.

٢- ئەحمەد حەیران، ئاشنابیەک لەگەڵ لاوک و حەیران دا، گ کاروان ، ژ (٢١)، ١٩٨٤، ل٨٠.

تۆژینەوەی زانستیانە دەکەن. لە ڕووی هونەریشەوە بیان گرێت هەمدیس هەتا بلێی بە پێزو پیت و فەڕن و، ئەگەر بە وردی لێیان وردبینەوە دەبینین لەسەرێکەوە پەیوەندیان بە هونەری گۆرانی و مۆسیقاوە هەیەو لەسەرێکی دیکەشەوە پەیوەندیان بە ئەدەبەوە هەیە، لە ئەدەبەکەش دا (گەلێک پەیوەندی بەتینیان بە چیرۆک و پەخشان و، شانۆو، شیعریشەوە هەیەو، ئەگەر لێیان بکۆڵینەوە گەلێک ڕەگەزی هونەریی وک. وێنەی شیعریی و، ڕووداو و بەسەرهات و، کێشەی کۆمەڵایەتی و- کەسایەتی جیا جیا و، گفتوگۆ (حوار) و دەنگی جیاوازو، شێوەکانی گێڕانەوە ویان تێدا بەرچاو دەکەون. کەچی ئێستا بایەخی پێویست بەم لایەنەیان، لایەنی هونەریی نەدراوەو، ئەوانەشی بەرووکەشی و لەلاباسی دا خۆیان لێداوە دەتوانین ئەم سێ بۆ چوونەش ئاواشی بکەینەوە. ئەسعەد عەدۆ، کە دەڵێ: حەیران (پەخشان)ە، واتا دەڵێ نە شیعرەو، نە (کێشی)هەیە. کاک (ئازاد عبدالواحد)یش کە دەڵێ: مامۆستا (گۆران)بۆ نوێ کردنەوەی شیعری کوردی سوودی لە (کێش)ی لاوک و حەیران دیوە، بە واتایەکی دیکە دەڵێ: حەیران و لاووک پەخشان نین و شیعرن، شیعرێکی (کێشدار)یشن و (کێش)ە کەشیان (کێشی پەنجی)یە، چونکە (گۆران)لە شیعرە نوێیەکانی دا کێشی پەنجەیی بەکار بردووە. هەرچی مامۆستا (عەلی فەتاح دزەیی)یشە دژی بۆ چوونەکەی (ئەسعەد عەدۆ)دەڵێ: لاوک و حەیران و بەیت پەخشان نین و شیعرن و (کێش)یشیان هەیە، ولی تا سەریش پشتگیری ڕایەکەی (ئازاد) ناکات و ئەگەرچی وک ئەویش. دەڵێ: لاوک و حەیران شیعرن و، (بەیت) یشان دەخاتە پاڵ، بەڵام بۆ (کێش) ەکەیان دژی دەوەستێت و دەڵێ: نە بەکێشی عەرووزی واتە بە (کێشی پەنجەیی)ناکێشرێت. بۆ چوونەکەی مامۆستا (کەریم مستەفا شارەزا)ش، ئەگەر چی هەردووبارە کردنەوەی دەسپێشکەری یەکەی (عەلی فەتاح دزەیی)ئەوەندە لە یەکەوە دوورن و ئەوەندە جیاواز بۆی چوون کە دەتوانم بڵێم: دەگەنە ڕادەی ناکۆکی و دژایەتی. [حەیران (...)ئەو پەخشان ڕازاوەی سەرو بن گرێدراو..]

((ئەسعەد عەدۆ))

[مامۆستا گۆران - سوودی لە چەند کێشێک وەرگرت ،کە وێنەیان لە لاوک و حەیران دا هەبوو]

((ئازاد عبدالواحد))

[یەکێتی شنەو ئیقاعی شیعرییان (لاوک و حەیران و بەیت)بەر چاوە، ئەگەرچی، بڕگەی دەنگەکانی دێرە شیعرەکانی، بە تەرازووی کێشی (عەرووز)ی یا کێشی (پەنجەیی)بەستەو گۆرانی و شیعری تازەمان کێشانە ناکرێت..]

((عەلی فەتاح دزەیی))

[هەست دەکرێ کێشی لاووک و حەیران، کە نە کێشی عەرووزەو نە کێشی پەنجەیە، خۆی گەیاندۆتە کاروان و...]

((کەریم مستەفا شارەزا))

بەدڵنیاییەوە باسی (بوون) و (بڵاوەکردنی)ئەو کێشە نهێنی و بێ ناوە (نە عەرووز)ونەپەنجەیی دەکات. خوێنەر لە ئاستی بیرو بۆچوونانەدا ، کە ڕێکەوت وایە هەر چواریشیان خەڵکی مەڵبەندی لاوک و حەیران و بەیتین - تووشی دڵەراوکی و سەرەگێژکێ دێت، ئەگەر خۆی بۆ خۆی چنگە کرێ یەک نەکات. ئێمە ئەوەش دەزانین، کە کێش هەر (کێش عەرووز)ی و، (کێشی پەنجەیی)نی یەو ببڕێتەوە، لە شیعری گەلانی دیکەی وک (ئینگلیز) و (لاتینی)و (یابانی)و ...دا، کێشی دیکەش بەکار دەبرێت کە نەوەک (عەرووز)یەکە حیسابی کورت و درێژی بڕگەی تیدا دەکرێت و، نەوەک (پەنجەیی)یەکەش ڕێژە یا یەکسانی ژمارەی بڕگەی تێدا ڕەچاو دەکرێت، ولێ بۆمان هەیە ڕووی دەم لە مامۆستایان (عەلی فەتاح دزەیی) و (کەریم مستەفا شارەزا)بکەین و بپرسین: سروشتی ئەو کێشە نهێنی و بێ ناوە چی یە و چۆنە کە ئەم دێرو رستە شیعری یە کورت و درێژانەیان پێ دەکێشرێت؟!) (١)

کەواتە ئەگەر ڕاو بۆچوونەکان شرۆفە بکەین بە ئەنجامێک دەگەین، کە حەیران وک شیعرێک کێش و سەروای هەیە، کێشەکەش کێشی پەنجەی خۆماڵیە،کە دەڵێن بە ئاوازێکەوە دەچڕێت، خۆ دەبێت کێش و ریتمیشی هەبێت، کە بتوانێ مۆسیقای دەنگەکان لە ناویەکدا زنجیرەی ماناو واتایی پێک بهێنین وک گۆرانیەک جگە لە مۆسیقای ناوەوەش کە لێرەدا دیسان (هەرچی چۆنێک بێت، ئەگەر چی من بەش بەحاڵی خۆم لە شوێن کەوتنی ئەم

سێ بۆچوونەدا نەگەیشتمە نهێنی کێشی نە عەروزی و نە پەنجەیی، ولێ مایە پووچیش لێی دەرنەچووم و هەندێ بیروڕام لەلا گەلاڵە بوون،کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا وکو (بۆچوونی چوارەم)دەیان خەمە پێش چاو.

یەکەم: مۆسیقای شیعری دێرین و باوی داهێنراو، کوردی و نا کوردی بە شێوەیەکی گشتی، لە تێکرژانی ڕەزمی ناوە و ئاوازی دیوی دەرەوە پێک دێت، ئاوازە دەرەکی یەکەش لە ئاوێتە بوونی کێش و سەرواوە پەیدا دەبێت، بە واتایەکی دیکەش دەتوانین بڵێن: مۆسیقای شیعری باو لە تێکرژانی ئەم ڕەگەزانەوە پێکدێت.

ڕەزمی ناوەوە + کێش +سەروا

بۆ مۆسیقای شیعری هاوچەرخی کوردی و جیهانیش دەتوانین بڵێن: شاعیری هاوچەرخ بۆ بە دەست هێنانی سەربەستییەکی پتری دەربڕین دێت، پشت بە دوو ڕەگەزی یەکەم و دووەم دەبەستێت و، ڕەگەزی سێیەم، کە (سەروا)کەیە دەکاتە قوربانی واتاو، لە ڕێکخستنی (سەروا)دا زۆر لە خۆی ناکات و دوای ناکەوێت، مەگەر خۆی بەڕێکەوت بێتە پێشەوە بە شێوەیەکی دیکە بۆمان هەیە بڵێن: مۆسیقای شیعری هاوچەرخ لە ئاوێتە بوونی:ڕەزمی ناوەوە + کێش پێک دێت و، (سەروا) ڕۆڵێکی لاوەکی تێدا دەبینێت ولی لە شیعری لاوک و، حەیران و بەیت دا حاڵەتەکە سەبارەت بە ڕۆڵی (کێش) و (سەروا)پێچەوانە دەبێتەوە واتا حەیران بێژو، لاوک بێژو، بەیت بێژ، بە پێچەوانەی شاعیری هاوچەرخەوە، لە پێناوی بە دەست هێنانی سەربەستیەکی پتری دەربڕین دا، دێن ڕەگەزی (کێش)ەکە دەکەنە قوربانی و بۆ پاراستنی مۆسیقای شیعریش پشت بەڕەگەزی یەکەم و سێ یەمی ڕەگەزەکانی شیعری دێرین و باو دەبەستن و شاعیری هاوچەرخ چەند بایەخ و گرنگی بە (سەروا) دەدەن،ئەمانیش هەر ئەوەندە بە تەنگ (کێش)ەوە دێن،واتا ئەمانیش بۆ تەرازووکردنەوەی کێش زۆر لە خۆناکەن،مەگەر خۆی بە ڕێکەوت بێتە پێشەوە،بە کورتیش دەتوانین بڵێن مۆسیقای شیعریی لاوک و حەیران و بەیت لەم ڕەگەزانەوە پێک دێت.

ڕەزمی ناوەوە + سەروا

کە واتای ئەمجا لێرەدا (کێش)ڕۆڵی لاوەکی دەدرێتی ئینجا ئەگەر (ئاوازی ناوەوە)+ (کێش)تێکستی ئەدەبی بکەن بە شیعر، ئەبی بۆ (ئاوازی ناوەوە)+ (سەروا)ئەو ئەرکەیان پێ ڕەوا نەبینرێت؟! لە کاتێکدا بۆ ڕاگرتنی

٦- زاهیر ڕۆژبەیانی،بۆچوونی چوارەم لێکۆڵێنەوەیەکە لە بارەی (کێش)لاوک و حەیران و بەیتی کوردییە،گ (بەیان) ژ.(٦٤)،تەمووز- ١٩٨٠، ل ٣٤- ٣٨.

ئاوازە دەرکی یەکەی شیعری (سەروا) لە (کێش)بەکارترەو ئەوانەی دەقی شیعری فۆلکلۆری لە زاری خەڵکییەوە کۆ دەکەنەوە پتر هەست بەم ڕاستییە دەکەن و دەزانن کە خەڵکی لە گێرانەوەی شیعردا وشە دەگۆڕن و پاش پێشیان پێی دەکەن و هەندێ جار هەر بە تەواوی لە بیریشی دەکەن - ئەمانەش هەموو کار لە کێش دەکەن - وڵی زۆر بە دەگمەن وشەی کۆتایی لە بیردەکەن و دیگۆڕن، چونکە (سەروا) کەی پێوەیە. ئێمە ئەمانەمان تەنها وکو ڕاستی یەک خستنە پێش چاو، دەنا لێک جیاکردنەوەی (شیعر) و (پەخشان) بە بوون ونەبوونی (کێش) و (سەروا)وە بەند نییە و بە دەیان پارچە شیعری بێ (کێش)و (سەروا) مان هەیە کە هەر بە تەنها بە هۆی جوانی (ڕەزمی ناوەوە)گەیشتونەتە پلەی شیعری نەمرو، بە دەیان بگرن بە سەدان (هۆنراوە - نظم) ی بە کێش و سەروامان هەیە کە ناتوانین بە دڵنیاییەوە بیان خەینە خانەی شیعرەوە. (ت. س. ئەلیوت) لە چاو پێکەوتنێک دا وتویەتی (درامای شیعریی)دەبێ (سەروا) دار بێت. بەڵام بۆ (کێش)ئاوا پێی دانەگرتووە... (حاتم محمد ×گر)یش، لە لێکۆڵینەوە یەک دا لە مەڕ درامای شیعریی عەرەبی یەوە وتویەتی: (... ئەگەر بمانەوێت شیعری نوێمان لە شانۆدا کاریگەر تر بێ (..)دەبێ لە گرفتەکانی (کێش)ی ڕزگاربکەین) . (کێش)کۆسپێکی گەورەیە لە ڕێی سەرکەوتنی شیعری درامی ئامێزدا، بۆ نموونە، جاری وا هەیە (گفتوگۆ - حوار)ەکە تەواو دەبێت، بەڵام (کێش) ەکە پڕ نابێتەوە، بە پێچەوانە شەوە جاری وا دەبێت (گفتوگۆ)کە تەواو نابێت، بەڵام (کێش)ەکە پڕ دەبێتەوە حاڵەتی یەکەم شاعیر ناچار دەکات بۆ پڕکردنەوەی (کێش)وشەی زیادە بەکار بەرێت، حاڵەتی دووەمیش ناچاری دەکا لەسەر حیسابی واتا وشە بقرتێنێت. وک دەزانین شیعری لاوک و حەیران و بەیتیش شیعری درامی ئامێزن و لەوە دەچێت لاوک بێژو حەیران بێژو بەیت بێژانی کورد. زۆر زووتر هەستیان بەم کۆسپە کرد بێت سەروا (یان گرتووە و کێش)یان هێشتۆتەوە بۆ ڕێکەوت لەبەر ڕۆشنایی ئەم دیاردەیەش دا، دەتوانین بڵێین: شێوازی شیعری لاوک و حەیران و بەیت لە شێوازی کێشدارە باوەکانی

ئێستامان لە بارترە بۆ شیعری درامی ودرامای شیعریی و سترانە شانۆو، ئۆپەرێت و ئۆپیراو چامەی درێژو باڵادە شیعریش لە هەمووشی چاکتر ئەوەیە، کە بوونی ئەم شێوازە ڕەسەنە لە ئەدەبی دێرینمان دا ئەو بیانووە نابەجێیە دەبڕێ کە گوایە شیعری بێ کێش نامۆیە بە ئەدەبەکەمان و، گوایە گوێی مرۆڤی کوردی پێی ئاشنا نییەو، چێژی لێ نابینێ.

دووەم: شیعری باو، شیعری نووسراو - ئەوەی بۆ خوێندنەوە دەگوترێ - هەستی بینین دەدوێنێو ، پانی و درێژی و، رووبەری کاغەز کار لە ڕادەی کورت و درێژی دێرەکانی دەکەن و، نووسینیش لە شێوەیەکی دیاریکراوی نەگۆڕدا مۆمیایان دەکات، ولّی شیعری لاوک و حەیران و بەیت شیعریی سەرزارەکی یەو، هەسی بیستن دەدوێنێ و، بۆ (چرین)ە، واتا بۆ (خوێندن)، نەک بۆ (خوێندنەوە) ئەمەش بواری زیندوویی و ئەفراندنی دووبارەو گەشەکردنی بەردەوامی بۆ مسۆگەر دەکا هەر ئەمەش یارمەتی بەیت بێژو حەیران بێژو لاوک بێژان دەدات کە بەهۆی خێرا (خوێندن) ی دێڕە درێژەکان و خاوکردنی دێرە کورتەکان، یالێکدانیان، یا دووبارە کردنەوەیان، واتا بە هۆی گۆڕینی ڕەزمی چرین و لە ڕێی بەکاربردنی هەندێ وشەی وک (ئای و، ئاخ ئۆف و ئەمان و...)و، هەندێ وشەی دەنگداری بێ واتای وک (لێ لێ) (لۆ لۆ) و بەسەر (نەبوونی)ی (کێش)دا زاڵ بن و، ئەو بۆشایی یە پڕبکەنەوە، کە ئەو نەبوونی یە دروستی دەکات.

سێیەم: لە شیعری حەیران ولاوک و بەیتدا تەنانەت پەیڕەوی داب و نەرێتی بەکارهێنانی (سەروا)ی شیعری ئاسایش ناکرێ و لەم بوارەش تاڕادەیەک سەربەستی هەیە. لە شیعری ئاساییدا (دێر)یەکەی بناغەیی یە، بۆیە (سەروا) ش لە کۆتایی دێردا دادەترێ، بەڵام لە شیعری لاوک و حەیران و بەیتدا، (رستە شیعری) بە یەکەی بناغەیی دادەنرێ، بۆیە لە دانانی (سەروا)دا حیساب بۆ کۆتایی (واتا)، یا کۆتایی (وێنەی شیعری)دەکرێ، نەک کۆتایی (دێر)، مەگەر رێکەوت وای بێنێ واتا،یا وێنە شیعرییەکە رستە شیعرییەکەو دێرەکە پێکەوە کۆتاییان بێت. سەروا، لە لاوک و حەیران و بەیتدا بە زۆری (جووتە سەروا)یەو، حەیران و لاوک و بەیت بێژان خۆیان بە (سەروای ئەستوونی) یەو نابەستن، مەگەر بەبێ زۆر لە خۆکردن بۆیان هەڵکەوێ زۆر جاریش نیشانەی کۆ (ان)و (ن)، یا یەک وشە هەر بەهەمان واتاوە لەبەر ڕاگرتنی سەروا لە دوو دێری یەک لە دوای یەکدا بەکار دەبن، هەندێ جاریش - سەورا- کە تەنها لەیەک پیت، یا هەر لە پیتە بزوێنێک پێک دێت، بە تایبەتیش پیتە بزوێنی (ێ)بە زۆری لەم جێیانەدا بەکار دەبرێ، بەبێ ئەوەی گوێ بەلێکچوون و لێک نەچوونی پیتەکەی پێشی بدرێت، ئەم دیاردە و ئەم جۆرە مامەڵەکردنانەش هەموویان لە شیعری ئاساییدا دا بە خەون دادەنرێت، بەڵام لە لاوک و حەیران و بەیتدا کارێکی ئاسایین و جگە لەمانە (سەروا)ناوەوەشیان تێدا بەکار دەبرێت.

چوارەم: لەبەر ڕۆشنایی ئەم بیرو بۆچوونانەدا، دژ بە بۆچوونەکەی (ئەسعەد عەدۆ)کە دەڵێ: حەیران پەخشان، لەگەڵ (ئازاد عبدالواحدو، عەلی فەتاح دزەیی و، کەریم مستەفا شارەزا)دا دەڵێن: حەیران و، (لاوک و بەیت)یش شیعرن و پەخشان نین، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمانیشەوە دەڵێم لاوک و حەیران و بەیت ئەگەر چی شیعریشن ولێ شیعری بێ کێشن. ئەگەر لەبەیتێک دا ، یا لە حەیرانێک لە لاوکێکدا، چەند دێرێکی هاوکێشیش بە رێکەوت هەڵبکەون، ئەوساش هەر بە (کێشی پەنجەیی)دەکیشرێن، نەک بە کێشی نەعەرووزی و پەنجەیی. لە کۆتاییدا دەڵێم: حەیران و لاوک و بەیت ئەنجامی کەڵەکە بوون و تێکرژان و خەست بوونەوەی چالاکی هونەریی و ئەزموونی داهێنەرانەی سەدان ساڵەی نەوەکانی پێش خۆمانن و، لە شێوەو شێوازیشدا گەلێک لە شیعری نوێ جیهانی یەوە نزیکن و، گەلێک ڕەگەزی هونەریی بەرچاویان تێدایە کە بۆ نوێ کردنەوەی شیعری هاوچەرخی کوردی، لە ئەدەبی بیانیان دەخوازین، یا بە بیانووی پاراستنی ڕەسەنایەتی ئەدەبەکەمانەوە بەرەبەرەکانیان دەکەین و هەوڵی سەرکوت کردنیان دەدەین بۆیە خۆزگە دەخوازین شارەزایان و پسپۆران خۆیان لەگەڵ شیکردنەوەیان ماندوو بکەن کێ دەڵێ: بۆچوونی پێنجەم و شەشەم و هینی دیکەش پەیدا نەدەبوون؟!) (١)

پۆلێنکردنی چەشنی شیعر بە پێی بەیت و برگەیی و عەروزی و شیعری نوێیەوە حەیران بە هۆی رەسەنایەتیەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا بە شیعری وتاری دادەندرێت، هەروەها شێوەی رێکخستنی دێرەکان و بەندەکانی حەیرانەوە بە درێژو کورتیەوە بە پێوەری ژمارەی برگەی کێشی پەنجەیی دیار دەخرێت دەبێتە هۆی بنیاتی دەقی حەیران بە هۆی پەیڕەوکردنی کێشی برگەیی.(سوارەی

ئیلخانی زادە، لە ناو ئەدەبی کوردیدا، چوار شێوە شیعر بەم چەشنە لێک جیا دەکاتەوە.

١ـ شیعری وتاری یان بەیتی ٢ـ شیعری بڕگەیی ٣ـ شیعری عەرووزی ٤ـ شیعری نوێ

حەیران نموونەی ڕەسەنترین شێوەی شیعری وتاری یە، تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شیعرە، بەم شێوەیەن:

٦-زاهیر ڕۆژبەیانی،بۆچوونی چوارەم: لێکۆ لینە وە یە کی لەباری (کێش)لاوک حەیرانو بەیتی کوردیەوە،گ بەیان،ژ (٦٤) ،تەمووزی١٩٨٠، ل ٣٦ ـ ٣٨.

ا ـ پابەندنەبوون بە کێشێکی بڕگەیی دیاریکراو.

ب ـ نالێکی درێژایی دێرەکان.

ج ـ نالێکی درێژایی بەندەکان

د ـ مەیلی دێرەکان بۆ درێژ بوونەوە و خۆ لەبەریەک کێشانەوە لە مەنزوومەی فۆلکلۆریدا، کە بە گوێرەی بۆچوونی سوارە، پێکهاتەکەی بە شیعری بڕگەی هەڵدەچنرێ چوار تایبەتمەندی جیاواز لەم تایبەتمەندیانەی سەرەوە، واتە پەیڕەوکردنی کێشێکی بڕگەیی، ڕێک بوونی درێژایی دێرەکان و جاری وایە بەندەکانیش و مەیلی دێرەکان بۆ کورت بوونەوە بونیادی دەق پێک دێنن. مەنزوومە، لە چوار چێوەی ئەو ئاڵ و گۆرە فۆرمییانەدا دەمێنێتەوە و گۆڕانی زیاتری بەسەردا نایەو هاوسەنگی ناسراوی نێوان سێ ڕەگەزکانی گۆرین ئیلغاچێ. هەڵبەت لە قالب درانی تەواوی دەق بە شێوەی نەزم، لە مەنزوومەی فۆلکلۆریدا، نابێتە هۆی چوونە سەری ڕێژەی ئامادەبوونی ڕەگەزەکانی شیعری.نەزم و شیعر، هەر بە تەنیا لە شیعری شاعیرانی گەورەدا بە شێوەیەکی قەراردادی، هاونشین بوونە و پێویستییەکی ئەوتۆلێکیان نابەستێتەوە. ١)

چوونە سەری ڕێژەی ئامادە بوونی یەکێک لە

سێ ڕەگەزەکانی چیرۆک و شیعرو د راما

وێچوواندن و دیالۆگی ولانانی

وەسفی کوڕە حەیران و ئاڵقەکانی کێشی بڕگەیی ڕێک بوونی مەیلی دێرەکان شاعیرانە کچە حەیران




نزاو رۆرۆ دیاری کراو درێژی دێرەکان بۆ کورت بوونەو

زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی کێش و سەروای بەیتی کوردی، کە پەیوەندێکی باشیشی بە حەیرانەوە هەیە لە

– ڕەهبەر مەحمود زادە، پێکهاتەی بەیتی کوردی،چاپخانەی ئینتیشاری سەلاحەددین،سنە، کوردستانی ڕۆژهەلات، ٢٠٠٣، ل٨١ ـ ٨٣.

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، کە لێردە بۆ مەیدانێکی خۆشکراو حەیرانبێژ کە هەندێ جار گوێ بە کێشی دەقی.

حەیران نادات لەبەر خۆشی ئاوازو درێژو کورتی ڕستە هێنانەوە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست دادەڕێژێت، بەم شێوەیەش لەبەر تۆنی کۆتایی وشەکە لە دێرەکەدا کێشەکە وندەبێت و دیار ناکەوێت، جاری واش لەبەر ڕێکخستنی دێرە شیعرەکان بە هۆی مۆسیقاو ریتمی ئاوازەوە گەمە لەگەڵ پیتەکانی وشەکان دەکات. بۆ زیاد بوونی و قرتاندنی بۆ ڕێکخستنی سەروای شیعری دەقی حەیرانەکە، ئەمەش دەبێتە هۆی کارتێکردن لە کێشی دێرە شیعرییەکەیەوە، (جگە لە بابەتی نەزمی فەزایی، چەند ڕێسای تریش هەن،کە ئامادەبوونی ڕەگەزەکانی شیعری لە ناو بەیتدا، تۆختر دەکەون و بریتین لە سەروای بەیتی و کێشی بڕگەیی. لێرەدا زاراوەی سەروای بەیتی ـ مان بە قیاس لەگەڵ زاراوەی سەروای شیعری بەکارهێناوە. لە شیعردا، شاعیر مافی کەم کردنەوەیان زیاد ـ کردنی بڕگەی بۆ ڕێکککردنی سەروا نییە بەڵام لە بەیت و باودا، ڕێسایەکی ئەوتۆ دێتە بەرچاو. بە گشتی سێ جۆری سەروای بەیتی لە دەقی بەیتەکاندا، وبەرچاو دەکەون:

ئەلف: سەروای ئاسایی: ئەو جۆرە

سەروایە، لەگەڵ سەرواى شیعرى هیچ جیاوازییەکى نییە:

ئای دەلال ژارۆ دڵی منۆپرچەکا
هەورێ ل سەر مێردینێ
گەلی هەوال و هۆگرا یارێ منێ مینا
کەوا گۆزێ، کەوا بارێ دخوینێ
دگەرێ ل کویستانا ل زۆزانا، هۆهۆ
هەوارە بەرهێلینێ
لۆما من نەکەن، بێ لۆمەیە دەردێ
عەشقێ و ئەوینێ
مانێ کەسێ ترانێ کا ئەوینا من
خۆشترە، یان هێ مەم و زینێ

ب ـ سەرواى دەستکرد: ئەو جۆرە سەروایە بە زیاد کردن یان کەمکردنى برگەیەک بە وشەوە ساز دەکرێ:

ئێستا ئەمن چۆن ودەر بکەم. بۆ هیچ
شاران ناچێ ڕێگایە
وەرە میر بمکوژە چاترە گەردنت ببێ
خۆش و ئازایە
نەوەک گورگ و جانەوەر بمخۆن لە
سەحرایە
بەس نیە ئەگەر ئەتوو بمکوژێ،
ئەمەکم ناچێ بەزایە

لە وشەکانى ((ڕێگایە))و((ئازایە)) دا، برگەى دوایى زیادکراوە هەتا لەگەڵ((سەحرایە))و((بەزایە)) ڕێک بن. لە نموونەى خوارەوەدا، لە جیاتى زیادکردن، کەمکردنى برگە و بەرچاو دەکەوێ:

پایز لە خەڵکى زووە، لە منى غەریبە
ماڵێ ئەوە ڵێ جستانێ
ئەوە گەلی دەدۆستانێ، گەلی
دەخزمانێ، گەلی دەبرایان
توخودا، ئەورۆ، زەینێک خۆ بدەنەوە
خووسی ئەوێ پیرەپایزێ

لە کۆتایى وشەى((جستانێ))دا برگەیەک قرتێندراوە ـ واتە دەبوایە جستانێ یە بوایە ـ هەتا لەگەڵ وشەکانى دۆستانێ و خزمانێ ڕێک بێ، خاڵێکى سەرنج ڕاکێشى تر لەم بەندەدا ئەوەیە کە سەرواکان هەر بە تەنیا لە کۆتایى دێرەکاندا نە هاتوون بەڵکو و لە ناو بەندا بڵاوبوونەتەوە.

پ: سەرواى بێ مانا: بریتییە لە بەکارهێنانى وشەیەک وک سەروا، کە یا بێ مانایە یان لەو زەمینەیەى تێیداجێگیرکراوە، مانایەکى تایبەتى نییە.

لەو نموونانەى خوارەوەدا، سەرنج بدەنە سەرواى دێرى یەکەم:

حەیران لێکە لێکە
کە مەرەى حەیرانێ ئەونێک ئەونێکە
دوونێ هێوارێ: گەیشتمە پلکە
پێناوێ، پێم گوت، توخوا گەلەکە
سەردارى
دوو چاوى کارم، ئەگەر گەییە حەیرانێ
گەلە سەلامى لێکە
حەیران بێشى بە ئیشى
دەچمە دەشتى قەراجێ، لێم دەدا
تاوەکى بارانێ لێم دەدا لەدا بێرێ
مەڕى
لۆتۆ نەمایمە لە هۆبەرەشمارى
پێشى

کێشى برگەییش لە ناو بەیتدا دیاردەیەکى نامۆنیە، شیعرى نوێ، بەم یاساوە ـ ڕاست یان ناڕاستە ـ لە ئەدەبى کوردیدا، زەمینەى بۆ خۆش کرا، کە گەڕانەوەیەکە بۆ کێشەکانى خۆماڵى بەیتى کوردى. گەرچى کێشى برگەیى لە ناو بەیتدا ئامادەیە بەڵام پێکهاتەى شیعریى بەیت، زیاتر بەستراوەتەوە بە سەروا.)(١)

لە باسى پێشوودا لە بارەى حەیرانەوە بە پێى ئەم خوێندنەوەى،کە بۆى کراوە بە پێى جۆرى سروشتى ڕەگەزەکانى دەنگى شیعرى فۆلکلۆرى وا پێشاندرا کە حەیران لە هەموو بەشەکانى ڕەگەزى شیعرى تێدا هەیە، تەنها لە کێشى بێبەشە بەڵام لە ڕووى ریتمەوە بێبەش نەبوو. کەواتە دەبێت کاریگەرى ریتم لەسەر حەیران چیبێت؟ لە ڕووى ڕەگەزەکانى زمان و ئەو ڕستانەى کە دەقەکەى لێداریژراوە ئۆرگانى دەنگ و واتاى تێکەلبوونیان بە هۆى ژمارەى ئەو برگانەى کە دێرە حەیرانەکەى لێپێکهاتووە. دەست نیشانکردنى کاریگەرى کێشى دەبێتە هۆى بنیاتى مۆسیقا، ئینجا پێکهاتەى ڕستەکە لە ڕاناوەکان کە ڕۆڵى بکەر ـ دەبینێن و لەگەڵ فرمانەکانى ناو دەمى دەقى حەیران دیاربکرێت. دەگەین بەئامانجێک کامە ڕاناو لە بەشداربوونى دەقەکەدا ڕۆڵى سەرەکى دەگێرێت. و ئەو پەیامە چییە؟ کە پەیامدەر دەیگەێنى بۆ پەیامگر لە ڕووى ئامانجەوە بە کۆمەڵێ ئامرازى زمانیەوە. (سیستێمى ریتم.. لە شیعرە بێ کێشەکاندا. حەیران: (حەیران)وێنەیەکى سادەمان لە گۆڕانکارییەکانى ڕەگەزەکانى زمان پێشان دەدات. لێرەدا ڕەگەزێکە ریتمیى وکو سترێس،کە لە ڕوونترین شێوەدا کار دەکات بە هۆى فشارى پێویستییەکانى ڕێکخستنەوە ناچار نابێت جێگا، یان پلەى خۆى بگۆڕێت. لە ئاستى سیمانتیشدا، زاڵبوونى ڕستەیەکى سەرەکى بەسەر ئەو دواى ڕستە لاوەکییەکاندا، دەبێتە هۆى ئاوێتە بوونێکى ئۆرگانێکى لە نێوان هەر دوو ئاستى دەنگ و واتاوا. لەم دەقەى خوارەوەدا، کە نموونەیەکە لە تۆمارکراوەکانى (ئاڕ ـ ئێس ـ سۆلێکى)، ئەو تێبینیانە بە شێوەیەکى ڕوونتر دەردەکەوێ (١٥).

((حەیران ئەورۆ سبیانێ
........................ (٧)
دەچمەوە سەرگردى سەرخمێ

.........................(٩)

لەبەر خەمی پیرە دونیایێ..........

..................(٩)

گەلەک بڵندو چاو دەگێرم لە

هەموو..................(١٢)

ئەرێ برایینە دەڵێم چاو دەگێرم لە

دوو هەموو بنارێ...(١٩)

گەلی برایینە برادەرینە من

نازانم..................(١٥)

بەژنی باریک و دوو چاوی

ڕەشکۆکە..................(١١)

١ـ رەهبەر مەحمود زادە،پێکهاتەی بەیتی کوردی،چاپخانەی ئینتیشاری سە لا حە د د ین ، سنە ، کو ر د ستا نی رۆژهەلات،٢٠٠٣،ل٥٤ـ ٥٦ .

| فرمان | ڕاناو | کات |
|---|---|---|
| دەچمەوە | کەسی یەکەمی تاك | ئێستا |
| دەگێرم | کەسی یەکەمی تاك | ئێستا |
| نازانم | کەسی یەکەمی تاك | ئێستا |
| دەڵێم | کەسی یەکەمی تاك | ئێستا |
| چووینە | کەسی سێیەمی تاك | ڕابردوو |

چوویتە دەری لە گۆندی.............

..................(٧) برگە

لە بۆ هەراش کردنێ................

..................(٧)

لە بۆ کۆزی بەرخان))................

..................(٦)

سەرنجێکی سەرپێی لە ژمارەی برگەی دێرەکان، پێشانی دەدات ئاستی کێش، بنیاتی مۆسیقیی دەقەکەی مۆسیقایی دانەڕشتووە.لە دۆخێکی واشدا،مەڵبەندی قورسایی ئاهەنگی شیعرەکە،لە ئاستی ریتمدا دەردەکەوێت.ئەگەر بمانەوێت بنیاتی ریتمی دەقەکە بەوردی دەستنیشان بکەین،پێویستە سەرەتا لە شیکردنەوەی بنیاتی سیمانتی و دیاریکردنی بزووتنەوەی گشتی دەقەکەوە دەست پێبکەین. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێ ڕێژەی فرمانەکان و ڕاناوەکانیان لە چوار چیوەی کاتی شیعرەکەدا دەستنیشان بکرێن،کە دەتوانین بەم شێوەی خوراەوە دیاری بکەین:

وکو لە سەرەوەدا دیارە،ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک، زاڵبوونی خۆی بەسەر زۆربەی فرمانەکاندا سەپاندووە. ئەو دیاردەیە هەموو هێزێکی پەیامە شیعرییەکە لە دەوری پەیامدەردا کۆدەکاتەوە،واتە پەیامەکە لە (خود) ی پەیامدەرەوە ئاراستەی پەیامگر دەکرێت،بەڵام لەبەر ئامادە نەبوونی پەیامگر، پەیامەکە بە مەبەست ناگات و جارێکی دیکە لە دۆخی سەرسوڕمان و هەناسە ساردیدا بەرەو (خود)ی پەیامدەر دەگەڕێتەوە.

ئەم بزووتنەوە بازنەییەی پەیامەکە،سیستێمێکی داخراو بە بنیاتی ریتمەکەش دەبەخشێت،بەو شێوەیە،پەیامدەر دەبێتەمەڵبەندی سیمانتی لە دەقەکەداو پەیامگر دەبێتە تەنیا خولگەیەکی هێمایی بۆ سۆزو هەڵچوونەکانی پەیامدەر.

بەڵام ئەو دۆخە،لەگەڵ مەبەستی بنچینەیی پەیامدەردا ناگونجێت کەدەیەوێت لەو بازنە داخراوە دەرچێت.

بە و شێو ە یە پە یا مد ە ر لەنێوان دوو هێزی ڕاکێشەردا د ە بز و ێت : لە لا یە کە و ە (ئا ما د ە نە بو و ن ) ی پەیامگر وای لێ دەکات بەناچاری بە دەوری (خۆ) یدا بخوولێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە تەکان دەدات لەو خولانەوەیە (خۆ)ی دەرباز کات.) (١)

هەر لەبارەی ئەو رستانەی کەبەندی حەیران دروست دەکەن کەلە چەند دەگێکی جیا جیاو فۆنێمێک پێکهاتووە. بۆتە هۆی کاریگەری لە بەهێزکردن و هەڵچوونی دەنگی بۆ دەربرینی مۆسیقا دەکەن،لەگەڵ سەرەتاییەکان ئارەزووەکان گرێدراون ئەو هەمەڕنگییە لەدووبارە کردنەوەی وێنەکان هاوتەریبی ڕستەی

١ـ د. محەمەد بەکر: کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی،چاپخانەی وزارەتی پەروەردە،هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٢٥ ـ ١٢٧.

هاوفۆنێم تایبەتیەکی دیاریکراوی بە (قافیە)ی کوردی بە خشیوە،دەیکەن بەکارتێکی ڕیتمی شیعرەکان و کێشی خۆماڵی.لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا.کێشی شیعری بەپێی جۆری هونەری گۆرانییەکانی کوردی لەهەندێکیاندا بەشێوەیەکی بەرچاو بە پێی بڕگەکان دەردەکەون و کێشدارن،بەڵام لەهەندێکیاندا دەرناکەون.

هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە

| ز | جۆرەکان | کێش | ریتم | قافیە: هونەری | قافیە: رواڵەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شیعری گۆرانی | + | + | + | + |
| 2 | بەیت | + | + | + | + |
| 3 | لاوك و حەیران | | + | | + |

جۆرەکانی شیعری فۆلکلۆری بە گوێرەی ڕەگەزە دەنگییەکانیان

وک حەیران و لاوک.بەڵام کێشیان نییە لەڕووی قافیەوە زۆر بەزەقی دیار دەکەوێت و بەچەند فۆنێمێکی دەنگی دەنگدارەوە،کە زاڵە بەسەر کێشەوە زیاتر ئیستاتیکی داوە بە بەدێرە بەندەکانی حەیرانەوە.حەیران بەکۆنترین شیعری فۆلکلۆر دادەندرێت لە مێژووی ئەدەبی دێرینی کوردیدا.

(سیستێمی (بەند)ەکان،شەبەنگێکی هەمەڕەنگی دووبارەکردنەوەی هەندێ دەنگ و وێنەی سەرەکی،سەربەستیدان بەزرمەیەکی‌دەنگیی‌بەهێزلەدەوروبەری مەڵبەندە سیماتیتیەکاندا، ئەمانە هەموو بەشداریی کارلیککردنێکی بەتینی هەڵچوون و دەربرین ومۆسیقا دەکەن،لەگەڵ سەرەتایترین ڕەگەزەکانی ئارەزوودا گرێ دراون. ئەو هەمەڕنگییە لەدووبارەکردنەوەی وێنەی هاوتەریب و ڕستەی هاوفۆنیم تایبەتمەندییەکی بە (قافیە)ی کوردی دەبەخشن،دەیکەن بەکەرتێکی بنیاتی ڕیتمی شیعرەکان و کێشی خۆماڵی پتر وکو رووکەشێکی ستاتیکی دەهێنێت. لەم خشتەیەی خوارەوەدا،سروشتی ڕەگەز دەنگییەکانی شیعری فۆلکلۆری پێشان دراوون.

وەکو دەبینین، ئاستەکانی کێش و ریتم لە شیعری گۆرانیدا بە ڕوونی دیارن، بەرامبەربەوە (حەیران و لاوک) هیچ دیاردەیەکی هاوکێشی پێشان نادەن، بەڵام هەموو قورساییان لە ئاستی ریتمدا دەرکەوتووە، لە نێوان هەردوو جۆرەکەشدا، (بەیت)بە شێک لە ئەدگاری هەر یەکێکیانی تێدایە، بەڵام سروشتی دوو ڕەگیی زمانەکەی، ئاستەکانی کێش و ریتمی پێکەوە لکاندووە. (قافیەکان)هێمایەکی سەیر بۆ قۆناغی جیاواز مێژووی و پلەی رۆشنبیریی ئەو دیوی جۆرەکان دەکەن. لە کاتێکدا لە (حەیران و لاوک)دا (قافیە)ی ڕواڵەتی، واتە دووبارە کردنەوی هەمان دەنگ لە کۆتایی رستە شیعرییەکاندا، سیمای سەرەکیی (قافیە)یە، لە شیعری گۆرانیدا، ڕەچاوکردنێکی هونەریانە تری (ڕەوی)دەبینرێت. (بەیت)ە کانیش، بە دەستووری ئاساییان، وکو ڕەگەزێکی دووڵانە، لە هەر دوو جۆرەکەیان تێدایە. سەرنجەکانی سەرەوە، رێڕەوی مەبەستەکان بەرەو ئەنجامێک دەبەن کە (حەیران و لاوک) بە دێرنترین جۆری شیعری فۆلکلۆری کوردی دەژمێرین. بە دەربڕینێکی گشتیتر، جۆرەکانی شیعری فۆلکلۆری بە هەموویانەوە دۆخێکی یەکگرتووی مێژوویی پێک دەهێنن ،کە لە ڕێگای هەمەڕەنگی سیستێمەکانیانەوە، وڵامی زۆربەی مەبەستەکانی مرۆڤی کوردیان داوەتەوە ڕەنگەئەمە - تاڕادەیەک ئەو دیاردە سەیرە لە مێژووی شیعری کوردیدا لێک بداتەوە، کە هیچ کێشێکی دەرەکی، نەیتوانیوە بنکەیەکی هەمیشەیی لە نێو ریزەکانی شیعری کوردیدا داگیر بکات دەتوانێت جۆرەکانی شیعری فۆلکلۆریی کوردی لەم زنجیرەیەی خوارەوەدا ریز بکەین.

(حەیران و لاوک)

(شیعری و گۆرانی)ئەوەش وێنەیەکی تەواوە لە ڕێزکردنەکەی

(د. مارف خەزنەدار)، لە (مێژووی ئەدەبی کوردی تازە)دا،کە لە هێمایەکی روونی مێژووی دوور نییە). (١)

ڕەنگدانەوەی ریتم لە دەقەکانی حەیران، کە بە چەند رستەیەک دارێژراوە،رستەی ئاوێتە پێکدێنن، لەرستەی ئاوێتەشی چەند فرمانی تێدا بێت ئەوەندە رستەمان هەیە،ریتمی واتایش لە فرمانە بەهێزەکانی رستەکان دیار دەبێت بۆ گەڕان بە دوای خۆشەوسیەکەدا.. بە هۆی ئەو چەند بەندییەی کە فۆرمی حەیرانی لێپێکهاتووە حەیرانبێژ بەکاری دەهێنێت بۆ دۆزینەوەی دڵدارەکەی لە شێوەیەکی بازنەی داخراودا، لێرەدا حەیرانبێژ وک پەیامدەر ئەو سۆزو خۆشەویستیەی لە دەروونی پەنگی خواردوو دەویەوێت دەریبڕێت بۆ پەیامدەر ئەویش شکاندن ئەو بازنەیە. بە هۆی هێنانەوەی چەند دەستەواژەیەک و زارەوەیەک بۆ گوزارشت کردن و گەیاندنی مەبەست بە ڕاناوی (خودی)بەکار دەهێندرێت. وک نا ئومێدی و سەرسورمانی شێتانە، لە خۆدەگرێت. بە چەند فۆرفیم و ئامرازێکەوە لە ڕوی رستەی سێنتاکسیەوە،کە دروست دەبێت.

(ئێستا بزانین ئەو بنیاتە ناکۆکە، چۆن لە بنیاتی ریتمدا ڕەنگی داوەتەوە. دابەشکردنەکەی پێشوو. بارمەتیمان دەدات بە ئاسانی (ریتمی واتا)لە دەقەکەدا دەست نیشان بکەین. بە ریتم لە رستە شیعرییەکاندا لە رێگای فرمانە بەهێزەکانەوە دیاری بکەین: (دەچمەوە، دەگێرم، نازانم). ئەم دەست نیشانکردنە بواری ئەوە دەدات ڕستەی سەرەکیی دەقەکە (گەڕان بە شوێن خۆشەویستدا)، بەسەر ئەم سێ رستەی خوارەوە دابەش دەکەین.

١- (حەیران ئەو ڕۆسبیانێ ((دەچمەوە))سەرگردی سەرخمێ).

٢- (لەبەر خەمی پیرە دونیایێ گەلەک بڵندو چاو ((دەگێرم))لە هەموو).

٣- (من ((نازانم))بە ژنی باریک و دوو چاوی ڕەشکۆکە... هتد).

وکو دەبینین، رستە شیعرییەکان، لەگەڵ جیاوازیاندا لە دارشتنی هاوتەرییبی فریزەکان و دەرنەوکەتنی

دیاردە دەنگییە هاوفۆنیمەکان، بە هۆی ئەو سێ مەڵبەندە ریتمیە بە هێزەوە ڕیتمی واتاییان دابین کردووە . بەڵام ئەو ریتمە، کە دەرکێشراوی لایەنی یەکەمی بنیاتە، سیمانتییەکەیە: (بزووتنەوەی بازنەیی)، لەگەڵ هەوڵدانی پەیامدەردا بۆ دەرچوون لەو بازنەیە، لە ناکۆکیدایە، ئەمەش بە ناچاری دەبێ لەو بنیاتەدا رەنگ بداتەوە . هەوڵدانی پەیامدەرو تێکشکاندنی ئەو بازنەیە، لە ڕێگای دووبارە کردنەوەی شێوازێکی مۆرفیمییەوە خۆی دەنوێنێت، کە دەتوانێت ریزەکانی مەبەستە پەنگخواردووەکانی وکو (گەڕانی نا ئومێدانە، سەرلێشێواوی)و بە کورتی هەموو ئەو مەبەستانەی بازنەی داخراوی ڕستە لاوەکییەکان ئابلۆقەی داوون، بەتوندی ببڕێت. ئەو شێوازە مۆرفیمییە، بریتییە لە دەستەواژەی وکو (برایینە، برادەرینە... هتد) کە پەیامدەر لە ڕێگایانەوە هەوڵ دەدات دەروویەک بکاتەوە. بەم شێوەیە، هاوسەنگییەک لە نێوانی ڕستە لاوەکییە بەهێزەکان - کە بنیاتی داخراویان پێکهێناوە - و دەستەواژە تێکدەرەکان - کە بنیاتی دەربازبوونیان بەرجەستەکردووە، دروست دەبێت. ئەمەش دوومەبەست لەبنیاتی سیمانتیکیدا بەدی دەهێنێت کەئەم نەخشەیەی خوارەوە سیماکانیان دەنوێنێت

٦- د. محەمەد بەکر: کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر، ٢٠٠٤، ، ل١٢١ - ١٢٣.

هەموو ئەو خاڵانەی لە شیکردنەوەکەی پێشوودا ئاماژەیان بۆ کرا،لە خشتەکەدا بە ڕوونی دەرکەووتوون و پێویست بە دووبارەکردنەوەیان نییە.

ئێستا دەبێ شوێنەواری دەرکەوتنی ریتمی واتایی،لەریتمی دەنگیدا دەستنیشان بکەین.

ئەگەر سەرنجی ڕستە لاوەکیەکان بدەین، دەبینین هەر رستەیەک مەڵبەندێکی ڕیتمی بە هێزی تێدایە کە کرۆکی سیمانتیی ڕستەکەیە. لە کۆتایی هەر ڕستەیەکیشدا،مۆرفێمێک هەمیشە بە ڤاوڵێکی درێژ دوایی دێت،ئەو ڤاوڵەش لەبەر ئەوەی کۆتایی بە ڕستە شیعرییەکە دەهێنێت، ئاسایی بەهێز دەبێت.

بەو شێوەیە،بنیاتی داخراوی سیمانتی،لە ڕێگای ئەو مەڵبەندە بە هێزانەوە سیستێمی خۆی دەپارێزێت، لەبەرامبەردا، پەیامدەر بۆ دەرچوون لەو بازنە بەهێزە، پێویستی بەهێزێکی پتر هەیە،لەبەر ئەوە دەبینین دەستەواژەکان بۆ هەر کەلەبەرتێکردنێکی ئەو دیوارە،شێوازی هێرشبردنی (١:٣، ١:٣)بەکاردەهێنن،ئەمەش بەڕوونی لەنەخشەکەدا دیارە.

دەتوانین پوختەی شیکردنەوەکانی پێشوو،لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆ بکەینەوە.

(یەک)بنیاتی سیمانتی لە دەقەکەدا، بنیاتێکی بازنەییە لەو دوو بزووتنەوە پێکهاتووە،

یەکێکیان بزووتنەوە بنەچەییەکەیە، کە بەشەکانی ڕستەی سەرەکی دایانڕشتووە.

دووەمیشیان بزووتنەوەی تێکدەری بزووتنەوەی یەکەمە.

(دوو)ئەو بزووتنەوانە لە ڕێگای دوو جۆری دووبارەکردنەوە لە بنیاتی دەنگیدا ڕەنگ دەدەنەوە:

یەکەمیان دووبارەکردنەوەی فۆنیمییە، کە دەتوانین ناوی (قافیەی سترێس) ی لێ بنێین: چونکە فۆنیمەکانی کۆتایی ڕستە لاوەکییەکان،ئەوەندەی بە هۆی سترێسی بەهێزەوە ئەرکی ڕیتمیی خۆیان دەگێڕن، ئەوەندە بایەخ بە هاودەنگی نادەن.دووبارەکردنەوەی دووەم مۆرفیمییە و لە ڕێگای چەند فرەیزو دەستەواژەیەکی وکو (برایینە، برادەرینە...)هتد .

بنیاتی ریتمی واتایی لە بنیاتی ریتمی دەنگیدا بەرجەستە دەکات.

دەتوانین- ئەگەربواری فراوانکردنەوەی دوو ئەنجامەکەی سەرەوەمان هەبێت - بڵێین هەموو ئەو شیعرە فۆلکلۆرییە بێ کێشانەی لە خانەی شیعری (خود) یدان، هەمان بنیاتی بازنەیی سیمانتی و سیستێمی داخراوی ریتمییان هەیە.) (١)

لەرووخساری حەیراندا چەندین تەکنیکی هونەری تر دێتە بەرچاو لە نێوان دێڕە شیعرییەکانی بەندەکان ئەویش خاڵبەندی، بەتایبەتی کاری ئەم خالەش وک ڕاوەستانێکی تەواو پێشاندەدات، لە کۆتایی هەر ڕستەیەکی تەواودا. هەروەها کۆما نیشانەی کورت ترین ڕاوەستانە پشووە، کە لە دوای ناوی بانگکردن و لە نێوان جێگرو جێ لێگیراودا هەروەها بۆ جیاکردنەوەی زنجیرە وشەیەک، بۆ دەربڕینی زنجیرە وشەیەک لە یەکتر، لە دوای گێڕانەوەیەکی یەکسەر، یان لە پێش ئامرازی لێکدەر، لە دوای گرێیەکی درێژ بۆ پاراستنی واتای رستە لە لەنگی و لە بری کاری قرێنراو هەرسێ پارستا لە ڕستەی ئاوێتە و ڕستەی لێکدراودا هەروەها لە بری (کە) ئامرازی لێکدەر دادەندرێت .(چەند هۆکارێکی هونەری، ڕۆڵیان هەیە لە دروست بوونی تەریبی و ناتەریبی لە نێوان کێش و واتا (یان کێش و ڕۆتان) دا. هەڵوەستە، یان (وەستان) یان نیشانەکانی خاڵبەندی کە گوزارشت

لەئاوازی دەنگیی دەکەن لەشیعری نوێ کوردیدا لەبەر ئەوەی کورتی و درێژی برگەکان فەرامۆش کراوە، کەلێنێک لە ئاوازی شیعردا پەیدا بووە، بە دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی بەشێک لەو کەلێنە پڕکراوەتەوە، ئەمەش لە پێناو پتەوکردنی مۆسیقای شیعرەکە، گرنگترین ئەو نیشانانەیش (خاڵ و کۆما) ن (کۆما)وەستانێکی واتایی بچووک و (خاڵ)یش وستانێکی واتایی گەورە دروست دەکات، وک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، سووکە ڕاوەستان لە نێوان پێیەکانی کێشی پەنجەیی ئاوازی شیعرەکە جێبگیر دەکات). (٢)

کاریگەری ڕووخسار دەرکەوتنی ڕووی دەقی شیعری دەبێتە هۆی پەیدا بوونی واتا لە رووی ئەو وشانەی کە لە زماندا دادەرێژرێت کە بە چەند دەنگێکی جیاواز بە سیستەمێکی مۆرفۆلۆژی ریز دەکرێت بە دروستبوونی ڕەگەزەکانی شیعریش. (واتاکان بە تنیا نابنە هۆی داهێنانی،شیعر ڕووخساری حەیران واتا ناتوانین بڵێین: ئەم واتایە شیعرییە و ئەمەیان شیعریی نییە و نابێت بکرێتە بابەتی شیعر، بەڵکو شێوازی دارشتنی زمانەکە کە ڕەگەزە شیعرییەکانی وک: مۆسیقا وێنەی شیعریی... تیایدا دەردەکەوێت، دەبێتە مایەی داهێنانی دەقی شیعریی). (٣)

بەندەکانی حەیران لە ڕووی کێشی خۆماڵی و سەروادا بە یەک سەروا کۆتایان دێت. بەڵام لەم دێرانەی کە بەندەکە پێکدەهێنن مەرج نییە هەموویان یەک سەروایان هەبێت، بەڵکو جیاوازی لـە دارشتن و کـۆتایی دێرەکان هـەندێ پیتیی جیاواز هەیە، لە ڕووی فۆرمەوە تەنها کۆتایی بەندەکان بە یەک سەروا دێت. لەم بارەیەوە لە باسی سەروادا لە شیعری تازە (بۆ نموونە شیعری تازەی کوردی لە ڕووی کێش و سەرواوە گەڕانەوە بوو بۆ کێش و سەروای خۆماڵی، بەڵام شاعیران تەنیا بە بەکارهێنانی یەک جۆر کێش و جووت سەروا ڕانەوەستان، بەڵکو هەوڵی تێکەڵکردنی کێشەکانیان دەدا، لە ڕووی سەروایشەوە مەرج نیە هەردوولەت یەک .

١- د. محەمەد بەکر: کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی،چاپخانەی وزارەتی پەروەردە،هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٢٩ ـ ١٣٠.

٢- جەبار ئەحمەد حسێن: ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ١٩٥٠ ـ ١٩٧٠،چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٨١ ـ ١٨٢.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

سەروایان هەبێت، جاری وا هەیە بە چەند لەتێک یەک سەروایان هەیە..). (١)

حەیران شیعرە شیعرێکی سەربەستە،لە ڕووی رووخسارو ئەو ڕەگەزانەی،کە شیعری لەسەر بەندە،وەک هونەرێکی ئەدەبی پێگەی خۆی لەئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا هەیە.(شیعری سەربەست Free Verse —).لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ئەم زاراوەیە بۆ شیعری بێ کێش بەکاردەهێنرێت،بەڵام لە عەرەبیدا بەو شیعرانە دەوترێت،کە بەسەربەستی تەفعیلەی کێشە عەروزییەکان تیایدا بەکاردەهێنرێت»واتە شیعرەکە لەسەر کێش بنیات دەنرێت .لە کوردیشدا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆسەرەتای بەکارهێنانی زاراوەکە،بەرامبەر بەشیعری بێ کێشی و سەروا بەکارهێنراوە،بەڵام دواتر وک چەمکە عەرەبییەکەی لێهات.. لەبەر ئەوەی سەربەستی ڕەگەزێکی سەرەکی داهێنانە، شاعیری نوێ شیعری سەربەستی هەڵبژارد بۆ گوزارشتکردن لەبیرو هەست و سۆزو خەیاڵە رەهاکانی،بەڵام دەبێت هەمیشە سەربەستی و بێسەروبەریی لە یەکتر جیا بکرێتەوە،چونکە سەربەستی لەشیعردا مانای بێ سیستمی نییە،بەڵکو بە ئازادی مامەڵەکردنە (یان وازهێنانە)لەگەڵ ئەو یاسایانەی ڕێگای داهێنانی شیعری تەسک دەکەنەوە). (٢)

چەند وشە و دەستەواژەیێک لەزاراوە چەند رستەیەک،لە قالبێکی تەکنیکی هونەریدا دەرێژرێت،بەو بەهرەیەی کە شاعیر بۆی دێت بەکارلێکردنێکی هەستی و سۆزەوە بەچەند واتایەکی مانابەخش دەریدەبڕێت لەڕووی رووخسارەوە کە کاریگەر بێت. (بەڵکو گرنگ لەوەدایە چۆن وک شیعرێک خولقێنراوە،یان چۆن سیفەتی شیعرییەتی پێبەخشراوە. ئەمە لەڕووی واتاوە،لەڕووی رووخساریشەوە بەهەمان شێوە،ئەو وشەیەی (یان گوزارشت ـ یان وێنە)لەناو شیعرێکدا جوانە،ڕەنگە لەشوێنێکی تردا ئەو بەهایەی نەبێت.واتە ئەو شیعرە وک یەکەیەکی یەکگرتوو و گشتی،بەها دەبەخشێتە هەر بەشێک لەبەشەکانی،ناتوانین بەشێک (یا پێکهاتەیەک،یان ڕەگەزێک)بە تەنیا ورگرین و بە دابراندنی لەبەشەکانی تری دەقەکە،بەهاکەی دەستنیشان بکەین). (٣)

دەبێت بزانین کێش لەچەند ترپەیەکی مۆسیقا پێکدێت،بەپێ ترپە کێش بەتەواوی لەنگەری خۆی لەدێرە شیعرییەکان ناگرێ. (زۆر جار سەیردەکەی کە دوو دێرە قسە دەکێشین دەبینین لەژمارەی برگەو ڕێکخستنی کورتی و درێژیی

بڕگەکاندا واتە لە کێش دا وکو یەکن،بەڵام زەوق و شەوقێکی مۆسیقا پێک ناهێنن،کێشانەکەیان مەکینە بابەتە... بۆیە کێش بەبێ مۆسیقا ناتەواوە).(٤)

بنیاتی هەر شیعرێک و هەڵبەستی گۆرانی،هەروەها حەیران کەوەک شیعر باسی لێدەکەین لەسەر زمان و وشەو زارەوەو رستە ساسزیەوە،کەکێش وستاوە بۆ دەربرینی ئاوازە و مۆسیقادا،(کێش وترپە و مۆسیقا بنەمایەکن لە بنەماکانی هەڵبەست،بە یەکەوە پێوەندی دارن و بوونیان پێکەوە پێویستەو نەبوونی هەر یەکێکیان کەمو کووڕی یەک بەلەشی واتایی و رووخساری هەڵبەست دەدات. کێش بریتییە لەسەر جەمی ئەوپێ یانەی دێرە هەڵبەستێک دروست دەکەن،کە لە عەرووزی عەرەبی دا تەفعیلەی پێ دەڵێن).(٥)

١- جەبار ئەحمەد حسێن:ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ١٩٥٠ - ١٩٧٠،چاپخانەی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٨،ل ١٤١ - ١٤٢.

٢- سەرچاوەی پێشووی، ل ١٠٠.

٣- سەرچاوەی پێشووی، ل ٧٨.

٤- عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقا هەڵبەستی کوردی،چاپخانەی الحریە، بغداد ، ١٩٩٢، ل٩.

٥-عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقا هەڵبەستی کوردی،چاپخانەی الحریە، بغداد ، ١٩٩٢ ، ل ١٠.

مۆسیقا بنیاتی دەرەوەو ناوەوەی دێرە شیعر پێکدەهێنێت دروستکەری ئاوازە.(مۆسیقاش هەست کردنی خوێنەر یان گوێ گرە بەو ئاوازانەی کە دەنگەکانی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەکان لە ئەنجامی ترپەی بڕگەکان و پێکهاتنی پێ یەکان دا بە کێشی هەڵبەستەکەی دەدەن).(١)

هەر لە بارەی جۆری کێش دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی زمان و چۆنیەتی قۆناغەکانی پێشکەوتنی شیعر. بە چەند سیستەمێک ڕێکخستنی دەنگی داڕێژراو و مۆسیقا دامەزراوە. (کێش:لەشیعردا چەند جۆرێکی هەیە،بە پێی سروشتی زمانی دەقەکەو قۆناغەکانی مێژووی پەرەسەندنی شیعری هەر میللەتێک دەگۆرێت،کە فۆرمی مۆسیقی لە هەر زمانێک بە سیستمی دەنگیی بڕگەکانی پەخشانی ئەو زمانە بەستراوەتەوە).لە شیعری کوریدا دەتوانین بڵێن:هەموو جۆرەکان بەکارهێنراوە؛ هەرلە (کێش چەندێتی) یەوە- کە لە عەرووزی عەرەبییەوە وەرگیراوە - تا دەگاتە (بڕگەیی) یان (پەنجەیی)،جگە لەڕۆڵی سترێس لە گۆڕینی ئاوازی وشەو واتاکەی لە زمانی کوردیدا کە لە شیعری فۆلکلۆریدا زیاتر بەرچاو دەکەوێت).(٢)

ڕەگەزێکی تری شیعری، کە بنیاتی رووخساری شیعری دیار دەخات بۆ ئیستاتیکای دێرەکان بە تایبەتی لە بەندەکانی حەیران، کە دێرەکانی کۆتایی بە چەند فۆنیمێکی دەنگی مۆسیقای دێت.. بە یەک دەنگ و چەند جۆرێک لە پیتی دەنگدارەوە بە زۆری کە ماناو واتای تەواو دەکات ئەویش (سەروا) یە. (سەروا بریتییە لە دەنگێک یان زیاتر لە دووبارە بوونەوەی لە کۆتایی دێرەکانی تردا، مۆسیقایەک بە شیعرەکە دەبەخشێت، ئەو وشەیەش،کە ئەو دەنگە (یان دەنگانە) بەشێکە لێی، پێی دەوترێت (وشەی سەروا)، ((وشە هاوسەرواکان دەبێ مانایان جیا بێ، ئەگەر نا دەبێ بە پاش سەروا (ڕەدیف)و وشەی پێش ئەو، دەنگەکانی سەروا هەڵدەگرێ)). ئەگەر وشە هاوسەرواکان واتایان جیاواز بێت (بە مەرجێک زۆربەی دەنگەکانیان وک یەک بێت)، لەم حاڵەتەدا دوو ئەکەر ئیستاتیکی دەبینن، لە لایەنی مۆسیقای شیعرەکەوە ئەرکی وشەی سەروایان هەیە،لە رووی ڕەوانبێژیشەوە، دەبنە ڕەگەزدۆزی (تەواویان ناتەواو).(٣)

بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی یان کێشی پەنجەیی لە شیعری تازەو لە ناو شیعر فۆلکلۆری بەکاردێت زیاتر کێشی (١١)بڕگەیی بەکار دێت. (کێشی (١١)بڕگەیی، ئەم جۆرە لە فۆلکلۆردا، هەندێجار لە ناو دێرەکانی لاوک و حەیراندا دەبینرێت، چەند دابەشبوونێکی هەیە: (٦+٥)، (٥+٦)، (٤+٤+٣)).(٤)

زیاتر روونبوونەوە لە کێش و قافیەی حەیران و جۆری ئاوازەکەی لەدەقەکەی دا وک بەیت و گۆرانیەکانی کوردی بەچ جۆرە کێشی خۆماڵی بەکار هاتووە. (جۆرەکانی شیعر لەشێوە زارەکانی کوردیدا .بەشێوەیەک کەنوسەر لێکۆڵینەوەی لەبەرهەمی شێوەکانی زمانی کردووە ئەم بەرهەمانەی بەسەر سێ بەش دا دابەش کردووە: ١-شیعری عەرووزی ٢- بەیت ٣-گۆرانی .

بەیت: لەئەدەبیاتی ئەم بەشە بەدیالێکتی کورمانجی یەوە تایبەتە. شیعرەکان بریتیە لە وزنی هیجایی کە لەباشووری کوردستان بەتایبەتی لەشارەکانی هەولێرو کۆیەو (سنجاق) و رەواندوزو ناحیەکانی دەورو بەریاندا

١- سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

٢- جەبار ئەحمەد حسێن،ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ١٩٥٠-١٩٧٠، چ. پ سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٨،ل٨٥.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.
٤- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣.
بڵاوە.بەتایبەتی (حەیران) کە لە بەشی ڕۆژئاوای ڕووباری زێی گەورەی باشووری کوردستان، بەتایبەتی لەناوچەکانی بادینان کە دهۆک و ئاکرێ و زاخۆ و زێبار دەگرێتەوە بەزۆری بەدیالێکتی زازایی دەگوترێ ((لاوک)) بە بەشێوەی سۆرانیش ((حەیران))ی پێ دەڵێن واتە بەشێوەی کرمانجی موکری و سلێمانی وئەو شێوانەی لێوە نزیکن .بەشێوەیەکی گشتی ئەم شیعرانە (بەیت) ی پێ دەڵێن بەڵام لەبەر ئەوەی بەئاوازەوە دەگوترێ پێشی دەڵێن (گۆرانی)بەڵام لەراستی دا ناوی گۆرانی لەئاوازەکەیەوە هاتووە. بەشێوەیەکی گشتی (بەیت) ئەو پەخشانە کێشراوانەو ئەو شیعرانەیە کەبەهۆی وسفێک لابەنێکی مێژووی وتایبەتی گوترابێ لەم بە بەیتانە دا ئەم بەشەی کە پێی دەڵێن (حەیران) جۆرە شیعرێکی (هیجائی) یەکە بەئاوازێکی تایبەتی وجیاواز دەربارەی دڵداری و یا وسف کردنی شتێکە یان جەنگی سەرۆک هۆزێکی ستەم کار هۆندراوەتەوەو ناو لێنانەکەشی هەر لەوێوە هاتووە کە مرۆڤ سەرگەردان و حەیران دەبێ .)(١)

کۆپلە حەیران بە شیعری ئازاد دادەندرێت بەبێ ناوبەند دەچرێت لە لایەن حەیرانبێژەوە بە یەک هەناسەی درێژ دێرە شیعریەکان دایدەرێژێت و دەری دەخات چەند پشودانێکی کاتی وستانی هەناسەخواردنەوە لە ڕێگای بێژەکانی ریتمی مۆسیقادا سوود وردەگرێت وک لەم دوو حەیرانەی کە حەیرانبێژ(عوسمان حەیران سنجاوی) دەڵێت:

ئەوڕۆکە بەوێ سبیانێ.
ئەمن گاز دەکەم
دەرێم: ئەوڕۆ هوڕەیە
ئەوا دەرێم: سبەینان بایە،
بەوی سبیانێدەرێن
مارەبابی نازدار حەیرانێ باردەکا
لە گردەسۆرێ سیانان
دەپەریەوە لە عاوێ گردلایکەو مەخشومەی.
ئەمان لە زورگەزراوێ خۆمان
لە کەندی کەندیناوێ
دەکو مارت وێران بی.
هەریان دەدا لە زارکەڕکێ یە،
ئەمان بەوێ سبیانێ.
ئەمن سوار دەبوم لە بۆرەیێ.
وەکی دەڕۆیمە خوارێ
ئەوا دەرێم:-
بە دەشتی کاولە قەراجی.

١- د.محەمەد موکری،گۆرانی یاترانەهای کوردی، ورگێرانی دکتۆرەشوکریە رەسوڵ، پێشەکی،چاپخانەی وزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ، ١٩٩٩،ل١٩-٢٠.

لەکەلەش خانی.
لەدوازدە هەواری
لە گۆمێ عەڤدالی
دەگەڕێم دەرێم:
حەفت سارە ماری بابی نازدار حەیرانێ.
ئەوا دەرێم شوانکارەیە گەلە دەگەرێم
ئەمن نازانم لە کێی هەردایە).(١)

بەهەمان شێوە لە حەیرانی دووەمدا حەیرانبێژ حەیرانێکی شیعری ئازاد دەچرێت. بەبێ ناوبەند لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەیەک(قافیە)و بە کێشی پەنجەی خۆماڵی ـ وک دەڵێت:

(دەرێم: براینە برادەرینە.
ئەوڕۆکە بەوێ سبیانێ گاز دەکەم.
دەرێم: لە سیلەی یا رەزی
ئەنگۆ بڕۆننە ئەستێرەی سیوەیلی
گەلە گەلە شیرنە وکی سبیانان هەردێ.
شەوقێ خۆی دەداتەوە
لە ڕەشە ڕحانان.
لە خونچە گوران
گەلە شیرن لە باغی ڕەشید بەگی،
ئەمان دەرێم:
خوا بکا بە خورامی شەو بایێ شەوێ.
وەکی دێ لە باغان لە باغی جەننەتێ.
دەدا لە داری باغی جەننەتێ.
لە سێوەکانی لاسۆر
لە زولفێ هەمینێ بابان وێرانەی.
ئەمان گەلە گەلە شۆڕە ناوەندێ بسکانی،
دەرێم: گروازەی خواردیە.
کەتتە سەڕانکێ روومەتی.
بن پەری پیرە خەزێمێ.
ئەوا سەرێ بسکی وی بابان وێرانەی گەلە شۆڕە.
شەوێ لە سێ باری نیوە شەوێ.
دێتە خوارێ بەسە گۆیێ مەمکی).
(٢)

١- ئەحمەد حەیران،دیوانی حە یر ا نبێژ ا ن ، چا پخا نە ی ئەسعەد،بەغدا،١٩٨٨ ،ل٤٧ ـ ٤٨.
٢-سەرچاوەی پێشوو،ل٥٢ ـ ٥٣.

کەواتە ئەو بیرو بۆ چوونانەی،کە لەم سەرچاوانەی پێشوو خرانە ڕوو،کە هەر یەکەیان لێکدانەوە و توێژینەوەی بۆ کرابوو، لە ڕووی رووخساری شیعر بە گشتی و حەیران بە تایبەتی لە ڕووی دارشتنی فۆرمی و ڕەگەزەکانی شیعری بابەتی سەرواو کێش و ریتم و مۆسیقا و وێنەیدا، لە ئەنجامدا هەموو لە ناو پێکهاتەی بنیاتی هونەری شیعری لێدروست بووە. کە دەتوانین بەو هەموو بەڵگە هێنانەوە دەقی حەیران بە شیعری ئازاد،دابندرێت.

# فۆلکلۆرناس پیرداود مەخموری :-

## من لەگەڵ ئەوەدا نیم حەیرانبێژ مەحکوم بکەی بەوەی کە تەنها بە سەربەندو ناوبەندو دوابەند کۆتایی بەحەیرانەکەی بێنێت

**دیمانە: بنکەی مەقام.**

-پێناسەی ئێوە بۆ فۆلکلۆر چییە؟

پ مەخموری: دەمەوێ بڵێم: من بۆ هیچ شتێک پێناسەم نییە، چونکە ئەگەر پێناسەی شتێک بکەی دەبێ لە قاڵبی بدەی ، ئەگەر سنووریشت بۆ فۆلکلۆر دانا ئەوکاتە تەسک دەبێتەوە، بۆیە حەزدەکەم بڵێم: فۆلکلۆر دنیای کۆنە.

- ئەم دنیا کۆنە تا چەند پەیوەست دەبێ بە دنیای ئەمڕۆ؟ یاخود دونیای داهاتوومان کە ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت؟

پ مەخموری : هەموو ئەو شتانەی لە کۆندا هەبوونە، ئێستاش هەن، بەڵام بەشێوازێکی دیکە بە جوانتر یا بە گۆڕانکاری گەورە، هیچ شتێک لەخۆڕا دروست نابێ، ئێستا نایەتە کایەوە، ئەگەر جاران و پێش ئێستاش لە فۆلکلۆر نەبوبێت، هەموو کەرەستەکانی ئێستا دەیبینین هەر لە دەنگ و ڕەنگەوە تا سەداو تا نووسراو و نەنووسراو هەمووی لە فۆلکلۆردا هەن، جاران وکو نەنووسین، بەڵام سەرزارەکی ماوەتەوە، سینگاوسینگ ماوەتەوە، باپیرانمان بەدوای خۆیان بەجێهێشتووە، بەڵام ئێستا ( نوێخوازی و فۆلکلۆر دروستکردنەوەیە بە قاڵبێکی دیکە).

پ/ خاوەن فۆلکلۆرو ئەدەبیاتێکی گەورەی زارەکەین، وک: لاوک و حەیران و بەندو باڵۆرەو هۆرەو .. هتد چۆن حەیران جیا بکەینەوە لەو بوارانەی کە ئاماژەمان پێکردن؟

و/ جۆرە تێکەڵاویەک لەنێوان لاوک وحەیران و بەیت هەیە، ئەو سێ شتە، بەتایبەتی ئەوانە هەرسێکیان بە زارەکی ماونەتەوە، سینگاوسینگ لە باپیرانمانەوە لە گەورەکان ماونەتەوە، دەتوانین ئێستا جیاوازیان بکەین بەو شتەی کە بۆی گووترایە، مەبەستتان لەبوونی حەیران چۆن جیاوازدەکرێتەوە لەوانی دیکە من حەیران بە سۆزو ئەندێشەو خەیاڵێکی قووڵ دەزانم، حەیران گڕ گرتووی دەروونی لێک دابڕاوانە، وکو لاوک و وکو بەیت نییە هەرچەندە جۆرە داستانێک جۆرە بەسەرهاتێک بگێڕێتەوە لاوکیش هەمان بەسەرهاتە، بەڵام پتر لایەنی جوامێری و ئەو شتانەی کە لە حەیراندا هەیە لە لاوک نییە بەزۆری لاوک عیشقە، بەڵام بەیت بەمجۆرە نییە زیاتر مێژوو دەگرێتەوە.

پ/ دەتوانین بڵێین حەیران وک پەخشانە شیعرێک وایە لەڕووی دارشتنەوە؟

و/ هەندێکجار دەکەوێتە ئەو قاڵبە زۆر لە برادەران و نووسەران کە ئەوانەی باسی حەیرانیان کردووە بەوەی ناو دەنێن کە پەخشانە شیعرە، بەڵام لە هەندێ جێیان ڕەنگە شاعیرێک بتوانێ حەیران بڵێت، من گوێم لە حەیرانێک بوو شیعر کرابووە حەیران نەک پەخشانە شیعر.

پ/ واتە بە ڕیتم؟

و/ بەڵێ بە ڕیتم دەڵێ: (حەیران لەگردی گۆمێ) سەیرکە شیعرەکە سەدرو عەجزەکەی چەندە (حەیران لەگردی گۆمێ بەژنت بڵندە بەیداخی ڕۆمێ) سەدری شیعرەکە لەگەڵ عەجزی شیعرەکە.

لێرە دیارە کە پەخشانە شیعر نییە وک شیعر دەگوترێت، بەڵام لەهەمانکاتدا لەبەر هەوڵ و تۆن و توانای سەلیقەی حەیرانبێژەکە لەوانەیە دووورودرێژەی بداتێ، شیعرەکەی دەگۆڕێ لێی دەبێتە پەخشانە شیعر ئەگەرنا خۆی شیعرە پەخشانە شیعر نییە.

پ/ بیروڕای جیاواز سەبارەت بە شوێنی سەرهەڵدانی حەیران هەیە، ئێوە وکو شارەزاو پسپۆڕ لەبواری حەیران لەو بارەوەیەوە بیروڕاتان چییە ؟

و/ شتێک هەیە حەز دەکەم بۆ مێژوو بیڵێم، حەیران سەرچاوەی دیار نییە، کە لەکوێ سەری هەڵداوە، بەڵام من دەتوانم بڵێم: حەیران لەگەڵ هاتنی مرۆڤ لەگەڵ

نیشتەجێبوونی مرۆڤ کە دەستی بە کشتوکاڵ کردووە حەیران پەیدا بووە ، بەمانای ناگەڕێتەوە بۆ سەد ساڵ و دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا ڕەنگە بۆ دەیان هەزار ساڵ بگەڕێتەوە من لەسەر ئەو قسەی خۆشم سوورم، چونکە تۆ سەیری حەیرانەکان بکە هەر چەندە لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی حەیرانەکان گووترایە کۆمەڵگەی مەدەنی نەبووە، شارستانی نەبووە، بەڵام حەیرانەکان باسی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، باسی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی دەکەن، باسی ئەو قۆناغە دەکەن کە کۆیلە هەبووە کەواتە لەپێش ئێستا لەو کاتەی کۆیلە هەبووە پێش هەزاران ساڵ لەمەوبەر حەیران بوونی هەبووە، سەبارەت بەوەی کە حەیران لە دەشتی قەراج و دەشتی کەندیناوە یاخود دەشتی هەولێر بەتایبەتی من ڕەنگە لێرە ئەوە بزانم لە هەولێر پتر ڕەنگی داوەتەوە حەیران من لە مەهاباد هەزار ڕەحمەتی لێ بێ چوومە خزمەت حەیرانبێژێک (علی کەلدار)یان پێ دەوت چوومە خزمەت حەیرانبێژ (حسێن شەشەی) کە ئێستا ماوە علی کەلداری ڕەحمەتی وتی: ((هەولێریەکان لە ئێمە باشتر ئەڵێن لە شێوازو کلتور لە لەهجەکان جیاوازیان هەیە ئەگەرنا هەموویان جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە لەبەینی حەیرانی ئێرەو حەیرانی ئەوێ تەنها سەلیقەی گووتنی حەیرانەکە جیاوازە)).

پ/ ڕەنگە لە ماوەی داهاتوودا (بنکەی مەقام ) پێشبرکێیەک بۆ بەهرەمەندانی حەیران سازبکا، ئێوە چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەو کەسانەی لەو پێشبرکێیە بەشداری دەکەن؟

و/ ماوەی ساڵێک بەر لە ئێستا (بنکەی مەقام ) هیمەتیکی باشی کرد، چەند گەنجێکی لاوی کۆ کردەوە خولێکی بۆ کردنەوە بۆ شارەزابوون لە حەیران، بنکەی مەقام توانای ئەوەی نییە خەڵک بێنێ فێری حەیرانی بکا، بەڵام ئەو کەسانەی کە بەهرەیەکیان تێدایە ئەوانەی تارادەیەک خاوەن سەلیقە بوون، هاتن لەم خولە بەشداریان کرد شارەزایەکی باشیان لە حەیران پەیداکرد، ئێستا بنکەی مەقام ئەو کێبرکێیە دەکاتەوە من ناڵێم پێشبرکێ چونکە پێشبرکێ بردنەوەو دۆڕانی تێدایە، بەڵام بەشداریکردنی گەنجان و لاوان لەو کێبرکێیە بە قەناعەتەوە شتێکی زۆر چاکە کە کۆمەڵێک کەسی بەهرەمەند و بەتوانا بێن بۆ شارەزابوون لە بواری حەیران و لە شێوازی گووتن و ئەدا و شارەزابوونی مۆسیقای حەیران. لای خۆمەوە بەشتێکی زۆر باشی دەزانم، حەزیش دەکەم ئەوەندی پەیوەندی بەمنەوە هەبێ بەشداری تێدا بکەم.

پ/ سەبارەت بە بڕگەکانی ئایە حەیران چەند بڕگەیە؟

و/ دەمەوێ شتێک بڵێم: تاوەکو ئێستا نەگووترایە ڕەنگە برادەران نەیانگووتبێ، ڕەنگە پێشیان ناخۆش بێ، بەڵام هەر دەیڵێم: زۆر کەس باسی ئەوە دەکا دەڵێت: حەیران سێ بڕگەی هەیە یاخود سەربەندو ناوبەندو دوابەندی هەیە، من لەگەڵ ئەوەدا نیم تۆ ناتوانی حەیرانبێژ مەحکوم بکەی بەوەی کە تەنها سێ بڕگە بڵێتەوە یان سەربەندو ناوبەندو دوابەند بڵێت، حەیرانبێژ هەیە توانای دەنگی بەرزە (بڵندە) یا توانای هەناسەی قوڵترە لەوانی دیکە ڕەنگە بە چاربەند یان بە پێنج بڕگەشی بۆ پەیدا دەکات واتە حەیرانەکەی پێ تەواو دەکات و حەیرانبێژ هەیە بە سەربەندو ناوبەندو دوابەند کۆتایی بە حەیرانەکەی دێنێ، ناوبەندەکەی چی لێ هات دەگەڕێتەوە سەر دەنگ و تۆن و سەلیقەی حەیرانبێژەکە نموونەیەکت بۆ دەهێنمەوە پترە لە بڕگەیەک سەربەندو ناوبەندو دوابەند دەڵێت: ((حەیران دەڵێم لەبۆت بە کێندەرێ دا هەربڕێم، دەرێم حەیران لە زینەتیرێ) سەیرکە زینەتیرێ ئەوە سەربەندەکەیەتی (دەنگۆ ئەی برادەران لەبۆ حەسەنی بکەن تەکبیرێ) ئەوە بووە ناوبەند (لەبۆ من هەرکەنن چاران حەمبارانی لەگەر قاناتی بیرێ) ئەگەر هەرسێکیان بینین ئەوە دەکاتە سەربەندو ناوبەندو دوابەند، بەڵام هێشتا ماویەتی (ئەوڕۆ ئەمن لە دەستم کەلەپچەیە لە لەقانم قەفە زنجیرێ) سەیرکە ئەوە بووە بەندی چوارەم (ئەمن یاری خۆم دەشوبهێنم بە خەجێ شلێ ڕەحمانێ بەمێرەمەدیانێ بە خانزادی سۆران وکی حوکمی خۆی دەگێڕا لە بنەبنی هەریرێ) ئەوە ئێستا بووەتە پێنج بەند. حەیرانبێژ هەیە هەشت بەند دەڵێت لەبەرئەوەی مەودای دەنگی زۆرە مەودای سەلیقەو توانای گوتنی زۆر درێژە بۆیە بە سەربەندو ناوبەندو دوابەند تێری ناکا ناچارە تێکەڵ بکات لەگەڵ چەند بڕگەیەکی تر.

پ/ ئەگەر ئاوڕێک لە حەیران بدەینەوە و چاو لە شێوەی داڕشتن و لە ئەو وشانەی کە لە حەیران بەکارهاتووە بکەین دەبینین کۆمەڵێک دەردو ئازارو خەفەتی تیایە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک دیاردەیە لە کۆمەڵگادا ، ئایا دەتوانین لەو بارودۆخەی ئێستادا حەیرانی تازە بنووسین؟

و/ من گووتم حەیران سوتانە، سوتانی عیشقە، تۆ سەیرکە لە ماڵی خۆتان کۆترێکت هەیە پشیلەیەک دێ کۆترەکەت دەخوات تا ماوەیەکی زۆر سۆزی ئەو کۆترە لەلات دەمێنێ، هەر دەمێک بتوانی حەیرانی بۆ دەڵێی دایکێ کۆرپەیەکی پێیە ئەو کۆرپەیە بە حەیران دەلاوێنێتەوە ڕەنگە من هەڵە نەبم بڵێم حەیران پتر هی ئافرەتانە



نەک هی پیاوان، لە هەموو شینەکان لە هەموو لەخۆدان و گریانی ئافرەتان سۆزی ئافرەتان حەیران وجودی هەیە ، زۆرجار پیاو ناتوانێ حەیران بڵێ یاخود حەیران لەبۆ هەوەسی دڵی خۆی بڵێ با هەر دۆستێکی برایەکی عەزیزی جوانە مەرگ بێ، بەڵام ئافرەتەکە دەتوانێ بیڵێ کەواتە حەیران پتر لە ئافرەتان نزیکە نەوەک لە پیاوان.

پ/ بەشێک لە حەیران کە ئاماژەتان پێدا بۆ نموونە ئافرەت لە سەردەمی کشتوکاڵیدا لەکتێبە مێژووییەکان ئاماژەی پێکرایە لەکاتی لاواندنەوەی مانگا کە ئەیدۆشێ لەکاتی منداڵ کە ئەخەوێنێ لەکاتی دروێنە لەکاتی دەسکەنە بەکاری هێناوە، بەڵام لەم بارودۆخەی ئێستادا ئافرەت نابینین حەیران بڵێ، چۆن وا بکەین کە ئافرەت بکێشینەوە بەرەو لای حەیران؟

و/ جاران لای ئێمە لە هەولێر دەیان ئافرەت هەبوو حەیرانبێژ بوون کە تائیستاش کەتکەتەیان ماوە، بەڵام بەداخەوە نە هونەری نوێ نە بواری کۆمەڵایەتی ئەو بوارە دەدات کە ئافرەت بێت و حەیران بڵێت، ڕەنگە توانای هەبێت، ئافرەتێکی بۆکانی هەیە (خاتوو زارا) حەیرانێکی جوان دەڵێت، بەڵام کەس نییە دەستی بگرێ بۆ نییە ئافرەتامان هەیە ماوەیەک لەوە پێش ئافرەتێک مرد خوالێی ڕازی بێ ناوی (بەدیعەخان) بوو دایکی کاک (جەلال پەرێشان) حەیرانبێژێکی چاک بوو دایکی مامۆستا (عارەب عوسمان) حەیرانبێژێکی چاک بوو.

پ/ بەڵام ئەوانە هیچ شتێکی تۆمارکراویان نییە؟

و/ تۆمارکراویان هەیە، بەڵام وکو بلاوکراوە لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکان نیانە.

پ/ ئەوەندەی ئاگادارین و شارەزابن تا ئێستا تا چەند کار بۆ بواری مانەوەی حەیران و پاراستنی حەیران لە کوردستاندا کراوە؟

و/ ئێستا خەریکە چەند گەنجێک هەن، بەڵام بە شپرزەیی کارەکە دەکەن، ئێمە دەبێ جیاوازی لەنێوان حەیرانبێژو حەیرانناس و حەیرانزان بکەین، هەموو کەسێک حەیرانبێژ نییە، گەنجێک دوو کۆپلە حەیران لەسەر شانۆ یان لە تەلەفزیۆن بە بۆنەیەک دەڵێت ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو کەسە بووە بەحەیرانبێژ و توانای حەیران گووتنی هەیە لەهەموو مەجالەکان خەڵکانێک هەن حەیران دەناسن، ئێستا ڕحمەتی خالید جوتیار حەیرانناس بوو دەیزانی حەیران چۆن دەوترێ و لەکوێ دەگوترێ، ئەو مەودایانە چییە کەحەیرانیان پێ دەگوترێ، بەڵام ( شێروان شەیدا) و (عارەب عوسمان)... ئەمانە حەیرانبێژن، بەڵام هەندێک کەس هەنە حەیرانزانە، وک: (زیاد ئەسعەد) حەیرانێک دەڵێت تەنها دەزانێت حەیرانەکە بڵێت، بەڵام حەیرانبێژ نییە یاخود (ئیدریس ڕواندزی) کۆپلەیەک حەیران دەڵێ گۆرانیبێژە حەیرانبێژ نییە، بەڵام کاک دەرفەت و کاک نەجات بەڕاستی حەیرانبێژن.

# فۆرمی حەیران

**ئەحمەد حەیران.**

حەیران هۆنینەوەیەکی سەرواداره، لەسەر بنەمای بەند دادەڕێژرێ، پەیڤی کۆتایی بەندی یەکەم دەبێتە سەربەند، پەیڤی سەربەند لەسەر چ کێش و سەروا و دەنگێک دامەزرابێ، دەبێ وشەی کۆتایی بەندەکانی تریش هەمان پێوەربن، بەپێی جۆری سەربەندە وشەکە (دوو، سێ، تاچوار پیتی) دواوەی وشەکە هاودەقن وک یەکن، زۆربەی جار وشەکانی سەربەند و ناوبەند و دووابەند وشەی سادەن یاخود لێکدراون داڕێژراویان نییە، وشەکە ئامرازی دانەپاڵی دەکەوێتە سەر، ئامرازەکەش بەزۆری پیتە بزوێنەکانی (ی،ێ،ە)ن، بۆ وێنە حەیرانبێژ دەڵێت:-

بەندی دووابەند

قەراتێ- قەرات

دەگاتێ- دەگات ئامرازی دانەپاڵ (ێ)

گاتێ- گات

هەرسێ وشەکە (٣) پیتی کۆتاییان (اتێ) یەک دەنگ و سەروایە.

بەند واتە پارچە، کورتە، کۆپلە، بەش، ڕستە و دەربڕینێکی واتادارە بوونی لەتێکستی حەیران مەرجێکی بڕاوەیە، پیتەکانی وشەی کۆتایی گشت بەندەکان هاودەنگ و ڕەنگن. بەند فۆرمی حەیران دەردەخا، ڕازانەوە و ڕێکسازی لەگونجاندن

| | | |
|---|---|---|
| بەندی<br>1 | حەیران لەسیلان<br>لەسیلەی قەراتێ | قەراتێ، سەربەند |
| بەندی<br>2 | بەژنی باریك گەلە مندارە<br>تازە دەگاتێ | دەگاتێ، ناوبەند |
| بەندی<br>3 | کیژ دەرێ:<br>ئەگەر ڕۆژێ سێ جاران<br>کوڕەتیم حەیرانێ نەبینم<br>ڕەببی سەت دەردم گاتێ | گاتێ، دووابەند |

و داڕشتنی وشە و زاراوەگەلی بابەتەکە دەقرێژی دەکات، بەندەکانی حەیران بەزۆری کورت و دەربڕ و واتاگەیەنن، جێگای وستانیان دیارە بەند لەکێ تەواو بوو پشوو دەوەستێ، بەندەکان بێنیان دەکەوێتە نێوان، دەنگبێژ بەیەک هەوا حەیران گۆ دەکات، هەر حەیرانێکیش بەچەند بەندی پشوودار دەردەبڕدرێ، بەند کلیلی حەیرانە، چونکە دوماهی هەر بەندێک بێن، پشووی تێدایە بەندی کۆتایی دادەخرێ.

حەیران قەرەچووغ بەتەمە
قەرەچووغ بەتەمە
لەسەری خوایە
لەبنەی عالەمە
ئەمن دەست لەبەژنێ باریک
هەرناگرم
هەتا خوا ئەمر نەکا
پێغەمبەر لێنەدا قەرەمە

تەمە تە،مە
عالەمە عا، لەمە هە ر سێ
یەک کێش و سەرواو دەنگن
قەرەمە قە،رەمە

ژمارەی بەندەکانی حەیران .

حەیران بەزۆری لەسەر سێ بەند دادەمەزرێ، ئەمە مەرجێکی ڕەهاو دابڕ نییە، بەڵکو بەپێی دانانی ناوەڕۆکی دەقەکان ژمارەی بەندەکان دادەڕێژرێ،

چونکه هەندێک دەق دیالۆگ دەقەکان تێدادەکرێ، بەزۆری و ئاخاوتنی تێدایە، کچ و بەندی سێیەم یاخود بەندی کوڕ دواندن لەگەڵا یەکتری کۆتایی لەگشت بەندەکانی دەکەن، یان دەق هەیە بەسێ دیکە درێژترە، چونکە لەوێدا

| | | |
|---|---|---|
| بەندی 1 | حەیران لەسیلان<br>لەسیلەی قەراتێ | قەراتێ، سەربەند |
| بەندی 2 | بەژنی باریك گەلە منداره<br>تازە ئەگاتێ | ئەگاتێ، ناوبەند |
| بەندی 3 | كیژ ئەرێ:<br>ئەگەر ڕۆژێ سێ جاران<br>کوڕەتیم حەیرانێ نەبینم<br>ڕەببی سەت ئەردم گاتێ | گاتێ، دووابەند |

| | |
|---|---|
| حەیران لەهۆزێ مەرزان<br>لەغەرێ شاسواری | بەندی یەکەم |

| | |
|---|---|
| وەمن ئەورۆ<br>خەجیجێ ڕەحمانیم گەلە شەرن ئەدیت<br>نەرم نەرم ئەچووە خوارێ<br>ئەگرتەوە بەینی گاوەرەو کەنداری | بەندی دووەم |

بەند مەبەست ناداتە دەست قسەکان تەواو دەبێ مانا و بەندی دیکەی گەرەکە تامانای مەبەستی کۆتایی دەگاتە تەواو دەخاتەڕوو، حەیرانی گوێگر نیازەکە دەبڕێتەوە دووبەندی تاوەکو حەوت بەندی ئەنجام دەردەکەوێ.
هەیە، بەڵام سێ بەندییەکە
باوترین و گونجاوترین و وێنە بۆ جۆری بەندەکان:
زۆرترینیانە، لەبەرئەوەی کورت دەقی دووبەندی:
و مانابەخشە، خێرا مەبەست
دەگەیەنێ، گوێگر نیگەران و داستان و گۆرانی- عومەر
بێزار ناکات، زوو ڕەنگاوڕەنگی شێخەڵڵا، حەیرانی ٣٢-٨٣، ل
لەگۆڕین و گۆتنی تابلۆی ٢١١-٢٢٢.

دەقی سێ بەندی
حەیران لەچەمچەماری
دەچمە سەر چیای حەمرینی
ڕووی خۆم دەدەمە کلکەی تۆماری
ئەمن حەیرانەکەی خۆم دەشبێنم
بەقاز و قورینگەکانی شاپەڕ شین
وەکی ئەوەل مانگی بوارێ
قیرەیان گەلە خۆش دێ
لەمابەینی هەورو ساماری
(چەمچەماری، تۆماری، ساماری) سێ بەند
داستان و گۆرانی، عومەر شێخەڵڵا، ل٢١٧.

حەیران دەشتی قەراجێ کاکی بەکاکی
سەڵام لەیارێ دووجار لەداکی
ئەمن دەست لەبەژنێ زراو
دوو چاوی کار، زەندەیێ بەبازن
هەرناگرم
هەتا ئەوێ ڕۆژێ، سەرم نەدروون لەجانگی
تەسمیلم نەکەن بەگۆڕ و خاکی
(کاکی، داکی، خاکی) سێ بەند

دەقی چوار بەندی
حەیران قەراج قەراجە
قەراجۆک دێمە
ئەوسار حەفت سارە
سەبارەت بەبەژنێ باریک

بەچۆلی لێمە
کیژ دەرێ! زێڕەکم هەیە
مسقالەک کێمە
نازانم لۆ کوڕەتیمە حەیرانێ
بکەمە زنجیری سعاتێ
نەلەبۆخۆ
بکەمە گوارە و خەزێمە
دێمە بەندی (١)
لێمە بەندی (٢)
کێمە بەندی (٣)
خەزێمە بەندی (٤)

داستان و گۆرانی، عومەر شێخەڵڵا، ح٢٠، ل ٢٠٩.

دەقی پێنج بەندی

حەیران ئەوڕۆ سبیانێ
ڕۆژم لێهەرات گەزەنگان داوێ
دەرێمە بەژنەکی برند و
پەنجەکی بەخەنە
پەرچەمت گەلەک زەردن
خەنەی پێناوێ
دەبا ڕوومەتی لەبۆ من بمێنێ
بەتۆپی گوری
چاوت بەپیارە و ژێر پیارەی
عەجەمێ
مەمکی بەجۆتە سێوی
ڕوستاوێ
بەژنی بەدارەکەی عودێ
هەموو فەسلی بەهاران وکی
شیندەبیتەوە
لەناو باغ و چار باغی میری
شەقراوێ
دەستی من دامەنی حەزرەتی
سلێمان پێغەمبەری بێ
با حوکمێ خۆی بکاتەوە
لەسەر تەیر و تواری عاسمانان
بکەن سێبەرێ
نەخۆ ڕوومەتی ئەو زالم بابەی
ڕەش ببیتن
لەبەر گەزەنگی هەتاوێ
داوێ (١)
پێناوێ (٢)
ڕوستاوێ (٣)
شەقراوێ (٤)
هەتاوێ (٥)

دارە شەکران، ڕەسووڵ بێزار گەردی، حەیرانی ١٠٠، ل١٠٨.

دەقی شەش بەندی

حەیران حەیرانە
بەندی (١)
سینگی سپییە مەمکی فنجانە
بەندی (٢)
داکی حەکیمە بابی لوقمانە
بەندی (٣)
سینگی سپییە باغەری
دووکانە
بەندی (٤)
دوو چاوی رەشی پڕ
لەدەرمانە
بەندی (٥)
حەزلێکردن لەدنیایێ گەلەک
خۆشە
بەران دەست لێکبەردان
دەردەکی گرانە
بەندی (٦)

وشەی کۆتایی هەموو بەندەکان بە (انە) دوواییان هاتووە.

فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، محەمەد کەریم شەریف، حەیرانی ١، ل ١٥٦.

حەیرانی حەوت بەندی

ئەمن دەرێم:
ئەستێرەکم لێهەرات لەتاقی
عاسمانێ
مەڕۆ ناتگەمێ گەردەن کێل
شەوقێ خۆی دەداتەوە
لەسەرێ حەسەن موتریب و
دار دێدەوانێ
لەکاکینگۆ سۆر دەکاتەوە
چەولنگی پردێ
لەگە دارێ شیلانێ
ئەوجا ئەمن شەدەکی لۆ
بەژنێ باریک و
قەد و قامەتەکی شلک
دەکرم لەخمێ کارخانێ
ماینەکی دەدەم لۆ گورینگ
لێنانێ
هەسپەکی دەدەم لۆ سیم
پێچانێ
ئەوڕۆ سەرێ چەند ڕۆژانە
حەیرانەکەی من لێم زیزە
لەسەری نانێ
عاسمانێ ١
دێدەوانێ ٢
شیلانێ ٣
کارخانێ ٤
لێنانێ ٥
پێچانێ ٦
نانێ ٧

سەرەتایەک بۆ حەیران و کورتەیەک لەژیانی حەمەد بەگی، غەفوور مەخمووری، ١٩٨٩.

کوتایی.

# ڕەسووڵ گەردی
# (هونەرمەندی مەزنی میللی لە گوتندا)

**وەرگێڕانی بۆ کوردی:**
**((زاهیر محمد کۆیی))**

گۆرانی کوردی مەبەستمان تایبەت ئەوانەی ڕەسەن و کۆنن، لەڕووی ڕیتمەوە زۆر نزیکن لە گۆرانی عەرەبی، بەراورد لەگەڵ زۆربەی وڵات و مەملەکەتی عەرەبیدا...بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین گۆرانی کوردی تایبەتمەندی و گۆڕانی کاریگەری هەیە لە ڕوخسار و بنەڕەتەوە.. تایبەتمەندیەکەی خۆی لەڕووی ئاوازو ڕیتمەوەیە هەروەها لەپەیژەو داڕشتنەوە لەهونەری کۆنی سەردەمی دێرین و زوو وردەگرێ. لە دروستبوونی باری شارستانی پێشوی کوردەکان ... ئەگەرچی ئەم جیاوازیەش وردە وردە بەسەر دەچێ لە پێشکەوتنی ڕەوشو باری مرۆڤایەتی و تێکەڵاوبوونی ژیانی لادێ و شار... ورزی نوێ لەپێشوەچوون دێتەکایەوە.... ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕاستی هونەری گوتنی کوردی بکەین لەم سەردەمەدا. دەبینین وێکچوونێکی گەورە لەنێوان گۆرانی کوردی سەردەم و شێوەکانی عەرەبیدا لەڕووی پەردەو نێوانەکانی مۆسیقا هەیە کە تا ڕادەیەک نیمچە درێژ یاخود نزیک بوونەوەیەک دەبینین لە گۆرانیە سوکەڵەکاندا وکو دەستپێک (المزهب) ئەوەی تاکە دەنگ یاخود بە کۆمەڵ وک (کۆپلە) دەگوترێ. گرنگ پەیڕەوی ئاوازی سەردەمی گۆرانی ئێستای کوردی لەگەڵ گۆرانی عەرەبی وێکچونێک هەیە ..(نووسەر).بەڵام ئەوەی دەبێ بگوترێ : گۆرانی کوردی هەنگاوی باشی ناوە بۆ خۆی کە جیاوازیەکی باشیشی هەیە لەگەڵ ئەو شێوازانەی تری دەورووبەر، چونکە پەیوەندیەک و دەربڕینێکی بەهێزی لەگەڵ ژینگەی کوردی هەیە.. دەتوانین بڵێین گۆرانیبێژی گەورەی کورد ڕەسووڵ گەردی یەک لەو ڕووە پڕشنگدارانەی هونەری گۆرانی کوردە لەسەر دەمی پێش نوێبوونەوە. گۆرانیبێژ ڕەسووڵ گەردی لە شاری هەولێر ساڵی (١٩٠١) ز لە دایکبووە. هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی لە گۆرانی گوتن بووە و بە سەداو بە پەرۆشەوە ئامادەی کۆڕی گۆیندە بێژان بووە. بەسەر شانۆ کەتووە بە گۆرانی گوتن لەوکاتەی تەمەنی لە (١٠) ساڵی تێپەڕی نەکردووە.... کاریگەر بووە بەو گۆرانیبێژانەی وختی خۆی لەسەر عەرشو پایەی گۆرانی کوردی بوون.. زۆری لە مەقامات و گۆرانی گوتن ئەز بەرکردووە. فێری چۆنیەتی دەربڕینی گوتن بووە. بەهەموو هێزێکیەوە هەوڵی دەدا شتێک فێربێ و گۆرانیەکی ونبوو زیندو بکاتەوە.. هەوڵی دەدا لە پەیڕەوکردنی گوتن و ئاواز لەسەر ڕێوشوێنی گەورە گۆیندەکان بڕوات، ئەو پەیڕەوەی ژمارەی بڕگەو دێرە شیعرەکانی دیار دەکرد لەپاڵ پەیڕەوی چۆنیەتی لەدوایەکهاتنی سەروا شیعریەکان. بۆیە ئەو گۆرانیبێژە چالاک بوو لە قوولکردنەوەو خەستکردنەوەی جۆرو شێوە گوتنەوەکانی بەو بەهرە خۆڕسکەی خوا پێی بەخشیبوو... تواناکەی لەهێزی دەنگ و گەرموگوڕی و ڕەنگاوڕەنگی دەنگەکەی دەردەکەوت. لە پاڵ ئەوەی توانای گوتنی ڕاستەوخۆی هەبوو لەگەڵ دەربڕینێکی ڕوون و ئاشکرا و بێگەرد بە هاوڕێیەتی ئامێرەکانی مۆسیقا. ڕەسووڵ گەردی لەگوتندا پەیڕەوی یاسای پلەی چوار دەنگی دەرکرد بەناوی (تترا کۆرد). هەر لە خۆڕسکیەوە ئەو فێربوو کە چۆن پابەند بێت بە پەیڕەوی هونەری. بۆیە ڕووەو بەکارهێنانی پەیژەی ڕۆژهەڵاتی هەنگاوی هەڵنا ئەو کاتە لە ساڵی (١٩٣٠) ز ئەو شێوە بەر بڵاو بوو.. بریتیبوو لە (٢٤) ڕەهەندی چالاکی ... ئەوەش ئاسانکاری بوو بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی ئاوازە کوردیەکان لەسەر ئامێرە مۆسیقاییەکان.....لەگەڵ ئەوەش دەنگی تەواوو نیو دەنگیشی بەکار دەهێنا. گەرچی (ڕەسووڵ گەردی) هەندێ جیاوازیشی هەبوو لە بەکارهێنانی چارەگە دەنگ بەرامبەر ئەو پەیڕەوەی لە دەوڵەتە عەرەبیەکان بەکار دەهات. چونکە ئەو ئاوازانەی شتێکی لێک نزیکە نەک پێوانەیەکی زۆر وردو تەواو، ((نوسەر))... ((ڕەسووڵ گەردی))هەوڵی دا گۆرانیەکانی گوزارشت لە سروشت و ژینگەی دەورووبەری کوردەواری خۆی بکات. لەگەڵ گوتندا هەندێجار ((ڕەبابەی)) بەکارهێناوە.((نوسەر)). ئەو ئامێرە لە سندوقێکی خڕ پێکدێت. پێستێکی بزنی ئاژەڵی لەسەر چەسپ دەکرێ تاکو لەسەر ئەویش هەندێ ((ژێ))ی لێ ببەسترێ.. ژمارەیان لە چوار((٤))ژێ تێپەڕ ناکات. لەکاتی ژەنینی (ڕەبابە) ئەو ئامێرە بەڕێکی ڕاست لەسەر ڕان دادەنرێ. دەنگێکی لێدەردەچێ لە ((٨)) پلە تێپەڕ ناکات (نووسەر)... هەروەها ئەو گۆرانیبێژە ئامێری سەنتوریشی بەکارهێناوە. ئەو ئامێرە بە دار یاخود بڵێین: (بە کەوچکی دار) لێدەدرێ((وەرگێڕ)).. ئەو ئامێرە تاکو ڕادەو مەودای (٣) پەیژە (ئۆکتاف)

بردەكات...هەروەها ئامێری ((تار))
یشی بەكارهێناوە ((واتا لەگەڵی
لێدراوە.. ورگێڕ)) لە (٦) ژێ پێكهاتووە
(لەرینەوەیەكی) خۆش و بەسۆزی هەیە..
چوار ژێیەكەی یەكەم دوان دوانن (جووت
جووت). دوانەكەی تریش تاك تاك.. ئەو
ئامێرە بەتەنهایی لێدەدرێ.(نووسەر)...
هەروەها گۆرانیبێژ ((ڕەسووڵ گەردی))
ئامێری (نای) لەگوتندا بەكارهێناوە.
ئەو ئامێرە قەمیشە شەش (٦) كونی
لە پێشەوە (لەڕووی سەرەوە) هەیەو
كونێكیشی لەژێرەوە هەیە پەنجەی گەورەی
لەسەردادەنرێت بۆ گۆڕینی دەنگەكان بە
گوێرەی مەقام و پلەكان.. ئەو گۆرانیبێژە
یەكێك بوو لەوانەی زۆر كاریگەرو سەرسام
بوو بەو ئامێرە لە گوتنە میللیەكانی زۆر
بەكاری دەهێنا. لە ئامێرە بەناوبانگ و
دیارەكانی كە زۆر بەكاردێت لەهونەری
گوتنی كوردیدا. عودو قانوونە.. چونكە
ئەو دوو ئامێرە كاریگەری و بە هایەكی
گرنگیان هەیە لە پیت و وشە كۆنەكانی
گوتنی كوردیدا كە شایانی ئەوەیە هەندێ
(ڕامان) و تێفكرینی بۆ بكرێت.. ئەگەرچی
ئەو دوو ئامێرە بەم دوایانە شوێن و بەهای
خۆیان هەندێ كەم كردۆتەوە، بەڵام وادیارە
دیسان خۆیەتی و هێزی خۆیان دووبارە
دەردەخەنەوە بەنوێبوونەوەو دەركەوتنەوە
لەناو تیپە مۆسیقایەكانی كوردیدا..
دوای ئەوە هەندێ هونەرمەندو ژەنیاری
تازە پێگەیشتوو دەركەوتن و لەسەر
ڕێوشوێنی گەورە هونەرمەندانی پێشو و
ئێستای خۆیاندا دەڕۆن. بەتایبەتیش ئەو
شێوە سەنگیەی كە ((ڕەسووڵ گەردی))
لە گوتندا بەكاری دەهێنێ، چونكە زۆر
جوانكاری و تاموچێژی هونەر و گوتنی
كوردی تێدایە دوای ئەو هەموو ساڵە لە
گوتن و شارەزایی و ڕاهێنان.. هەندێ
لەو شێواز و جوانكاری و ئارایشتانەی لە
گۆرانی كوردی و عەرەبیدا هەیە پێیان
دەگوترێ هەلهەلەو لەرینەوە كە بەدەنگی
خوازراو دەكرێت و دەردەبڕدرێت و هەندێ
ڕێگەو شتی تر (نوسەر).. تایبەتمەندی
تر لەسەردەمی گۆرانیبێژ ((ڕەسووڵ
گەردی)) ئەوەیە ڕاستەوخۆ لەسەر
پێی (ارتجال) گوتنەو بەشێوەیەكی
خۆڕسك و زۆر لەگەڵ مۆركی كوردیش
گونجاوە.. هونەرمەندانی كورد چاكسازی
پێشدەستیەكی باشیان لە دانان و
پێشخستنی ئاوازو گۆرانی خۆیان كردووە
.. ئەوەش وا دەست پێدەكات. ڕستەی
مۆسیقایەك لەدوای یەك هاتوو بە ئامێری
مۆسیقا لێدەدرێ و دواتریش دەربڕین و
وشەو گۆرانیەكان لەلایەن گۆرانیبێژەوە
بەڕێگەو شێوەی تەریب لەگەڵدا. ئینجا
گۆرانیبێژ تاوێك ڕادەوەستێ بۆ هەناسە
هەڵكێشان و حەسانەوە تاكو چالاكی و
گورجوگۆڵی و وزەی خۆی بپارێزی و
دەست پێبكاتەوە..تاد.. دەمانەوێ هەندێ
باس لە تایبەتمەندی هونەری دەنگی
گۆرانیبێژ((ڕەسووڵ گەردی)) بكەین.
ئەو تایبەتمەندیەی لەماوەیەكی دوورودرێژ
لەگوتندا بڕیویەتی و توانیویەتی مەودایەكی
گەورە ببڕێت و سەرنجی زۆر بۆ خۆی
ڕبكێشێت كە چۆن بنچینەكانی گوتنی لە
یاساكانی سروشتی دەنگ بەكارهێناوە.
بۆیە ((ڕەسووڵ گەردی)) پلەیەكی بڵندی
لە گوتنی گۆرانی كوردیدا و لە ناو
گۆرانیبێژانی كورد بۆخۆی داگیركردووە،
ئەو یاساو ڕێسایانەشی بەگیانی خۆڕسك
و تەواو دەستەبەركردووە. ئەو لە هیچ
خوێندنگاو پەیمانگاو قوتابخانەیەكی
هونەری نەیخوێندووە، بەڵكو بەدانیشتن
لە كۆڕو مەجلیس و ئاهەنگەكان لەگەڵ
مۆسیقایانی گوێندەبێژی بە ئەزمونی
سەردەمی خۆی ئەو هونەرە فێربووە..
توانی بە دەنگە بەسۆزو گەرموگوڕە
بەهێزەكەی لە بەرزی و بڵندی و خێرایی
و لە سەرخۆیی هەروەكو چیاو كێو و
دەشتاییەكانی و ژینگەكەی گوزارشت
بكات.. ئەوەش كاریگەری زۆری لەسەر
ڕێوشوێنی گوتن و كاركردن لەهەست و
نەستی بەرامبەرەكەی هەبوو و بەزیرەكی
و شارەزایەكی بێ وێنە جوانیەكی وا
دەبەخشێ بەدەرهێنانی ئاواز و پلە و
دووریەكانی دەنگەكان بە دەربڕینێكی ڕێكو
پێك و سادە... ((ڕەسووڵ گەردی))
لەگوتنیدا گەیشتە پلەی تەواو لە بازنەی
چێژ بەخشینی ئاوازو گوتن لە پێكهێنانی
پلە دەنگیەكان و شەپۆڵیەكانی. لەرینەوەو
دەنگ لەدوای دەنگ و پاراستنی یەكیەتی
و لە دواهاتنی دەنگەكان بەدوای یەكدا،
بەڵام ئەوەی باشتر دەبوو كە بیكردایە
لەگەڵ پێشكەوتنی تازەی یاسایی
لەدوای یەكهاتنی دەنگەكان بڕۆشتایە،
چونكە نوێبوونەوە هۆی پێشكەوتن و
گەشەكردنەوە ڕێگە نوێیەكانی پێشوو
زیاتر سەردەخاو ڕاستی دەكاتەوە و
لەگەڵ گیانی سەردەم زیاتر ڕێك دەخرێ،
بەو مەرجەی یاساو ڕێسای پێویست
دەستەبەر بكرێ لە هەركارێكی هونەری...
بۆیە ئەو گۆرانیبێژە زیاتر لەسەر شێوازی
ئەوانی كۆن و پێشخۆی دامایەوە لەگەڵ
ئەوەش هەست و توانای باشی هەبوو كە
دەیتوانی لەگەڵ سەردەمی تازەدا بگونجێ
و بژێیت... ئەگەرچی ((ڕەسووڵ گەردی))
زۆر پابەندی تایبەتمەندی كۆن بوو. بەڵام
قورگێكی ڕەسەن و بەهێز بوو توانی شێوەو
ئاكاری هونەری خۆی بپارێزێ و تواناو
سنووری هونەری خۆی بسەپێنێ كە قەت
كاڵ نابێتەوەو لە بیرناچێت... بەهەرحاڵ
گوتن و ئەدای ئەو هونەرمەندە گۆرانیبێژە
كوردە بەرزە شایەدێكی گەورەیە چۆن
هونەرمەند توانیویەتی هونەری گەورەكانی
پێشخۆی بپارێزێ و شێوە گوتنە جۆراو
جۆرەكەیان زیندوو ڕابگرێت.

لـــــەنامیلكەی:
((اصوات و الحان كوردية))
دانـــــــانی:
((عـــــادل الهـــــاشـمی))

# یادی حەڤدە ساڵەی کۆچی دوایی میری حەیرانبێژانی کورد (ڕەسووڵ بێزار گەردی)

## با ڕۆژی ١٧ / ١٠ ی هەموو ساڵێك بکرێ بە ڕۆژی حەیران (*)

هەندرێن خۆشناو

شەمامە و شلێرە دەمەک ورە ئێرە
بۆنت دەکەم تێرە گوناح نیە و خێرە
خێر و حەســەناتە سەدەقەی براتە
شەمــــــامە و شلێــــــرە
شەمـــــــــام لەبەر نانـــی
شەمــــــــام تەنکـــــــی
پێم نـا لە کلــــــــــدانی
زەرد و تەنکـــــــــــــی
نەفــــــــــام بووم نەمزانی
شەمـــــــــام نوو بووکـــــی
( ١ )

لەم ڕۆژانە و بەتایبەتی لە ڕۆژی ١٠/١٧ شنەبای یادی حەڤدە ساڵەی ماڵئاوایی مامۆستای هونەرمەند (ڕەسووڵ بێزار گەردی) بەسەر کوردستان و هەولێری لاوک و حەیران و هونەر و شیعر گوزەری کرد، کە هونەرمەندی ڕەسەن مامۆستا بێزار گەردیمانی هێنایەوە یاد، دەنگە بە سۆز و ئاوازە دڵڕفێنەکانی بە گوێمان دەچرپێنێ، و هەستی پڕ عەشق و خۆشەویستیمان دەوروژێنێ، پێمان دەڵێ: مامۆستا ڕەسووڵتان بێتەوە یاد، کە سونبوول و نیشانەیەکی دیاری شاری هەولێر و کوردستانە، ڕۆحی پاکی ئەم هونەرمەندە مەزنە قبوڵناکات کوچە و کۆڵانەکانی هەولێری دێرین جێبهێڵێ، وک کزەبایەکی فێنک ڕۆژانە بەسەریاندا تێپەڕدەبێ، هەر کە لاوکێک یان حەیرانێک یان گۆرانیەکی ڕەسەنی کوردی دێتە بەرگوێچکەی ڕۆڵە بەوەفاکانی ئەم شارە.

شێتی کردم چاوەکەت .. ناوەکەت
قژی زەردی خاوەکەت .. داوەکەت
شلکەی لەنجەولارەکەت .. راوەکەت
رەحمێ یارە تاکوکەی
من شێت و شەیدا دەکەی
ئەم ئازارە تاکوکەی ( ٢ )

هەرکە یادی ئەم کەڵە هونەرمەندە دەکەینەوە یادی چەندین بەهرەی کۆکراوە لە خودی ئەم هونەرمەندە دەکەینەوە، یادی هونەری ڕەسەنی کوردی و شیعری بەپێز و لاوک و حەیرانی دەشتی هەولێر و ئاوازی بەجۆش و سروودی شۆڕشگێڕی دەکەینەوە، چونکە مامۆستا ڕەسووڵ تەنها لاوکبێژ و حەیرانبێژ نەبووە، بەڵکو گۆرانیبێژ و شاعیرێکی بە سەلیقە و ئاوازدانەرێکی بەرهرەمەند و نوێکەرەوەی فۆلکلۆر و مەقامزانێکی شارەزا و لێهاتوو بووە، هونەرمەندی خوالێخۆشبوو فوئاد ئەحمەد دەڵێت: « ڕەسووڵ گەردی مامۆستای حەیرانی کوردییە، و ئینسانێکی کەم وێنەیە.» مرۆڤێکی نەفس بەرز و هەست ناسک و دڵسۆزی گەل و نیشتمان و گشت برا و هاوڕێیانی بووە، هەردەم لەکاتی نەخۆشی و تەنگانە سەردانی کردوون و بەسەریکردوونەوە، قەتاوقەت لە ئاهەنگی تایبەتی و زەماوەند بۆ پارە کۆکردنەوە بەشداری نەکردووە. مرۆڤێکی قسەخۆش و دەم و لێو پڕ لە پێکەنین و وشەی شیرین بووە. مامۆستا هەژاری شاعیر لەکەرەج هەرکە برادەرێک و دۆستێکی نزیکی ڕەسووڵ گەردی چووبانە لای، شیعری بۆ نەدەخوێندنەوە هەتا قسەی خۆش و بەسەرهاتە خۆشەکانی ڕەسووڵ گەردیان بۆ نەگێڕابایەوە.

**گرتمت بەستمت کوشتمت سوتاندمت**

بەزیندووی چاوەکانم لەژێر گڵ مراندمت
نازی تۆ زۆر گرانە بەهەموو کەس ناگیرێ
ئەگەر تۆش رەحمێ نەکەی خودا لێت هەڵناگرێ.

(٣) کاتێ کە یادی ئەو هونەرمەندە پایەبەرزە دەکەینەوە، یادی چیا و دۆڵ و دەشتی هەولێر و گوند و لادێکانی کوردستان و رووبار و کانیەکان دەکەینەوە، هەموو کوچە و کۆڵانێکی هەولێری دێرین یادی دەکەنەوە، هەموو دار و درەختێک و گوڵ و گوڵزارێکی ئەم کوردستانە یادی دەکەنەوە، هەموو چاو و برۆیەکی جوان و دەم و لێوێکی ئاڵ و گوێی بەگوارە و لوتێکی بەخەزێم و سەرێکی بە هیزار و سنگێکی بەگۆبەرە و قەد و باڵایەکی شوشەیی یادی دەکەنەوە، هەموو کوڕەتیمەڵاو و کچەتیمەکی ئەویندار یادی دەکەنەوە.

**ئەستێرەکم لێهەڵات لەلای قودرەتی.**

براینە دەیداوە لەگومبەتی شاهی کەسنەزان، بە شەوق دێخی سام و هەیبەتی.

براینە ورن دیسان لۆ رەزامەندی خوای بگرین کەمەندی شاهی کەسنەزان ئەوڵادی ئیمامی عەلی، ئەمین بین لە عەزابی

قیامەتی.
(٤) ڕادیۆی دەنگی کوردستان و وێستگەی تەلەفزیۆنی کەرکوک و وێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا بەشی کوردی یادی دەکەنەوە، (کە لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٧ یەکەم ئاهەنگی ڕاستەوخۆی لە بەشی کوردی ئێزگەی بەغدا پەخشکردووە) کاروانی هونەرمەندە نەمرەکان مامۆستا عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و حەسەن جزیری و فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەها و شەماڵ سائیب و قادر کابان و ئیبراهیم خەیات و عوسمان عەلی و حەمەجەزاو سەید عەلی ئەسغەری و حەسەن زیرەک و محەمەدی ماملێ و محەمەد شێخۆ و ئایشەشان و یادی دەکەنەوە.

**ئەمەوێ بژیم من بەسەربەستی**
**نامەوێ بژیم ژینی ژێردەستی ئەمەوێ**
**خوێندن پەرەبسێنێ هێلا نە ی**
**نەزان گشت بڕۆخێنێ**
**نامەوێ گەلم نەخوێندەوار بێ**
**دایم خەمگین و پەست و هەژار**
**بێ ئەمەوێ خوشکی دڵسۆزی وڵات بێنە**
**ناو کۆڕی زانست و خەبات**

(٥) بەرهەمە بلاوکراوەکانی (کە نزیکەی ١٠٠٠ بەرهەمی هونەرین و زیاتر لە ٦٠٠ حەیران و مەقام و گۆرانی و سروودی تۆمارکراون لە وێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا، سەدان بەرهەمی تریش لە دەرەوەی ئەو وێستگەیە تۆمارکردووە) یادی دەکەنەوە، کتێبەکانی (بژار – ١٩٥٧) و (گوڵە مێلاقەی کوردستان – ١٩٦٠) و (شیلان و شلێر – ١٩٦٧) و (دارەشەکران — ٢٠٠٧) و (پەنگر — ٢٠٠٨) کە بەرهەمی خودی خۆی بوون یادی دەکەنەوە، تەنانەت ئەو بەرهەمانەی کە لەنێوان ساڵانی چلەکان تا پەنجاکان نەنووسراونەتەوە ئەوانیش یادی دەکەنەوە. مامۆستای شاعیر پیرباڵ مەحموود لە مەڕ هونەرمەند ڕەسووڵ بێزار گەردی دەڵێت:

وێنەگر وێنەی کاکە (بێزار) م
بەنرخە وکو کێو و کۆسارم
کەچی پەنجەی تۆ وێنەی کێشاوە بۆ
هونەرمەندیی، لێرە لە شارم
بەڵام لەخۆوە، وها خوڵقاوە
هونەرمەند، وکو مەلی هەوارم
بەدڵ نەی، بە دەم چریکەی گەرم بە
حەز تریسکەی ڕۆژی بەهارم بە دیمەن
وکو فەرهادی شیرین بە تاسە وکو
مەمی دڵدارم

(٦) لەڕۆژی ١٧ ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٤ لە تەمەنی ٧٢ ساڵی و دوای زیاتر لە نیو سەدە خزمەتکردنی هونەرو ئەدەبی کوردی، دڵە گەورەکەی چیتر هێزی ترپەکردنی نەما، لێوە بەخەندەکانی لە پێکەنین و قسەی خۆش وستان، دەست و خامەکەی لە بەرهەمهێنان و داهێنان کەوتن، خوێنەگەرم و ئاڵەکەی سارد بۆوە، بە بێنازی سەری نایەوە و ماڵئاوایی لێکردین، و هونەر و ئەدەب مامۆستایەکی پڕ بەرهەمی لە کیس چوو.

**درۆزنی بڕۆ بڕۆ بڕوات پێ ناکەم**

ببیە پەری هەتا ماوی تەماشات ناکەم
ئەتۆم بژارد لە جوانیدا بە چاوان مەستی
بە هاوکاری تاسەر بڕۆین دەست لە ناو دەستی
بە پێکەنین وردە ڕۆیین زوو بکەین ڕاوی
خۆشەویستی گەر وهابێ دەمێنێ ناوی
لەبۆ دێرێ خۆی دەڕازاند ڕەش دەکا چاوی
لێی دەپرسم نازدار بڵێ نەیدەگوت ناوی
زۆرگرانە لە جیهاندا ئەرکی دڵداری
دولبەری من خەتابارە پێی دەکا یـاری

(٧) نازناوی میری حەیران و مامۆستای حەیران و شێخی حەیرانبێژانی کوردستانی لە خۆڕایی پێنەبەخشراوە، چونکە مامۆستا ڕەسووڵ گەردی خاوەن دەنگێکی هەست بزوێن و بە جۆش و خرۆش و سەدایەکی ئیلهام بەخش و خاوەن نەفەسێکی درێژ بووە، پێشەنگ بووە لەنێو هەموو حەیرانبێژەکانی پێشخۆی و سەردەمی خۆی، یەکەم کەس بووە حەیرانی لە مەجلیسەکاندا و لەناوچەیەکی دیاریکراوی بەرتەسکەوە گواستۆتەوە قۆناغێکی تر و بۆ مەودایەکی فراوانتر کە ئەویش مەودای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە، بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی کوردستان و ناوچەکە گوێبیستی بن، و یەکەم کەس بووە حەیرانی نووسیوەتەوە و لەدوو توێی چەندین کتێبدا بڵاویکردۆتەوە و لە فەوتان پاراستویەتی، یەکەم کەس بووە کە حەیرانی لە ڕادیۆ بە ڕاستەوخۆیی پەخش کردووە و یەکەم کەس بووە مەقامی حەیرانی لە تەلەفزیۆن تۆمارکردووە، یەکەم کەس بووە حەیرانی لەگەڵ مۆسیقادا گووتووە، و یەکەم کەس بووە حەیرانی لەسەر مەقامی سەبا گووتووە، چونکە حەیران لەسەر مەقامی بەیات دەگووترێ، بۆ خۆی لاوک و حەیرانی نووسیوە و دایڕشتووە نەک هەر حەیرانی پێش سەردەمی خۆی گوتبێتەوە، هەروەها مەقامزانێکی شارەزا و لێهاتوو بووە، شارەزا و کاراما بووە لە لاوک و بەستە و حەیران و جۆرەکانی مەقامی ڕەسەنی کوردی و مەقامەکانی تریش، ئەم بەهرانەش وا بە ئاسانی لە حەیرانبێژێکدا کۆ نەبۆتەوە و کۆنابێتەوە.

سەرەڕای ئەوەش شاعیری زۆربەی گۆرانیەکانی خۆی بووە و ئاوازدانەرێکی بەسەلیقەبووە، یەکێک بووە لە پڕ بەرهەمترین هونەرمەندانی سەردەمی خۆی و دوای خۆیشی.

ئای نیزام و خۆم نیزام
نیزام نیمە و عەسکەرم
موبتەڵای ڕەش ئەسمەرم لەسەر باڵای
ئەو کچە لە دنیا دەربەدەرم
هەر کەسێ دەیکا مەنعی من وتۆ لە ماڵێ
دەرچێ ڕۆژی هەشت و نۆ
دەترسێم بمرم تۆ نەبینمەوە بە
جوانەمەرگی سەر بنێمەوە

(٨) ئێستاش وا هەست دەکەین کەوا گیانی پاکی مامۆستا ڕەسووڵ بێزار گەردی لەهەموو کۆڕو کۆبونەوەیەکی هونەری ڕەسەندا ئامادەیە و بەسەر بەشداربووان گوزەر دەکات، دەنگی زوڵاڵ بەجۆشی بە گوێماندا دەزرینگێتەوە، هەرکە یەکێ هەوڵ دەدات حەیرانێک بڵێتەوە، یەکسەر

بەراوردێکی پێدەکەین لەگەڵ دەنگ و چۆنیەتی گوتنەوەی ئەو حەیرانە لەلایەن میری حەیرانی کوردی ڕەسووڵ گەردیەوە، ئەوکات کەموکوڕی و لایەنە لاوازەکانی ئەو کەسەمان بۆ بەدەردەکەوێ. ئێستاش شارەزایی ڕەسووڵ گەردی لە مەجلیسی و چیایی (هەردوو جۆرەکەی حەیران) و بەتوانایی لە داڕشتنی حەیران و لێهاتوویی لە گووتنەوەی دووبەند و سێبەند جێگەی شانازی و سەرسوڕمانە، چونکە حەیران هونەرێکی ڕەسەن و تایبەتە بە کورد، و ئاوازێک و گووتن و داڕشتنێکی تایبەتی هەیە، جۆرە مەقامێکی کوردی ڕەسەنە لەسەر شێوزای مەقامی بەیات دەگوترێ، هەر وشە ڕێکخستن و ڕیزکردنی ناوی گوند و شوێن نییە (وەکو ئێستا وای تێدەگەن) و هەرکەسێ بەهەوەسی خۆی کۆتایی بە بەندەکان دێنێ، یان زۆر جاری وا هەیە ئەو حەیرانانەی کە ئێستا دەیلێنەوە هەر بەندەکانیشی دیارنین، حەیران هونەرێکی ڕەسەنە و لە کانگەی دەشتی هەولێرەوە سەریهەڵداوە و پەلوپۆی بۆ ناوچەکانی تری کوردستان هاویشتووە، حەیران جیاوازی لەگەڵ چیرۆک و سەربردە گێڕانەوە هەیە، کە لە عەرەبیدا بە (الراوی) ناوزەد دەکرێ (کە پێش پەیدابوونی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن باوبوو)، سەیر لەوەدایە کە ئێمە چیرۆک گێڕەوە لێرە و لەوێ بە حەیرانبێژ ناودەنێین، کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە دەرحەق بە حەیران و حەیرانبێژان دەکرێت و بەو کەسەش کە چیرۆکێک یان قارەمانیەتیەک دەگێڕێتەوە.

**حەیران هەمینە .. گەلی برا و برادەرینە**

گەردەنی زەرد، دوو چاوی شینە
سینگ و بەرۆکی جوانی ناو ماران
لەبەر مۆری و مەرجانان
دوگمە و دەرزیلان .. حەمایلە و عاشقبەندی سەر مەمکان
خینی شیرینە، شانەی هەنگینە
ئەمن سوندەکت لە بۆ دەخۆم .. درت چ نەکا
ئەمن پاشی تو چ دۆست و گراوی دیم نینە ..

(٩) نازدار و نازدارێ، نازدارەی داکێ
گەردن هەڵێنە بۆنکەم خەناوکێ
ڕەشە ڕەیحانە خۆمی پێ ڕەشکەم
لەدوای باڵاکەت دڵ بە کێ خۆشکەم
نازدار و نازدارێ، نازدارەی بابی
خۆمن نەمزانی نازدار تۆ بۆ من نابی

(١٠) بەبۆنەی ئەم یادەوە داوا لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی دەکەین کە ڕۆژی ١٠/١٧ لە هەموو ساڵێک بکرێ بە ڕۆژی حەیرانی کوردان و کەرنەڤاڵ و فیستیڤاڵی بۆ ئەنجامبدرێ وکو نیشاندانی ئەمەکداریەک بۆ ئەو کەڵە هونەرمەندە ڕەسەنە و ئەو خزمەتە گەورەییەی کە بە هونەر و ئەدەبی کوردی بەخشیوە و زۆرینەی تەمەنی خۆی لەو پێناوەدا بەسەربردووە. دوای تێپەڕبوونی (١٧) ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا ڕەسووڵ بێزار گەردی ئێمەی عاشقانی هونەری ڕەسەنی ئەو مامۆستا نەمرە، هەرئەوەندەمان لەدەست دێ کە بەوەفاوە یادی بکەینەوە.

**(*) ڕۆژی حەیران ١٧ /١٠ پێشتر لەلایەن برای بەڕێز کاک (نایف شێخانی) یەوە پێشنیار کرابوو.**

(١) گۆرانی شەمامە و شلێرە، شیعر و ئاواز و گووتنی ڕەسووڵ گەردی، سەرچاوە (بژار — ١٩٥٧)، دوای ئەویش چەندین هونەرمەند ئەو گۆرانیەیان گووتوتەوە بە دەستکاریەوە، وکو تیپی کامگاران و ماهر محەمەدئەمین و چەندینی تر، بەڵام بەداخەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدەن کە شیعر و ئاوازی مامۆستا ڕەسووڵ گەردیە، بەڵکو بەبێ ماندووبون لە گەڕان بەدوای ناوی خاوەنەکەی، ئەم بەرهەمەیان داوەتە پاڵ فۆلکلۆرەوە.

(٢) گۆرانی شێتی کردم. شیعری مەدحەت بێخەو و گوتن و ئاوازی مامۆستا ڕەسووڵ گەردی. دواییش خاڵە تاهیر تۆفیق گوتویەتیەوە ( سەرچاوە: کتێبی گوڵە مێلاقەی کوردستان – ١٩٦٠).

(٣) گۆرانی گرتمت. شیعری جاهد، ئاواز و گوتنی مامۆستا ڕەسوڵ گەردی، سەرچاوە (گوڵە مێلاقەی کوردستان _١٩٦٠). دوایش هونەرمەندی ناسراو ناسری ڕەزازی بەدەستکاریەوە گوتویەتیەوە.

(٤) حەیران، دانان و گوتنی ڕەسووڵ گەردی، سەرچاوە (بژار _ ١٩٥٧).

(٥) سروودی ئەمەوێ بژیم، شیعری کاروانی، ئاواز و گوتنی ڕەسووڵ گەردی، سەرچاوە (گوڵە مێلاقەی کوردستان _ ١٩٦٠).

(٦) شیعری پیرباڵ مەحموود، سەرچاوە (شیلان و شلێر _ ١٩٦٧ ).

(٧) گۆرانی درۆزنی، شیعر و ئاواز و گوتنی: ڕەسووڵ گەردی، سەرچاوە (دارەشەکران ٢٠٠٧).

(٨) گۆرانی ئای نیزام ، شیعر و ئاواز و گوتنی: ڕەسوڵ گەردی، سەرچاوە ( بژار _ ١٩٥٧)، دوای ئەویش هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەک ئەو گۆرانیەی بە دەستکاریەوە گوتووتەوە.

(٩) حەیران. دانان و گوتنی: ڕەسووڵ گەردی. سەرچاوە (دارەشەکران _ ٢٠٠٧)

(١٠) گۆرانی (نازدار و نازدار) شیعر و ئاواز و گوتنی: ڕەسوڵ گەردی سەرچاوە (بژار _ ١٩٥٧). کە چەندین تیپ و هونەرمەند گووتویانەتەوە، بەمدواییەش هونەرمەندی گەنج (ئیسلام زاخۆیی) کە ئەم بەرهەمەی داوەتە پاڵ فۆلکلۆرەوە کە وانیە، و چەندین نموونەی تر کە بەرهەمی هونەرمەندی ڕەسەن: ڕەسووڵ بێزار گەردین کە هونەرمەندانی تر گوتوویانەتەوە، بەڵام بەداخەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدەن کە ئەو بەرهەمانە لە شیعر و ئاوازی ئەو کەڵە هونەرمەندن، ئەمەش ماف خواردنێکی بێبەزەییانە و ناڕەوایە!!

# چەند بیرەوەریەک لەگەڵ مام ڕەسووڵ گەردی

سابیر عەبدولڕەحمان

ئەگەر بێت و باس لە ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا (ڕەسووڵ گەردی) بکەین ، باسێکی زۆری دەوێت، چونکە ئەو یەکێکە لەو کۆڵەگە گەورانەی وکو مامۆستایانی هونەرمەند: (تاهیر تۆفیق و محەمەد عارف و تەحسین گە و فوئاد ئەحمەد و شەماڵ سائیب... هتد ).

زۆر کەس هەیە دوای ئەوەی لەژیاندا نامێنێت، بەشێوەیەکی ناڕاست باسی هەندێ لایەنی ژیانی دەکرێت و شتی زیادەی دەخرێتە سەر، بەڕاستی ئەمە شتێکی زۆر ناشرینە هەندێک شت هەیە لە کەسایەتی ئەو مرۆڤە دەدات هەندێک شت بەدەمی ئەو دەگوترێت کە چی دوورە لە ڕاستی.

(مام ڕەسووڵ گەردی) کەسایەتیەکی وای هەبوو تێکەڵ بەهەموو کەسێک نە دەبوو، ئەو هونەرەی مامۆستا ڕەسووڵ گەردی پێیوەی خەریکبوو (حەیران)ە، مامۆستا فەزلێکی زۆر گەورەی لەسەر هونەری کوردی هەیە، چونکە ئەو هونەرمەندە گەورەیە لە ساڵی (٤٠ و ٥٠)کاندا بوو توانی (حەیران )لەگەڵ تیپی مۆسیقا لەناو ئێستگەدا جێگیر بکات و تۆماربکات.

ڕەسووڵ گەردی بەهرەیەکی زۆر گەورەی هەبوو، دەنگی زۆر ساف و تۆنێکی زۆر باشی بۆ حەیران هەبوو، چونکە لەرینەوەیەکی زۆر خۆشی هەبوو، بە ڕەحمەتبێت بەستایلێکی تایبەت حەیرانی دەوت ستایلێکی زۆر خۆشە هەموو گوێیەک تەقەبولی دەکات، ئەو خزمەتە گەورەی کە کردی حەیرانی بەگوێی هەموو کورد ئاشنا کرد، مرۆڤێکی زۆر ڕوح سوک بوو، دڵساف بوو هیچ کاتێک غەرەزو بوغزی لە دڵی دانەبوو ، بە پێچەوانەوە مرۆڤێکی زۆر ڕووخۆش و مەجلیس خۆش بوو، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە لەگەڵ مامۆستا تاهیر تۆفیق دەچووینەی لای ئەو دانیشتنانەمان لەلا زۆر خۆش بوو، مرۆڤێکی چاو تێر بوو، ژیانی زۆر بەڕەبەنی (بەتەنیا) بەسەر برد، حەزی دەکرد بەتەنیا لە ماڵەوە دەعوەتت بکات، هەموو شتێکت لەپێش دابنێ کە هەیەتی، زۆر عاشق بە جل و بەرگ و پاک و خاوێنی بوو ، هەرکەسێک بیدیتبا دەی وت ئەوە ئاغایە، ئەگەر ئاقلی پارچە قوماشێک بگرتبا هەموو ئەو پارەی هەیەبووایە پێی بدایە پێی هیچ نەبوو. خۆشیەکەی لەوە بوو تەنها بە جلوبەرگی کوردی دەبینرا لەهەموو شوێنێک تایبەت لە بەغدا سەدان جار بە جلی کوردی بەیەکەوە دەچوینە بەغدا لە ناو ئێستگەکان زۆر ڕێزیان لێدەنا.

مام ڕەسووڵ ژیانی ماددی زۆر خراپ بوو، بەڵام زۆر چاو تێر بوو، هیچ کاتێک دەستی لەهیچ کەس پان نەدەکردەوە، ئەو نانەی کە دیخوارد ماندویەتی دەستی خۆی بوو ، زۆر بە دەردەسەری و کەسەرێکی گەورە کۆچی دوایی کرد، هونەرمەندە گەورەکانمان هەمووی وا بوون، سکی بەخۆی دەسوتاو حەقی خۆشی بوو.

لە (٦٠) کان مام ڕەسووڵم ناسی، پاش ئەوەی من هاتمە ناو هونەر زۆر بەینمان خۆش بوو ، زۆر منی خۆش دەویست تا مردیش بەمنی دەوت (سابا). جارێک من حەیرانێکم وت، مامۆستا (تاهیر تۆفیق و ڕەسووڵ گەردی) لەوێ بوون، تاهیر تۆفیق وتی :( ئەوە سابیریش دەستی بە حەیران وتن کرد وابزانم گوشت لەپشتێ دەبەستێ)مام ڕەسووڵیش وتی: (کوڕە نانا ئەگەر بە گوێی من دەکات با لۆخۆی خەریکی حاجی لەقلەقەکەی خۆی بێت باشترە لە حەیرانێ).

لەبەرئەوەی من مەنەلۆجێکم هەیە بە ناوی (حاجی لەقلەق مار هات) بۆیە مام ڕەسووڵ وای پێ وتم.

مام ڕەسووڵ سروودێکی هەیە دەڵێت:

کالک و گۆرەوی لەپێ دەکەم
پێشمەرگەم هەتا بەستۆڕەی.

خارە تاهیریش بە مام ڕەسووڵی گوت: ڕەسوولۆک باشە ئەتوو لۆ هەتا حاجی ئۆمەران و چۆمان و گەڵالە نەچووی؟ بۆ هەتا بەستۆڕەی؟ ئەوەتە بە ستۆڕە لەبن هەولێرییە؟ گۆتی کاکە شیعرو قافیەکە هەر ئەوەندەی دەخوازێت.

ئەگەر لە جادەی برۆیشتابایە دەستی بەپێشخۆی دەگرت، تەسبێحی لەدەست دەگرت و جەمەدانی نەدەبەستا چەفیەی بە گورینگی لەسەر دەکرد، کورتەک و شەروالی بەردەوام لەسەر دەستووری چاکەت لەبەر دەکرد، قوماشی زۆر باشی دەکڕی، هەرکەسێک نەی ناسیبا دەی وت کەسێکی زۆر ڕوح گەورەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە بوو. پێویستە بە هیچ شێوەیەک ئەو هونەرمەندە گەورانە لەبیر نەکرێت.

# ئاوڕدانەوەیەك لە ژیان و هونەری

# ڕەسوڵ بێزار گەردی

فەخرەدین تاهیر

وێنەگر، وێنەی کاکە (بێزار)م
بەنرخە وکو کێو و کۆسارم
کەچی پەنجەی تۆ وێنەی کێشاوە
بۆ هوونەرمەندی ، لێرە لە شارم
بەڵام لە خۆ و ، وەها خوڵقاوە
هوونەرمەند ، وکو مەلی هەوارم
بەدڵ نەی ، بەدەم چریکەی گەرم ،
بەحەز تریسکەی ڕۆژی بەهارم
بەدیمەن وکو (فەرهاد)ی (شیرین)
بەتاسە وکو (مەم)ی دڵدارم
بەسەدا وکو سەدای شالووران ،
بە نەوا وکو شمشاڵ و تارم
دەنگێکی هەیە وک بەهرە وایە
لە بلبل زیاتر لە مێرغوزارم
(نیوەشەو) و(حەیران)، (حسینی و سبا)
لەدوای ئەوان بەستەی ئاودارم
لە دەمی گەردی ژین ئەدەن بەژین،
گەنجینەی زێڕن بۆ ( کوردەوار)م
شانازیت نەیێ بە هوونەرمەندیت،
خۆی هوونەرمەندە خاوەن نیگارم
(پیربال) دەمێکە (بێزار) ئەناسێ
کێیە نەیناسێ گەردی (بێزار)م
شیعری: پیربال مەحموود / هەولێر
نامیلکەی شیلان و شلێر ... دانەر :
ڕەسوڵ بێزار گەردی
بەغدا ١٩٦٧

**دەستپێک**

گەر ئاوڕێکی خێرا لەژیانی کوردەواری سەردەمی زوو بدەینەوە، موچڕکێک سەرلەبەری گیانمان دادەگرێت،ژیانی سادە و ساکاری ئەوێ دەمێی گوند و هەوارنشینی ڕەسەنی وڵاتی کوردەواریمان بوونەتە هەوێنی سەرهەڵدانی سەدان تێکستی حەیران و دروست بوونی دەیان حەیرانبێژی ڕەسەن، لەگەڵ دەنگی ڕەسەن و زوڵاڵی حەیرانبێژانمان هەردەم دیمەنی دڵگیر و دڵڕفێن و ژیانی بەبێ گرێی ئەو سەردەمەی کوردستانمان وبیر دەێتەوە.

بێشک شەو و شەوگاری دوور و درێژیی بەرئاگردانی وڵاتی کوردەواری جاران و، یاد و یادەوەری شیرینی مەجلیسی حەیرانبێژانمان بۆ خۆشەویستی و وفاداری ئەوێ دەمێ ، ئەوەندەی تر دڵمان دادەخورپێنێت.

ئاخ دەردی دووری و نامۆیی مردنێکی چەندەهێواش و کوشندەیە،ئەگەر لە ڕێگای دەنگ و سەدای هونەرمەندە ڕەسەنەکانمان نەبوایە،چۆن تا ئێستا کە ئێستایە دەمانتوانی (٣٠) ساڵەی بەهاری عومرمان لە غوربەت و ئاوارەیی بەسەربەرین و کە تا هەنوکەش درێژەی هەیە...ئەگەر گەنج خەلیلەکەی کاوێس ئاغا و شیرین بەهارەی تایەر تۆفیق و حەیرانی کیژۆرە ئەسمەرێی مامە گەردی بێزار و ئای ئای عەلی مەردان و قەتارەکەی ڕەشۆڵ عەبدوڵڵا و خەزاڵ خەزاڵی محمەد عارفێ جەزیری و کابوکێی حەسەنێ جەزیری و ئەمیرەکەمی فوئاد ئەحمەد و بهێڕە دەستاری تەحسین تەها و لاواندنەوەی دایکانەی مەریم خان و نەسرین شێروان و گوڵبهار و ئایشەشان و مەرزییە فەریقی و دەنگ و سەدای بولبولە خۆشئاوازەکانی موکریانی وک زیرەک و مامڵێ و ئەمە و دەیان و بگرە سەدانی دیکە نەبونایە قەد نەماندەتوانی بۆ ساتێکیش ئۆقرە بگرین، ئەو دەنگە ڕەسەنانە بوون یاد و یادەوەرییەکانیان لە هزر و دڵماندا شیرینتر و خۆشەویستر کرد و پێی ژیاین و ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ لەگەڵیاندا دەژین.

هەموو ساڵێک ڕێک لەڕۆژی ١٧ی مانگی ئۆکتۆبەردا، یادی ساڵڕۆژی کۆچباربوونی مامە گەردی بێزاری حەیرانبێژە، با بۆ یادی حەڤدەهەمین ساڵیادی کۆچی ئەبەدی میر و دوندی هەرە بڵندی حەیرانی کورد مامە گەردی بێزار ڕەسوڵمان وبیر خۆ بهێنینەوە وبۆ ساتێک لە حزوری پیرۆزی دەنگ و سەدای نەبڕاوەی ئەودا،واتە مامە گەردیمان بەبێدەنگی و بەهێمنی گوێ بۆ حەیران و لاوک و بەستە و سترانە نیشتمانی و سروودەکانی ڕادێرین و هێدی هێدی بەناوناخی بەیتە حەیرانەکانی



ئەوێ دەمێی ئەودا بچینە قوڵایی عیشق و خۆشەویستی خاک و نیشتمان و ساز و ئاوازی ڕەسەنی وڵاتی کوردەواریمان، هەروەسا بەیادی سیلەی ڕەزی و باغ و چارباغی هیران و نازەنین وسەفینە شێتی خۆشناوان و بەحرکەی خۆمان و دەشتی کاکی بەکاکی هەولێر و سوڵتان عولا و بیری مەحموودی سەنان و قەرەچووغی ڕەنگین و لەوێندەرێش بگەرێینەوە و لەسەر جۆگەلەی کاولە مەخمووری پشووێک بدەین و شۆڕببینەوە بەرەو پیرە هەولێرێ و لە دەروازەی شاردا گوێ بۆ حەیرانی مامە گەردی بێزارمان ڕادێرین و هەموو جارێ بۆ نازدار حەیرانێ،بەم بەیتە حەیرانە تێیلاەچریکاند و زرینگەی لە گوێی زەمین هەڵدەستاند و کە هەردەم دەیگۆ:

حەیران هەولێر هەولێرە

لەسەری قەراتە لەبنی باژێرە

گەلی برادەرینە

سینگ و مەمکی حەیرانێ

دەشوبێنم بەوان دوکانی عەتاران

هێوارە و سبیانان

دەستی خۆم تێدا دەگێڕا

ئەمن دەرێمە بەژنەکی برند ، قەد و قامەتەکی شیرن

وەرە ئەوسارەکە بەهارێ ، دەستی خۆمان تێکبگرین

بچینەوە سەر سوڵتان عەبدوڵڵای خۆمان

مرازمان حاسڵ بی لە خۆمان بگرین

دوو هەزار زێڕە.

ژیننامەی ڕەسوڵ بێزار گەردی

سەعدوڵڵا شێخانی لە کتێبی بەسەرناوی (سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد)دا ، دەربارەی ژیننامەکەی ڕەسوڵ بێزارگەردی نووسیویەتی: ناوی (رەسول محمد عبدواللە)یە و بە ڕەسول بێزار گەردی ناسراوە لەناو خەڵکدا.

مامۆستا باکووری هونەرمەند لە کتێبی بەشی یەکەم کەبەسەرناوی (گۆرانبێژە نەمرەکان)دا ، نووسیویەتی: ڕەسوڵ گەردی لە ساڵی ١٩٢٢ لە دێی (قەڵاتگە یا قەڵادگە)ی سەربە ناحیەی (عەنکاوە) لە دایک دەبێ.

مەحەمەد تۆفیق وردی لە پێشەکی کتێبی بەسەرناوی (بژار)کە دانەرەکەی ڕەسوڵ بێزار گەردییە،و لەساڵی ١٩٥٧ دا، لە بەغدا لە چاپدراوە،دەربارەی ژیننامەی مام گەردی نووسیویەتی :رسول بێزار گەردی باوکی خۆی بەچاکی نەدیوە چونکە پێش فام کردنی مردوە و لەسالی ١٩٢٦ دا لە گوندی (قەڵادگە) کە ئەکەویتە (گەردایەتی-بەررانەتی) هاتوتە دنیا و...تاد.

کەچی سەعدوڵلا شێخانی ساڵی لە دایکبوونی مام گەردی ساڵی ١٩٢٨ و لە گوندی قەڵادگەی سەر بەمەڵبەنداریەتیی (بەڕانەتیی) ناونووس کردووە.

سەفین ڕەسوڵ گەردی لە کتێبی بەسەرناوی (دارەشەکران)دا ، دەربارەی ژیننامەی بابی خۆی نووسیویەتی:هونەرمەند (ڕەسوڵ بێزارگەردی) ناوی تەواوی (ڕەسوڵ ئیبراهیم سوڵتان)ە باوکی واتە (ئیبراهیم سوڵتان) لەناوچەی گەردیایەتی و زرارەتی بە (برایم شازێ)ناسراو بوو. لە گوندی (قەڵادگە) لە دەشتی بەڕانەتی هەولێر لە ساڵی ١٩٢٢ز چاوی هەڵێناوە و ...تاد.

دەبێ ئێمەپشت بەکام ساڵ ببەستین ١٩٢٢ و ١٩٢٦ یان ١٩٢٨ بۆ ساڵی لە دایکبوونی مام گەردی..؟

هەڵبەتە هەر دەبێ پشت ببەستین بە زانیاریەکانی کوڕی مام گەردی کاک سەفین ڕەسوڵ گەردی کە ساڵی لە دایکبوونی باوکی بە ساڵی ١٩٢٢ی ناونووس کردوە.

ئەوی جێگەی گوتنە مامۆستا باکووری هونەرمەندیش هەر وک خۆی نووسیویەتی: پشتی بە زانیاریەکانی کاک سەفینی ڕەسوڵ گەردی بەستووە.

ڕەسوڵ بێزار گەردی و دونیای حەیرانبێژی

ئەوی شایەنی گوتنە دوای ڕاپەڕین کە لە ساڵی ١٩٩١ دا بۆ یەکەمینجارگەڕامەوە کوردستان وهەرچۆنێک بوو توانیم گفتوگۆیەکی هونەری لەگەڵ مام ڕەسوڵ بێزار گەردی لە دیوەخانەبچکۆلانە و دڵگیرەکەیدا ، لە شوققەکانی گەڕەکی ئیسکان لە شاری هەولێر و بە ئامادەبوونی هاوڕێیانم جیهانبەخش کۆیی و تەحسین سابیر بسازێنم ، کە تا ئیستاکە ئەم چاوپێکەوتنم بڵاونەکردۆتەوە ، هەڵبەتە گفتوگۆی نێوان من و مام گەردی جیهانبەخش کۆیی بە ریکۆردەرێکی گەورەی گرۆندیک تۆماری کرد ، کە دانە ئۆرگیناڵەکەی لەلای ئەوە و دانەیەکیشی لەلای منە.

بێگومان لەکاتی گفتوگۆیەکە و لە وڵامی پرسیارێکی مندا ، دەربارەی فێر بوون و هاتنە نێو دونیای حەیران و حەیرانبێژیدا ،گوتی: منداڵێکی هەشت نۆ ساڵان دەبووم لە گوندی گردجۆتیار هەر کاتێک حەیرانبێژی ناسراو (سەیدە کۆرە) دەهاتە ئەوێندەرێ و کۆڕی حەیرانی گەرم دەکرد، ئەمن دەچووم لەبەر دەمی ئەو دا دادەنیشتم و گوێم بۆ دەنگ و تێکست و ئاوازی حەیرانەکانی شل دەکرد، لە درێژەی گێڕانەوەی سەربردەی فێر بوون و ژیانی حەیرانبێژی خۆیدا، گوتی : بەڵێ لە سەیدە کۆرە فێرە حەیران گوتن بووم.

دەربارەی چوونە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا،گوتی: پێموایە لە ساڵی ١٩٤٥ دا،چوومەتە ئێزگەی رادیۆی کورد لە بەغدا. جیهانبەخش کۆیی گوتی: مام ڕەسوڵ من لە دەفتەری ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا خوێندمەتەوە،چوونە ئێزگەت ساڵی١٩٤٧یان نووسیوە.

مام گەردی وڵامی دایەوە و گوتی: کاکە جیهانبەخش دەبێ قسەکەی تۆ ڕاست بێ، چونکە بەشبەحاڵی خۆم باشم لە بیرنەماوە.

سەفین ڕەسوڵ گەردی لە درێژەی ژیننامەی باوکیدا نووسیویەتی: لەساڵی ١٩٤٧ دەگەڕێتەوە شاری هەولێر وهەر لە هەمان ساڵ هونەرمەند ڕوو لە ئێزگە و تەلەڤزیۆنی بەغدا دەکات بۆئەوەی بەرهەمەکانی بڵاوبکاتەوەو ببێ بە گورانیبێژ ... یەکەم کەس بوو، حەیرانی کوردی لە ئێزگە و تەلەڤزیۆن تۆمار و بڵاوکردەوە.

حەیران و سەرنجێکی خێرا

دەربارەی فۆرم و کانگای حەیران لەلایان هەندێک نووسەر و کەسانی



فۆلکلۆریست، هەریەکێکیان بە شێواز و تێگەیشتنی خۆی شرۆڤەکاری فۆرم و کانگای حەیرانی کردوە.

لەم بارەوە خالید جوتیار دەڵێ : حەیران لە ساتە ناوەختەکانی بێزاری و غەریبی و دووری و مەحرومی دا، ژن و پیاو، نێرینە و مێینەی هەولێری هانای بۆ دەبەن.

حەیران لە کوێ پەیدابوە... لە کوێ پەرەی سەندووە گرفتی عاشقانی حەیران نی یە.

ئەوانەی هێشتان گوێ یان لە حەیران نەگرتووە پێویستە دەقی حەیران جوان جوان بە سەلیقە و زەوقەوە بخوێننەوە،بزانن ئەو وشە جوانانە تەنیا شایستەی دڵناسک و ئاشقانە. هەولێر مەڵبەندی پەرەسەندنی حەیرانە بۆیە دوای لانکەزای حەیران شایەستەترین ناوچەیە حەیرانی لە باوەش گرتبێ و گەیاند بێتە کەشکەڵانی زەوق.

مەزن بوونی ئەو یادگارە پڕ لە سەروەریەیانە هەوێنی ئەو لەزەتە جوانەیان بۆ ئێمە مانان جێ هێشت. درەوشاوەبون ئەو ناوە شکۆدارانەی بەحەیران پاکی و ئەمەک و دڵسۆزیان بۆ هەولێر و دەشتەکەی نەخشاند و مێژووی سەروەری گۆرانی و ئاوازی رەسەنی هەولێریان تۆمارکرد.

هونەرمەند عوسمان شاربازێری دەربارەی کانگا و فۆرمی حەیران دەڵێ: وەک چۆن ( لاوک) تایبەتە بەزاریی کرمانجی باکوور (حەیران) یش تایبەتە بەزاریی کرمانجی باشوور بەتایبەتی بەزاریی سۆران و تایبەتی تر بەناوچەی (هەولێر). لە مەڵبەندەکانی (حەریر و شەقڵاوەو هێران و دەشتی هەولێر و کۆیە و ڕانیە)و بەتایبەتی لەناو عەشیرەتەکانی (گەردیی و دزەیی و خۆشناو)ئەم (بەیت) و (هەوا)یە سەری هەڵداوەو لەوانەوە بە کوردستان دا بڵاوبۆتەوە.

هەر هونەرمەند شاربازێری دەربارەی فۆرمی حەیران بەم شێوەیە شرۆڤەکاری بۆ کردوەو دەڵێ: هەوای حەیران بە هۆنراوەی کێشی کوردیی (دەبڕگەیی)... ئەوهۆنراوانەی کە بەزاریی گۆران وتراون.. ناوترێن هەروەها بەکێشی شانزدە بڕگەیی (عەروزی عەرەبی) و دەستووری هۆنراوەی (فارسی) ناوترێن بەڵکوو هەر حەیرانە (بەیت)ی تایبەتی خۆی هەیە... هۆنراوەکانی لە کێش دا فرەماوەیی و پشوو درێژی یان تێدا هەیە لەبارەی (قافیە)وە لە زۆر جێ دا جەمسەری (بەندەکان) بە شارەزایی و ناسکی لێک دروان...

پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار دەربارەی کانگای حەیران لە پێشەکی کتێبی بەسەرناوی (دارەشەکران)ی ڕەسوڵ بێزار گەردی دا ، لە پەرەگرافێکی نووسینەکەیدا نووسیویەتی:

حەیران: ئەم جۆرە گۆرانیە هونەری تایبەتی دەشتی هەولێرە، نرخ و سەنگێکی زۆری لای گۆرانیبێژ هەبوو. وک ئاشکرایە رەسوڵ گەردی بێگومان لەسەرەتای ژیانی هونەریدا حەیرانی باو و بەناوبانگی سەردەمی خۆی بەئاواز وتوە(کە ئەمەش دەچێتە پاڵ داهێنانەکانی هونەرمەند)،بەڵام لە دواییدا خۆی حەیرانی داناوە. ئەم بڕە حەیرانانەی ناو ئەم کتێبە شەقلی گشتیی حەیرانی دەشتی هەولێریان تێدا بەدی دەکرێ. هەروەها بەسۆز و چێژ و بلیمەتی گۆرانیبێژیش قانگ دروان و چەند لاپەڕەکیشیان لە تۆماری حەیران زیاد کردووە.

کەچی دکتۆر عەزیز گەردی دەربارەی فۆرمی حەیران هەر لە کتێبی (دارەشەکران)دا، بەدیقەت و بەکورتی و پوختی چۆتە ناواخنی ئەم تێکستە حەیرانەی مامە گەردی بەباشی شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ کردوە... تێکستە حەیرانەکەش بەم شێوەیە:

حەیران ، ئەوڕۆ هێواریێ بۆنی گوراندێ. گەلی برا و برادەرینە ، ئەمن زەینێ خۆم دەداوە بە ژنەکی باریکەلانە و دوو چاوی بەرک و گەردەنی پڕ لە خار و چارۆگەی سپی گەلەک شیرین لەملاندێ. دەرێمە ئەو زاڵم بابەی دەتۆ بینە ماچ کەم گەردەنەکی بەمەرجان ، دەست شۆڕکەمەوە سەر جۆتە شەمام و شەمامی ڕۆستەم بەگی ، ماچ کەم بەینی گوارە و خەزێمان ، مەچووە مارە جیرانان لە درم گەلەک گراندێ.)

حەیرانی کوردی، وکو بەندە لاوک و ئازیزە و پایزە،بەزۆری لە سێ قافیە پێک دێ و بەسێ هەناسە دەگووترێ. بەشی یەکەم کورتە،بەشی دووەم لەو درێژترە،بەشی سێیەمیش لە هەموویان درێژترە. سەرواکانی ئەم حەیرانە کە هێلیان بەژێردا کێشراون ئەمانەن (گوراندێ ، لەملاندێ ، گراندێ). وشەکانی سەروا بریتین لە(گوران ، ملان ،گران) وشەی (دێ) پاش سەروایە (ڕەدیف). هەر بۆیەش من بەگوێرەی ئەم سێ سەروایە حەیرانەکەم لێک جیاکردەوە و رستەکانی هەر بەشێکم بەسەریەکەوە نووسی. واشم پێ باش بوو هەموو حەیرانەکان بەو شێوەیە بنوسرابانەوە کە هەرسێ سەروای ناوەوە لە بەینی وشە و دەستەواژە و رستەکان بێ ، بەڵام بەگشتی هەر حەیرانێک دەکرێ بەسێبەشی سەرەکی.

د. عەزیز گەردی لە درێژەی باسەکەیدا، نووسیویەتی: لەبارەی کێشەوە ، هێشتا لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی و فراوان لە بارەیەوە ئەنجام نەدراوە و بەتەواوی یەکلانەکراوەتەوە. ئەگەر لێرە و لەوێ لە لێکۆڵینەوەکاندا بەتەواوی ساغ نەکراوەتەوە. هەندێ دەیبەنەوە سەر پەخشانە شیعر و هەندێ بە کێشی



هونەرمەند رەسوڵ بێزار گەردی و شاعیری خوالێخۆشبوو پیربال مەحمود ٢ / ٣ / ١٩٥٦

بازنەیی لێکی دەدەنەوە،بەڵام پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ڕەسەن و قووڵ هەیە تا بەتەواوی هەقیقەتی دەربخەن.

بێگومان بەبروای خۆشم زۆر لایەنی گرنگی حەیران هەیە تا هەنوکە بەسەرنەکراوەتەوە و شرۆڤەکاری چاکی بۆ نەکراوە، نەک هەر تەنیا کانگا و دانانی حەیران و بەس، بەڵکو حەیران جوگرافیایەکی بەرفرەوانی هەیە و لە نێو ئەم جوگرافیاشدا زۆر شار و شارۆچکە وگوند و کێو و چیا و دۆڵ و کانی و ڕووبار و چەم و گوڵ و گوڵزاری کوردستانی لە باوەش گرتوە.

کات و شوێن لە نێو تێکستی حەیرانی کوردی دا

لە نێو تێکستی حەیرانی کوردی بەگشتی و ئەوانەی مام گەردی بەتایبەتی دا،(کات)شوێنێکی دیاری هەیە… ئەگەر بەناواخنی تێکستی حەیران بەگشتی و حەیرانەکانی مام گەردی بەتایبەتی شۆڕببینەوە خوارێ هەست بەوە دەکەین، کە هەموو ژوانەکانی خۆی لەگەڵ نازدار حەیرانێ دیاری کردوە.(حەیران / ئەورۆ سبیانێ… ئەورۆ هێوارێ… ئەورۆنیوەڕانێ… ئەوسارەکەبوارێ…ئەوسارەکەپایزێ… ئەوسارەکەزستانێ… ئەوسارەکە هاوینێ… بەیتە حەیرانەکان بەشی هەرە زۆریان لە دەستپێکدا بە (کات) دەستنیشان کردن دەست پێدەکات. بەڵام پێش دەستنیشان کردنی کات هەموو حەیرانبێژێک بە (حەیران) دەنگ بەرز دەکاتەوە و دواتر (کات) بەدوای دادێت، هەر بۆنموونە:

حەیران ، ئەورۆ سبیانێ …

دەشتی قەراجی کاکی بەکاکی،

گەلی برادەرینە، ئەنگۆ چ لۆمەی من مەکەن

ئەمن دیارییم لۆ بەژنی باریکەڵانە دەنارد

سەڵامیش لە داکی،

گەلی خزمینە

ئەمن دەست لەسەر بەژنەکی باریکەڵانە هەرناگرم

هەتا ئەوێ ڕۆژێ گرێیانم لە کفنی نەدەن

بەکۆمەرەکی دۆست و برادەران

شۆڕم نەکەنەوە ، تەسلیم نەکەن بە گۆڕی خاکی.

یان دەرێ :

حەیران ، بەهارە ، بەهاری شینە…

زەینێ خۆم دەداوە گەردەنی حەیرانی گەلەک زەرد و تەنکە ،

تێکەل بوینە سێ ڕێزە و حەمایل و زێدە نووشتینە !

ئەمن ئەورۆ هێوارێ دەگەیمە حەیرانێ دەیگۆت هەتیم زانیومە ،

جۆتەکی یارانت لەسەر من گرتینە !

دەرێمە حەیرانێ راستە ورە ، درت چەنەکا شەوی زستانان گەلەک دوور و درێژن یەکت دەکەم بە کۆلە، ئەوی دیت دەکەم بەڵانک ژینە…!!

بێگومان شوێن لە نێو تێکستی حەیرانی کوردی بەگشتی و حەیرانەکانی مام گەردی بەتایبەتی دا پانتایەکی زۆری هەیە ، ئەوی جێگەی گوتنە ئەوەیە

لەنێو تێکستی حەیراندا دوای (کات) دەستنیشان کردن، یەکسەر (شوێن) دەستنیشان دەکرێت.

حەیران/ هەولێر هەولێرە.. لەسەرێی سەفینی… لەبانی بانیان لەبانی سەربەنێ…لە قەراتان لە قەراتی دوینێ… دەشتی قەراجی کاکی بەکاکی… لەشینکان لە شینکی هەلگۆزێ…زێی بادینان لەمن دێ و دەسافێ..زەینی خۆم دەداوە، دەو بەستۆرە و بەستۆرەی خۆمان لەمن بەدرکە شینە…بەحرکە لەمن بە دارەمێوە…لە زورگ و هەلەتی خەزنە و تەرجانی…لە سپیلکان لە سپیلکی سەرخانێ… دەچمەوە سەر گردی گردئارەقی و…تاد.

هەر بۆنموونە:

حەیران ئەورۆهێوارێ

چەندم گاز کردی لە بستی گۆگەمان

ئەتو دەستت برند نابی، لەبەر بازن و بەربازنان

چاوت هەر نایێ ، لەبەر بسک و شابسکان

ناوەڵڵا لەبەر هوردە پەرچەمان

گەلی خزمینە

هەتا بەژنەکی برند و دوو چاوی بەرەک و قامکەکی بە ئەنگوستیلە

کیژبی لە مارە بابان، ئەمنیش چیدی هەرناگرم کەسەر و خەمان.

جوگرافیا وپانتایی بڵاوبوونەوەی حەیران

هەر دەڤەرێکی کوردستان ستران و ئاوازی تایبەت بە دەڤەرەکەی خۆی هەیە ، تا هەنوکە حەیران سیمای ژیانی سادە و ساکاری دەشتی هەولێری پێوە دیارە،بەڵام لەبەر چێژ و ئاوازی بە سۆزی حەیران پانتایەکی بەرفرەوانی بڵاوبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە و سنووری دەشتی هەولێر و دەوروبەری خۆی بەزاندوە و هەڵکشاوە و بۆدەڤەری خۆشناوەتی و لەوێوە ڕاوەنەستاوە هەتا لە حاجی ئۆمەران لەنگەری گرتوە.

لەلایەکی ترەوە گوند بە گوند و قۆناغ بە قۆناغ بەرەو دەشتی کۆیی و قەڵادزێ و هەموو دەڤەری پشدەری تەنیوەتەوە و ئاودیوی دەڤەری موکریان بووە و هەتا لەسەر حەوزی بۆکانێ بارگە و بنەی خۆی لێناوە.

حەیران ئەورۆ هێوارێ

ئەستێرەکم لێ هەرات

لەبنەی پشدەرێ

گەلی برادەرینە

شەوق و شەبەقی خۆی دەداوە لە باغی مەمەندی

ناوەڵلا لەسەر و پەرچەمی نازدار ئەسمەرێ

بەژنی باریک دەرێ: کوڕەتیمە حەیران

ئەمن زانیتم ئەتو ئەوسارەکە پایزێ

دەچیەوە وراتەکەی غەریبیان

ئەمن خەناوەکەکی بەمەرجانم هەیە دەتدەمێ

هەر دەمەکی عاجز بووی بیئارێنەوە لە دەسکی خەنجەرێ.

یان دەرێ :

حەیران ، ئەورۆ سبیانێ گۆتمە درێ خۆم لۆ وا کەسادی ؟!!

دەمگۆتە بەژنی باریک دەوەرە ئەو سارەکە بوارێ ،

دەستی خۆمان تێک بگرین بچینەوە سەر چیایەکەی کاولە بێستونی ،

بزانین چیکردیە (کوریکە) لەگەر (فەرهادی).

دەبینە ماچ کە، خاری گەردەنی ،

بمژم چەرخی ڕومەتی ،

سەتی وکی منو توو سەریی خۆی دەنێتەوە ،

لە بن خاکی بەبێ مرادی.

سەرهەڵدان و کانگای حەیران

ئەوی چێی ئاماژەیە دوو بیر و بۆچوونی لە یەک جیا دەربارەی کانگا و سەرهەڵدانی حەیران هەیە:

●حەیران لە دەڤەری موکریانەوە سەریهەڵداوە و دواتر پەڕیوەتەوە دەشتی هەولێر.

●حەیران لە دەشتی هەولێر لە دایک بووە و دواتر پەڕیوەتەوە دەڤەری موکریان.

ئەم دوو بۆچوونە تەنێ مەزەندەی هەندێک لە نووسەر و لە فۆلکلۆریستانی کوردە،کە لە نێوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەم بیروبۆچوونانەیان وروژاندوە، بەڵام تا ئێستاکە بۆچوونەکان جێگیرنین. چونکە ئەمەیان پێویستی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژە و پێویست بەوە دەکا کە هەموو ڕەهەندەکانی حەیران بەسەر بکرێتەوە. تا ئەو شوێنەی من ئاگادار بم، حەیران مۆرک و سیما و دابونەریت و ڕەوشتی دەشتی هەولێر و دەوروبەرەکەی بەسەردا زاڵترە،چونکە شوێن و جوگرافیای حەیران،زێدەتر هەولێر و دەوروبەری لەنێو تێکستە حەیرانەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و بەزەقیش پێیەوە دیارە، بەبەراوردێکی سەرپێی و خێرای حەیرانەکانی موکریانیش هەر ئەوەی دەشتی هەولێرن،چونکە تا ئەو شوێنەی گوێبستی حەیرانبێژانی موکریان بووم، هەستم کردوە کە شوێن و جوگرافیای دەشتی هەولێرلەنێویاندا زاڵە، بەدیوەکەی تر هەر حەیرانی دەشتی هەولێرە لەوێ دەگوترێتەوە. بەڵام دیسانیش ئەوبیرو بۆچوونانەی بەندەش جێگیر نین و پێویستییان بە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژتر و بەدواداچوونێکی زێدەتر هەیە.

بێگومان هێشتا زۆر لایەنی حەیرانی کوردی ماوە ئاوڕییان لێبدرێتەوە و هەڵسەنگاندنی پڕ بە پێستی خۆیان بۆ بکرێت، لەنێو ناوەڕۆکی تێکستی حەیراندا شتگەلێک ماون ئاوڕیان لێ بدەینەوە، بەپێویستی دەزانم هەر بەخێرایی ئاماژەیان پێ بدەم و لە چەند خاڵێکدا چڕیان بکەمەوە:

●لەنێو حەیرانی کوردی بەگشتی و بەشی هەرە زۆری حەیرانەکانی مام گەردی دا پرپەتی لە ناوی شوێنی کوردستان، لەوانەیە هەندێک لەو دەڤەرانە هەنوکە ئاسەواریان نەما بێ،گریمان ئاسەواریان ماوەن، ولێ سیمای کتومەتی جارانیان تاڕادەیەکی زۆر لەدەستداوەو لەنێوتێکستە حەیرانەکانیشدا، بەڕوونی دیارە، باس لە زەمەنی جوانی و دڵفرێنی ئەو دەمانە دەکات، کە حەیرانەکانی مامە گەردی لەوێ دەمێدا لە دایک بوون، هەر بۆیە ناویان هەر بەنەمری ماوەتەوە.

● ناوی هۆز و سەرەک هۆز و پیاوە ئازاکانی شوێن و پێگەیەکی زۆریان داگرتووە، کە بەئازایەتی و جوامێری و خانەدانی ناسراون و بوونەتە تۆماری مێژوو و تا حەیران مابێ ناویان بزر نابێ.

● ناوی خانمانی کورد پانتایەکی باشیان لە نێو حەیراندا هەیە، دیارە هەندێکیان لەو خانمانە حوکمڕان بوون

و بە ئازایەتیش ناویان دەرکردوە،وەک: خانزادی میری سۆران وعاسیمەخانی داسنی و زۆری دیکە. هەروەها ناوی چەند خانمێکی تری شۆخ و شەنگ لە نێو تێکستەکانی حەیراندا، ناویان هاتووە، ئەمانەشیان زێدەتر پەیوەندی بە جوانی و شۆخ و شەنگییانەوە هەبووە، وک: ئەسمەرێ کابایزی، خەجیجێ رەحمانی، جەواهیری ئەحمەدی بارینان و...تاد. دیارە ئەو ناوانە و دەیان ناوی دیکە هەر یەکێک بۆ خۆی سەربردە و چیرۆکێکی خۆی هەیە و بەهۆی حەیرانی کوردییەوە هەموویان چوونەتە تۆماری مێژوو.

حەیران

بەوی سبیانێ نازانم بەکیندەرێ دا هەر برێم بەزینە تیری،

براینە ، سینگی حەیرانم گۆیانە لەبەر تۆق و تۆلەسمان ، زێدە باری زێران ، دەستی منی غەریبە ماری هەروا لە بەندی زنجیری..!!

حەیرانی خۆم دەشبێنم بە خەجیجێ رەحمانی ، ئەسمەرێ کاک بایزی، خانزادی سۆران ، وکی حوکمی خۆی دەگێراوە لە بنەی هەریری ..!!

●جل و کەرەسەی خۆ ڕازاندنەوەی خانمانی کورد کە ئەوانەی لە سەردەمی خۆی باو بوون لە نێو حەیراندا ناوەکانیان پارێزراوە.

حەیران

بوهارە بۆنی گورران دێ ،

زەینی خۆم دەداوە بەژنی باریک و دەستی بەنازن ، قامکی بە ئەنگوستیلە ، نێکەکی بەکەمبەرە ، سەرەکی بەلاسەرە ، چارۆگەی سپی گەلەک لە ملان دێ ..!

دەرێمە بەژنی باریک چاوەکەم ئەتو بەوی سبیانێ مەچووە سەر گۆمی شیرناوێ ،

چونکە بەدکاری گوندی مە چاویان لێیە لە دری من گەلەک گران دێ..!!

●دەقی بەراوردکاری لە نێو تێکستە حەیراندا، زۆر جار کە تێکستە حەیرانێک دەخوێنینەوە، ئەم بەراوردکاری و لێکچوواندنانەمان وبەر چاو دەکەوێ.

حەیران

لەبرندی شۆرێ ،

بەژنی باریک مامزە دانی سبیانان دەکەت لە خاکە گۆرێ،

گۆتمێ بینە ماج کەم خاری گەردەنێ ،

بەینی گوارە و خەزێمان

دەچمە وراتی غەریبیان

نەوەک مەیلت بگۆڕێ.

## سۆز و پەیمان لە نێو حەیراندا

سۆز و پەیمانی کیژۆرە حەیران و کوڕە تیمە حەیران لە نێو تێکستە حەیرانەکاندا بە ڕوونی دیارە، کە هەردووکیان ئامادەن ئەگەر بۆ یەکتر نەبن، سۆز و پەیمانی خۆیان بەجێ بگەیێنن و سەر هەڵبگرن، یان کوڕە تیمە حەیران ئامادەیی خۆی بۆ کیژۆرە حەیرانەکەی خۆی نیشاندەدا، وخەنجەری بەر پشتێنی یان دەمانجە و تفەنک بفرۆشێت و خرخاڵ و مەرجان و قەنەفر و زێر و خشڵ و گۆبەرۆکی بۆ بکڕێت.

حەیران

کیژۆرە گورڕێ ..،

ئەتوو سەبرەکم لێ بگرە هەتا دەچمەوە شارەکەی قۆجە موسلێ ،

تفەنگی سەر ملیت لەبۆ دەفروشم دەی دەم بە مەرجان،

خەریتە بە قەنەفلێ ،

ئەوجا حەیرانەکەی من دەرێ : کورەتیمە حەیران ئەگەر ئەو سارەکە تفەنگی سەر ملی بدەیەوە ، بە مەرجان و خەریتە بەقەنەفلێ ،

یاخوا بمرم بەدارەبازم وکرێ..!!

## فەنتازیا و خەیاڵ لە نێو حەیراندا

ئەوی لە هەمووی گرنگترە فەنتازیا و خەیاڵی بەربڵاوی نێو تێکستە حەیرانەکانە کە هەر حەیرانبێژێک بە وستایی و سەلیقەی خۆی دایڕشتوون، دیارە مام گەردی بێزار ڕەسوڵی میری حەیرانی کوردیشمان ڕۆڵێکی گرنگی لەم ڕووەوە بینیوە، کە چۆن کیژۆرە حەیرانەکەی گاز دەکا و ئاگاداری دەکاتەوە، کە ئەو سەرەکێ هاوینێ لەسەرێی سەفینی کەپرەکی بۆ دروست دەکا لە برندی سەفینی، بناغەی ئەو کەپرە دادەنێ لە سۆتکەی، دیوار لە قەنەفرێ، کاریتەی لە دار کنێرێ،دارە ڕێی بۆ دەکا لەداری سۆرە گورێ و هەراشی دەکا بە ڕەشە ڕەیحانێ و دواتریش بۆ ئەوەی بۆن و بارامی نێو ئەو کەپرە خۆش بێ چەپەری بۆ لە گورە شیلانێ بۆ دروست دەکا و لە ئاخیرەکەشی بە گوڵاو دەیڕشینێ.

حەیرانی کوردی و حەیرانەکانی مام گەردی بێزار ڕەسوڵمان دەبێ زێدەتر هەڵوەستە و بەدواداچوونیان لەسەر بکەین و تێکستەکان بەباشی شرۆڤەکاری بۆ بکرێت، ئەگەرنا ناتوانین هەموو ڕەهەندەکانی بەتەواوی بەسەر بکەینەوە.

مامە گەردی بێزار و مەقامی کوردی

ڕەسوڵ بێزار گەردی بێجگە لە کۆڕی حەیرانبێژیدا،ئەسپی خۆشی لەدونیای مەقامی کوردی ڕەسەندا، تاوداوە و لە دەسپێکی چوونە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی ، کۆمەڵێک مەقامی جۆراو جۆری تۆمار کردوە. ئەومەقامانەی ئەو تۆماری کردون،لەمانە:سەبا، حوسێنی، ئورفا، دەروێشی، موخالیف، حیجاز، دیوان، نیوەشەو، و هەندێکی ترن.

بۆ شیعری مەقامەکان مامەڵەی لەگەڵ

زۆربەی شیعری شاعیرانی کورد کردوە، لەمانە: ئەحمەد هەردی، بورهان بەرزنجی، پیربال مەحمود، جاهید، مەلا مەسعود بێبەش، حەبیب عەلی میرانی، ئەحمەد دڵزار، ئەحمەد مەلا عەبدوڵڵا ، موفتی، سدقی، عەزیز کاکە ئەحمەد ، شێخ مەحمەد مام عەزیز گەردی، عەزیز ئەحمەد گەردی ، عوسمان عوزێری، حوسێن حەسەن قەرەداغی و زۆری دیکە.

## ڕەسوڵ بێزار گەردی لە دونیای لاوکبێژیدا

ئەوی جێگەی گوتنە مام گەردی لاوک لەسەر دەستی هەندێک لە لاوکبێژانی دەڤەری بادینان فێر بووە و خۆشی لەم ڕووەوە تاقی کردۆتەوە و هەندێک لاوکی تۆمارکراوی هەیە،
هەرە دیاریشیان ئەمەیە:
یادی دلۆ
هەوە سەد جارا بەمن هەوە...
لاوکێ من نەخۆشەکی گەلە گرانە
دۆشەکا بینن
بالینگیا بدەنە دەوە...
خۆ لە خودێ ناکەم خورتکا گوندێ مە
سەگڤانێ خوشکۆکن

کولۆ دلێ من خرا دکە هێلینێ قازان و بازان و دپرژینی عەینەکا چاوێ کەوە..
و ... تاد.

## ڕەسوڵ بێزار گەردی و دونیای سروود

مام گەردی جگە لە حەیران و لاوک مەقام ، بەستەی زۆری تۆمارکردوە، بێجگە لەمانەش سروود و سترانی نیشتمانیشی هەیە.
بەشی زۆری ئەم سروودانەی لە نێوان سالانی (١٩٥٨- ١٩٦٠) و لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا دا ، تۆماری کردون، هەڵبەستەکان زۆربەی هەرە زۆریان لە هەڵبەستی شاعیرانی کوردن و هەر هەمووشیان لە ئاواز و گوتنی خۆیەتی و هەندێکیان بریتین لە مانە:

١.چرای ئازادی هەڵکرا هەڵبەستی : حەبیب عەلی میرانی.
٢.بەشادی هەڵبەستی خۆیەتی و ئەم سروودەی بۆ هاتنە سەر حوکمی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆک کۆماری ئەوسای عێراق گوتووە.
٣.بژی گەل و ڕۆڵەی گەل هەڵبەستی: حەبیب عەلی میرانی و ئەمەشیان بۆ عەبدولکەریم قاسم گوتراوە.
٤.نەورۆز ، ناوی شاعیر نادیارە.
٥.کرێکار هەڵبەستی خۆیەتی.
٦.کوردستان هەڵبەستی: جوبار کۆیی
٧.موژدەی ١٤ تەموز هەڵبەستی: مەحموود،ئەم سروودەش بۆ شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ گوتراوە.

٨.ئەی خۆشەویستم هەڵبەستی: کاروانی،ئەم سرووده بۆ کوردستان گوتراوە.
٩.ئەمەوێ ونامەوێ هەڵبەستی: کاروانی، ئەم سروودەشی بۆ کوردستان چڕیوە.
١٠.کوردستان هەڵبەستی: دڵدار.
١١.کوردستانم هەڵبەستی: حەبیب عەلی میرانی.
١٢.شۆڕشی ١٤ی تەموز هەڵبەستی: حەبیب عەلی میرانی.
١٣.بەهۆی گەڕانەوەی ڕۆڵەی کوردستان قارەمان مستەفا بارزانی هەڵبەستی: مدحت بێخەو.
١٤.سوپای بەرزی قارەمان و قارەمانی مەزن عەبدولکەریم قاسم هەڵبەستی: مدحت بێخەو.
١٥.کوردستانی شیرینم هەڵبەستی: حەبیب عەلی میرانی.
١٦.عەبدولکەریم قاسم هەڵبەستی: مەحمەد حەسەن مەنگوڕی.
١٧.ئەی کوردستان هەڵبەستی: جەمال شارباژێری.
١٨.خوڵقاوم وابم هەڵبەستی: شێرکۆ بێکەس.
١٩.بەبۆنەی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی قارەمان هەڵبەستی: سەربەست مەحمەد عەلی مەلا ئەحمەد.
٢٠.بەهۆی مردنی شێخ مەحموودی نەمر هەڵبەست: مەحمەد تۆفیق وردی.

ئەوی جێگەی گوتنە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٦٠) دا ،کۆمەڵێکی دیکەی هەڵبەستی شاعیرانی کوردی بە مەقام لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی تۆمار کردوە ، لەمانە:

١.گەزەنگی هەتاو هەڵبەستی: کەمال خەمبار.
٢.مەلی ئازادی هەڵبەستی: کەریم شارەزا.
٣.پرشنگی ڕۆژی ئازادی هەڵبەستی: مەحمەد تۆفیق وردی.
٤.زرەی زنجیر- مەقامی ناهومێدی هەڵبەستی: کامەران
٥.کاروان و شەفەق هەڵبەستی: کامەران.
٦.کام جەژن هەڵبەستی: کامەران.
٧.بلبل هەڵبەستی: کامەران.
٨.پێنج خشتەکی مەلا عەبدولکەریم رەباتی لەسەر هەڵبەستی شاعیر مستەفا بەگی کوردی.
٩.کوردستان بۆ عەبدولکەریم قاسم هەڵبەستی: جەمال شارباژێری و مەحمەد ئەمین قادر، ئەم سروودەش بۆ شۆڕشی بارزان و قاسم گوتراوە.
١٠.خزمینە ورن هەڵبەستی: کانی.
١١.هاتن شەهیدەکان هەڵبەستی: پیرەمێرد.
١٢.ڕۆژی دەمی ئێوارە هەڵبەستی: ئیبراهیم هوشیار.
١٣.پەتم بۆ هەلخەن هەڵبەستی:

بێگەرد. مام گەردی نووسیویەتی: (ئەو هەڵبەستـەم لە ڕۆژی ١٣ی مانگی تـەموزدا تەسجیل کرد بۆ ڕۆژی ١٤ی تـموز شۆڕشە پیرۆزەکەمان بەرپا بوو جا بۆ یادیگار لێرەدا نووسیمان.... ڕەسوڵ بێزار گەردی).

١٤.ئەی وتەن هەڵبەستی : شێخ تەها شێخ سەعید (ڕەهبەر).

١٥.لەرێی گەل هەڵبەستی: حەسیبە مەحـمەد.

١٦.دەروونی بەرز هەڵبەستی: حەسیبە مەحمەد.

١٧.دەنگێک هەڵبەستی : حەسیبە مەحمەد.

١٨.بەندیخانە هەڵبەستی : مەحمەد تۆفیق وردی.

ئەمە و دەیان سترانی سیاسی و نیشتمانی وسروودی دیکەشی هەن چ لە ئێزگە و چ لەسەر کاسێت تۆماری کردون.

مام گەردی بێزار و بەستەی بەجۆش و سۆزی کوردی

مام گەردی لە سەردەمی خۆیدا ڕۆڵی گرنگی لە دونیای بەستە بێژیدا هەبووە و بەشی هەرە زۆری بەستەکانیش لە هەڵبەستی خۆی و شاعیرانی کورد بووە. ئەو بەستانەی لە ئاواز و گوتنی خۆی و هەڵبەستی شاعیرانن هەندێکیان ئەمانەن:

١.بەجوانی خۆت مەنازە هەڵبەستی: مدحت بێخەو.

بەجوانی خۆت مەنازە ئەی گوڵی نێو بەهارم

وەختی کار و مرازە تۆی شەنگ و هێز و کارم و ... تاد.

٢.نەکەی دڵ بگۆڕی یار هەڵبەستی: مدحت بێخەو.

نەکەی یارە بگۆڕی دڵ بگۆڕی دڵ پەریشانم

نەپەڕینی گوڵی سەرچڵ بەبێی تۆ من بەبێ گیانم و ...تاد.

٣.پێم ئەڵێن چارت نیە هەڵبەستی: مدحت بێخەو.

پێم ئەڵێن چارت نیە جارێ بوەستە تا ئەبی

گەر نەبی تاکوو بەهێزم ئەم هیوایەش بانەبی

گەر دەروون تینی نەما جۆش و هەڵاوی تێ پەڕی

ئەو حاڵە سوودی چیە گوڵ ئەو نەمامەش با نەبی و... تاد.

٤. یاری جوان ناوی شاعیری بەسەرەوە نییە.

یاری پڕشنگی جوان هێز و شەنگم براوە

تاقە گوڵی سەرچڵان جەرگ و دڵم زوخاوە

تیماری زامی ژیان بۆ تۆ سەبرم نەماوە و ... تاد.

٥.ئەی دڵەی زامدار هەڵبەستی: کەریم شارەزا.

ئەی دڵەی زامدار ئەی دڵەی زامدار

ئارامت ببێ بەس بێ گریە و زار و... تاد.

ئەم هەڵبەستە لەلایەن هونەرمەندی نەمر فوئاد ئەحمەدیش گوتراوە، بەڵام بۆم ڕوون نییە، ئاوازەکەی مام گەردی هەمان ئەو ئاوازەیە کە فوئاد ئەحمەد گوتەیەتی یان نا..؟

٦.کەمن هەڵبەستی: مەلا مەسعود بێبەش.

کەمن مەستی مەیی عەشقم چ موحتاجی مەیو بادەم

ببم نامەردی دوو دنیا ئەگەر مەیلت لەسەر لادەم و ... تاد.

٧.شێتی کردم هەڵبەستی : مدحت بێخەو، ئاواز و گوتنی ڕەسوڵ بێزار گەردی

شێتی کردم چاوەکەت ناوەکەت

قژی زەردی خاوەکەت داوەکەت

شلکەی لەنجە و لارەکەت راوەکەت

رەحمی شەیدا تاکوکەی

من شێت و شەیدا ئەکەی

ئەم ئازارە تاکو کەی و ... تاد

بەشبەحاڵی خۆم بەدەنگی مام گەردی گوێبیستی ئەم گۆرانییە نەبوومە و نازانم چۆنی گوتوە، بەڵام هەمان هەڵبەست مامۆستای هونەرمـەند تاهیر تۆفیق بە شێوازی مەنەلۆچ تۆماری کردوە و هەمان گۆرانی لەلایەن هونەرمەندانی دیکەش گوتراوەتەوە.

٨. بەبێ مێخەک هەڵبەستی: بێخەو.

٩.ئەم کچە هەڵبەستی: عوسمان هەمەوەند

ئەم کچە دیسان ناز ئەکا دڵداری پەرواز ئەکا

لێم تۆراوە گەلاوێژ داوای کوردستان ئەکا و ... تاد.

هەندێک لەو گۆرانیانەی مام گەردی پێش ساڵی ١٩٦٠ گوتراون، ئێمە مانان گوێبیستی هەندێکیان نەبووین.

١٠.سەر گوڵ هەڵبەستی: عوسمان هەمەوەند

سەرگوڵ گوڵێکی جوانە خۆشەویستی کوردانە

نەم دیوە وک ئەم جوانە لە خاکی کوردستانە و ... تاد.

١١.تازەم دیوە هەڵبەستی: عوسمان هەمەوەند.

١٢.بەلەنجە هەڵبەستی: عوسمان هەمەوەند.

١٣.ڕێگەی دڵداری هەڵبەستی: عوسمان هەمەوەند.

١٤.هەولێر هەڵبەستی : عوسمان هەمەوەند.

هەولێر بە گوڵ و بە گیایە پەرچەم زەردی تێدایە

خوایە هەولێر بمینێ جێگەی



کوردی ئازایە و... تاد.
١٥. لێم گەڕێ هەڵبەستی: عوسمان عوزێری
لێم گەڕێ کچێ لێم گەڕێ   لێم گەڕێ بەسە مردم
جوانیش بۆ تۆ نامینێ   جارێک بپرسە دەردم و ...تاد.
ئەم گۆرانییە لەلایەن هونەرمەند تەنیا عارەب عوسمان گوتراوەتەوە،بەس نازانم هەمان ئاوازی مامە گەردی بێزارە یان شیعرەکەی بەئاوازێکی دیکە تۆمار کردوە ..؟!!
١٦. لە پێش چاومە هەڵبەستی: عوسمان عوزێری.
١٧. لە قەڵاتێ هاتە خوار هەڵبەستی: جاهید
لە قەڵاتێ هاتەخوار   دوور کوژی نیزیک خەسار
دەستم ، لە تۆ بەرداوە   لەجیاتی جارێ هەزار و... تاد.
ئەم گۆرانییە سەرو سەربردەی سەیری لەسەر دەگێڕنەوە، ئەوجا چەندی ڕاستە و چەندی ناڕاستە، ئەمەیان ببووە پروپاگەندەی ئەو دەمەی شاری هەولێر و، دەگێڕنەوە ئەم دەمە ئەو گۆرانییە زۆر لەسەر زاران بووە.
١٨. گرتمت هەڵبەستی: جاهید
گرتمت بەستمت کوشمت سووتاندمت
بەزیندووی چاوەکانم لە ژێر گل مراندمت
یان:
سەبر و قەرارت بردم   بێ شەرتیت لەگەڵ کردم
بڕۆ وازم لێ بێنە   ئیتر بەسیەتی مردم و ... تاد.
ئەم گۆرانییەش لەلایەن هونەرمەند ناسری ڕەزازی گوتراوەتەوە و بەبێ ئاماژە دان بەناوی مام گەردی.
١٩. هەڵسە گیانەکەم   هەڵبەستی ئەحمەد دڵزار
هەڵسە هەڵسە هەڵسە گیانەکەم   یارە جوانەکەم
بڕۆین بۆ نێو گوڵزاران   بۆ دەم باخ و ڕووباران
هەڵسە گیانەکەم و.... تاد.
ڕەسوڵ بێزار گەردی بێجگە لە هەڵبەستی شاعیران، خۆشی هەڵبەستی بۆ هەندێک لە گۆرانییەکانی خۆی نوسیوەو هەر خۆشی ئاوازی بۆ داناون و بەدەنگی خۆی تۆماری کردون، هەرە دیارییان ئەمانەن:
٢٠ . پەری
پەری یا باڵاتری   لە حۆری واڵاتری
دەبێ چ باڵات لا بێ   لە ئاڵا ئاڵا تری
یان:
یارەکەی وفادارم   بۆ تۆ وها زامدارم
ناوەکەت لەسەر زارم کوانێ بەشم (بێزار)م.
٢١ . هۆ هۆ ڕەندە
هۆ هۆ ڕەندە ڕەندانە سووسنی پاڵ بەردانە
چرای دڵی چەندانە!

یان:
ڕەندە وره وا مەکە گوێ لە بەند و نامەکە
دڵی (بێزار) خاو مەکە !
٢٢ . کەژاڵ
کەژاڵ پشتم چەماوە دڵ بەداوت گیراوە
گونای تۆم لەبەر چاوە وک مانگ خەرمانەی داوە
یان:
(بێزار) لە ڕێت وستاوە لە جوانی تۆ شێواوە
ئیتر مەلێ بەم لاوە ڕۆژی سەیران و ڕاوە .
٢٣ . هەورۆ!
هەورۆ، هەورۆ، هەورۆ هەی هەورۆ بارانیە
پۆشی ڕەش لە کانیە چاو بەڵەک کوێستانیە
یان: (بێزار) کز و بێ بەشە بەهاری بەبێ غەشە
زولفی ڕەیحانەی ڕەشە با بۆ من بێ ئەم بەشە .
٢٤ . دەچمە ڕەواندوز!
دەچمە ڕەواندوز ،خۆم هەڵدەدێرم
دەنگم نایگاتێ ، نووسراو دەنێرم
یان:
(بێزار) بێزارە، لە و دەشت و شارە
چونکە نامەکەی نەهات لەم یارە!
٢٥ . دەچمە دێری ڕەبەنان
دەچمە دێری ڕەبەنان دەست هەڵ دەگرم لە دونیا
یارم دڵی گۆڕیوە با بمێنم بە تەنیا !
یان: نەم زانی یار وادەکا بێ زاری پەیدا دەکا
سەر هەڵ دەگرم دەڕۆم چونکە ئەسیرم دەکا .
٢٦ . دڵەی ورگرتم !
دڵەکەی ورگرتم وازی لێ هێنام
نەمزانی چیم کرد جەرگی دەر هێنام
یان: (شەقڵاوە) خۆشە ( سەفین) تارە
جووتێ مەمانی هەڵووژەی دارە
پەیمانی پێ دام ئێستاش (بێزار)ە .
٢٧ . کەپر
کەپرێکت لۆ بکەم کچێ خەجێ بە گوڵە شیلانێ ڕۆژی خۆی لێ بدا کچێ
خەجێ سەر لە سووبیانێ لەبن دانیشین کچێ خەجێ کەس پێ ی نەزانێ !
یان:
کەپرێکت لۆ بکەم کچێ خەجێ لە بن هەنارێ باوێمە کە پرێ کچێ خەجێ پەلکی چنارێ ڕوو لە ( بێزار) کە ئەورۆ هێوارێ !
ئەم گۆرانییە لەلایان هونەرمەند سەلاح مەحمەد کۆیی گوتراوەتەوە، مخابن ئاماژەی بەناوی مام گەردی نەداوە .
٢٨ . پێم نالێی!
پێم نالێی بۆ گۆڕاوی ؟ بۆ وک جاران نەماوی؟
لار و لەنجەت شیرینە ئەسمەر بۆچی داماوی ؟
یان:
من زیاتر (بێزار)م ، کووژراوی چاوی یارم
ئەگەر ڕۆژی نێتە لام هەر دەم لە ئینتزارم .
٢٩ . ئەی بردی ئەی بردی بردی بردی گوڵی هێرۆم بابردی
رایگرت لە پەنا گردی خۆم دەکەمە هاودەردی
یان: گرەوم لەگەڵ کردی لادەم پەرچەمی زەردی هەنگاو بنێین بە وردی ڕاستی بڵێی بە ( گەردی) .
ئەم گۆرانییەش لەلایەن هونەرمەند تەنیا عارەب عوسمان گوتراوەتەوە، مخابن ئاماژە بەناوی مام گەردی نەداوە .
٣٠ . هەلالان
هەلالان .... بەیبوونان خۆیان ئالاندە شیلان
دەگرن کانی وسەربیران ڕاناوەستێ دەزگیران
یان:
لە ڕۆینێ دەلەنگی گۆنا گوڵی یەک ڕەنگی بازنان مەگرە بە چەنگی
لە گوێمان خۆشە دەنگی ئەم گۆرانییە لە دانان و ئاواز و گوتنی هونەرمەند خۆیەتی و زۆر زوو لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا گوتویەتی و لە ساڵی ١٩٧٩ ش لە تەلەڤزێۆن تۆماری کردوە .
٣١ . حەزم لێ یە
حەزم لێ یە ببیە یارم ئەی جوانترین کچی شارم
ناوت خۆشە لەسەر زارم ببە یاری وفادارم
یان: جوانی تۆ بە بێ تاری دوور بە دووری هەر دیاری بەبێ گەردی لە یەک باری دڵ دەرمانگەی بۆ (بێزار)ی .
ئەم گۆرانییە لە دانان و ئاواز و گوتنی هونەرمەند خۆیەتی و لە ئێزگە و تەلەڤزیۆن بەدەنگی خۆی تۆمار کراوە .
٣٢ . درۆزنی
درۆزنی برۆ.... برۆ بڕوات پێ ناکەم ببیە پەری هەتا ماوی تەماشات ناکەم
ئەتۆم بژارد لە جوانیدا بەچاوان مەستی بەهاوکاری تاسەر برۆین

دەست لەناو دەستی و ... تاد.
ئەم گۆرانییەش لە تێکست و ئاوازی هونەرمەندخۆیەتی و لەساڵی ١٩٧٩ دا، تۆماری کردوە. تەنیا عارەب عوسمان تێکستەکەی بە دەستکارییەوە تۆمارکردۆتەوە و بەبێ ئەوەی ئاماژە بەناوی مام گەردی بدات.
٣٣ . پاوانەکانی ئەزرینگێتەوە!
پاوانەکانی ئەزرینگێتەوە قافلە لە عەجەم ئەگێڕێتەوە
چاوڕەشێم واوەرە بۆن خۆشێم زوو وەرە گیانی شیرینم وەرە وەرە
ئەم گۆرانییە مام گەردی لە دەستپێکی ساڵی پەنجاکاندا لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی تۆماری کردوە و هەروەها هەندێک لەگۆرانیبێژانی دیکەش گوتویانە و تیپی موزیکی باواجی کۆیە لە ساڵانی حەفتاکاندا تۆماریان کردوە و هەروەها لەلایەن شڤان پەروەرش گوتراوە.
٣٤ . نامدوێنی
نامدوێنی ئەو کچە زیزە نامدوێنی گەر بێتو بمدوێنی خۆم دەدەم لە مزگێنی
چنارە بەرزەی سەر دەلەرزینی یارێکم هەیە ئەو شارە دێنی
ئەم گۆرانییە لە دانانی مام گەردییە و لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی تۆماری کردوە و دواتر هونەرمەند حەسەن زیرەک بەبێ ناو هێنانی مام گەردی لە ئێران دوبارە تۆماری کردۆتەوە.
٣٥ . شەمامە و شلێرە
شەمامە و شلێرە دەمەک وەرە ئێرە بۆنت دەکەم تێرە گوناح نیە و خێرە
ئەم گۆرانیبە تێکست و ئاواز و گوتنی مام گەردییە و لە ساڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدادا تۆماری کردوە و دوای ئەو گروپی کامکاران و هونەرمەند ماهیر حەمەدەمین و هونەرمەندانی دیکەش و بەبێ ناو هێنانی مام گەردی تۆماریان کردۆتەوە.
٣٦ . ئەی نیزام و خۆم نیزام
ئەی نیزام و خۆم نیزام نیزام نیمە و عەسکەرم موفتەڵای ڕەش ئەسمەرم لەسەر باڵای ئەو کچە لە دنیا دەربەدەرم ئەم گۆرانییەش لە ئاواز و گوتنی مام گەردی هونەرمەندە و لەساڵی پەنجاکاندا، لە ئێزگەی رادیۆی کوردی تۆماری کردوە وحەسەن زیرەک بەبێ ئاماژە دان بەناوی مام گەردی لە ئێران تۆماری کردۆتەوە.
٣٧ . وره لانە و لانم کە
وەرە لانە و لانم کە چاو جوان دەست لەملانم کە
خۆ من مەجبوری تۆمە حەواڵەی لوقمانم کە ئەم گۆرانییە دانەرەکەی ئیبراهیم یوسف و ئاواز و گوتنی ڕەسوڵ بێزار گەردییە و لە دەستپێکی ساڵی پەنجا لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا دا، تۆماری کردوە و دواتر مامۆستا تاهیر تۆفیق گوتەیەتی و بەناوی ئەوەوە ناوی ڕۆیشتووە.
ئەمە و چەندان گۆرانی و ئاوازی دیکە هەن ڕەسوڵ بێزار گەردی پێشتر تۆماری کردون و دوای ئەو هونەرمەندانی دیکە بەناوی خۆیانەوە تۆماریان کردونەتەوە، لەمانە: بریندارم ئۆمەری دزەیی و چەند گۆرانیبێژێکی تر بەبێ ئاماژە دان بەناوی مام گەردی تۆماریان کردوە و هەروەها گۆرانی نازدار و نازدار لە ساڵی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا تۆماری کردوە، کەچی دوای ئەو گۆرانبێژانی دیکە تۆماریان کردۆتەوە، بەبێ ئاماژە کردن بەناوی مام گەردی هونەرمەند.
لەدوماهیدا هەر ئەوەندە ماوە بیێژم: لەوانەیە نەمتوانیبێت هەموو لایەنە هونەریەکانی ژیانی هونەری ڕەسوڵ بێزار گەردی بەسەر بکەمەوە، دیارە ئەمەش لە دەستهەڵاتی من بەدەر بووە،بەڵام دیسانیش پێموایە تارادەیەک هەندێک ژیانی شاراوە و نەزانراوی هونەری ئەو کەڵە هونەرمەندەم خستبێتە ڕوو.
سەرچاوەکان:
١. بژار دانەر و کۆکەرەوەی ڕەسوڵ بێزار گەردی
چاپی مانگی گوڵانی ١٩٥٧ بەغدا.
٢. گوڵە میلاقەی کوردستان ڕەسوڵ بێزار گەردی
چاپی ساڵی ١٩٦٠ بەغدا.
٣. شیلان و شلێر دانەر ڕەسوڵ بێزار گەردی
چاپی ساڵی ١٩٦٧ بەغدا.
٤. دارە شەکران رەسوڵ بێزار گەردی
چاپی ساڵی ٢٠٠٧ هەولێر
٥. سەربردەی کۆمەڵە حەیرانبێژێکی کورد ، سبعدوڵلا شێخانی
٦. گۆرانی بێژە نەمرەکان ، مامۆستا باکووری
٧. گەنجینەی گۆرانی کوردی ، عوسمان شارباژێری.
٨. گوێگرتن زێدەتر لە ٣٠ کاسێت لە حەیران و لاوک و مەقام و بەستە و سرووەدەکانی ڕەسوڵ بێزار گەردی.
٩. چاوپێکەوتنێکی تایبەتیم لە دیوەخانەکەی خۆی لەگەڵ مامە گەردی بێزارم لە ڕۆژی ١٩٩٤ ,٩ ,٢١ دا ، سازکرد و کە تا ئێستاکە بڵاومنەکردۆتەوە.

# پێشبڕکێی بەهرەمەندانی حەیران




**ئا: هەندرێن**

لەدرێژەی کاروچالاکیەکانی خۆیدا (بنکەی مەقام) سەربە وزارەتی رۆشنبیری ولاوان بۆ یەکەمجار لە مێژووی شاری هەولێرو دامەزراوە هونەریەکانی ئەم شارە، پێشبڕکێیەکی بۆ کۆمەڵێک بەهرەمەند لەبواری (حەیران ) وتن سازدا.

جێگای ئاماژە پێکردنە کۆمەڵێک لاوی بەهرەمەند بەشداری ئەم پێشبڕکێیەیان کرد و حەیرانە تۆمارکراوەکانیان رادەستی لیژنەیەکی شارەزا کرد کە بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتبوو.

بەر لە بەخشینی خەڵات و رێزلێنان لە بەهرەمەندانی حەیران، کۆمەڵێک هونەرمەندو کەسایەتی ناسراو دەربارەی ئە م پێشبڕکێیە بەمشێوەیە بۆ مان هاتنە ئاخاوتن.

نووسەرو و ناکبیر (فەلەکەدین کاکەیی) پێم خۆشە بنکەی مەقام گرنگی بە لاوک و حەیران دەدات، پێویستە کورد گرنگی بە مۆسیقاو فۆلکلۆری خۆی بدات. من وک کەسێک قسە دەکەم کە چێژ لەمبوارە وردەگرم، حەیران لقێکە لە مەقام بە شێوەکانی تر، حەیران بەشێکی زۆر زۆر گرنگی مۆسیقاو هونەری کوردیەو ئاوازی کوردیە، ئەم ئاوازە رەسەنەش کۆمەڵێک هونەرمەند توانیویانە بیپارێزن و بەرەو پێشی ببەن، وک: (رەسووڵ گەردی و عارەب عوسمان).وە هەروەها (کاکەیی) ئاماژە بەوە دەکات هەر پێشبڕکێیەک یارمەتی ئەوە دەدات بەهرەمەندان دەرکەون زۆر کەسیش هەیە بەهرەی هەیە حەزدەکات بەهرەکەی دەربخات ئەم پێشبڕکێیانە هانی دەدات بەهرەکانیان پێشکەش بکەن.

●وەزیری رۆشنبیری و لاوان بەرێز (د. کاوە مەحموود):

●حەیران هونەرێکی رەسەنی کوردەواریە، مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەشێک لە ئەرکی ئێمە بایەخ دان بەشێوازەکانی مەقامی کوردەواریە، حەیرانیش یەکێکە لەو شێوازانەی کە پێویستە گرنگی پێبدرێت کردنەوەی ئەمجۆرە پێشبڕکێیانە هەنگاوێکی گرنگە بۆ دۆزینەوەی داهێنانێکی نوێ بەتایبەت بۆ گەنجەکان و بەردەوام بوون لەم هونەرە بەرزە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم هونەرە لەناو نەچێت و هەڵبەتە لەناو ناچێت بەڵام گرنگ ئەوەیە گرنگی پێبدرێت و زەمینە خۆش بکرێت بۆ گەنجەکان تا گرنگی بەم بوارە بدەن.

●بەرێز تاهیر عبدالله جێگری پارێزگاری هەولێر:

●جێگای خۆشحاڵیە لەناو کورد بەتایبەت لە هەولێر حەیرانبێژی بەناوبانگ هەڵکەوتووە، هەندێکیان ماون و هەندێکیان مردوون، بەڵام ئەم رێچکەیە درێژەی هەیە بۆیە پێویستە گرنگی بەم بوارە بدەین، تاوەکو مەقامە رەسەنەکان شانبەشانی هونەری نوێ بە زیندویی بمێننەوە.

●حەیرانناس غەفوور مەخمووری: –

● کردنەوەی ئەم پێشبڕکێیانە کارێکی باشە هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپوورو ئەمجۆرە مەقامە لە کوردستان ئەوەی تێبینی دەکرێت لەماوەی رابردوو حەیران وتن کەمبۆتەوە دواتر لەگەڵ نەمانی گوندەکان ئەم بەشەی هونەر (لاوک و حەیران) کەمبۆتەوەو بەرەو نەمان چوون. ئەو هەولانەی کە بنکەی

مەقام دەیدات هەوڵێکە بۆ پاراستن و زیندووکردنەوەی ئەو هونەرە.
هەر لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وزارەت بەڕێزئاریان فەرەج:
حەیران توخمێکی ڕەسەنی دێرینی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیە و بەیەکێک لە تایبەتمەندیە هەمیشە زیندووەکانی گۆرانی کوردی دادەنرێت، واتا ئێمە دەبێت ڕیکلام بکەین و شانازی پێوە بکەین کە ئەمجۆرە هونەرە جگە لە میللەتی کورد لەناو هیچ میللەتێکی تر نابینرێت بۆیە ئەم بەشە دەبێتە بەشێکی زیندوو لە ڕەسەنی کوردایەتی و هەروەها دەڵێت: بەشداربوونی گەنجان لە پێشبڕکیی حەیران گواستنەوەی ئەم هونەرەیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و بەزیندوو هێشتنەوەیەتی.
حەیرانبێژ (نەجات شێراوەیی) دەڵێت: کردنەوەی ئەم پێشبڕکێیە بۆ گەنجەکان زۆر باشە و گەنجەکان هان دەدات کە حەیران بڵێن، حەیرانیش هونەرێکی ڕەسەنی کوردیە پێویستە پەرەی پێ بدرێت. ئەو حەیرانە لە باب و باپیران بۆمان ماوەتەوە و پێویستە حکومەت پەرە بە گەنجەکان بدات تا ئەوانیش شوێنی ئێمە بگرنەوە و ئەم بوارە هونەرە زیندوو بکەنەوە.

**هونەرمەندی موزیکژەن وریا ئەحمەد:**
شێوەی حەیران لە ناوچەی هەولێر تا دەگاتە ڕۆژهەڵاتی بەربڵاوە لەگەڵ شێوە وتنەکانی تری ناوچەی گەرمیان وک مەقامەکانی هۆرەی جافی و سیاچەمانەی هەورامان هەموو شێوە وتنەکانی تر وک لاوک ئەوانەی تری ناوچەی کوردستان ئەوانە هەموویان بەیەکەوە کلتوری کلاسیکی هونەری کوردی پێکدێنن. بۆیە من زۆر پێم باشە گەنجانی ئێمە بە کچ و کورەوە دانەبڕێن لەم کەلتورە بەتایبەتی کە ئێستا جۆرە شەپۆلێکی چەواشەکاری هەیە ئاوازی تورکی و عەرەبی بە گوێی گەنجان دەدات دەیانەوێت ئەمجۆرە کلتورە بەمیللەتەکەمان دامالن، کردنەوەی ئەم پێشبڕکێیە بۆ گەنجەکانمان کارێکی باشە دووبارە ئەم هونەرە زیندوو دەکەنەوە و دەیچەسپێننەوە. و هەروەها حەیرانناس سەعداللە شێخانی:
لاوک و حەیران تایبەتمەندن بە نەتەوەی کورد لاوک وشەیەکە لە لاوەوە هاتووە واتا گەنج تایبەتە بە دەڤەری بادینان لە سێ برگە پێکدێت بە سێ هەناسە دەوترێن هەروەها حەیران تایبەتە بە دەشتی هەولێری کاکی بە کاکی ئەم وشەیەش بە مانای سەرسام بوون بە دۆست و بارشێت و شەیدابوون دێت.
موزیکژەن و بەڕێوەبەری هونەرەکانی موزیک: شێرزاد محەمەد حوسێن:
ئەگەر ئەم هونەرە ڕەسەنانەی خۆمان کە ساڵەهای ساڵە لە لایەن هونەرمەندە ڕەسەنەکان پارێزراوە نەگوازرێتەوە بۆ گەنجەکانمان لەوانەیە گەنجەکانمان نەتوانن گوێ لەم هونەرە ڕابگرن و بیڵێنەوە بۆیە پێویستە هەوڵ بدەن ئەم بەشەی هونەر بگوازینەوە بۆ قورگی گەنجەکانمان تا زیندوو بێتەوە ئەگەر نا ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی ئەوە دەبین ئەو سامانە نەتەوەیە لە دەست بدەین.
- کاکی شاعیر سەرکەوت ڕەسووڵ:
- بەرای من کردنەوەی ئەم پێشبڕکێیانە یەکێکە لەو لایەنە هەرە زیندوانەی کۆمەڵگای کوردەواری کە پێویستە ئیشی لەسەر بکەین بەتایبەتی لە بواری لاوک و حەیران کارێکی باشە کە کۆمەڵێک گەنج هەوڵ بدەن ئەو بەشەی هونەری کوردی بژێیننەوە.
- دەستخۆشی لە بەڕێوەبەرایەتی بنکەی مەقام دەکەم.

**موزیکژەن چەتۆ نەورۆز:**
حەیران لایەنێکی زۆر گرنگە لە هونەری کوردی کە تا ئێستا بایەخێکی زۆری پێنەدراوە خۆی لە خۆیدا ئەم پێشبڕکێیە بایەخێکی گەورەیە بۆ دووبارە زیندوو بونەوەی حەیران و فۆلکلۆری کوردی.
- ستافی لێژنەی هەڵسەنگاندنی پێشبرکێیەکە کە پێکهاتبوو لە مامۆستایانی بەڕێز (زاهیر محەمەد کۆیی) و (پیرداود مەخموری) و (فەرهەنگ غەفور) و (ئامانج غازی) و (سەید ئەحمەد ڕەواندزی) پاش گوێ گرتن و هەڵسەنگاندنی حەیرانە تۆمارکراوەکان توانیان دەنگی (١٠) بەشدار بوو پەسەند بکەن بروانامەی ڕێزلێنانیان پێ ببەخشرێ، ئەوانیش بریتیبوون لە: (سەمەد حوسێن حەمەد، تەها حەمە ڕەشید، ڕێکان سەباح ڕەحمان، شێرزاد حەسەن زادە، دانا تاهیر کەریم، ڕەحمەت ڕۆستەم پور، ڕێبین ئەسعەد نوری، ئەمیر حەسن قادر، دڵشاد تۆفیق مستەفا، هێمن مەغدید ڕەحمان) لەناو ئەو (١٠) بەهرەمەندە ستافی لیژنە بەزۆرینەی دەنگ (٤) کەسیان دەستنیشانکرد کە هەموو ئەو ئاستانەی حەیران وتنیان تێدا بوو، وک: (تۆنی پاک) و (هەناسەو ئەداکردن) و (دەنگخۆشی) و (دەقی حەیران) و (ڕێساکانی حەیران وتن) نمرەکانیان دلخۆشکەر بوون گروتینێکی باشیان خستە ناو پێشبڕکێیەکەو ڕیزبەندی نمرەو دەرئەنجامەکانیان بریتیبوو لەمشێوەیە:
- سێیەمینی پێشبڕکێیەکە (دڵشاد تۆفیق مستەفا) بە کۆکردنەوەی (٧١) نمرە.
- دووەمی پێشبرکێیەکە (ڕێبین ئەسعەد نووری) بە کۆکردنەوەی (٧٤) نمرە.
- یەکەمی پێشبرکێیەکە بریتیبوو لە دوو بەهرەمەند (هێمن مەغدید رەحمان و دانا تاهر کەریم) کە هەردوو بەهرەمەند یەکسان بوون کە کۆی نمرەکانیان (٨٠) نمرە بوو.

لەدەرفەتێکی نزیکدا بە پشتگیری وزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەلایەن (بنکەی مەقام) ەوە چەند کۆپلەیەک حەیران بەدەنگی ئەم بەهرەمەندانە لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەبیستن.
شایانی وتنە تەواوی ئەم چالاکیە بەهاوکاری فەرمانبەرە لەخۆبردووەکانی (بنکەی مەقام) هاتە ئەنجادان و لە لایەن بەڕێوەبەری بنکەی مەقام (نایف شێخانی) یەوە سەرپەرشتیکراوە.

# یادەوەری

•باکوری

ناوی حەسەن ڕەسولە. بەڵام خەڵکی (سیساوە نیە) ئەو نازناوی (سیساوەیی)،کە لێمان پرسی کەی و چۆن و بۆ خۆت هەڵبژارد؟ وتی من لە گوندی تەنیشت سیساوە لە دایک بویمە، کە پێی دەڵێن گوندی (ئاری سیرەک) ،بەشوێنم، ئاغای گوندی (ئاو ڕەحمان بەگ) لێی پرسیم : [حەسەن ] بچیە بەغدایی لە ناوتیان پرسی،چ دەڵێی؟ وتم دەڵێم ناوم حەسەن ئاری سیرەکە! ئاغا وتی نەخێر وامەڵێ ..ئەو لەقەبە ناخۆشە!خۆش نیە! وتم ئەدی بڕێم چی؟ وتی برێ «ناوم حەسەن سیساوەیی یە. جا ئێمەش پێمان خۆش دەبێت ناوی ئاوایمان بە ناوبانگ دەبێت» حەسەن هونەرمەندێکی خورسکی یەکجار سادە،نەخرێندەوار بەڵام حەیرانەکانی هەموویان لە هەڵبەست و داڕشتنی خۆیەتی. من کە بۆچونەکەی ئاغام خوێندەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی نازناوی (سیساوەیی) لە جیاتی (ئاری سیرەک) بە خۆمم وت: وڵاڵاهی ئەو ئاغایە بلیمەتە.. لە ناخیەوە هونەرمەندە...شاعیرە.. مۆسیقا هەیە لە خوێنی ...لە مێشکی! بەڵام ئاغایە، هەوڵی نەداوە ئەو بەهرانە دەربربڕێت و دیاریان بخات ! ئەوەتا بزانە (ئاری سیرەک) چەند ناشرینە لەسەر زمان گەر بیکەیتە (نازناو) کەچی (سیساوەیی)... بە خودا پێم وایە لەناو ئەو دوو دەنگی (س) لە دوای یەک و دەنگی (ی) لە نێوانیانا.. چێژو تامێکی تایبەت دەبەخشێ کە گوێت لێیان دەبێت! ڕزمێکی سوک و خۆش لە وشەکە دروست دەکەن : «سی..سا».بە هەر حال باشتر بوو



بۆ حەسەنی حەیرانبێژمانە و بەو ناوە زیاتر خەڵکی ئاشنای دەنگی بوون و خۆشیان ویست... چونکە دڵنیام ئەگەر بەناوی حەسەن ئاری سیرەک بچووبایە پێش لێژنە ...ئەوانە پێیان دەگوت :مام حەسەن،ئەو لەقەبە بگۆڕە ! یان هەر ئەوان بۆیان دەگۆڕی. ئاخر منیش هەمان شتم لێبەسەر هات. کاتێ چومە پێش لیژنە.. دوای ئەوەی ڕەزامەندیان دەربڕی قبەڵم کەن وک گورانیبێژ ... بەناوی ڕاستی خۆم (ئەندریۆس...) بەڵام پاش چەند ئاهەنگێک ،بەڕێوەبەری ئێسگەکە خوالێخۆش بوو (کامیل کاکەمین و بێژەر عادل عیرفان) کە هەردووکیان ئەدیب و ڕۆشنبیری کوردپەروەر بوون، کە چووم بۆ ئاهەنگی داهاتوو .. یەکسەر پێیان ڕاگەیاندم کە

ناوەکەت زەحمەتە نایەتە سەر زمان کە پێشکەشت دەکەین .. دەبێ بیگۆڕی.. ئەوە بوو کردمانە (باکوری) دوای مشت و مڕێکی زۆر .. مەبەستم لە ئێزگەکە مرۆڤی بەتواناو ڕۆشنبیر بوون هەموویان. وشەی عاسی و نامۆ و ناشرین و ناکوردی... بە ئاسانی قەبووڵ نەدەکران. حەسەن بەڕاستی زۆر سادەیەو ڕۆشنبیری بەڵای دا نەچووە. بە زمانێکی کوردی ڕەسەنی دیهاتی و نەخوێندەوار قسە دەکات فکرو ڕای خۆی دەردەبڕێت. چونکە هەر لەو گوندە منالی و گەنجیەتی خۆی بەسەر بردووە. تەنانەت خەونەکانیشی غەریب و کارتێکردنی سروشت و گوند و خانوو قوڕەکە و ژینگە پڕ زەردەواڵەی دەوروبەری خانوەکەیان دیارە لە گێڕانەوەی هەندێ نهێنی ژیانی خۆی. لە چاوپێکەوتنێکی وتویەتی (شەوێ لە ماڵم مێروستان دەهاتە دەرێ! منیش دەمم دەکردەوە و بە دەنگی بەرز هاوارم دەکرد لە خەوما: ئای... ئای.. دایکم لەو لایەمەوە نوست بوو... بەخەبەر هات وتی.. «ڕۆڵە حەسەن» ئەمە چیتە؟ وتم دایە زەردەواڵە لە دەمم دایە.. دیارە جوانی سروشتی ناوچەکەی تێیدا ژیاوە کاریگەریەکی دیکەی بە سوودی هەبووە لەسەر پەروەردە کردنی دەنگی و ئەدای حەیران و لاوکەکانی وک خۆی دەڵێ:... دایکم خەونەکەمی بۆ مامۆستایەک گێڕایەوە ...مامۆستاکە فەرمویەتی:... کوڕەکەت دەبێتە شاعیرێک و بێ خوێندەواری لەناو بڵاو دەبێتەوە. مام حەسەن دەڵێ «نازانم ناوی خۆشم بنوسم. کەچی دوو مانگ پاش ئەو خەونە زەوقم لۆ گوتنێ جووڵا ! لە ئاوایی چوومە گوێ ڕووبار...چومە بن

چیایەکە.. یەکەمیە حەیرانم کە هاتە فیکرم و گوتم (محەمەد و سێوێ) بوو حەسەن چیرۆکی ئەو حەیرانە باس دەکات و دەڵێ ((کابرایەکی سەیر لەو دەڤەرەمان، سونەتی منداڵانی دەکرد)) ئەو بۆ ئێمەی منداڵ دەی گێڕایەوە... منیش ئەزبەرم کردو کردمە حەیران!. سیساوەی وک دەری بڕیوە، ڕەسول گەردی کاریگەری هەبووە و بە حەیرانەکانی ڕەسول گەردی و گوتنەکانی (دەهاتە زەینم و بە ئەمری خوا دەبوە فکر و مەقام وزەین و گۆتن.. بەڵام سەدای ئەو جیاواز بوو لو هی من. من هێشتا مناڵ بووم و ئەو لە من گەورەتر بوو. حەسەن سیساوەیی کەسی حەیرانی بۆ نەنوسیوە و لە کەس فێر نەبووە و حەیرانەکانی ، وک خۆی دەڵێ: «حەیران هەر بە فکری خۆم دەمگوت،بە ئاوازی خۆم دەمگوت، هەوای حەیرانم هەوای چیاییە.. وک ڕاو بۆچونی حەسەنیش دەشتی هەولێر بە لانەی حەیران دادەنێ و دەڵێ: هەموو کەسێ لە سەدای دەشتی هەولێر فێرە حەیران بووە.لە هونەرمەندانی دیکەی ئێزگە دەنگی علی مەردان تایەر تۆفیق و کاویس ئاغای پێخۆش بووە. حەسەن زیرەکیش برادەر بووە و بردویەتیە ئێران و دوو مانگ لای حەسەن زیرەک مایتەوە..حەسەن بۆشایی بەستەو گۆرانی نەگوتووە.. تەنها لە ماڵی گەورە پیاوان و ئاغایان و مەجلیس پیاو ماقوڵان حەیرانی گوتووە.وەک خۆی وتی ئەو حەیرانەی کە زۆرمان گوێ لێی بووە بەڵام من نەمدەزانی حەسەن سیساوەیی دایناوە وتوویەتی کە دەڵێ:

هەولێر هەولێر
لەسەری قەڵاتە
لەبنی باژێرە...تاد.

مام حەسەن لە گێڕانەوەی سەر بوردەو ژیاننامەی خۆی، ساڵی ڕووداوەکان باس ناکات. تەنها ساڵی لە دایک بوونی کە (١٩٢٦) ە دەربیبڕیوە.. ئەمما کەی چویتە ئێزگە و چی گوتووە و ناوی لاوک و حەیرانەکانی.. نەم خوێندەوە لەسەر چاوەیەک باسی کردبن. بەڵام من هەندێ ژمارەی گۆڤاری (هنا بغداد)م هەیە کە لە ساڵی (١٩٥٠) و تا ساڵی (١٩٥٨) بەڕێوەبەرایەتی ئێزگەی بغدا دەری دەکرد... بۆ ئەم دەرکەوت کە ڕەنگە دوو جار چوبێت بۆ ئێزگە..جاری یەکەم پێش ساڵی (١٩٥٠) بووە .. ئەمەیان بەڵگەم نییە. بەڵام جاری دووەم ساڵی (١٩٥٤) و ژمارەکانی تر ناوی لە ناو بەرنامەکانی ئێزگەی کوردی هەیە: بۆ نمونە : بەرنامەکانی مانگی کانونی یەکەم ساڵی (١٩٥٥) لە ڕۆژانی یەکشەممە ، کات ژمێر (٣:٣٠) شەش و نیوی ئێوارە هەموو حەفتەیەک چەند حەیران و لاوکێکی (حەسەن ڕەسول) پێشکەش دەکرا وکو (حسێنی — حەیران ، لاوکی فەیرۆز) لە بەرنامەکانی مانگی مارت (ئاداری ١٩٥٦) دیسان یەک شەممە هەموو هەفتەیەک گۆرانی حەسەن ڕەسول پێشکەش دەکرا : وک ( حەیران — ئاکرێ — گەوهەرێ — فاتم ورە) لە مانگی ( مارت ) داداری ساڵی (١٩٥٥) ڕۆژانی هەینی کات ژمێر (٦:٤٠) ئێواران گۆرانی حەسەن سیساوەیی پێشکەش دەکرا: لەوانە لاوک — گەوهەرێ — یار ورە — ئەسمەرێ.... تا مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٥٨) ڕادیۆی کوردی بەغدا گۆڕانکاری تێدا کرا وک ڕادیۆی بەغدای عەرەبیگۆڕانکاری تێدا کرا وک ڕادیۆی بەغدای عەرەبی و ئیدارەیەکی نوێ بە سەرۆکایەتی دوو ئەفسەری سوپای عیراق کە کوردیەکەی، بەڕێز جەنابی زەعیم وحید حوسێن بامەڕنی بوو ڕەحمەتی خوای لێبێت، ساڵی (٢٠١٠) کۆچی دوایی کرد، ئیتر گۆرانی و زۆرینەی بەرنامەکانی پێشوو بە هۆی شۆڕشی (١٤) ی تەموز لابردران و شتی نوێ و سرود و گۆرانیبێژی دیکە خزینە ناو هەردوو ئێزگەکانی بەغدا .. تا ماوەیەک. بەڵام دوای ئەوەی گوێی خەڵک پڕبوو لە ئاوازی سرودی عەرەبی وک سرودی (الله اکبر) کە دەیەها جار لە ڕۆژێک لێدەدرا و عالەم لێی ورس بوو...ئیتر وردە وردە بەرهەمە کۆنەکان هاتنەوە خوارەوە لەسەر ڕەفتە بەرزەکان (الرفوف العالیە) نەمان و دەستکرا بە پێشکەشکردنیان... لە (١٩٨٩/٦/٥) بەڕێز کاک ئەسعەد عەدۆ بەنامەیەکی هەبوو لە تەلەفیزیۆنی کەرکوک هەفتانە بوو پێم وابێ. هەرجارە هونەرمەندێکی لاوک و حەیران بێژی پێشکەشی بینەرانی دەکرد لە ئاهەنگێکی خۆشی ناو ستۆدیۆی تەلەفیزیۆن بەڵام بەنامەیەکی بۆ کاک حەسەن سیساوەیی تۆمارکرد لە (م×یف ×ڵاح الدین) لە مەجلیسێکی خۆشی ئەوسا کە چەند هونەرمەندێک و ئاشقانی دەنگی لاوکی (ئەسمەرێ کابایی) گوت لەگەڵ تەمبووری هونەرمەند (سەفەری نەقیبی) دواتر لە (TV) کەرکوک نیشان درا. هەروەها ڕادیۆی هەرێم لە (٢٠٠٢/١١/٣) لە بەرنامەیەکی گۆرانیبێژە نەمرەکاندا، مام حەسەن سیساوەیی وک میوانی شانازی ، میوانداری کرد و ڕادیۆکەی هەرێم و شەپۆڵەکانی کارمەندانی کەوتبوونە دەقی سەما لەبەردەم ژووری کۆنترۆل یادیان بەخێر ئەو ڕۆژە خۆشانە کە هێشتا لاوک و حەیران و مەقام و هەموو گۆرانیە فۆلکلۆریو کەلەپووری کوردی لە مەیدانا بوون و گوێگرەکان بە تامەزرۆوە گوێیان لێ ڕادەگرتن تەمەنی درێژو تەندروستی باش و سەلامەتی داوا دەکەین بۆ هونەرمەندی حەیران و لاوک بێژی گەورەی کورد مام حەسەن ڕەسول سیساوەیی.